ناوازەیی چیرۆکە قورئانییەکان

چەند سەرنج و وردبوونەوەیەک لە چیرۆکەکانی قورئانی پیرۆز

ئامادەکردنی

فەرەیدون ئەحمەد پێنجوێنی





لە بڵاوکراوەکانی

سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی (٥٣)

ناوازەیی چیرۆکە قورئانییەکان ئامادەکردنی: فەرەیدون ئەحمەد پێنجوێنی



ئەم کتێبە:

گوزەرێکە بەناو وردەکاریی چیرۆکە قورئانییەکاندا، تیایدا خوێنەر بە وردەکاریی و گرنگیی دەستەواژە و وشە و تەنانەت بوونی پیتێک لە شوێنێکدا و نەبوونی لە شوێنێکی دیکەدا ئاشنا دەکات. تیایدا باس لە هۆکاری دووبارەبوونەوەی چیرۆک دەکات لە قورئاندا، تیشک دەخاتە سەر هەڵبژاردنی دیمەنێک لە چیرۆکێکدا و باسکردنی لە سورەتێکی دیاریکراودا، هۆکاری ئەوەی بۆچی لە هەندێک شوێندا چیرۆکێک بە پوختی باسکراوە و لە شوێنێکی دیکەدا بە درێژیی دەخاتەڕوو. ئەی ڕۆڵی "بازدان" چییە بەسەر کات و شوێندا لە دیمەنەکانی چیرۆکدا؟. ئەی چ وردەکاریی و نهێنییەک هەیە لەناو دیمەنی حیوار و گفتوگۆی ڕووداوەکانی پاش زیندووبوونەوە و بەهەشت و دۆزەخدا؟

بۆچی هەندێک جار لەناو گێڕانەوەکاندا وشەی (قال) هاتووە، ئەی بۆ جاری دیکە نەهاتووە؟، یان بۆچی دووجار هاتووە؟ ئەی بۆ هەندێکجار بکەری (قال) دیار نییە؟ ئەی ئەوە کێیە کە ڕاسپێردراوە بە وتنی گوزارشتی کۆتایی دیمەنی ڕووداوەکانی پاش زیندووبوونەوە لەناو چیرۆکە قورئانییەکاندا، کە بە شێوازی (قیل ـ وترا)، دیمەنەکە بەپایان گەیشتووە؟

لە کۆتاییشدا ئەوە بە خوێنەر دەڵێت: خودای گەورە سەرجەم ئەم چیرۆکانەی بۆ سەروەری مرۆڤایەتی و پاشان بۆ "من" و "تۆ"، گێڕاوەتەوە..





سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی

سەنتەرێکی کوردستانی ناحکومی ناسیاسییە، گرنگیی دەدات بە توێژینەوە و تاوتوێکردنی پرسە هزرییە بنەڕەتییەکان بۆ دووبارە هێنانەگۆی دەق و تێکستە پیرۆزەکان و چۆنیەتی دابەزاندنی چەمکە مەعریفی و بەبایەخەکانی ئیسلام لە بوارە جیاوازەکانی سەردەمدا.

ئامانجەکانی سەنتەر:

ـ بوژاندنەوەی بیرو هزر و بەکارخستنی مەعریفەی ئیسلامی لە ناوەندە زانکۆیی و پەروەردەییەکاندا، بە پشتبەستن بە بەهرە و توانا خودییەکانی ئەکادیمیانی کوردستان و جیهانی ئیسلامی و ئەزموونی بیرمەندانی مسوڵمان.

ـ پەرەپێدان و پەسەندکردنی روانگەی زانستی مەنهەجی لە چارەسەرکردنی کێشە و گرفتە هزرییەکاندا و بێلایەنبوون لە پرسە خیلافییەکاندا و خۆبەدوورگرتن لە بڕیاری پێشوەخت و شێوازی سۆزدارانە و هەوڵدان بۆ بابەتیبوون.

ـ کاراکردنی کەلەپووری دەوڵەمەندی ئیسلامی و سوودوەرگرتن لە سەرچاوە گرنگەکانی بیری ئیسلامی لە کۆن و نوێدا و سەرلەنوێ هێنانەگۆی چەمکە فیکرییە دوێنراوەکان لە مێژووی ئیسلامیدا، بە ڕەچاوکردنی گۆڕانەکانی سەردەم.

ـ پەرەپێدانی چەمکی ئیعتیدال لە کایە فیکری و مەعریفییە جیاوازەکاندا و خۆبەدوورگرتن لە تێپەڕاندن و بەزایەدان.

ـ سەنتەر کاردەکات بۆ سەرلەنوێ و بەردەوام خوێندنەوەی هەردوو پەڕاوی قورئان و بوونەوەر بەپێی مەنهەج و میتۆدی زانستی و بەبێ چاولێکەری، بەڵکو بە نەفەسێکی تازە و بە سوودوەرگرتن لە عەقڵی ڕاشکاو و نەقڵی سەلمێنراو.



فەرەیدون ئەحمەد پێنجوێنی

ـ ساڵی ١٩٨١ لەدایکبووە.

ـ خوێندنی زانکۆیی لە ساڵی ٢٠٠٤ لە سلێمانی تەواو کردووە.

ـ بڕوانامەی ماستەری لە زمانی عەرەبی لە زانکۆی سلێمانی ساڵی ٢٠١١ بەدەستهێناوە.

ـ مامۆستایە لە بەشی زمانی عەرەبی کۆلێجی زمان – زانکۆی سلێمانی.

ـ وانەبێژ بووە لە زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی.

ناوازەیی

چیرۆکە قورئانییەکان

چەند سەرنج و وردبوونەوەیەك

لە چیرۆکەکانی قورئانی پیرۆز

ناوازەیی چیرۆکە قورئانییەکان

....

لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی
ژمارە (٥٣)

- ئامادەکردنی: فەرەیدون ئەحمەد پێنجوێنی.
- بابەت: ئەدەبی.
- دیزاین: ڕەوشت محەمەد.
- چاپ: یەکەم ـ ناوەندی ڕینوێن.

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (١٦٨١)ی ساڵی ٢٠١٧ پێدراوە

ناوازەیی

چیرۆکە قورئانییەکان

چەند سەرنج و وردبوونەوەیەك

لە چیرۆکەکانی قورئانی پیرۆز

ئامادەکردنی

فەرەیدون ئەحمەد پێنجوێنی

٢٠١٧

ناوەرۆك

دەروازەی دووەم:

دەروازەی سێهەم:

سەرەتا

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان و درووود و سەلام لەسەر گیانی ئازیز و سەروەرمان محەممەد، وە لەسەر یار و یاوەر و شوێنکەوتووانی تا ڕۆژی دوایی.

گومانی تێدا نییە، چیرۆك پانتاییەکی فراوانی لە قورئانی پیرۆزدا تەنیوە و وەك وتراوە سێیەکی قورئانی پیرۆز بریتییە لە چیرۆك، ئەم چیرۆکانەش چەند جۆرێکن و هەیانە چیرۆکی گەلان و پێغەمبەران و ناودارانی مێژووە، هەشیانە چیرۆکی پێش سات و شوێن (زەمان و مەکان)ن و چیرۆکی ئەو کاراکتەرانەن کە مرۆڤ نایانبینێت، هەندێکی دیکەیان چیرۆکی پەندئامێزن و چەند شێوەیەکی دیکە، کە پشت بەخوا دواتر نموونە بۆ هەریەکەیان دەهێنینەوە.

ئەم نامیلکەیە پێکهاتووە لە ڕوانینێکی جیاواز بۆ ئەو چیرۆکە قورئانییانە و سەرچاوەی سەرەکیی ئەم کتێبە بریتییە لە کتێبێك بەناونیشانی (بدائع الاضمار القصصي في القرآن الكريم)، لە نووسیني (كاظم الظواهري)، کە وەك دەردەکەوێت لە بنچینەدا توێژینەوەیەکی ئەکادیمییە.

کاری ئێمە وەك ئامادەکار، بریتییە لە وەرگرتنی بیرۆکە سەرەکییەکەی بابەتەکە و داڕشتنەوەی بە زمانی پاراوی کوردی و

گەیاندنی بە خوێنەران، واتە کارەکە ناچێتە بواری "وەرگێڕان"ـەوە، بەڵکو زیاتر "ئامادەکردن" و داڕشتنەوەی بیرۆکەکانی ئەو کتێبەیە، زۆرتریش جەختمان لەسەر هێنان و شیکردنەوەی نموونەکان کردووە.

سەبارەت بە تەفسیرە کوردییەکەی ئایەتەکان، بە دەستکارییەوە سوودمان لە تەفسیری ئاسانی مامۆستا بورهان محەممەد ئەمین و چەند تەفسیرێکی دیکە وەرگرتووە.

دەبێت ئەوەش لە بیر نەکەم، کە بیرۆکەی سەرەکی بۆ ئامادەکردنی ئەم کتێبە، دەگەڕێتەوە بۆ بەڕێز "ئەندازیار عوسمان"، کە پاش پێشکەشکردنی سیمینارێکمان لە سەنتەری زەهاوی لە ٢٠١٦/٦/٢ و بەخزمەتگەیشتنی و پاشتریش یەکتربینینەوە لە سیمینارێکی دیکەدا، پێشنیازی ئەم کتێبەی بۆکردم تا ئامادەی بکەم و بە زمانی کوردی دایبڕێژمەوە، لەبەرئەوە فەزڵی بەڕێزیان لەم کارەدا دیارە و جێی سوپاسە.

لە کۆتاییدا، لە خوای باڵادەست داواکارم ئەم کارە بچووکەم لێوەربگرێت و بیخاتە ڕیزی خزمەتێکی بچووکی قورئانی پیرۆزەوە.

فەرەیدون ئەحمەد
مامۆستای بەشی زمانی عەرەبی
لە زانکۆی سلێمانی

پێشەکی

سوپاس و ستایش بۆ خوای پەروەردگار و درووود و سڵاویش لەسەر گیانی سەروەرمان و یارو یاوەرانی.

لە ئێستادا بە زمانی کوردی، چەند تەفسیری قورئان هەیە، ئەوەی بەلای منەوە پێویستە ئەوەیە، کە لەسەر قورئان خۆی بنووسرێت تا خەڵك زیاتر شارەزابن لە قورئان و وەك خواردنی خێرا بە نرخێکی کەم و بە کاتێکی کەم، تێر ببن، لەم بوارەدا، بەندە کتێبی لەخزمەت قورئاندا، لە نەوەدەکاندا نووسیوە، کە دوو سەد و حەفتا هەڵوێستەیە لە خزمەت ئایەتەکانی قورئاندا، لە کتێبەکانی تریشمدا بابەتی قورئانییان تێدایە و هەندێکیشیان تایبەتن بە بواری وردبوونەوە لە قورئان، وەك: دیمەنەکانی قورئان، فراوانیی مانا لە قورئاندا، بەڵێنەکانی قورئان، خۆپاراستنی قورئان لە هەندێ مانا، تازەگەریی قورئان..

بۆخۆم زۆر حەزم لە بواری وردبوونەوەیە لە قورئان و ئەم بابەتەم لە ئینتەرنێتەوە دەستکەوت و پێشنیازم کرد بۆ برای بەڕێزم مامۆستا فەرەیدون، وا سوپاس بۆ خوا تەواوی کرد، هیوادارم کە جەنابیان و مامۆستایانی بواری زمانی عەرەبی هاوشێوەی ئەو کارە، کاری ترمان بۆ بکەن و کتێبخانەی کوردیی دەوڵەمەند بکەن.

ئاشکرایه که موعجیزه قورئانییه‌کان ته‌واو نابێن و به‌رده‌وام شتی نویێ ده‌رده‌که‌وێت، که ئه‌وه‌ش په‌یمانی خوایه: ﴿ سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِى ٱلْءَافَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ ۗ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ ﴿٥٣﴾ ﴾ (فصلت: ٥٣).

جا هه‌رچه‌ند خزمه‌تی قورئان بکه‌ین، که دوا په‌یامی خواییه، هێشتا هه‌ر که‌مه، چونکه قورئان هیدایه‌تده‌ره بۆ راستترین و ته‌واوترین رێگا: ﴿ إِنَّ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ يَهْدِى لِلَّتِى هِىَ أَقْوَمُ وَيُبَشِّرُ ٱلْمُؤْمِنِينَ ٱلَّذِينَ يَعْمَلُونَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ أَنَّ لَهُمْ أَجْرًا كَبِيرًا ﴿٩﴾ ﴾ و مایه‌ی سه‌رفرازیی دونیا و قیامه‌تمانه.

خزمه‌تکارێکی بچووکی قورئان

ئه‌ندازیار عوسمان

دەستپێك

چیرۆك یەکێکە لەو هۆکارە زۆرانەی قورئانی پیرۆز، کە خوای گەورە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە کە قورئان لەپێناویدا نێردراوە، هێناویەتی. ئەو ئامانجەش سەرجەم سوورەتەکانی قورئانی پیرۆزی ڕێکخستووە بە جیاوازیی مەبەستی هەر سوورەتێك کە لە کۆتاییدا سەرجەمیان ئامانجێکی بنەڕەتی پێکدەهێنن، کە قورئان لەپێناوی ئەو ئامانجە بنەڕەتییەدا دابەزیوە، ئەو ئامانجەش لە سێ خاڵدا کورت دەبێتەوە:

یەکەم: سەلماندنی ئەوەی کە قورئانی پیرۆز پەرچوو "موعجیزە"یە و مرۆڤ توانای هێنانی هاوشێوەی قورئانی نییە، ئەمەش واتە سەرچاوەی قورئانی پیرۆز لە مرۆڤەوە نییە.

دووەم: پاش سەلماندنی یەکەم، بە دوایدا ئەوەش دەسەلمێت کە ئەو پێغەمبەرەی ئەم قورئانەی پێدانێردراوە، ڕاستە و ڕاستگۆیە و لەلایەن نێردەرێك و سەرچاوەیەکی نامرۆییەوە نێردراوە.

سێهەم: کە گرنگترینیانە، ئامانجی پەیامەکە خۆیەتی، ئەوەیە کە بە سەلماندنی خاڵی دووەم بە بەڵگەی خاڵی یەکەم، ڕاستییەتی ئەو شتانەش دەسەلمێت کە ئەم پێغەمبەرە هێناونی، کە ئەوەش کرۆك و جەوهەری ئەم ئاینەیە، کە بریتییە لە "وەحدانییەتی پەروەردگاری بەدیهێنەری گشت شتێك و، دروستکەری ئەو پێغەمبەرە و نێردەری ئەم قورئانە".

قورئانی پیرۆز لەسەر ئەم سێ خاڵە بنیاتنراوە و لە دەوری ئەمانە دەخولێتەوە، ئەگەرچی شێواز و ڕێگاکانی وێناکردن و گوزارشتلێکردن و

هۆکارەکانی سەلماندن و جۆرەکانی بەڵگەهێنانەوە، لەسەر یەکێك لەو سێ خاڵە، یان هەمووی، جیاواز بێت.

جا چیرۆکە قورئانییەکان، کە لەمیانەی سوورەتەکانی قورئاندا هەن، بۆ ئەوە هاتوون هەمان ئامانج کە قورئانی لە پێناودا دابەزیوە، بهێننەدی. هاوکات بۆ بەدیهێنانی هەندێك ئامانجی دیکە، کە پەیوەندیی بە چیرۆکەکە خۆی و ئەو سوورەتەوە هەیە کە تیایدا هاتووە، بەڵام لە کۆتاییدا لەگەڵ ئامانجە گەورەکەی قورئاندا یەکدەگرێتەوە.

ئێمە لەم کتێبەدا، هەوڵدەدەین چەند تیشکێك بخەینە سەر ئەو چیرۆکە قورئانییانە، بە پشتبەستن بە هونەری چیرۆك و لایەنە ئەدەبییە باوەکان.

بەڵێ، بە پشتبەستن بە تەکنیکی چیرۆك و لایەنە ئەدەبییەکان، بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبیرنەچێت کە لە بنەڕەتدا قورئانی پیرۆز، کتێبی ئاینە نەك هونەر، کتێبی دینە نەك ئەدەب، بەڵام هاوتەریب بە زانینی ئەم ڕاستییە، دەبێت ئەوەش بەهەند وەرگرین کە موعجیزە و پەرچووی قورئان لە ڕەوانبێژی و دەربڕینەکانیدایە و ئەمەش پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە هونەرەوە هەیە.. پاشئەوەی مرۆڤ مانای "چیرۆکی هونەری" زانی و لە شارستانێتی نوێدا بنەما و ڕەگەزەکانی دیاریکران، ئەوکات هەندێك لە توێژەران دیقەتیان دا زۆر لە بنەما و ڕێساکانی ئەم هونەرە، پێشتر لە قورئاندا هاتوون و بەدیدەکرێن، ئەوەش تەنها لە ڕێی "وشە"وە، بەڵێ.. وشە، ئەو وشەیەی کە لە ڕێیەوە هەموو ڕوویەکی هونەریی چیرۆکی پێ دروست دەکرێت.

دەروازەی یەکەم

چەند تیشکێك بۆ سەر تایبەتمەندییەکانی چیرۆکەکانی قورئانی پیرۆز

بەشی یەکەم
گونجاوی چیرۆکە قورئانییەکان
لەگەڵ مەبەستەکانی هاتنەخوارەوەی قورئاندا

مەبەست لەم خاڵە ئەوەیە، کە هیچ چیرۆکێکی قورئان بەبێ هۆ لە شوێنێکدا باسنەکراوە، لە هەر سوورەتێکدا باسی چیرۆکێك کرابێت، ئامانج لێی بەستنەوەی چیرۆکەکەیە بە مەبەستی سەرەکی سوورەتەکە و پاشانیش بە ئامانجە سەرەکییەکەی هاتنەخوارەوەی قورئان، با نموونەیەك لەوبارەوە وەربگرین، سوورەتی "الأعراف".

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ الٓمٓصٓ ١ كِتَٰبٌ أُنزِلَ إِلَيۡكَ فَلَا يَكُن فِي صَدۡرِكَ حَرَجٞ مِّنۡهُ لِتُنذِرَ بِهِۦ وَذِكۡرَىٰ لِلۡمُؤۡمِنِينَ ٢ ٱتَّبِعُواْ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكُم مِّن رَّبِّكُمۡ وَلَا تَتَّبِعُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَۗ قَلِيلٗا مَّا تَذَكَّرُونَ ٣ ﴾ (الاعراف: ١ـ ٣) واتە: (ئەم قورئانە کتێبێکە و بۆت هاتووەتە خوارەوە، کەوابوو با سەغڵەتیی لە دڵ و دەروونتدا نەبێت (لە گەیاندنیدا)، بۆ ئەوەی خەڵکی پێ بێدار بکەیتەوە، هەروەها یادەوەریشە بۆ ئیمانداران. شوێنی ئەو (بەرنامەیە) بکەون کە لەلایەن پەروەردگارتانەوە بۆتان هێنراوەتە

خوارەوە، جگە لەو زاتە شوێنی هیچ پشتیوان و خۆشەویستێکی تر مەکەون، کەم یادەوەری و پەندوەردەگرن و بیردەکەنەوە!).

لێرەدا دەبینین، خوای گەورە باسی ئەو "کتێب"ـەی کردووە کە ناردوویەتییە خوارەوە بۆ پێغەمبەرەکەی (درووود ی خوای لێبێت)، داوای لێدەکات ئارام بگرێت و خۆڕاگربێت لەسەر بانگەوازکردن بۆ لای پەروەردگار بەم کتێبە، پاشان ئاڕاستەی گفتوگۆ و قسەکان دەکاتە بەندەکانی، فەرمانیان پێدەکات و رێگرییان لێدەکات لەو پەتایەی کە مرۆڤ هەمیشە تووشی دەبێت، کە دڵیان ڕەق دەبێت و بەڵگە و نیشانەکانی خوایان لەبیردەچێتەوە، ئەم فەرمان و نەهییە، پێویست دەکات سەرەنجامی میلـلـەتانی دیکەی بەسەردا باسبکرێت، کە چارەنووسیان چی لێهات، بەڵام باسەکە بەشێوەی "گشتگیر"، نەك "بەدیاریکراوی" باسی میللەتێك. دەفەرموێت: ﴿ وَكَم مِّن قَرۡيَةٍ أَهۡلَكۡنَٰهَا فَجَآءَهَا بَأۡسُنَا بَيَٰتًا أَوۡ هُمۡ قَآئِلُونَ ٤ فَمَا كَانَ دَعۡوَىٰهُمۡ إِذۡ جَآءَهُم بَأۡسُنَآ إِلَّآ أَن قَالُوٓاْ إِنَّا كُنَّا ظَٰلِمِينَ ٥ فَلَنَسۡـَٔلَنَّ ٱلَّذِينَ أُرۡسِلَ إِلَيۡهِمۡ وَلَنَسۡـَٔلَنَّ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ٦ ﴾ (الأعراف: ٤ –٦)، واتە: (چەندەها شار و دێهاتمان وێران و کاول کرد، لەکاتێکدا لە شەودا خەوتبوون، یان لە کاتی پشووی نیوەڕۆدا بوون، کتوپڕ سزا و تۆڵەی ئێمە یەخەی پێگرتن. ئەو کاتە کە سزای ئێمە یەخەی پێگرتن، ئینجا قسە و گوفتار و دوعا و نزایان هیچ نەبوو تەنها ئەوە نەبێت دەیانووت: بەڕاستی ئێمە ستەمکار بووین،

بەڕاستی ئێمە یاخی بووین. ئنجا سوێند بێت بە خوا، بێگومان ئێمە پرسیار دەکەین لەوانەی کە پێغەمبەرانیان بۆ ڕەوانە کراوە، سوێند بێت بە خوا، لە پێغەمبەرانیش دەپرسینەوە دەربارەی هەڵوێستی ئەو خەڵکە بەرامبەریان). تا دەگاتە ئامانجی ئەوەی بۆچی چیرۆك باسدەکرێت و مەبەست لە هێنانی چیرۆك چییە، دەفەرموێت: ﴿ فَلَنَقُصَّنَّ عَلَيْهِم بِعِلْمٍ وَمَا كُنَّا غَآئِبِينَ ﴿٧﴾ ﴾ (الأعراف: ٧) واتە: (ئنجا سوێند بێت بە خوا، بەڕاستی هەموو بەسەرهاتەکان لەسەر بنچینەی زانیاری و ئاگاداری تەواو دەخەینە ڕوو و دەیلێینەوە بۆیان، ئێمە بێئاگا نەبووین لە هەڵسوکەوتیان)، ئەمەش بۆ ئەوەی ئەم چیرۆکانە پەند بن بۆ ئەوانەی دوای خۆیان، واتە بۆ ئوممەتی قورئان و ئاگادارکەرەوە بێت بۆ هاتنی سزا بۆ ئەوانەی بەدرۆی دەزانن و مژدەدەر بێت بۆ ئەوانەی بە ڕاستی دەزانن، دەفەرموێت: ﴿ وَالْوَزْنُ يَوْمَئِذٍ الْحَقُّ فَمَن ثَقُلَتْ مَوَازِينُهُ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴿٨﴾ وَمَنْ خَفَّتْ مَوَازِينُهُ فَأُولَٰئِكَ الَّذِينَ خَسِرُوا أَنفُسَهُم بِمَا كَانُوا بِآيَاتِنَا يَظْلِمُونَ ﴿٩﴾ ﴾ (الأعراف: ٨ـ ٩) واتە: (تەرازوو پێوەری ڕاست و دروست لەو ڕۆژەدایە، پاشان ئەوەی تای تەرازووی (خێر و چاکەکانی) سەنگین بێت، ئەوە ئیتر ئەو جۆرە کەسانە سەرکەوتوو و سەرفرازن. ئەوەش تای تەرازووی (خێر و چاکەکانی سووك بێت)، ئەو جۆرە کەسانە ئەوانەن کە خۆیان دۆڕاند و خۆیان لەدەستدا، بەهۆی ئەوەی کە بڕوایان بە بەڵگە و ئایەتەکانی ئێمە نییە و ستەم دەکەن).

بەمشێوەیە، چیرۆکە گشتگیرەکە دەبێتە نموونەیەکی گشتی و لە سەرەتای سوورەتەکەوە باسدەکرێت، تا ئەو مەبەستە ڕوونبکاتەوە کە چیرۆکەکان بەگشتی و چیرۆکەکانی ناو ئەو سوورەتە بەتایبەتی بۆی هاتوون، کە ئامانجە سەرەکییەکە بریتییە لە باسکردنی موعجیزەیەکی پێغەمبەرێکی نێردراو لە لایەن خواوە، بۆ بانگکردنی خەڵکی بۆ یەکتاپەرستی و داننانیان بە فەزڵی خوا بەسەر خەڵکییەوە، بەوەی کە دروستیکردوون و کردوونیەتییە جێنشین لەسەر زەویدا، دەفەرموێت:
﴿ وَلَقَدْ مَكَّنَّـٰكُمْ فِى ٱلْأَرْضِ وَجَعَلْنَا لَكُمْ فِيهَا مَعَـٰيِشَ ۗ قَلِيلًا مَّا تَشْكُرُونَ ﴿١٠﴾ وَلَقَدْ خَلَقْنَـٰكُمْ ثُمَّ صَوَّرْنَـٰكُمْ ثُمَّ قُلْنَا لِلْمَلَـٰٓئِكَةِ ٱسْجُدُوا۟ لِـَٔادَمَ فَسَجَدُوٓا۟ إِلَّآ إِبْلِيسَ ﴾ (الاعراف: ١٠ ـ ١١) واتە: (بەڕاستی ئێمە ئێوەمان نیشتەجێ کرد لەم زەوییەدا و دەسەڵاتمان پێبەخشین و جۆرەها هۆکاری ژیانمان تیایدا بۆ سازاندوون، کەچی سوپاسی کەمی نیعمەتەکان دەکەن، یان کەمتان سوپاسگوزارن. بەڕاستی ئێمە (باوە گەورەی) ئێوەمان دروستکرد و نەخش و نیگاری ڕواڵەت و ڕوخساری ئێوەمان کێشا، پاشان وتمان بە فریشتەکان: ئادەی سوژدەبەرن بۆ ئادەم، جا هەموو فریشتەکان سوژدەیان برد، جگە لە ئیبلیس)، ئیتر بەمشێوەیە سوورەتەکە بەردەوام دەبێت لە گێڕانەوەی چیرۆکی ژمارەیەك نەتەوە و پێغەمبەران، هەر لە ئادەمەوە، لە ناوبەینەکانیدا باس لە نیعمەتەکانی خوا و فەرمان و نەهییەکانی دەکرێت، بەڵام بەجۆرێك کە لەگەڵ هەر

چیرۆكێكیاندا بگونجێت و ببێتە شوێنی بەڵگەهێنانەوە بە ڕووداوەكانی چیرۆكەكە.

لەمیانەی چیرۆكەكاندا هاوشێوەی هەڵوێستی پێغەمبەری خۆمان، دەبینین لەگەڵ هۆزەكەیدا كە نكوڵی پەیامەكەیان دەكرد، ئەوەتا نووح بە هۆزەكەی دەڵێت: ﴿ أَوَعَجِبۡتُمۡ أَن جَآءَكُمۡ ذِكۡرٞ مِّن رَّبِّكُمۡ عَلَىٰ رَجُلٖ مِّنكُمۡ لِيُنذِرَكُمۡ ﴾ (الأعراف: ٦٣) واتە: (ئایا ئێوە سەرسام بوون لە هاتنی بەرنامە و یادخەرەوەیەك لەلایەن پەروەردگارتانەوە بۆ سەر پیاوێكی (ڕاستگۆ) لە خۆتان، تا بێدارتان بكاتەوە)، هەروەها هودیش بەهەمانشێوە، بە هۆزەكەی دەڵێت: ﴿ أَوَعَجِبۡتُمۡ أَن جَآءَكُمۡ ذِكۡرٞ مِّن رَّبِّكُمۡ عَلَىٰ رَجُلٖ مِّنكُمۡ لِيُنذِرَكُمۡ ﴾ (الأعراف: ٦٩) واتە: (ئایا ئێوە سەرسام بوون لە هاتنی بەرنامە و یادخەرەوەیەك لەلایەن پەروەردگارتانەوە بۆ سەر پیاوێكی (ڕاستگۆ) لە خۆتان، تا بێدارتان بكاتەوە)، تەنانەت هود (سەلامی خوای لێبێت) هەمان ئەركی چیرۆكە قورئانییەكان دەڵێتەوە كە بیرخستنەوەی میللەتانی دیكەیە، هود دەفەرموێت: ﴿ وَٱذۡكُرُوٓاْ إِذۡ جَعَلَكُمۡ خُلَفَآءَ مِنۢ بَعۡدِ قَوۡمِ نُوحٖ وَزَادَكُمۡ فِي ٱلۡخَلۡقِ بَصۜۡطَةٗۖ فَٱذۡكُرُوٓاْ ءَالَآءَ ٱللَّهِ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ﴾ (الأعراف: ٦٩) واتە: (جا یادی ئەو كاتە بكەنەوە كە خوا ئێوەی كردە جێنشین لە دوای قەومی نووح، لە ڕووی جەستەوە زیاد لەوان گەورە و تێر و تەواو بەدیهێنان، كەواتە یادی ناز و نیعمەتەكانی خوا بكەن، بۆ ئەوەی سەرفراز بن)، دواتر ساڵح (سەلامی

خـوای لێبێـت) چـیرۆکی نەتــەوەکانی پــێش خۆیـان بــەبیر هۆزەکــەی دەهێنێتــەوە: ﴿ وَٱذۡكُرُوٓاْ إِذۡ جَعَلَكُمۡ خُلَفَآءَ مِنۢ بَعۡدِ عَادٍ ﴾ (الاعــراف: ٧٤) واتە: (یادی ئەو کاتەش بکەنەوە کە خوا ئێوەی کردە جێنشین لە دوای قەومی عاد)، دواتر سەرەنجانی هۆزەکەی (لوط) (سەلامی خـوای لێبێـت) دەبیـنین، کـە لـە کۆتاییـدا خـوای گـەورە ڕووی قسـە دەکاتـە پێغەمبەرەکـەی (محەممـەد) (سـەلامی خـوای لێبێـت) و دەفـەرموێت: ﴿ فَٱنظُرۡ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلۡمُجۡرِمِينَ ﴿٨٤﴾ ﴾ (الاعراف: ٨٤) واتە: (بزانەو دیقەت بدە، سـەرئـەنجامی تاوانبـاران چـۆن بـوو)، تـا بـەبیری پێغەمبەرەکـەی بهێنێتــەوە کـە ئامـانجی باسـکردنی ئـەم چـیرۆکانە، دڵنیاکردنەوەیەتی لەوەی کە خوای گەورە مۆڵەت دەدات بە ستەمکاران تا بیانوویان نەمێنێت و پاشان کە گرتنی خراپ دەیانگرێت. لەبەرئـەوە خـوای گـەورە پـێش ئـەوەی سـەرلەنوێ دەسـتبکاتەوە بـە چـیرۆکی پێغەمبـەرانی دیکـە، باسوخواسـێك دەهێنێـت کـە تیایـدا فـەزڵی خـوا دەبینین لە مۆڵەتدان بە هۆز و نەتەوەکان و پەلەنەکردن لێیان و پێدانی هەل لەدوای هـەل و هێنـانی کـەمێك لـە ناڕەحـەتی بەسـەریاندا، بـەڵکو بگەڕێنەوە بۆ لای خوا (ئایەتەکانی ٩٤ تـا ١٠٠ی سـوورەتەکە)، کـە بـە ڕاسـتی باسوخواسـێکی ناخهەژێنـە. بـە دوایـدا جـارێکی دیکـە جـەخت لەسەر ئامانجی باسکردنی ئـەم چـیرۆکانە دەکاتـەوە بـەوەی کـە ڕووی قسە دەکاتەوە پێغەمبەرەکەی و دەفـەرموێت: ﴿ تِلۡكَ ٱلۡقُرَىٰ نَقُصُّ عَلَيۡكَ

مِنۡ أَنۢبَآئِهَاۚ وَلَقَدۡ جَآءَتۡهُمۡ رُسُلُهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ فَمَا كَانُواْ لِيُؤۡمِنُواْ بِمَا كَذَّبُواْ مِن قَبۡلُۚ كَذَٰلِكَ يَطۡبَعُ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِ ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿١٠١﴾ ﴾ (الأعـــراف: ١٠١) واته: (ئەو شار و ناوچانە هەندێك لە هەواڵ و بەسـەرهاتـەكانیانتـان بـۆ دەگێڕینەوە ، بێگومان پێغەمبەرانیان بۆ هات، هاوڕێ لەگەڵ چەندەها موعجیزەدا، ئیتر وەنەبێت ئەوانە باوەڕیان هێنابێت بـەوەی کـە پێشـتر بڕوایـان پێینـەبـوو، ئـا بـەو شـێوەیـە خـوا مـۆر دەنێـت بـەسـەر دڵـی بێبـاوەڕانـدا). لـەدوای ئەمـەوە چـیرۆكی مووسـا پێغەمبـەر دێـت، کـە زۆرینەی پاشماوەی سوورەتە پیرۆزەکە داگیر دەکات، تەنها لە کۆتایی چیرۆکەکەیدا نەبێت کە نموونەی زانایەکی بەنی ئیسرائیل دەهێنێتەوە، کە ئەویش هەر چیرۆکە و خوا زانستی کتێبی خۆی پێبەخشیوە، بـەڵام بێباوەڕ دەبێت پێی.

دواهەمین قسەی پەروەردگار لەسەر چیرۆکەکان، ڕووکردنە پێغەمبەرەکەیەتی بەوەی کە دەفەرموێت: (﴿ فَٱقۡصُصِ ٱلۡقَصَصَ لَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ ﴿١٧٦﴾ ﴾ (الأعراف: ١٧٦) واتە: (ئەم جۆرە بەسەرهاتانە بگێڕەرەوە، بۆ ئەوەی (دابچڵەکێن و) بیر بکەنەوە).

بەمشێوەیە، دەبینین چیرۆك لە قورئاندا بەشێکە لە پێکهاتە بەهێزەکەی، کە بۆ خۆشی و کات کوشتن و باسوخواسی ئەفسانەیی و حیکایەتخوانی ناهێنرێتەوە، بەڵکو چیرۆکەکان بەشێکن لەو بابەتە سەرەکییەی کە خوای گەورە جەختی لەسەر دەکات لە سوورەتەکەیدا،

به بەڵگەهێنانەوە لەسەر ڕاستیی ئەم پێغەمبەرە، جا دەبینین لە هەندێك شوێندا ئەو قسەوباسە كە لە دوای چیرۆكێكەوە دێت، یان لە نێوان چیرۆكەكاندا دێت، هەندێك فراوان و بەربڵاو دەبێت تا دەبێتە وتووێژێك و دیالۆگێك لە نێوان پێغەمبەرێكدا كە ناوی ناهێنێت لەگەڵ نەیارەكانی، هەریەك لەو پێغەمبەرە و نەیارەكانی، بەڵگەی خۆیان باس دەكەن و وتووێژی لەسەر دەكەن، تا لە كۆتاییدا باسی سەرەنجامەكەی دەكات و كۆتایی باسەكەش دیسانەوە بەگەڕانەوە بۆ ئامانجە سەرەكییەكە دێت، كە پەروەردگار ڕوودەكاتەوە پێغەمبەرەكەی و سەرەنجامی ئەوانەی كە قورئان بە درۆ دەزانن، دەخاتەڕوو، سەیری ئەم نموونەیە بكە: ﴿وَكَذَٰلِكَ مَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ فِي قَرۡيَةٖ مِّن نَّذِيرٍ إِلَّا قَالَ مُتۡرَفُوهَآ إِنَّا وَجَدۡنَآ ءَابَآءَنَا عَلَىٰٓ أُمَّةٖ وَإِنَّا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّقۡتَدُونَ ٢٣ قَٰلَ أَوَلَوۡ جِئۡتُكُم بِأَهۡدَىٰ مِمَّا وَجَدتُّمۡ عَلَيۡهِ ءَابَآءَكُمۡۖ قَالُوٓاْ إِنَّا بِمَآ أُرۡسِلۡتُم بِهِۦ كَٰفِرُونَ ٢٤ فَٱنتَقَمۡنَا مِنۡهُمۡۖ فَٱنظُرۡ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلۡمُكَذِّبِينَ ٢٥﴾ (الزخرف: ٢٣ـ ٢٥) واتە: (هەر بەوشێوەیە، هیچ پێغەمبەرێكمان نەناردووە بۆ هیچ شارێك، كە خۆشگوزەرانەكان نەیانوتبێت: ئێمە باووباپیرانی خۆمان بینیوە پابەندی بیروباوەڕێك بوون، بێگومان ئێمەش چاو لەوان دەكەین و پەیڕەویی ئەوان دەكەین. پێغەمبەرەكەش وتوویەتی: باشە... ئەگەر لە ڕێگە و ڕێبازو بەرنامەی باووباپیرانتان چاكتریشم بۆ هێنان هەر شوێنیان دەكەون؟! لە وەڵامدا وتیان: بەڕاستی ئێمە بەو بەرنامە و

پەیامەی کە بەئێوەدا ڕەوانەکراوە بڕوا ناکەین. جا ئێمەش تۆڵەمان لێسەندن، سەرنج بدە و ببینە سەرئەنجامی ئەوانەی بڕوایان بە پەیامی پێغەمبەران نەکرد، چۆن بوو؟).

جا یەکێکی دیکە لەو وردبوونەوانەی لەو چیرۆکانەوە دەستماندەکەوێت، کە ناوی کاراکتەرەکانیان دەستنیشان نەکراوە، ئەوەیە کە قورئان کتێبێکی مێژوویی یان ژیاننامەیی نییە، بەڵکو پەیام و نێردراوی خوای گەورەیە و پڕە لە دانایی و حیکمەتی نەبڕاوە، هەر لەبەرئەوەش لە چەندین شوێنی قورئاندا چیرۆك هاتووە، بەبێ دیاریکردنی ناوی ئەو کەسانەی تیایدا بوونیان هەیە.

یاخود لەبارەی گونجاویی چیرۆك لەگەڵ مەبەستەکانی دابەزاندنی قورئاندا، هەندێك چیرۆك هەن بۆ باسکردنی توانا و قودرەتی خوای گەورەیە، وەك چیرۆکی ئیبراهیم: ﴿ رَبِّ أَرِنِي كَيْفَ تُحْيِ ٱلْمَوْتَىٰ ﴾ (البقره: ٢٦٠) واتە: (پەروەردگارا، نیشانم بدە چۆن مردوو زیندوو دەکەیتەوە)، یان چیرۆکی ئەو پیاوەی کە بە لای شارە وێرانەکەدا تێپەڕبوو: ﴿ أَنَّىٰ يُحْيِۦ هَٰذِهِ ٱللَّهُ بَعْدَ مَوْتِهَا ۖ فَأَمَاتَهُ ٱللَّهُ مِائَةَ عَامٍ ثُمَّ بَعَثَهُۥ ﴾ (البقرة: ٢٥٩) واتە: (ئاخۆ خوای گەورە چۆن خەڵکی ئەم شارۆچکەیە دوای مردنیان زیندوو دەکاتەوە)، هەروەها چیرۆکی هاوڕێیانی ئەشکەوت.

یاخود هەندێکجار، جۆرە چیرۆکێك وەك بەڵگە بۆ کارێکی بینراو، یان کارێکی غەیبی و نادیار باس دەکرێت، ئەم جۆرە چیرۆکانە زیاتر بەم دەستەواژانە دەستپێدەکات:

﴿ وَضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا رَّجُلَيۡنِ ﴾ (النحل: ٧٦) واتە: (خوا نموونەی هێناوەتەوە بە دوو پیاو).

﴿ وَضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا قَرۡيَةً ﴾ (النحل: ١١٢) واتە: (خوا نموونەی هێناوەتەوە بە گوندێك).

﴿ وَٱضۡرِبۡ لَهُم مَّثَلًا رَّجُلَيۡنِ ﴾ (الكهف: ٣٢) واتە: (نموونەی دوو پیاویان بۆ بهێنەرەوە).

﴿ ضَرَبَ لَكُم مَّثَلًا مِّنۡ أَنفُسِكُمۡ ﴾ (الروم: ٢٨) واتە: (خوا هەر لە خۆتان نموونەی بۆ هێناونەتەوە).

﴿ إِنَّمَا مَثَلُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا ﴾ (یونس: ٢٤) واتە: (بەڕاستی نموونەی ژیانی دونیا وەك...).

هەندێکجاریش ئەم جۆرە چیرۆکە، کە وەك پەند هاتووە، هەندێك لە کەسایەتییەکانی، یان شوێنەکەی، یان کاتەکەی، باسدەکرێن، وەك: ﴿ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱمۡرَأَتَ نُوحٖ وَٱمۡرَأَتَ لُوطٖۖ كَانَتَا تَحۡتَ عَبۡدَيۡنِ مِنۡ عِبَادِنَا صَٰلِحَيۡنِ ﴾ (التحریم: ١٠) واتە: (خوا نموونە بۆ ئەوانەی بێباوەڕن بە خێزانەکەی نووح و خێزانەکەی (لوط) دەهێنێتەوە، ئەوان خێزانی دووان لە بەندە پیاوچاکەکانی ئێمە بوون).

با نموونەیەکی دیکە وەرگرین، سوورەتی سەبەء، کە سەرەتاکەی بە سوپاسکردنی پەروەردگار دەستپێدەکات، کە فێری ئیمانداران دەکات چۆن شوکرانەبژێریی بۆ خوا دەرببڕن و سوپاسگوزاری بن: ﴿ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِي لَهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَهُ ٱلۡحَمۡدُ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ ﴾ (السبأ: ١) واتە: (سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە، هەر هەمووی ئەو خاوەنێتی، سوپاس و ستایش لە قیامەتدا هەر پێشکەش بەو دەکرێت). لەگەڵ چیرۆکەکانی ناو سوورەتەکە، لەوانە چیرۆکی شاژنە بەڵقیس، کە تیایدا فەرمان بە خەڵك و دەسەڵاتدارانی وڵاتەکە دەکات، سوپاسگوزاری خودا بن: ﴿كُلُواْ مِن رِّزۡقِ رَبِّكُمۡ وَٱشۡكُرُواْ لَهُۥ ﴾ (السبأ: ١٥) واتە: (بخۆن لە ڕزق و ڕۆزی پەروەردگارتان و سوپاسگوزاری بن). هەروەها لە چیرۆکی داوود و سولەیماندا لە هەمان سوورەتدا، کە دووبارە داوا لە خانەوادەی داوود دەکات سوپاسگوزاری خوا بن: ﴿ ٱعۡمَلُوٓاْ ءَالَ دَاوُۥدَ شُكۡرٗاۚ وَقَلِيلٞ مِّنۡ عِبَادِيَ ٱلشَّكُورُ ١٣ ﴾ (السبأ: ١٣) واتە: (ئەی نەوە و شوێنکەوتووانی داوود: ئێوە بە کردار و گوفتار سوپاسگوزار بن، هەرچەندە کەمێك لە بەندەکانم سوپاسگوزارن)، بەوەش دەردەکەوێت چۆن چیرۆکە قورئانییەکان لە سوورەتەکەدا لەگەڵ مەبەستی سەرەکیی سوورەتەکەدا دەگونجێت.

تێبینی:

سەبارەت بە گونجاویی چیرۆکە قورئانییـەکان لەگـەڵ مەبەسـتەکانی دابەزینی قورئاندا، تێبینی ئـەوە دەکـەین، چـیرۆکەکانی نـاو سـوورەتە مەککییەکان تایبەتمەندیی خۆیان هەیە بە بەراورد بـە چـیرۆکەکانی نـاو سوورەتە مەدەنییەکان، سوورەتە مەککییـەکان بەشـێوەیەکی گشـتی، بـاس لــە بابەتــەکانی عەقیــدە و بیروبــاوەڕ دەکــەن، لەبەرئــەوە چیرۆکەکانیشیان زیاتر باس لـە میلـلـەتانی دیکـە دەکـەن کـە بێبـاوەڕ بـوون بـە پێغەمبـەرەکانیان، لـە بـارەی یەکتاپەرسـتی و وازهێنـان لـە پەرسـتنی شـتانی دیکـە، ئەمـە بـە شـێوەیەکی ڕوون لـە چـیرۆکەکانی سوورەتەکانی "ئەنعام و ئەعراف و یونس و هود و یوسف و ئیـبراهیم و حیجـر و کــەهف و مەریــەم...."دا دەردەکــەون، هەرچــی ســوورەتە مەدەنییەکانە، چیرۆکەکانی ناویان زیاتر "کورت"ن و بابەتەکانی لەگەڵ ئامانجــەکانی تەشــریع و کاروبــاری بەڕێوەبردنــدا دەگــونجێن، لەگــەڵ درێژەدان بە بابەتەکانی عەقیدە و بانگەواز، بەڵام بە شێوەیەکی کـەمتر لــە ســوورەتە مەککییــەکانی ســەرەتای قۆنــاغی مەککــە، هەرچــی سـوورەتەکانی کۆتـایی قۆنـاغی مەککـە و سـەرەتای هیجرەتـە - وەك سوورەتی اسراء - قۆناغێکی ناوەندییە لە نێـوان ئـەو دوو قۆناغـەدا کـە باسمانکرد.

بەشی دووەم
هەڵبژاردنی ڕووداوەکان لە ناو چیرۆکدا

دوای ئـەوەی زانیمـان کـە چـیرۆکە قورئانییـەکان لەگـەڵ مەبەسـتی سەرەکیی سوورەتەکە، باسدەکرێن، لەم بەشـەدا باسـی ئـەوە دەکـەین کە ڕووداوەکانی ناو چیرۆکێك ئەویش بەهەمانشـێوە بـەپێی گونجانیـان لەگـەڵ مەبەسـتی سـەرەکیی سـوورەتەکە هەڵدەبـژێردرێن، بـۆ نموونـە چیرۆك هەیە ڕووداو "حدث"ێکی باسـکراوە و ڕووداوەکـانی دیکـەی بـە هیچ شـێوەیەك ئامـاژەی بـۆ نـەکراوە، وە خراوەتـە شـوێنێکی دیکـەی سوورەتەکە، یان هەر بـە تـەواویی لـە سـوورەتێکی دیکـەدا ئامـاژە بـە تەواوکەرەکـەی دراوە، هۆکـاری سـەرەکییش لـەم کـارەدا بریتییـە لـە "گونجاویی" ئەو بەشەی چیرۆکەکە لەگەڵ مەبەستی ئـەو سـوورەتەدا، ئەمـەش بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی کـە قورئـانی پـیرۆز کتێبێکـی حیکـاتخوانیی، یـان مێـژوویی نییـە، تـا بێـت هـەموو چـیرۆکەکە بـە وردەکارییەکانییەوە بگێڕێتەوە، بەڵکو چیرۆك، ئـەرکی خـۆی هەیـە لـە قورئاندا، ئەو ئەرکەش بریتییە لە دوو شت:

یەکەم: نەپچڕانی سیاقی سوورەتەکە و قووڵنەبوونەوەی زیاد لە پێویست لە چیرۆکەکەدا، کە ببێتە هۆی تێکدانی بابەتەکە و بەوەش گوێگر لە مەبەستە سەرەکییەکە دوور بخاتەوە.

دووەم: لەناو ڕووداوەکانی چیرۆکەکەدا جەختبکرێتەوە لەسەر ئەو بەشانەی کە ئامانجی سوورەتەکە دەپێکن و چیرۆکەکە لە پێناویدا باسکراوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم دوو خاڵە، دیقەت دەدەین چیرۆکەکانی قورئان چەند جۆرێکن:

هەیانە لە ناو سوورەتەکاندا هاتوون، وەك بەڵگەیەك لەسەر بابەتێکی دیاریکراو، هەیانە یەك سوورەتی تەواو، یان زۆرینەی سوورەتێکی گرتووە، هەیانە دووبارە کراوەتەوە و لە چەند سوورەتێکدا باسکراوەتەوە تا لەگەڵ مەبەستی سوورەتەکەدا بگونجێت، هەیانە یەك جار باسکراوە، چیرۆك هەیە کورتە، جا چ چیرۆکی پێغەمبەران و نەتەوەکانیان بێت، یان چیرۆکی دابڕدراو لە کات و شوێن و کەس "زەمان و مەکان و شەخص"، یان ئەو چیرۆکانەی باس لە جیهانی پەنهان "غەیب" دەکەن، وەك چیرۆکی دروستبوونی ئادەم و چیرۆکەکانی ڕۆژی قیامەت و لێپرسینەوە و بەهەشت و دۆزەخ.

جا لە هەموو ئەم چیرۆکانەدا، ڕووداوەکان هەڵدەبژێردرێن و تەرکیز دەخرێتە سەریان، هەندێك ڕووداوی لێ لادەبرێن و باسناکرێن، یان دواخراون بۆ شوێنێکی دیکەی سوورەتەکە، یان سوورەتێکی دیکە.

لەبەرئەوە هەڵبـژاردنی ڕووداوەکـان لـە نـاو چـیرۆکێکدا، وایکـردووە چیرۆکەکانی قورئان دابـەش بـبن بەسـەر هـەموو قورئانـدا، یـەکێك لـەو چیرۆکانەی کە زۆرترین بـەربڵاویی هەیـە، چـیرۆکی مووسـا پێغەمبـەرە لەگەڵ بەنی ئیسرائیل، کە "بەیەکەوە" و بە "پچڕپچڕیی" بـە شـێوەی چیرۆك یان هەواڵ، لە نزیکەی (٣٠) شوێندا هاتووە، هـەروەها چـیرۆکی ئیـبراهیم (سـەلامی خـوای لێبێـت) لـە نزیکـەی (٢٠) شـوێن و عیسـا (سەلامی خوای لێبێت) لـە نزیکـەی (١٠) شـوێندا هـاتوون.... هەنـدێك چیرۆکی دیکـە یـەکجار هـاتووە و دووبـارە نەبووەتـەوە، وەك چـیرۆکی "هاوڕێیـانی ئەشـکەوت" و "بەنـدە پیاوچـاکەکەی هـاوڕێی مووسـا" و "زولقەرنەین" و.....هتد.

تایبەتمەندیی چیرۆکی سوورەتە مەککەیی و مەدینەییەکان:

هەر لە ڕووی هەڵبژاردنی ڕووداوەکان بەپێی مەبەست، تێبینی ئەوە دەکەین، کە چیرۆکەکانی ناو سوورەتە مەککییەکان درێژترن لە چیرۆکەکانی ناو سوورەتە مەدەنییەکان، هەروەها زۆرترین ڕووداویان تێدایە و نزیکترن لە شێوە هونەرییەکەی چیرۆك کە بە "پێشەکی" و "ناساندن" دەستپێدەکات، تا دەگاتە "گرێ" و "کۆتایی"ـەکەیشی بە سەرکەوتنی ڕەگەزەکانی چاکە و لەناوچوونی ڕەگەزە خراپەکان، تەواو دەبێت. دواتر لە کۆتاییەکانی سەردەمی مەککەدا، چیرۆکەکان کەم دەبنەوە، لەبەرئەوەی زۆرینەی ڕووداوەکانیان باسکراون و ناسراوبوون،

ئاسان بوو بۆ گوێگر کە بە ئاماژەیەکی بچووك لە چیرۆکەکە بەتەواویی تێبگات و مەبەستی سەرەکیی هەڵبگۆزێت، ئەم شێوەیە لە چیرۆکی سوورەتە مەدەنییەکانیشدا درێژەی پێدرا و زیاتر "هەڵبژاردنی ڕووداوەکان" بووە جێی گرنگی، زۆرترینی چیرۆکەکانی سوورەتە مەدەنییەکان لە "هەواڵ"ـەوە نزیکن تا "چیرۆك"، تەنها کەمێکی نەبێت کە بە تەواویی باسکراون، وەك چیرۆکی "دوو کوڕەکەی ئادەم و قەلەڕەشەکە" لە سوورەتی مائیدە، کە ئەویش زیاتر "هەواڵێکی تەواوەتییە" و بەشێك لە ڕۆحی چیرۆکی تێدایە.ئەنجا با نموونەیەك باس بکەین:

چیرۆکی یوسف (سەلامی خوای لێبێت)..

وەك لای هەمووومان ئاشکرایە، چیرۆکی ئەم پێغەمبەرە بە تێروتەسەلی لە سوورەتێکی تەواودا باسکراوە، کە بەناوی خۆیەوە ناونراوە، جگە لەوە، لە هیچ شوێنێکی دیکەی قورئاندا باسی یوسف نەکراوە، جگە لە یەك ئایەت.. سوورەتی یوسف، چیرۆکی یوسف لەخۆدەگرێت، بە جۆرێك دڵ کەمەندکێش دەکات و بیری مرۆڤ بە لای خۆیدا ڕادەکێشێت.. بەڵام یەك شت باس ناکات، بەڵێ ئەم سوورەتە دوور و درێژە هەموو شتێکی لە بارەی یوسفەوە باسکردووە یەك شت نەبێت، ئەویش باسی پێغەمبەرایەتییەکەیەتی، یان ئەوەی کە بۆ چ گەل و هۆز و ئوممەتێك نێردراوە، لەکاتێکدا ئەو سوورەتە لە چەندین شوێندا

باســـی چـــەندین خەســـڵەتی یوســـفی کـــردووە، بـــەڵام باســـی پێغەمبەرایەتییەکـەی نـەکردووە.. بـۆ نموونـە سـەیری ئـەم سـیفات و خەسڵەتانەی یوسف بکە:

١ـ ﴿ وَكَذَٰلِكَ يَجۡتَبِيكَ رَبُّكَ وَيُعَلِّمُكَ مِن تَأۡوِيلِ ٱلۡأَحَادِيثِ ﴾ واتە: (بەو شێوەیە خوای پەروەردگارت تۆ دیاریدەکات و هەڵتدەبژێرێت و هەندێك لێکدانەوەی خەونت فێر دەکات)، خـوا هەڵیبـژاردوویت و زانسـتی خـەو لێکدانـــەوەی فێرکردوویـــت، (ئیجتیبـــا) بـــۆ یوســـف و بـــۆ غـــەیری پێغەمبەرانیش بـەکارهاتووە: ﴿ ٱللَّهُ يَجۡتَبِيٓ إِلَيۡهِ مَن يَشَآءُ ﴾ (الشـوری: ١٣) واتە: (خوای دانا، خۆی کەسانی شایستە هەڵدەبـژێرێت)، کەواتـە مەبەست لە "هەڵبژاردن"ی یوسف، پێغەمبەرایەتییەکەی نییە.

٢ـ هەروەها لە شـوێنێکی دیکـەدا دەفـەرموێت: وەحیمـان بـۆ نـارد: ﴿ وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡهِ لَتُنَبِّئَنَّهُم بِأَمۡرِهِمۡ هَٰذَا ﴾ واتە: (لەوکاتەدا نیگامـان بـۆ نارد کە: هەواڵی ئەم بەسەرهاتە لەئایندەدا بە براکانت دەدەیت)، بەڵام بـــەپێی قورئـــانی پـــیرۆز، نیگـــا و وەحـــی تایبـــەت نییـــە تـــەنها بـــە پێغەمبەرانەوە و بەس، بـەڵکو بـۆ مرۆڤـەکانی دیکـەش، باسـی نـاردنی وەحـی کـراوە، وەك دایکـی مووسـا: ﴿ وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰٓ أُمِّ مُوسَىٰٓ ﴾ واتـە: (نیگامان نارد بـۆ دایکـی مووسـا)، یـان بـۆ (هـەنگ): ﴿ وَأَوۡحَىٰ رَبُّكَ إِلَى

ٱلنَّحۡلِ ﴾ (النحل: ٦٨). کەواتە ئەوەش واتە (أوحينا ـ وەحیمان بۆ نارد) باسی پێغەمبەرایەتییەکەی نییە.

٣ـ هەروەها باسی تەمکینی یوسف کراوە لەسەر زەوی، واتە پێدانی هێز و توانا، ﴿ وَكَذَٰلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِي ٱلۡأَرۡضِ ﴾ واتە: (ئا بەو شێوەیە یوسفمان جێگیرکرد لە زەویدا و پایەدارمان کرد)، بەڵام تەمکینیش تایبەت نییە بە پێغەمبەرانەوە بە تەنها، ئەوەتا بۆ خەڵکی دیکەش بەکارهاتووە: ﴿ أَلَمۡ يَرَوۡاْ كَمۡ أَهۡلَكۡنَا مِن قَبۡلِهِم مِّن قَرۡنٖ مَّكَّنَّٰهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ ﴾ (الانعام: ٦) واتە: (ئایا نەیانبینیوە و نەیانزانیوە چەندەها نەوەمان پێش ئەمان لەناوبردووە، کە پایەدارمان کردبوون لە زەویدا).. کەواتە تەمکینیش باسی پێغەمبەرایەتییەکەی نییە.

٤ـ باسی ئەوە کراوە کە یوسف گەیشتووەتە پلەی پێگەیشتن (پێگەیشتووە) و خوا "دانایی" و "زانست"ی پێبەخشیوە، کە هەندێك پێیانوایە مەبەست پێغەمبەرایەتییە: ﴿ وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُۥٓ ءَاتَيۡنَٰهُ حُكۡمٗا وَعِلۡمٗا ﴾ واتە: (کاتێکیش کە یوسف پێگەیشت و گەیشتە ئەوپەڕی تووندوتۆڵی (لە ڕووی لاشەو ژیرییەوە)، ئێمەش پلەی فەرمانڕەوایی دانایی و زانیاریی شارەزایی باشمان پێبەخشی)، بەڵام لە شوێنی دیکەی قورئاندا دەردەکەوێت "پێغەمبەرایەتی" جیاوازە لە "دانایی" و زانست، ئەوەتا دەفەرموێت: ﴿ مَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُؤۡتِيَهُ ٱللَّهُ ٱلۡكِتَٰبَ

وَٱلۡحُكۡمَ وَٱلنُّبُوَّةَ ﴾ (آل عمران: ٧٩) واتە: (بۆ هیچ ئادەمیزاد و کەسێك نەگونجاوە کە خوا کتێبی ئاسمانی و فەرمانڕەوایی و پێغەمبەرایەتی پێببەخشێت، لەوەودوا بە خەڵکی بڵێت: وەرن ببنە بەندەی من لە جیاتی ئەوەی بەندە و عەبدی خوا بن)، ئەوەتا دەردەکەوێت پێغەمبەرایەتی جیاوازە لە دانایی و فەرمانڕەوایی... کەواتە ئەم ئایەتەش واتە دانایی و زانیاری، مەبەست لێی باسی پێغەمبەرایەتی یوسف نییە...

٥ـ تەنانەت لەو ئایەتەشدا کە یوسف بانگەوازەکەی ئاشکرا دەکات، تەنها دوو زیندانییکراو لە گرتووخانەیەکی داخراودا هەن، کە یوسف بانگهێشتیان دەکات، پاشان پێیان ناڵێت من پێغەمبەرم و خوا ناردوومی بۆ هیدایەتی خەڵکی.. تاکە هەڵوێستێ کە یوسف تیایدا بانگەوازی کردبێت بۆلای پەروەردگار لەو چیرۆکە دوورو درێژەدا، تەنانەت لەو کاتەشدا کە قسە لەگەڵ پاشادا دەکات، بانگێشتی ناکات بۆ پەرستنی خوای تاکوتەنها و پێی ناڵێت من پێغەمبەرم، بەڵکو پێی دەڵێت: بمکە بە وەزیری کشتوکاڵ ـ بەمانا گشتییەکەی ـ، تەنانەت لە کۆتایی چیرۆکەکەشدا، کە یوسف لە مەقامی شوکردایە و نیعمەتەکانی خوا دەژمێرێت، باسی پێدانی دەسەڵات و لێکدانەوەی خەون دەکات وەك دوو نیعمەتی ئیلاهی، بەڵام باسی پێغەمبەرایەتی ناکات. تەنانەت ئەمە بۆ یەعقوبیش (سەلامی خوای لێبێت) ڕاستە، کە زیاتر لەم چیرۆکەدا وەك "باوك" ناسێنراوە و وەك پێغەمبەر باسنەکراوە.

ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە، بۆچی لەم سوورەتە دوور و درێژەدا، هیچ باسی پێغەمبەرایەتی یوسف نەکراوە؟ بەڵکو تاکە ئایەتێك کە باس لە پێغەمبەرایەتی یوسف بکات، خراوەتە شوێنێکی دیکەی قورئان و لەناو چیرۆکی مووسادا (سەلامی خوای لێبێت) باسکراوە؟ بۆ ئەم سوورەتە دوور و درێژە جێگەی ئەم ئایەتەی تێدانەبووەتەوە کە خوای گەورە باسی پێغەمبەرایەتییەکەی یوسف دەکات و خستوویەتییە سوورەتی (غافر ئایەتی ٣٤) و دەفەرموێت: ﴿ وَلَقَدْ جَآءَكُمْ يُوسُفُ مِن قَبْلُ بِٱلْبَيِّنَٰتِ فَمَا زِلْتُمْ فِى شَكٍّ مِّمَّا جَآءَكُم بِهِۦ ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا هَلَكَ قُلْتُمْ لَن يَبْعَثَ ٱللَّهُ مِنۢ بَعْدِهِۦ رَسُولًا ﴾ واتە: (بەڕاستی کاتی خۆی یوسف بەڵگە و نیشانەی زۆری بۆ هێنان تا ڕێبازی خواناسی بگرنەبەر، کەچی بەردەوام لە گوماندا بوون بەرامبەر ئەو بەرنامە و ئاینەی کە بۆی هێنابوون، هەتا ئەو کاتەی وەفاتی کرد، ئەوسا وتتان: ئیتر تەواو، هەرگیز خوا دوای ئەم، پێغەمبەری تر نانێرێت)، ئەم قسەیە لە چیرۆکی مووسادا و لەسەر زاری ئەو پیاوە ئیماندارەی خزمی فیرعەون وتراوە، کە قسە لەگەڵ گەلەکەی دەکات و بیریان دەخاتەوە کە چارەنووسی گەلەکانی دیکە چۆن بووە و پاشان پەیامی یوسفیان بیردەخاتەوە و پێیان دەڵێت: پێشتریش یوسف بە چەندان بەڵگە و نیشانەی ڕوونەوە هاتە لاتان، کەچی لە پەیامەکەی ئەو بەگومان بوون، تا کاتێك کە مرد و وەفاتی کرد، ئەوسا وتتان ئیتر هەرگیز خوا دوای ئەو، هیچ پەیامبەرێکی دیکە نانێرێت...

باسی سەرەکی ئەم بەشە بریتییە لە "هەڵبژاردنی ڕووداوەکـان لـە ناو چیرۆکدا"، پرسیارەکەش دووبارە ئەوەیـە: بۆچـی لـە سـوورەتی یوسفدا باسی پێغەمبەرایەتییەکەی یوسفی نـەکردووە و ئـەو باسـەی خستووەتە سوورەتێکی دیکە و لە یەك ئایەتدا باسی کردووە؟

دیقەت بدەن بەڕێزان! چیرۆکی یوسف چیرۆکی ناسۆری باوك و کوڕێکە، کە بە هۆی کین و بوغزەوە لە یەك دابڕاون، باوکەکە تاڵ و سوێریی لەدەستدانی کوڕەکەی چەشت و خەمی زۆری خوارد بۆ چارەنووس و سەرەنجامی کوڕەکەی، کوڕەکەشی، چەندین بەڵاو ناڕەحەتی بەسەردا هات، کرا بە بەندە و دواتر خرایە زیندان. لەم سوورەتەدا بەزەیی خوا دەبینین بەرامبەر بە بەندە ساڵح و ئارامگر و چاکەکارەکانی، لەبەرئەوە ئەم چیرۆکە، جیاوازە لە سەرجەم چیرۆکی پێغەمبەرانی دیکە، بەوەی کە ئەم سوورەتە جەختی لەسەر لایەنی زاتی و سۆز و بەزەیی و لایەنی مرۆیی کردووە، کە ئەوەش لە دوو کەسایەتیی سەرەکیی چیرۆکەکە ڕەنگدەداتەوە، کە باوك و کوڕێکن: یەعقوب و یوسف، بەڵام چیرۆکی پێغەمبەرانی دیکە، جەخت لەسەر لایەنی بانگەواز و ململانێی پێغەمبەرەکە و گەلەکەی دەکاتەوە، بوارەکەش دەتوانێت باسوخواسی بانگەواز و ڕێنمایی و ئامۆژگاری و هەڵسەنگاندن و بواری تەشریع و یاسا و ڕێسا و یەکلاکردنەوەی کاروباری دین و دونیا، بگرێتەخۆ، بەپێچەوانەی چیرۆکی پڕ لە سۆزی مرۆیی، کە زیاتر جەخت لە لایەنی دەروونی و سۆز و بەزەیی ژیانی

مرۆڤـەکان دەکاتــەوە.. جگـە لـەوەش، چـیرۆکەکە پـڕە لـە دیمـەن و ڕووداوی خێرا، جگـە لـە یـەك هەڵوێسـت کـە بـواری بانگـەوازی خـوایی گرتووەتەخۆ، کە دیمەنی زیندانەکەیە و یوسفیش خێـرا ئـەو هەڵوێسـتە دەقۆزێتەوە..

جا ئەو تاقە ئایەتـەی سـوورەتی (غـافر) کـە باسـی پێغەمبەرایـەتی یوسف دەکات، چەند شتێك ئاشکرا دەکات بۆمان، لەوانە:

١ـ یوسف وەك پێغەمبەر نێردراوە و پـەیامی پێـدانێردراوە (خـاوەن پەیامە)، هەروەها ئەو نێردراوە بۆ میسرییەکان.

٢ـ ئەوان، واتە میسرییەکان، بە ڕاستیان نەزانیوە، بەڵام بە درۆشیان نەخستووەتەوە، بەڵکو "بەگومان بوون" لێی. (فِي شَكٍّ)..

٣ـ یوسف لە ناو میسرییەکاندا وەفاتی کردووە و مردووە.

٤ـ مردنەکەی، کاریگەریی قورسـی لـە سـەر میسـرییەکان هـەبووە و پەشیمان بوون لـەوەی کـە مـافی تـەواویان بـە یوسـف نـەداوە و حـەقی خۆیان پێنەبەخشی تا مابوو لە ناویاندا..

بـەڵام پرسـیارەکە ـ هاوپەیوەسـت بـەم بەشـەی بابەتەکـە، کـە هەڵبژاردنی ڕووداوەکانـە لـە نـاو چـیرۆکدا ـ ئەوەیـە، بـۆ لـە سـوورەتی یوسف خۆیـدا ئـەم باسـی پێغەمبەرایەتییـەی نەخراوەتـە چوارچـێوەی چیرۆکەکەوە، ئەگەرچی وەك ڕووداوێکی لاوەکیش بووایە؟

لەوەڵامدا دەڵێین: سەرەتا شوێنێکی گونجاو لە ناو سوورەتەکەدا بۆ باسکردنی ئەو بابەتە و ئاشکراکردنی بانگەوازی پێغەمبەرایەتیی یوسف (سەلامی خوای لێبێت)، دوو شوێنە:

یەکەم: ئەوکاتەی کە یوسف لە زیندان دێتەدەرەوە و پاشا پێی سەرسامە، کە چۆن خەون بە ڕێك و دروستیی لێکدەداتەوە و ڕەوشتی چەندە بەرزە و ڕووخساری چەندە دڵگیرە، ئەم کات و ساتە کاتێکی گونجاو بووە بۆ یوسف تا بانگەوازەکەی لەبەردەم پاشادا ئاشکرا بکات.

دووەم: ئەو ڕۆژەی کە یوسف خۆی لەسەر عەرش دانیشت و وتی: ﴿ رَبِّ قَدۡ ءَاتَيۡتَنِي مِنَ ٱلۡمُلۡكِ وَعَلَّمۡتَنِي مِن تَأۡوِيلِ ٱلۡأَحَادِيثِ ﴾، واتە: (ئەی پەروەردگاری من! تۆ دەسەڵات و فەرمانڕەواییت پێداوم، وە فێری خەون لێکدانەوەت کردووم).. ئەوکاتە یوسف پێگەی بەهێز بوو و گوێڕایەڵیی دەکرا.

سەبارەت بە خاڵی یەکەم، بێگومان پێش هاتنەدەرەوەی یوسف لە زیندان، هیچ ناگونجێت لەکاتێکدا ئەو لەناو بەڵا و موسیبەتدایە و لەناو تاقیکردنەوەیەکی گەورەدایە، تاقیکردنەوەیەکی دیکەشی بە سەردا بێت و بانگی پێغەمبەرایەتی ئاشکرا بکات... لە کاتی دەرچوونی لە زیندان و گەیشتنە بەردەمی پادشاشدا، کە پادشا بە "مكين أمين" ناوی دەبات، کێ دەزانێت ئەگەر لەو کاتەدا بانگی پێغەمبەرایەتی ئاشکرا بکات لەوانەیە چیرۆکەکە ئاڕاستەیەکی دیکەی بگرتایە و لەوانەیە پادشا بەو حاڵەتە ڕازی نەبوایە و بیگەڕاندایەتەوە بۆ زیندان، یان بکوژرایە،

بەوەش هەلی بەردەم یوسف دەفەوتا کە بتوانێت جێـپێی خـۆی قـایم بکات و دواتر پەیامەکـە بگەیـەنێت.. لەبەرئـەوە ئەسـتەمە لـەو کاتـەدا بیتوانیایە ئـەو پەیامـە ئاشـکرا بکـات، لەبەرئەوەشـە قورئـانیش باسـی نەکردووە.

سەبارەت بە خاڵی دووەم، تا پێش دانیشتنی لەسەر عـەرش، گومـان لەوەدا نییە کە یوسف (سەلامی خوای لێبێت) بانگەوازی کردووە بۆ لای خوا و پەیامەکەی گەیاندووە، بەڵام لـە لایـەك سـەردەمەکە، سـەردەمی گرانـی و بێبـارانیی بـووە، لەلایـەکی دیکەشـەوە، ڕووداوەکـانی حـەوت ساڵی یەکەمی خۆشگوزەرانیی پێش گرانییەکە، لابراوە و باس نەکراوە، هۆکـاری باسـنەکردنی ئـەو حـەوت سـاڵە خۆشـییەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئەوەی ئەگەر باس بکرایە ئەوا سیاقی چیرۆکەکە دەقرتا و ڕووداوەکانی چیرۆکە ئەسڵییەکە، دەبڕدرا، لەبەرئەوە چیرۆکەکە ڕاستەوخۆ لە پـاش دەرچوونی یوسـف لـە زینـدان، دەگاتـە سـەر ڕووداوی لـەوە گـەرمتر و بەدوایەکداهاتوو، کە بە هاتنی براکانی بۆ میسر و نەناسینەوەی یوسـف دەستپێدەکات، تا دەگاتـە کۆتـایی... ئـیتر ناکرێت لێـرەدا دیسـانەوە چیرۆکەکە بقرتێنرێت و باسی بانگەوازی یوسف بکرێـت، کـە زیـاتر وەك ئامــانجێکی ســەرەکیی چــیرۆکەکە بــە درێــژایی چــیرۆکەکە خــۆی شاردووەتەوە.

سەبارەت بە دیمەنی کۆتایی چیرۆکەکەش، کە شـادبوونەوەیەتی بـە باوکی، کە چیرۆکەکە دەگاتە ترۆپکی خۆشی و کۆتاییەکی دڵخۆشـکەر،

ئـەوا هـیچ داناییـەکی تێـدا نییـە دیسـانەوە لێـرەدا ڕەگـەزێکی دیکـەی ململانێ بهێنرێتە ناو باسەکە و بەوەش هەستی گوێگران بـە سـەرلەنوێ تێهەڵچوونەوە بە بوارێکی دیکەدا تێکبچێت، لەبەرئەوە چـیرۆکەکە بـەو شـێوەیەی ئێسـتای گونجـاوترە بـۆ گـوێگر کـە دەبینێـت ئـەنجامی ئارامگرتن و ڕازیبوون بە قەدەری خـوا و متمانـەبوون بـە سەرخسـتن و پشتگیریکردنی بەندە دڵسۆزەکانی و ڕاستگۆیی و کـارکردن و تـەمـەڵی نەکردن، چۆن بە خۆشی و دڵخۆشی و بـە دیـدار شـادبوونەوە، کۆتـایی دێت..

کەواتە بە هـیچ جۆرێـك چـیرۆکی یوسـف لـە سوورەتەکەی خۆیـدا، گونجاو نەبووە بۆ باسکردنی باسوخواسی پێغەمبەرایەتییەکەی، **پاشان با بێین پرسیارەکە بە شێوەیەکی دیکە بکەین: ئایا بۆچی ئـەو تاقـە ئایەتەی باسی پێغەمبەرایەتی یوسف دەکات، لە سوورەتی غافر و لە ناو چیرۆکی مووسادا باسکراوە؟**

لە وەڵامـدا دەڵـێین: ئـەو چـیرۆکەی تـر، کـە ئایەتەکـەی سـوورەتی غافری تێدا هاتووە، چیرۆکێکە پاش یوسف بە چەندین ساڵ ڕوویـداوە، بەڵام لە هەمان ئەو شوێنەی کە یوسف تیایدا ژیا و لە هەمان ئەو کۆشك و باڵاخانانەی کە یوسف سەردەمی خۆی تیایدا کاری دەکرد، هـەروەها لە هەڵوێستێکدا کە ململانێ تیایدا لـە لوتکەدایـە، ململانێـی بـانگخوازان لەگەڵ ئەوانەی بە درۆیان دەزانن و باوەڕیان پێناکەن، دیمەنەکـە بـاس لە ململانێیەك دەکات کە هاتوهاواری فیرعـەون و شـوێنکەوتووانی بـەرز

بووەتەوە، کە هەڕەشە دەکەن لە مووسا و هاروون: دوو پەیامبەری خوا، کە دەبێت بیانکوژین و شوێنکەوتووانیشیان بکەین بە بەندە و کۆیلە و کوڕەکانیان بکوژین و کچەکانیان بکەین بە کەنیزەك، ئا لێرەدا دەنگی عەقڵ و ژیریی لە پیاوێکی خزمی فیرعەون خۆیەوە بەرز دەبێتەوە و دێتەدەر، پیاوێك کە باوەڕی خۆی شاردووەتەوە و ئاشکرای نەکردووە، قسەکەی وەك ئەنجامی بیرکردنەوەیەکی لۆژیکیی دەردەکەوێت، نەك ئەنجامی باوەڕهێنان، ئەمەش کاریگەریی زیاتری لەسەر بێباوەڕان هەیە، لەبەرئەوەی ئەگەر دەنگی باوەڕ و ئیمان کاریگەریی زیاتری هەبوایە لە دەنگی عەقڵ و ژیریی، ئەوا مووسا لە هەموو کەس زیاتر شایانی ئەوە بووە باوەڕی پێبهێنرێت و شوێنی بکەون، نەك هەوڵی کوشتن و دەربەدەرکردنی بدەن..

پیاوە ئیماندارەکەی خزمی فیرعەون بە فیرعەون و دەوروبەرەکەی دەڵێت: ﴿وَإِن يَكُ كَـٰذِبًا فَعَلَيۡهِ كَذِبُهُۥۖ وَإِن يَكُ صَادِقًا يُصِبۡكُم بَعۡضُ ٱلَّذِي يَعِدُكُمۡ﴾ (غافر: ٢٨) واتە: (مووسا ئەگەر درۆ بکات، درۆزنییەکەی بە زیانی خۆی تەواو دەبێت، ئەگەر ڕاستگۆش بێت هەندێك لەو بەڵایانەتان بەسەردێت کە بەڵێنی پێداون)، پاشان پیاوەکە دەیانترسێنێت بەوەی کە تووشی ئەوە دەبن کە مووسا بەڵێنی پێداون و نموونەی گەلانی پێش خۆیانیان بۆ دەهێنێتەوە، دواتر یوسفیان بیردەخاتەوە کە چۆن گومانیان لە بانگەوازەکەی هەبوو و دواتر کە یوسف وەفات دەکات پەشیمان بوون لەو هەڵوێستەیان لە بارەی

یوسفەوە.. دواتر قسەکانی لە بارەی یوسفەوە بـەوە کۆتـایی پێـدێنێت کە هەڵوێستی ئێستایان بەرانبەر بە مووسا هاوشێوەی ئەو هەڵوێسـتەی باوباپیریانە بەرانبەر بە یوسف...

بە گەڕانەوە بۆ سەرەتای بابەتەکە، کە هەڵبژاردنی ڕووداوەکانـە لـە ناو چیرۆکدا، دەبینین کە چۆن ئەم شوێنە، گونجاوە بۆ ئەو ئایەتەی کە باس لە پێغەمبەرایەتی یوسف دەکات و هۆکاری ئەوەش ڕوون بوویەوە کە بۆچی لە چیرۆکەکەی خۆیدا باسی نـەکراوە، بـەوەش دەردەکـەوێت کە: خاسیەتی هەڵبژاردنی ڕووداو لە ناو چیرۆکە قورئانییەکاندا، ترۆپکی باڵایە کە هەموو ئەدیب و نووسەران ئاواتیان ئەوەیە بگەنە بەشێکی ئەو ترۆپکـــە قورئانییـــە، لـــە ڕووی وردیـــی و جـــوانی و ڕەوانبێـــژیی و ئیعجازەکەیەوە...

بەشی سێهەم

دووبارەکردنەوەی چیرۆك لە قورئاندا

کاتێك لە چیرۆکە قورئانییەکان ورد دەبینەوە، دەبینین چیرۆك هەیە لە چەندین سوورەتدا باسکراوە، یان دەتوانین بڵێین لە چەند شوێنێکی قورئاندا دووبارەکراوەتەوە (لەگەڵ بوونی سەرنجمان لەسەر وشەی دووبارەکردنەوە)، بەڵام ئەم دووبارەکردنەوەیە، هەرگیز ئەو دووبارەکردنەوەیە نییە کە لە بیری هەر یەکێك لە ئێمەدا هەیە، واتە دووبارەکردنەوەیەك نییە کە مرۆڤ پێ ببێزار بێت، لەبەرئەوەی هاتنی هەر چیرۆکێك لە سوورەتێکدا، بەشێك لەو چیرۆکە لەو سوورەتەدا باسکراوە کە لەگەڵ ئامانجی سەرەکیی سوورەتەکەدا بگونجێت، هەروەها لە کۆتاییشدا لەگەڵ ئامانجە سەرەکییەکانی هاتنی قورئاندا یەکانگیر دەبێتەوە، کە لە دەستپێکی ئەم کتێبەدا باسمان کرد.. جا جیاوازیی قورئان لەگەڵ پەخشان و ڕۆمان و چیرۆکی دیکەدا دوو شتە:

یەکەم: ئەوەی کە قورئان وتەی خوایە، وتەی مرۆڤ نییە، ئەگەرچی بە شێوەی زمانی مرۆڤەکان ـ زمانی عەرەبی ـ دابەزیبێت و هەمان ئەو شێوازانەی قسەکردنی بەکارهێنابێت کە مرۆڤەکان بەکاریدەهێنن، بەڵام

قسـەکەر مـرۆڤ نییـە، بـەڵکو پـەروەردگاری بـەرز و بڵنـدە، کـە لایـەنی سەرەکی و بنەڕەتییـە لـە پرۆسـەی قسـەکردن و لێکتێگەیشـتنەکەدا.. واتە لێرەدا سێ شت بوونیان هەیە: قسەکەر، قسەبۆکراو، ئـەو پـەیام و مەسجەی کە نێـردراوە.. کاراکتـەری سـەرەکیی قسـەکەر لـە قورئانـدا: خوای پەروەردگارە و ئەمەش گرنگترینیانە.

دووەم: لەبارەی ئەرکی نووسـراوەکانی، وەك پەخشـان و ڕۆمـان لـە لایەك و قورئان لە لایەکی دیکە، دەبینین ئەرکی قورئان ئـەوە نییـە کـە کتێبێکی فەلسەفی بێت، ئەگەر خوێنەر بێـزار بـوو لێـی، لای بـدات، یـان کتێبێکـی چـیرۆکخوانی و حیکایـەت بێـت، ئەگـەر حـەزی لێکـرد بیخوێنێتەوە و ئەگەر بێزار بوو لێی، فرێی بدات، بەڵکو قورئان کتێبێکە لـە ئاسمانـەوە هـاتووە و هـەڵگری بەڵگـەی ڕاسـتێتیی پێغەمبەرایـەتی محەممەدە (دروود ی خوای لێبێت)، کاتێـك شـوێنکەوتووانی بـاوەڕ بـە قورئان دەکەن، ئەوکات دەیکەنە دەستوور و بنـەمای کارکردنیـان، جـا ئایا ـ کە ئەمە خاڵە گرنگەکەیە ـ دەگونجێت کتێبێك ئەم ئەرکە گرانـەی پێبێت، یەکجار ڕاستی و حەقیقەتت نیشان بـدات و بـڕوات بـە سـەریدا، بەتایبـەتی کـە گیـانی سەرکێشـی و باوەڕنـەکردن و بەدرۆخسـتنەوە و گومان لای مرۆڤەکان بوونی هەیە، ئایا نابێت چـەند جارێـك و لـە چـەند شـوێنێکی ئـەو کتێبـەدا بـاس لـەو حەقیقەتانـە بکرێتـەوە، تـا ئەگـەر کۆمـەڵێك لـە یەکـەمجاردا باوەڕیـان نـەهێنا، بتـوانن لـە دووەمجـار و سـێهەمجار و چـوارەمجاردا کـە حەقیقەتەکـە لـە بـەرگێکی دیکـە و

شێوازێکی دیکەدا درایەوە بە گوێیاندا، باوەڕ بکەن.. بەتایبەتیتریش کە قورئان فەرمان دەکات بە باوەڕبوون بە چەندین کاراکتەر و حەقیقەتی پەنهان و نادیار و غەیبی، کە لە چوارچێوەی هەستەوەرەکانی مرۆڤدا جێیان نابێتەوە و نابینرێن.. ئەگەر کەسێك بڕوات بە لای کۆمەڵێکدا کە خەریکی بتپەرستین، ئایا هەر ئەوەندە بەس دەبێت کە یەکجار پێیانبڵێت وازبهێنن لە بتپەرستی، ئیتر کابرا بڕوات و لێیان دووبارە نەکاتەوە؟! بێگومان نەخێر.. دەی ئەمە، هۆکاری سەرەکیی دووبارەکردنەوەیە لە قورئاندا بە گشتی و لە چیرۆکە قورئانییەکاندا بەتایبەتی..

قورئان مەبەستێکی سەرەکیی هەیە، کە لە سەرەتای ئەم کتێبەدا ئاماژەمان بۆ کرد، قورئان لە هەموو سوورەتێکدا دووبارەی ئەم مەبەستە سەرەکییەی کردووەتەوە، جار لەدوای جار و بە شێوازگەلی جۆربەجۆر ئەم ڕاستییەی وتووەتەوە، بۆ نموونە زۆر لە سوورەتە درێژەکانی قورئان لە سەرەتاکانیدا ئەوە وەبیر دێنێتەوە کە ئەمانە، ئایەتی قورئانن، ڕاستن، خوا ناردوونی، هەروەها ئەمە قورئانە، ئەی محەممەد، ئەی شوێنکەوتووانی، ئەی خەڵکی.. دەی ئایا دەکرێت یەکجار لە سەرەتای قورئاندا ئەمە بڵێت و ئیتر بەسەریدا بڕوات و دووبارەی نەکاتەوە؟!

جا چیرۆکە قورئانییەکانیش بەهەمانشێوە، تەرخانکراون بۆ خزمەتکردن بە بەدیهێنانی ئەو مەبەستەی کە قورئانی بۆ نێردراوەتە

خوارەوە، بەپێی پێویستیی ئـەو خزمەتـە، چـیرۆکەکەش دەگۆڕدرێـت، سیاق و پێویستیی هێنـانی چـیرۆکێك لـە شـوێنێکدا وادەکـات کـار بـەو پرەنسیپە بکرێت کە لە بەشی پێشـوودا باسمـان کـرد، کـە بریتییـە لـە "هەڵبژاردن"ی ڕووداو بەپێی مەبەستی ئەو سوورەتەی کە چیرۆکەکەی تێدا باس دەکرێت، جا هەندێکجار چیرۆکەکە بە تەواویی دەهێنرێت، لـە هەندێك شوێنی دیکەدا وەك "نموونە" ﴿ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا ﴾ دەهێنرێت، جـاری وا هەیـە وەك هـەواڵێك ﴿ وَفِرۡعَوۡنَ ذِی ٱلۡأَوۡتَادِ ﴾ دەهێنرێـت، یـان بەشێکی کەمی لێ باسدەکرێت، تەنها بـۆ ئـەوەی ئـەو مەبەسـتەی لـەو شوێنەی سوورەتەکەدا هەیە، بیپێکێت، لەبەرئەوە بە شێوەیەکی گشتی دەتوانرێت بوترێت: زۆرینـەی ئـەو چـیرۆکانەی قورئـان کـە هـاتوون لـە قورئاندا "دووبارە" نین، بەڵکو "تەواوکەر"ن..

هەنـدێك لـە چـیرۆکەکانی قورئـان دووبارەکراوەتـەوە بـە مەبەسـتی تەواوکردنی چیرۆکەکە، وەك چیرۆکی ئادەم و چیرۆکی نووح و ئیبراهیم و مووسا (سەلامی خوایـان لێبێـت)، هەنـدێك چـیرۆکی دیکـە، چـیرۆکی تەواون، یان نیمچە تەواون، وەك چیرۆکی یوسف.

چیرۆکی دروستکردنی ئادەم، بە نموونە:

یــــەکێك لــــەو چـــیرۆکانەی قورئـــان کــــە لــــە چـــەند شـــوێنێکدا دووبارەکراوەتەوە، چیرۆکی خەڵقی ئادەمە (سەلامی خوای لێبێت)، کە هەر جارەی بۆ مەبەستێك لـە سـوورەتێکدا باسـکراوە، سـەرەتا بـەپێی ڕیزبەندیی هاتنەخوارەوەی سوورەتەکان بەمجۆرە باسکراوە: یەکەمجار لە سوورەتی (ص)دا، بە دوایدا لە سوورەتی ئەعراف و پاشـان (طـه) و پاشـان (اسـراء) دواتـر (حجـر) و دواتـر (کهـف) و دواهـەمین جـاریش سوورەتی (البقرة)، هۆکاری باسکردنیشی بەمجۆرەیە:

١ـ یەکەمین جار هێنانی چیرۆکی خەڵقی ئادەم لە میانەی باسـکردنی ڕاستێتی پێغەمبەرایەتی محەممەد (دروود ی خوای لێبێت) هاتووە، کـە محەممـەدی نەخوێنـدەوار لـە نـاو عەرەبـدا هـاتووە و لـە منداڵییـەوە دەیناسـن، ئـیتر چـۆن دەتوانێـت هـەواڵی ڕووداوەکـانی ئاسمـان پـێش خەڵقی ئادەم و دوای خەڵقی ئادەم بزانێت، ئەگەر خوا ئاگاداری نەکات، سـەیری ئـەم نموونانـە بکـە لـەو بـارەوە: ﴿ مَا كَانَ لِيَ مِنْ عِلْمٍ بِالْمَلَإِ الْأَعْلَىٰ إِذْ يَخْتَصِمُونَ ﴿٦٩﴾ إِن يُوحَىٰ إِلَيَّ إِلَّا أَنَّمَا أَنَا نَذِيرٌ مُّبِينٌ ﴿٧٠﴾ إِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي خَالِقٌ بَشَرًا مِّن طِينٍ ﴿٧١﴾ ﴾ (ص: ٦٩ – ٧١) واتــە: (خــۆ مــن ـ مــەبــەســت پێغەمبەرە- هیچ ئاگاداری ئەوە نەبووم کە چی گوزەراوە لە باڵانشینان (فریشتە پایە بڵندانی ئاسمان) کاتێك کە فریشتەکان کێشەیان هەبوو لە جێنشینی ئادەمدا. وەحی و نیگام بۆ نایەت تەنها لەبەرئەوە نەبێت کـە

من بێدارکەرەوەیەکی ئاشکرام. کێشەی فریشتەکان کاتێك بوو کە پەروەردگارت پێیوتن: من دەمەوێت بەشەرێك، لە قوڕ دروست بکەم)...

کەواتە باسکردنی چیرۆکی ئادەم بەڵگەیە لەسەر پێغەمبەرایەتی ئەو سەروەرە.. جا لەوە گرنگتر ئەوەیە، کە ئەگەر ئەم ئیعجاز و بەڵگەهێنانەوەیە بۆ ئەو کاتەی خەڵکی مەککە بوو بێت، ئەوا چیرۆکەکە ئەوەی لەبیر نەکردووە کە ئەم بەڵگەهێنانەوەیە بە خەڵقی ئادەم، بۆ خەڵکی زەمان و سەردەمەکانی دواتریش ببێت و بگونجێت، لەبەرئەوە چیرۆکەکەی بە ئایەتێکی زۆر گرنگ ـ هەموو ئایەتەکانی قورئان گرنگن ـ کۆتایی پێهێناوە: ﴿ وَلَتَعۡلَمُنَّ نَبَأَهُۥ بَعۡدَ حِينِۭ ﴾ (ص: ٨٨) واتە: (بەڕاستی لە داهاتوویەکی نزیکدا، هەر لە دنیادا هەواڵی ڕاستی و دروستی ئەم ئایینە دەزانن)..

٢ـ جارێك چیرۆکەکە لە میانەی باسکردنی توانا و قودرەتی خوای گەورەدا، باسکراوە: ﴿ وَلَقَدۡ مَكَّنَّٰكُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَجَعَلۡنَا لَكُمۡ فِيهَا مَعَٰيِشَۗ قَلِيلٗا مَّا تَشۡكُرُونَ ١٠ وَلَقَدۡ خَلَقۡنَٰكُمۡ ثُمَّ صَوَّرۡنَٰكُمۡ ثُمَّ قُلۡنَا لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ ٱسۡجُدُواْ لِأٓدَمَ ﴾ (الأعراف: ١٠ – ١١) واتە: (بە ڕاستی ئێمە ئێوەمان نیشتەجێکرد لەم زەویەدا و دەسەڵاتمان پێبەخشین و جۆرەها هۆکاری ژیانمان تیایدا بۆ سازاندوون (لە خواردن و خواردنەوە و هۆکانی گواستنەوە و پۆشاك و ناوماڵ و ئاوو هەواو... هتد)، کەچی سوپاسی کەمی نیعمەتەکان دەکەن یان کەمتان سوپاسگوزارن. بە ڕاستی ئێمە

(باوە گەورەی) ئێوەمان دروست کرد و نەخش و نیگاری ڕواڵەت و ڕوخساری ئێوەمان کێشا، پاشان وتمان بە فریشتەکان: ئادەی سوژدە بەرن بۆ ئادەم)، بەھەمانشێوە، باسی توانای خوایە لە پێدانی ھێز بە مرۆڤەکان، تا لەسەر زەوی بژین وەك چۆن پێشتر ئادەمی دروستکرد و بە فریشتەکانی فەرمووو کڕنووشی بۆ ببەن....

یـــاخود ﴿ وَإِنَّا لَنَحْنُ نُحْيِۦ وَنُمِيتُ وَنَحْنُ ٱلْوَٰرِثُونَ ﴿٢٣﴾ وَلَقَدْ عَلِمْنَا ٱلْمُسْتَقْدِمِينَ مِنكُمْ وَلَقَدْ عَلِمْنَا ٱلْمُسْتَـْٔخِرِينَ ﴿٢٤﴾ وَإِنَّ رَبَّكَ هُوَ يَحْشُرُهُمْ إِنَّهُۥ حَكِيمٌ عَلِيمٌ ﴿٢٥﴾ وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ مِن صَلْصَٰلٍ مِّنْ حَمَإٍ مَّسْنُونٍ ﴿٢٦﴾ ﴾ (الحجر: ٢٣ – ٢٦)، واتە: (بە ڕاستی ھەر ئێمە ژیان دەبەخشین و مردنیش پێشدەھێنین، سەرئەنجام ھەر ئێمەش خاوەنی ھەموو جیھانین. سوێند بە خوا، بێگومان ئێمە ئاگادارین لە پێشینانی ئێوە، ھەروەھا ئاگادارین لە نەوەکانی داھاتوویش. بە ڕاستی پەروەردگاری تۆ ھەر خۆی ھەموان کۆدەکاتەوە و بێگومان ھەر ئەو زاتە دانا و زانایە. سوێند بە خوا، ئێمە سەرەتا ئینسانمان لە قوڕێکی وشك دروست کرد، کە پێشتر قوڕێکی ڕەشباو و ترشاو بوو)، بەھەمانشێوە باس لە قودرەت و توانای خوایە لە زیندووکردنەوە و ژیان و مردنی مەخلوقات لە سەرەتا و کۆتاییدا وەك چۆن مرۆڤی لە بنەڕەتدا دروستکردووە و بە فریشتەکانی فەرموو کڕنووش بۆ یەکەم مرۆڤ ببەن.

٣ـ ھەندێکجار چیرۆکەکە لە میانەی باسکردن لە مرۆڤ، کە چۆن ناز و نیعمەتەکانی خوای بیر دەچێت، چۆن بیری دەچێت خوا مرۆڤی

هەڵبـژاردووە بەسـەر سـەرجەم مەخلوقاتـەکانی دیکـەدا، چـۆن بـیری دەچێت کە خوا ئەوی کردووەتە جێنشین بـۆ ئاوەدانکردنـەوەی زەوی، لەو کاتەدا بابەتەکە دەبەستێتەوە بەوەی کە کاتی خۆیشی ئادەم خـوا خەڵقی کرد و بە فریشتەکانی فەرموو کڕنووشی بۆ ببـەن، دواتـر ئـادەم بیری چوو... واتە بابەتی بیرچوونەوەکە خاڵی کۆکەرەوەی چیرۆکەکەیە لەگـەڵ سـیاقی سـوورەتەکەدا: ﴿ وَكَذَٰلِكَ أَنزَلۡنَٰهُ قُرۡءَانًا عَرَبِيّٗا وَصَرَّفۡنَا فِيهِ مِنَ ٱلۡوَعِيدِ لَعَلَّهُمۡ يَتَّقُونَ أَوۡ يُحۡدِثُ لَهُمۡ ذِكۡرٗا ﴿١١٣﴾ فَتَعَٰلَى ٱللَّهُ ٱلۡمَلِكُ ٱلۡحَقُّۗ وَلَا تَعۡجَلۡ بِٱلۡقُرۡءَانِ مِن قَبۡلِ أَن يُقۡضَىٰٓ إِلَيۡكَ وَحۡيُهُۥۖ وَقُل رَّبِّ زِدۡنِي عِلۡمٗا ﴿١١٤﴾ وَلَقَدۡ عَهِدۡنَآ إِلَىٰٓ ءَادَمَ مِن قَبۡلُ فَنَسِيَ وَلَمۡ نَجِدۡ لَهُۥ عَزۡمٗا ﴿١١٥﴾ وَإِذۡ قُلۡنَا لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ ٱسۡجُدُواْ لِأٓدَمَ فَسَجَدُوٓاْ إِلَّآ إِبۡلِيسَ أَبَىٰ ﴾ (سـوورەتی طـە: ١١٣ــ ١١٦) واتـە: (ئـا بـەو شێوەیە ئێمە قورئـانێکی عـەرەبی و پـاراو و ڕەوانمـان دابـەزانـدووە و جۆرەها هەڕەشەشمان تیادا باس کردووە، بۆ ئـەوەی لـە خـوا بترسـن، یاخود ببێتە هـۆی ئـەوەی کـە یاداوەرییـان تێـدا بـەدیبهێنێـت. خـوای گەورە زۆر پایەبەرز و بڵندە و پاشای بە حەق و ڕاسـتەقینـەیـە، (ئـەی محەمەد) نەکەیت لە خوێندنی قورئاندا پەلە بکـەیـت: لـە پـێش ئـەوەی وەحی و نیگای ئەو قورئانە تەواو ببێت بۆ لای تۆ (چونکە ئێمە نایەڵین فەرامۆشی بکەیت)، نزا بکە و بشڵێ: پەروەردگارا، بـەردەوام زانسـت و زانیاری زۆرتر و زیاترم پێببەخشە. بێگومان ئێمە پێشتر پەیمانمـان لـە ئادەم وەرگرت، کەچی بیری چوو، بە مەرجێك نەمانبینی پێشتر بڕیاری

کردنی ئەو سەرپێچییە بدات. سەردەمێك بە فریشتەکانمان وت: سوژدە بەرن بۆ ئادەم، هەموو سوژدەیان برد، جگە لە ئیبلیس کە سەرسەخت و یاخیی بوو...)، تا کۆتایی چیرۆکەکە لە سوورەتی (طـه).. تەنانەت لەوەش گرنگتر ـ کە ئایەتەکانی قورئان هـەمووی گـرنگن ـ بەستنەوەی کۆتـایی سـوورەتەکەیە بـە بابـەتی بیرچـوونەوەوە، کـە دەفـەرموێت: ﴿ قَالَ رَبِّ لِمَ حَشَرْتَنِيٓ أَعْمَىٰ وَقَدْ كُنتُ بَصِيرًا ﴿١٢٥﴾ قَالَ كَذَٰلِكَ أَتَتْكَ ءَايَٰتُنَا فَنَسِيتَهَا ۖ وَكَذَٰلِكَ ٱلْيَوْمَ تُنسَىٰ ﴿١٢٦﴾ ﴾ (طـه: ١٢٥ـ ١٢٦) واتـە: (دەڵێـت: ئـەی پەروەردگار، بۆ بە کوێریی حەشرت کردم، خۆ من کاتی خـۆی چاوساغ و بینا بووم، دەفەرموێت: تۆ ئا بەو شێوەیە بوویـت (کـوێر بوویـت) لـە ئاستی ئایەت و بەڵگەکانی ئێمەدا کاتێك پێتـڕادەگەیەنرا، ئێمەش ئەمڕۆ ئاوا مامەڵەی کەسێکی لە بیرکراوت لەگەڵدا دەکەین).

٤ـ هەندێکجار چیرۆکی خەڵقی ئادەم لەمیانەی باسێکدا هـاتووە، کـە بێباوەڕان گاڵتەیان بە پێغەمبەری خوا کردووە (درووود ی خوای لێبێت)، کە باسی چارەنووسی بێباوەڕانی کردووە، گاڵتەیان بە بوونی درەختێك کردووە لە ناو دۆزەخدا، کە چۆن درەخت بوونی هەیە لـە نـاو ئـاگردا و ناشسووتێت، چیرۆکەکە لەو کاتەدا هێنراوە بۆ ئـەوەی بفـەرموێت ئـەم گاڵتەکردنـــەی ئـــەوان، وەك گاڵتـــەکردنی ئیبلیســـە بـــە ئـــادەم، کـــە ئامادەنەبوو کڕنووشی بۆ ببات، لەبەرئەوەی ئەو لـە قـوڕ و ئـەمیش لـە ئاگر دروسـتکراوە، واتـە قیاسـی هـەردوو گاڵتەکردنەکـەی لەسـەر یـەك کردووە، بە هێنانی چیرۆکی خەڵقی ئادەم لە ناو ئەو باسەدا، ئەمەش لە

سووره‌تی (الاسراء)دا: ﴿ وَإِذْ قُلْنَا لَكَ إِنَّ رَبَّكَ أَحَاطَ بِالنَّاسِ ۚ وَمَا جَعَلْنَا الرُّؤْيَا الَّتِي أَرَيْنَاكَ إِلَّا فِتْنَةً لِّلنَّاسِ وَالشَّجَرَةَ الْمَلْعُونَةَ فِي الْقُرْآنِ ۚ وَنُخَوِّفُهُمْ فَمَا يَزِيدُهُمْ إِلَّا طُغْيَانًا كَبِيرًا ﴿٦٠﴾ وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ قَالَ أَأَسْجُدُ لِمَنْ خَلَقْتَ طِينًا ﴿٦١﴾ ﴾ (الإسراء: ٦٠ – ٦١) واته: (ئه‌ی محه‌مه‌د، یادی ئه‌وه بكه كاتێك پێمانووتی به‌ ڕاستی په‌روه‌ردگاری تۆ ده‌وری خه‌ڵكی داوه‌ و ئاگاداره‌ به‌ هه‌موو شتێكیان. ئه‌و شتانه‌ش كه‌ له‌ خه‌وندا نیشانمان دایت، ته‌نها تاقیكردنه‌وه‌ بوو بۆ خه‌ڵكی، هه‌روه‌ها به‌ باسی دره‌خته‌ نه‌فرینلێكراوه‌كه‌ش كه‌ له‌ قورئاندا ناوبراوه‌، تاقییانده‌كه‌ینه‌وه‌. ئێمه‌ ده‌مانه‌وێت به‌م باسانه‌ بیانترسێنین، كه‌چی ئه‌و باسانه‌ هیچیان بۆ زیاد ناكات ته‌نها لادان و یاخیبوونێكی گه‌وره‌ نه‌بێت. كاتێك به‌ فریشته‌كانمان وت: ئاده‌ی سوژده‌ به‌رن بۆ ئاده‌م، هه‌موو سوژده‌یان برد جگه‌ له‌ ئیبلیس، وتی: ئایا چۆن سوژده‌ ده‌به‌م بۆ ئه‌و كه‌سه‌ی كه‌ له‌ قوڕ دروستتكردووه‌؟). جا له‌ هه‌مووی گرنگتر ئه‌وه‌یه‌، ئه‌م گاڵته‌كردنه‌ش به‌ستراوه‌ته‌وه‌ به‌ گاڵته‌كردنیان به‌ ڕووداوی ئیسرا و میعراج، كه‌ سووره‌ته‌كه‌ له‌ سه‌ره‌تادا باسی كردووه‌، جا به‌م باسه‌ی ئاده‌م، جه‌ختی له‌سه‌ر ئه‌وه‌ش كردووه‌ته‌وه‌.

٥ـ له‌ شوێنێكی دیكه‌دا، چیرۆكی خه‌ڵقی ئاده‌م له‌ میانه‌ی به‌ڵگه‌هێنانه‌وه‌ له‌سه‌ر ڕاستێتی زیندووبوونه‌وه‌ و ڕۆژی دوایی هاتووه‌، كه‌ چۆن خوای گه‌وره‌ یه‌كه‌مجار مرۆڤی دروستكردووه‌، ئاواش توانای

هەیە جارێکی دیکە زیندوویان بکاتەوە: ﴿لَّقَدۡ جِئۡتُمُونَا كَمَا خَلَقۡنَٰكُمۡ أَوَّلَ مَرَّةِۭۚ بَلۡ زَعَمۡتُمۡ أَلَّن نَّجۡعَلَ لَكُم مَّوۡعِدٗا ﴿٤٨﴾﴾ (الكهف: ٤٨) واتە: (سوێند بێت، وا هاتنەوە بۆ لامان هەروەك لە سەرەتادا دروستمانکردوون، لە حاڵێکدا کە ئێوە گومانتان وابوو، واشتاندەوت کە هەرگیز کاتێکمان دیارینەکردووە بۆ لێپرسینەوەتان)، هەروەها دەمکوتکردنی شوێنکەوتووانی ئیبلیس و بێدەنگکردنیان، کە چۆن شوێن ئیبلیسێك دەکەون کە کاتی خۆی ئەمە بەسەرهاتەکەیەتی لەگەڵ ئادەمی باوکتاندا: ﴿وَإِذۡ قُلۡنَا لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ ٱسۡجُدُواْ لِأٓدَمَ فَسَجَدُوٓاْ إِلَّآ إِبۡلِيسَ كَانَ مِنَ ٱلۡجِنِّ فَفَسَقَ عَنۡ أَمۡرِ رَبِّهِۦٓۗ أَفَتَتَّخِذُونَهُۥ وَذُرِّيَّتَهُۥٓ أَوۡلِيَآءَ مِن دُونِي وَهُمۡ لَكُمۡ عَدُوُّۢۚ بِئۡسَ لِلظَّٰلِمِينَ بَدَلٗا ﴿٥٠﴾﴾ (الكهف: ٥٠) واتە: (ئێمە کاتێك بە فریشتەکانمان وت سوژدەبەرن بۆ ئادەم، هەر هەموو سوژدەیان برد جگە لە ئیبلیس، کە لە دەستەی پەرییەکان بوو، بە هۆی ئەوەوە لە فەرمانی پەروەردگاری یاخیی بوو، ئایا ڕەوایە کە ئەو و نەوەکەی بکەنە پاڵپشت و یارویاوەری خۆتان لە جیاتی من، لە حاڵێکدا ئەوان دوژمنی هەمیشەیی ئێوەن، ئای کە چەندە کارێکی خراپ و ناڕەوایە بۆ ستەمکاران، کە لەجیاتی خوا، دوژمنێکی وەك شەیتانیان داناوە و گوێڕایەڵی دەکەن).

٦ـ دواهەمین جار لە قورئاندا کە باسی چیرۆکەکە کرا بێت، لە سوورەتی (البقرة)دایە و دیسانەوە لە میانەی باسکردنی توانا و

قــودرەت و فــەزڵی پەروەردگاردایــە، بــەڵام ئاڕاســتەی قســەکان ڕووەو ئیماندارانە، نــەك بێبــاوەڕانی مەککــە، لەبەرئــەوەی ســوورەتی (البقـرة) سوورەتێکی مەدینەییە (لە کۆتایی ئەم باسەدا سەرنجێك لەو بارەوە دەخەینــەڕوو)، دیقــەت بفــەرموون: ﴿ هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ فَسَوَّىٰهُنَّ سَبۡعَ سَمَٰوَٰتٖۚ وَهُوَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٞ ٢٩ وَإِذۡ قَالَ رَبُّكَ لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّي جَاعِلٞ فِي ٱلۡأَرۡضِ خَلِيفَةٗ ﴾ (البقـرة:٢٩ـ٣٠) واتە: (هەر ئەو زاتە هەموو شتێکی لە زەویدا بۆ ئێوە دروستکردووە، پاشــان ویســتی ئاسمــان دروســتبکات، بــە حــەوت چــین بــەدیهێنــا و ڕێکیخستن، هەر خۆیشی بە هەموو شتێك زانا و ئاگادارە. پەروەردگارت بە فریشتەکانی وت: بە ڕاستی من دەمەوێت لە زەویدا جێنشینێك دابنێم)، لێرەدا چیرۆکەکە لە کاتی باسکردنی توانای پەروەردگار لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەویدا هاتووە و تێهەڵکێشی باسی ئەو توانایە کراوە لە دروستکردنی ئادەمیشدا.

بەمجۆرە، دیقەت دەدەین و ورد دەبینەوە، ئــەم هــەموو شــوێنانەی کە تیایدا باس لـە خــەڵقی ئـادەم و ململانێـی لەگـەڵ ئیبلیسـدا کـراوە، هەرجارەی بە شێوەیەك باسی کردووە، کە جیاواز بێت لە شێوەی باسکردنی لە سوورەتێکی دیکەدا، جیاوازییەکە لەم ڕووانەوەیە: "ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکە و قەبارەی باسکردنی و شێوازەکەی و ڕێگای خستنەڕووی و تیشك خستنەسەر کارێکی دیاریکراوی ناو

چیرۆکەکە، لەبەر ئەو کارەیە کە چیرۆکەکە هێنراوە".. بەمەش جەخت لەوە دەکاتەوە کە: دووبارەکردنەوە لە قورئاندا، ئەرکێکی دیاریکراوی هەیە و ئامانجێکی مەبەستداری هەیە و بۆ مەبەستی کاتکوشتن و کاتبەسەربردن، نەهێنراوە...

تێبینییەکی گرنگ: بۆ توێژینەوە و وردبوونەوە و دیراسەکردنی بابەتی دووبارەکردنەوەی چیرۆکە قورئانییەکان، زۆر گرنگە سەرەتا ڕیزبەندیی هاتنەخوارەوەی سوورەتەکانی قورئان بزانین، تا وردەکاریی لەدوایەکهاتنی چیرۆکێك بە تەواویی ڕوون ببێتەوە لای توێژەر، یان خوێنەر، تا بزانرێت چیرۆکێك سەرەتا لە کام سوورەتەدا دابەزیوە و ئایا بە درێژیی باسکراوە یان بە پوختی و پاشان لە چ سوورەتێکی دواتریدا درێژەکەی یان پوختەکەی باسکراوەتەوە..

سێ سەرنجی گرنگ لە بارەی چیرۆکی ئادەم و ئیبلیس:

یەکەم: زۆرینەی چیرۆکە قورئانییەکان لە سوورەتە مەککەییەکاندا (ئەو سوورەتانەی کە لە مەککە و پێش کۆچکردن بۆ مەدینە دابەزیون) بە تەواوەتی باسکراون و لە سوورەتە مەدەنییەکاندا (ئەو سوورەتانەن کە لە مەدینە و پاش کۆچکردن بۆ ئەو شارە دابەزیون) زۆر بە کورتی ئاماژەیان پێدراوەتەوە.. جگە لە چیرۆکی خەڵقی ئادەم، ئەم چیرۆکە بە تەواوەتی لە سوورەتی (البقرة)دا (لە ئایەتی ٢٩ تا ٣٩) بە درێژیی

باسیکراوە، کە سوورەتێکی مەدەنییە و دواهەمین جاریشە کـە قورئـان باسی لەو چیرۆکە کردبێت..

بە دەربڕینێکی دیکە، چیرۆکی خەڵقی ئادەم ـ وەك وتمان ـ لە حەوت شوێنی قورئاندا باسکراوە، کە بەپێی زنجیرەی هاتنەخوارەوەی قورئان بەمشێوەیەیە: یەکەمجار لە سوورەتی (ص)دا باسکراوە، بـە دوایـدا لـە سوورەتی (الأعراف)، پاشان (طه)، پاشان (الإسراء)، پاشـان (الحجـر)، پاشان (الكهف)، پاشان (البقرة).. ئەو شەش سوورەتەی کە یەکـەمجار باسی چیرۆکەکەی کردووە، هەموویان مەککیین، بەڵام دواهەمین جار کە باسی چـیرۆکەکە کرابێـت لـە سـوورەتی (البقـرة)دایـە کـە سـوورەتەکە مەدەنییە و چـیرۆکەکەش لێـرەدا بـە تێروتەسـەلی باسـکراوە، نـەك لـە سـوورەتە مەککییەکانـدا.. بـەڵکو لـە سـوورەتە مەککییەکانـدا تـەنها "ئاماژە" بە چیرۆکەکە کراوە، نەك وردەکارییەکەی.

دووەم: کاتێك لە سوورەتی (ص) ورد دەبینەوە، کە یەکەم سوورەتە لـە قورئانـدا لـە کـاتی دابەزینیـدا باسـی لـە چـیرۆکی ئـادەم و ئیبلـیس کردووە، واتـە کاتێـك دابـەزیوە کـەس هیچـی نـەزانیوە لـە بـارەی ئـەو چـیرۆکەوە، لـەو سـوورەتەدا تـەنها "ئامـاژە"ی بـۆ چـیرۆکی ئـادەم کـردووە، نـەك "وردەکارییەکـەی"، بـە ئامـاژە باسـی لـەو وتووێـژە ئاسمانییە کردووە کە هێشـتا باسوخواسـی دانەبەزیوەتـە سـەر زەوی، خوا فەرمان بە پێغەمبەر دەکات (درووود ی خـوای لێبێـت) کـە وەڵامـی ئەو کەسانە بداتەوە کە لـە ئاینـدەدا پرسـیاری لێدەکـەن و دەڵـێن: تـۆ

چۆن دەزانیت لە ئاسمان چی روویداوە؟ واتە: هێشتا سوورەتی (البقرة) دانەبەزیوە تا پێغەمبەر بزانێت خوای گەورە چۆن لەگەڵ فریشتەکان وتووێژی کرد کە دەیەوێت جێنشین لەسەر زەوی دروست بکات، بەڵام بە پێغەمبەر دەفەرموێت: لە ئایندەدا وردەکاریی ئەو رووداوەت بۆ دەنێرمە خوارەوە لە سوورەتی (البقرة)و دوای کۆچ، هەروەها لە ئایندەدا پرسیاریشت لێدەکەن لەو بارەوە، تۆ لە ئێستاوە ـ پێشئەوەی چیرۆکەکە بە وردەکارییەکەیەوە دابەزێت و پێشئەوەی بێباوەڕانیش پرسیارەکە بکەن ـ پێیان بڵێ: ئەوە هەواڵێکی گرنگ و گەورەیە، کە ئێوە نایزانن، بەڵام منیش نایزانم تا خوا بۆم نەنێرێتە خوارەوە:

﴿ قُلْ هُوَ نَبَؤٌا۟ عَظِيمٌ ﴿٦٧﴾ أَنتُمْ عَنْهُ مُعْرِضُونَ ﴿٦٨﴾ مَا كَانَ لِىَ مِنْ عِلْمٍۭ بِٱلْمَلَإِ ٱلْأَعْلَىٰٓ إِذْ يَخْتَصِمُونَ ﴿٦٩﴾ إِن يُوحَىٰٓ إِلَىَّ إِلَّآ أَنَّمَآ أَنَا۠ نَذِيرٌ مُّبِينٌ ﴿٧٠﴾ إِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّى خَٰلِقٌۢ بَشَرًا مِّن طِينٍ ﴿٧١﴾ فَإِذَا سَوَّيْتُهُۥ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِى فَقَعُوا۟ لَهُۥ سَٰجِدِينَ ﴿٧٢﴾ فَسَجَدَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ كُلُّهُمْ أَجْمَعُونَ ﴿٧٣﴾ ﴾ (ص: ٦٧ـــ ٧٣) واتە: (پێیان بڵێ: ئەمە هەواڵ و دەنگوباسێکی زۆر گەورە و گرنگە، بەڵام ئێوە پشتی تێدەکەن و گوێی بۆ ناگرن. خۆ من (مەبەست پێغەمبەرە) هیچ ئاگاداری ئەوە نەبووم کە چی گوزەراوە لە شوێنە بڵندەکاندا کاتێك کە فریشتەکان کێشەیان هەبوو لە جێنشینیی ئادەمدا ((**هێشتا نازانرێت کێشەکە چی بووە، چونکە هێشتا سوورەتی بەقەرە دانەبەزیوە تا وردەکاریی بابەتی وتووێژی فریشتەکان بخاتەڕوو**)). وەحی و نیگام بۆ

نایەت تەنها لەبەرئـەوە نـەبێـت کـە مـن بێدارکـەرەوەیـەکـی ئاشـکرام. کێشەی فریشتەکان کاتێك بوو کە پەروەردگارت پێیوتن: من دەمەوێـت بەشەرێك لە قوڕ دروست بکـەم. جـا کاتێـك دروسـتمکرد و لـەو گیـان و ڕۆحەی کە من خاوەنی ئەوم، فووم پێداکرد و گیان و ژیانم پێبەخشـی، ئێوەی فریشتە هەمووتان سووژدەی (ڕێزو تەقدیری بە فەرمانی من) بۆ بەرن. هەموو فریشتەکان فەرمانی خوایان بەجێهێنا و سووژدەیان برد).

لێـرەدا باسـی ئـەوە ناکـات کـە خـوا وتووێـژی کـردووە لەگـەڵ فریشتەکاندا لە بارەی جێنشینێك و ئەوانیش وەڵامیان داوەتەوە، بەڵکو یەك ئاماژەی بچووك بەو وتووێژە دەکـات کـە دەفـەرموێت: ﴿ مَا كَانَ لِيَ مِنْ عِلْمٍ بِالْمَلَإِ الْأَعْلَىٰ إِذْ يَخْتَصِمُونَ ﴾.. دیقـەت بـدە چ سـەرنجێکی سەرنجڕاکێشە ! !

سێهەم: کە لە چیرۆکی خەڵقی ئـادەم ورد دەبینـەوە، دەبیـنین دوو دیمەنە، دیمەنێکیان وتووێژی خـوای گەورەیـە لەگـەڵ فریشـتەکان، لـە بارەی دروستکردنی جێنشینێك، کە ئەم دیمەنە لە سوورەتی بەقەرەدا، بە تەواوەتی باسکراوە و لە شەش سوورەتەکەی دیکەدا تەنها "دیمەنی فەرمانکردن بە فریشتەکان بە کڕنووشبردن بۆ ئادەم" گرنگیی پێدراوە. دووەمیشیان دیمـەنی وتووێـژ و قسـەکانی ئیبلیسـە، کـە لـە سـوورەتی (البقرة) بە کورتی باسکراوە و لـە شـەش سـوورەتەکەی دیکـەی باسـی چـیرۆکەکەدا، درێـژەی پێـدراوە و تیشـکی زیـاتری خراوەتەسـەر،

بەتایبەتی لە بابەتی سەرپێچیکردنی ئیبلیس لە فەرمانی خوا و پاساوی لە ئاگر دروستبوونی ئەم و لە قوڕ دروستبوونی ئادەم و ڕق و کینەی بەرانبەر بە نەوەکانی ئادەم و سوێندخواردنی، کە فریویان بدات و فێڵکردنی لە ئادەم... هەموویشی بۆ ئەوەی کە خوای گەورە لە ڕێی ئەم چیرۆکەوە هۆشیاریی بدات بە نەوەکانی ئادەم کە وریای فێڵەکانی شەیتان بن و فریوی مەخۆن، لەبەر ئەوەشە چوار جار لەو حەوت جارەدا بە وردیی باسیکردووە، بەڵام بە شێوازی جۆربەجۆر خستوویەتیە ڕوو، چ بە جەختکردنە سەر وتووێژەکە هەمووی، یان قۆناغێکی، یان دیمەنێکی، یان بە ئاشکراکردنی ڕێگایەك لە ڕێگاکانی کاری شەیتان بۆ فریودانی مرۆڤ.. کە ئەمانە هەمووی مەبەستی سەرەکیین لە هاتنەخوارەوەی سوورەتە مەککەییەکاندا بە گشتی و ئەم بەشەی چیرۆکەکەش لەگەڵ ئەو مەبەستەدا دەگونجێت... لەکاتێکدا سوورەتە مەدەنییەکان زیاتر بۆ دواندنی ئیمانداران و ڕێکخستنی کاروباری ژیانیانە و بە بیرخستنەوەی ئیبلیسی دوژمنی خوا، پێویستیی بەو وردەکارییەی سەردەمی مەککە نییە، لەبەرئەوە ئەم بەشەی چیرۆکەکە لە سوورەتی (البقرە) کە مەدەنییە، بە کورتی هاتووە.

ئیتر بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێت کە "دووبارەکردنەوە"ی چیرۆك لە قورئاندا، ئەرکێکی گرنگی هەیە و ڕێگای جۆربەجۆری بۆ گیراوەتە

بەر، تا لەگـەڵ مەبەسـتە سـەرەکییەکانی قورئانـدا بگونجێـت و لەگـەڵ ئامـانجی ئـەو سوورەتەشـدا یـەکانگیر بێـت، کـە چـیرۆکەکەی تێـدا باسـکراوە، کـە ئەمـە هـەمووی بـە پێـوەری ورد دارێـژراوە لـە ڕووی خسـتنەڕووی ماناکـانی بـە شـێوازی هونـەریی ئاسـتبەرز... پـاك و بێگەردیی بۆ خوا، خاوەن و دابەزێنەری ئەم قورئانە...

بەشی چوارەم:
باسکردنی وردەکاری، یان بە پوختی باسکردن

لەم بەشەدا لەوە دەدوێین کە هەندێکجار قورئانی پیرۆز هەندێك لە چیرۆکەکانی درێژە پێدەدات، لە هەندێك شوێنی دیکەشدا زۆر بە کورتی باسی دەکات، یاخود چیرۆکەکە بە کورت و پوختی لە سەرەتاوە باسدەکات و پاشان درێژەی پێدەدات، یان هەندێکجار ڕێڕەوی چیرۆکەکە بە کورتی باس دەکات و دواتر ڕووداوەکانی بە فراوانی و درێژیی، دواتر هەندێکی دیکەی کورت دەکاتەوە، یان بازی بەسەردا دەدات... هەموو ئەمانە بەپێی خزمەتکردنە بە مەبەستە سەرەکییەکەی چیرۆکەکە و پاشان خزمەتکردن بە مەبەستە سەرەکییەکانی هاتنەخوارەوەی قورئان بە گشتی.

جا با ئێستا، بە خاڵ هەندێك جۆر جیا بکەینەوە:

١ـ ئەگەر چیرۆکێك سەرەتا بە کورتی و کۆکراوەیی دەستپێبکات، ئەوا مەبەست لێی ناساندنی چیرۆکەکەیە لەو پێشەکییەدا، بۆ ئامادەکردنی دەروونی گوێگر بۆ خستنەڕووی تەواوی چیرۆکەکە بە دوایدا، هەروەها بۆ ناساندنی هۆکاری هێنانی ئەم چیرۆکە و باسکردنی

لەم شوێنەدا. هەندێکجار ئەو پێشەکییە کورتە لایەنێکی سەرسامکەری چیرۆکەکەی لەخۆگرتووە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی گوێگر، وەك ئەوەی کە ریکلامێـك بێـت بـۆ سـەرجەمی چـیرۆکەکە، بـەوەی کـە دیمـەنێکی سەرنجڕاکێشی چیرۆکەکە لە سەرەتادا دەهێنێت، تا خەڵك کەمەندکێش بکات بـۆ بینـینی و خوێندنـەوەی، وەك لـە چـیرۆکی یوسـفدا (سـەلامی خوای لێبێت) ئەمە دەبینین، کە سەرەتا بـە خـەونێك دەسـتپێدەکات و پاشـان قسـەی لەسـەر دەکـات، دواتـر لـە سـەرەتاوە چـیرۆکەکە دەگێڕێتەوە... یاخود چیرۆکی مووسا کـە سـەرەتا لـە بیابانـدا شـەوی بەسـەردا هـاتووە و مەڕوماڵاتەکـەی پەرشـوبڵاوبوون و لـە دوورەوە تروسـکایی ئاگرێـك دەبینێـت، بـەڵام کـە دەچـێت، لـەوێ پـەروەردگار لەگەڵی دەدوێت و ئـیتر چـیرۆك دەسـتپێدەکات... وەك لـە سـوورەتی (النمل)دا هاتووە.

٢ـ زۆرینەی جار، لە پێشەکیی چیرۆکەکاندا ئاڕاسـتەی قسـە ڕوو بـە سـەروەرمانە (دروود ی خـوای لێبێـت) وەك بەڵگـەی ئـەوەی کـە ئـەم چیرۆکە لەبەر خاتری ئەو باسدەکرێت، جا چ بـە ڕێگەیـەکی ڕاسـتەوخۆ ئەمـە وترابێـت، تـا دڵنیـا و ڕاگـیر بێـت لەسـەر بانگەوازەکـەی و سـارد نەبێتـەوە، یـاخود بـۆ پشـتگیریی بانگەوازەکـەی پەرچـوو (سەرئاسـا) "موعجیزە"یەکی لە چـیرۆکەکەدا هێنابێـت، یـان بـۆ بەرپەرچـدانەوەی نەیارانی و ترسـاندنیان بێـت.. بـەڵام لـە هـەموو ئـەم بارانـەدا، قسـەکە ئاڕاسـتەی پێغەمبـەر کـراوە (دروود ی خـوای لێبێـت) بـۆ باسـکردنی

هۆكاری هێنانی ئەم چیرۆكە لەم كاتەدا. بۆ نموونە: ﴿ نَتْلُواْ عَلَيْكَ مِن نَّبَإِ مُوسَىٰ وَفِرْعَوْنَ بِٱلْحَقِّ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٣﴾ ﴾ (القصص: ٣) واتە: (ئێمە هەندێك لە هەواڵ و بەسەرهاتی گرنگی ڕاست و نەگۆڕی مووسا و فیرعەون دەخوێنینەوە بە سەرتدا، بۆ ئەوەی سوود بگەیەنین بە گەلێك كە بڕوا دەهێنن). لێرەدا خوا ئاگاداری دەكاتەوە كە ئێستا چیرۆكی مووسا و فیرعەونی بۆ باسدەكات و ئاڕاستەی ئەوی دەكات، مەبەستیش لێی ڕووەو گەلی ئیماندارانی بكات كە لە پەندو ئامۆژگارییەكانی تێدەگەن.. لە سوورەتی (الكهف)یشدا پێشەكییەكە كەمێك درێژتر دەدوێت لە ناساندنی هاوڕێیانی ئەشكەوت، پاشان دەستدەكات بە گێڕانەوەی چیرۆكەكەیان بە ئاڕاستەكردنی قسە ڕووەو سەروەرمان، كە دەفەرموێت: ﴿ نَّحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ نَبَأَهُم بِٱلْحَقِّ ﴾ (الكهف: ١٣) واتە: (ئێمە هەواڵی ئەوانت بە ڕاستیی بۆ دەگێڕینەوە)، بەلاّم پێشەكییەكە خۆی بە ئایەتێك دەستپێدەكات، كە كار لە بیر و هۆش دەكات و دەیوروژێنێت و سەرنج ڕادەكێشێت، كە دەفەرموێت: ﴿ أَمْ حَسِبْتَ أَنَّ أَصْحَٰبَ ٱلْكَهْفِ وَٱلرَّقِيمِ كَانُواْ مِنْ ءَايَٰتِنَا عَجَبًا ﴿٩﴾ ﴾ (الكهف: ٩) واتە: (ئایا تۆ پێتوایە كە ئەسحابی كەهف و ڕەقیم لە نێو موعجیزات و ئاكارانی سەرسوڕێنەر و سەرسامكەری ئێمە، سەیر و جێی واقوڕمانە؟).. ئەم ئایەتەش هەر ئاڕاستەی سەروەرمان كراوە،

بەڵام بە شێوازی پرسیار، کە جیاوازترە لەو شێوازەی دیکەی پێشەکیی چیرۆکەکان، کە زیاتر بە شێوەی: ﴿ نَحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ ﴾ (ئێمە بۆت دەگێڕینەوە)دێت.

٣ـ هەندێکجار لە پێشەکیی چیرۆکەکاندا جۆرێك لە "هێما" و ڕەمز دێت، تا ببێتە کلیل بۆ کردنەوەی چیرۆکەکە، کە سەرتاپای گرێی چیرۆکەکە لەسەر ئەو هێمایە داڕێژراوە، کە ئەمەش لوتکەی هونەرە لە چیرۆکەکەدا.. نموونەی ئەمەش سوورەتی (یوسف)ە، کە سەرەتا بە هێمایەك دەستپێدەکات، کە خەونێکە یوسف تیایدا دەبینێت: ﴿ أَحَدَ عَشَرَ كَوْكَبًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ ﴾ واتە: (یازدە ئەستێرە و خۆر و مانگ کڕنووشی بۆ دەبەن)، ئیتر ئەم خەونە دەبێتە کلیلی چیرۆکەکە، بەوەی دەبێتە هۆی ئەو هەموو ناڕەحەتی و بەڵا و موسیبەتانەی کە بەسەری دێت، هەروەها بەڵگەی پێغەمبەرایەتییەکەیەتی، پاشان لە کۆتایی چیرۆکەکەیدا خەونەکە دێتەدی و بەمشێوەیە هێما و ڕەمزەکە لێکدەداتەوە کە: خۆر و مانگەکە دایك و باوکییەتی و یازدە ئەستێرەکەش براکانیەتی و لە کۆتایی چیرۆکەکەدا کڕنووشی بۆ دەبەن، نەك کڕنووشی پەرستش، بەڵکو کڕنووشی ڕێز و سڵاو..

٤ـ هەندێکجار، کورت و پوختکردنەوەی چیرۆکەکە لە کۆتاییەکەیدایە، ئەمەش بۆ ڕوونکردنەوەی هۆکار و حیکمەتی باسکردنی ئەم چیرۆکە، وەك لە سوورەتی (هود)دا، کە تیایدا چیرۆکی

چەندین پێغەمبەر باسکراوە، پاشان لـە کۆتاییـدا دەفـەرموێت: ﴿ وَكُلًّا نَّقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنۢبَآءِ ٱلرُّسُلِ مَا نُثَبِّتُ بِهِۦ فُؤَادَكَ ۚ وَجَآءَكَ فِى هَٰذِهِ ٱلْحَقُّ وَمَوْعِظَةٌ وَذِكْرَىٰ لِلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٢٠﴾ ﴾ (هـود: ١٢٠) واتـە: (هـەمـوو ئـەوانـەشـت بـۆ دەگێڕینەوە لە چیرۆك و هەواڵی پێغەمبەران، بۆ ئـەوەی کـە دڵـی تـۆی پێ دابمەزرێنین و دڵنیات بکەین، دڵنیاش بە، کە لەم هەواڵانەدا حـەق و ڕاسـتیت بـۆ هـات و بـۆت ڕوونکرایـەوە، هـەروەهـا ئامۆژگـاری و بیرخسـتەوەی باشـی تێـدابوو بـۆ ئیمانـداران)، دیقـەت بفـەرموون: بـۆ ڕاگیرکردن و چەسپاویی دڵی تۆ ئەی محەممەد..

٥- زۆرینـەی ئـەو چـیرۆکانەی قورئـانی پـیرۆز، کـە زۆر بابەتەکـەی وردکردووەتـەوە و بـە درێـژیی لێیـدوواوە، زیـاتر ئـەو چـیرۆکانەن کـە سەبارەت بە بەنی ئیسرائیلن، بەتایبەتی ئـەو وتووێژانـەیان کـە لەگـەڵ پێغەمبەرەکانیانـدا کردوویانـە، ئەمـەش جێـی سەرسـامی نییـە، لەبەرئەوەی بەنی ئیسرائیل، خۆیـان هـەر بـەوە ناسـراون کـە بێگـوێیی پێغەمبـەرانیان کـردووە و ڕەق و تونـد و گێرەشـێوێنن، بـەوەش ململانێکانیان زیادبووە لە چیرۆکەکاندا.. دوو نموونە لەمبارەیەوە بـاس دەکەین:

نموونەی یەکەم: چیرۆکی سەربڕینی مانگاکەی بەنی ئیسرائیل، کـە زۆر بـە درێـژیی باسـکراوە، ئەگـەر بـەراوردی بکـەین لەگـەڵ چـیرۆکی دیکەدا، کە لەوانەیە گرنگتر بێت لەم باسە، بەڵام بەو شێوە درێژییە ورد

نەكراوەتـەوە، وەك هەنـدێك لـە ڕووداوەكـانی چـیرۆكی هـود و سـاڵح و (لوط) و داوود و سولەیمان (سەلامی خوایان لێبێت).

جا با كەمێك لەسەر ئەم چیرۆكە هەڵوێستە بكەین:

بەپێی سەرچاوەكان، پیاوێك لە بەنی ئیسرائیل دەكوژرێت، خزمێكی خـۆی دەیكوژێـت تـا میراتییەكـەی ببـات، پاشـان دەیانـەوێت جگـە لـە میراتییەكەی، خوێنباییەكەیشی وەرگـرن، ئـەوەش بـەوەی دەیانـەوێت كوشتنەكەی بسەپێنن بەسەر كەسانێكی دیكەدا، هـاتن بـۆ لای مووسـا (سەلامی خوای لێبێت) تا بكوژەكەیان بۆ بدۆزێتەوە و خوێنباییەكـەیان بۆ لێبسەنێت ـ بە حسابی خۆیان ـ. بەڵام تووشـی سەرسـامی هـاتن كـە مووسا پێی فەرموون بچـن مانگایـەك سـەرببڕن، ئـەوانیش ترسـان ئـەم مەسەلەیە ببێتە هۆی ئاشكراكردنی كارەكەیان، لەبەرئەوە خاوە خاویان تێدا دەكرد. خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦٓ إِنَّ ٱللَّهَ
يَأْمُرُكُمْ أَن تَذْبَحُوا۟ بَقَرَةً ۖ قَالُوٓا۟ أَتَتَّخِذُنَا هُزُوًا ۖ قَالَ أَعُوذُ بِٱللَّهِ أَنْ أَكُونَ مِنَ ٱلْجَٰهِلِينَ
﴿٦٧﴾ قَالُوا۟ ٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا هِىَ ۚ قَالَ إِنَّهُۥ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ لَّا فَارِضٌ وَلَا بِكْرٌ عَوَانٌۢ
بَيْنَ ذَٰلِكَ ۖ فَٱفْعَلُوا۟ مَا تُؤْمَرُونَ ﴿٦٨﴾ قَالُوا۟ ٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا لَوْنُهَا ۚ
قَالَ إِنَّهُۥ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ صَفْرَآءُ فَاقِعٌ لَّوْنُهَا تَسُرُّ ٱلنَّٰظِرِينَ ﴿٦٩﴾ قَالُوا۟ ٱدْعُ لَنَا
رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا هِىَ إِنَّ ٱلْبَقَرَ تَشَٰبَهَ عَلَيْنَا وَإِنَّآ إِن شَآءَ ٱللَّهُ لَمُهْتَدُونَ ﴿٧٠﴾ قَالَ إِنَّهُۥ
يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ لَّا ذَلُولٌ تُثِيرُ ٱلْأَرْضَ وَلَا تَسْقِى ٱلْحَرْثَ مُسَلَّمَةٌ لَّا شِيَةَ فِيهَا ۚ قَالُوا۟ ٱلْـَٰٔنَ
جِئْتَ بِٱلْحَقِّ ۚ فَذَبَحُوهَا وَمَا كَادُوا۟ يَفْعَلُونَ ﴿٧١﴾ ﴾ (البقـرة: ٦٧ـــ ٧١)، واتـــە:

(یادی ئەو نیعمەتە بکەنەوە کاتێك مووسا بە قەومەکەی وت: بێگومان خوا فەرمانتان پێدەدات کە مانگایەك سەرببڕن، وتیان: ئایا دەمانکەیتە گاڵتەجاڕی خۆت؟ مووسا وتی: پەنا دەگرم بە خوا بچمە ڕیزی نەفامانەوە. پاشان وتیان: لە پەروەردگارت داوا بکە بۆمان ڕوونبکاتەوە ئەو مانگایە کامەیە؟ مووسا وتی: بەڕاستی خوا دەفەرموێت: ئەو مانگایە نە پیرە و نە پارێنە، بەڵکو میانە ساڵە. چ فەرمانێکتان پێدراوە جێبەجێی بکەن. کەچی وتیان: لە پەروەردگارت داوا بکە بزانین ڕەنگی چۆنە؟ مووسا وتی: بێگومان خوا دەفەرموێت: ئەو مانگایە مانگایەکی ڕەنگ زەردی تۆخە، تەماشاکارانی دڵخۆش دەکات. کەچی هەر وتیان: لە پەروەردگارت داوا بکە تا بە تەواویی بۆمان ڕوونبکاتەوە بزانین کامەیە؟! چونکە بە ڕاستی ئەم گاگەلە سەری لێتێکداوین و ڕەنگی زۆربەیان لەیەك دەچێت، ئەو مانگایەمان بۆ نادۆزرێتەوە، بە ڕاستی ئێمە ـ ئەگەر خوا ویستی لەسەر بێت ـ ڕێنموویی وەردەگرین. مووسا وتی: بە ڕاستی خوا دەفەرموێت: ئەوە مانگایەکە هێشتا ڕانەهێنراوە زەوی بکێڵێت و جووت بکات، ئاودێری کشتوکاڵیش ناکات، بێ عەیبە و یەك ڕەنگە و هیچ پەڵەیەکی تێدا نییە، ئەوسا وتیان: ئا ئێستە ئیتر هەواڵی ڕاستەقینەت پێدااین (ئیتر دوای هەوڵ و کۆششێکی زۆر بەدەستیانهێنا) و سەریان بڕی، هەرچەندە خەریك بوو ئەو کارەش نەکەن)....

با ببێین چیرۆکەکە شی بکەینەوە:

ململانێیە لە نێوان مووسا و بەنی ئیسرائیل، کە بەردەوام ڕێگر و ئاستەنگ دادەنێن لەبەردەم جێبەجێکردنی کارەکەدا، هێزی حەق و ڕاستی، لە بەرانبەریدا هێزی نکوڵیکردن و سەرکێشی و بێفەرمانی، بەمجۆرە وتووێژەکە درێژەی پێدەدرێت، بەڵام ئەوان هەر ئاستەنگ دادەنێن و خۆیان بێئاگا دەکەن تا کارەکە نەکەن، بەمجۆرە درێژە دەکێشێت، بەڵام فەرمانی خوا هەردەبێت جێبەجێ بکرێت، تا لە کۆتاییدا هەرچەندە ملەجەڕە دەکەن، ناچار ملدەدەن بە جێبەجێکردنی و مانگاکە ـ کە بە تایبەتمەندییەکی ورد و پارەیەکی زۆر کڕیویانە ـ سەردەبڕن، کە ئەگەر لە سەرەتاوە فەرمانەکەیان جێبەجێ بکردایە ئەو هەموو ناڕەحەتییەیان نەدەهاتە ڕێ. خوای گەورە ئەو وتووێژانەی نێوانیان کە بەرانبەر بە مووسا کردوویانە، سەرەڕای درێژییان، هەمووی باسدەکات و دەیگێڕێتەوە، لەگەڵ لابردنی ئەو ماوەیەی کە هەر فەرمانێك و وەڵامە نالۆژیکییەکەی ئەوان خایاندوویەتی، تا وێنەیەکی تەواو و دەگمەنی شێوازەکانی ملەجەڕە و ملبادانی بەنی ئیسرائیل پێشکەش بکات.. پاشان پێشکەشکردنی چیرۆکەکە لە کۆتاییدا دێتەوە سەر شێوازی کورت و پوختی، پاشئەوەی کە بە درێژیی باسی وتووێژەکەی کرد و مەبەستەکانی هێنایەدی، لە کۆتاییشدا زۆر بە کورتی ئەو هۆکارە باس دەکات کە لە پێناویدا خوای گەورە فەرمانی بەسەر پێغەمبەرەکەیدا داوە کە مانگاکە سەربڕن، بە جۆرێك کورت و

پوختە، کە زۆر "حەزف" و "هەڵبژاردنی تایبەت"ی تێدایە، ئـەوەتا لـە کۆتاییـدا خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَإِذْ قَتَلْتُمْ نَفْسًا فَادَّارَأْتُمْ فِيهَا وَاللَّهُ مُخْرِجٌ مَا كُنْتُمْ تَكْتُمُونَ (٧٢) فَقُلْنَا اضْرِبُوهُ بِبَعْضِهَا كَذَلِكَ يُحْيِي اللَّهُ الْمَوْتَى وَيُرِيكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ (٧٣) ﴾ (البقرة: ٧٢- ٧٣)، واتە: (کاتێـك کەسـێکتان کوشـت و یەکسـەر ئـاژاوە لـە نێوانتانـدا بـەرپابوو، خـوای گـەورەش ئـەوەی دەتانشـاردەوە دەریخسـت و ئاشـکرای کـرد. پاشان وتمان: بە پارچەیەك لەو مانگایە، بدەن بە لاشەی کوژراوەکەدا، ئا بەو شێوەیە خـوا مـردووان زینـدوو دەکاتـەوە و دەسـەڵاتی خۆیتـان نیشان دەدات بۆ ئەوەی تێبگەن و ژیر بن)... پاشان دیقەتی ئەم خاڵانە بدەن:

١ـــ ئایەتــەکان پێشخســتن و دواخســتنێکی بەمەبەســتی تێدایــە، لەبەرئەوەی زنجیرەی باسەکە بەپێی ڕووداوەکانی بە هەواڵی کوشتنەکە دەستپێدەکات، کە ئەم ئایەتی (٧٢)یە، پاشان بە دوایدا فەرمانکردن بە سەربڕینی مانگاکە و ملەجەڕێیان کە لە ئایەتەکانی (٦٧ـ٧١) باسکراوە، واتە پێش ئایەتی هەواڵی کوشتنەکە باسی کـراوە. پاشـان لـە کۆتاییـدا فەرمانی ئـەوەی بـە پارچـەیەك لـە گۆشـتی مانگاکـە بـدەن لـە لاشـەی کوژراوەکە تا زیندوو ببێتەوە، بەڵام لـە ڕیزبەنـدیی ئایەتەکانـدا ئایـەتی هەواڵی کوشتنەکە لە کۆتاییدا هاتووە.

هۆکاری ئەم پێشخستنی فەرمانی سەربڕینی مانگا و دواخستنی هەواڵی کوشتنەکە، دوو شتە:

یەکەم: ئاشکراکردن و ڕوونکردنەوەی ملەجەڕێ و بێفەرمانیی بەنی ئیسرائیل، بەو شێوەیەی کە ڕوونکرایەوە.

دووەم: دواخستنی ڕەگەزی "کتوپڕی" و "موفاجەئە"، کە هاوتەریب بە پەند و وانەکانی چیرۆکەکە هاتووە، کە ئەویش بریتییە لە:

﴿كَذَٰلِكَ يُحۡيِ ٱللَّهُ ٱلۡمَوۡتَىٰ وَيُرِيكُمۡ ءَايَٰتِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ ٧٣﴾

(البقرة: ٧٣)، واتە: (بەو شێوەیە خوا مردووان زیندوو دەکاتەوە و دەسەڵاتی خۆیتان نیشان دەدات بۆ ئەوەی تێبگەن و ژیر بن)، واتە ئەرکی سەرەکیی چیرۆکەکە ئەمەیە: **زیندووکردنەوەی مردووان و نیشاندانی دەسەڵاتی خوا..**

٢ـ سەرەڕای ئەوەی ڕووکاری ئاشکرای چیرۆکەکە ئەوەیە، بکوژەکە بدۆزرێتەوە، بەڵام ئەم بەشە بچووکە لە چیرۆکەکەدا لابراوە و کۆتایی چیرۆکەکە بەرەو مەبەستێکی دیکە براوە، کە لەوە گرنگترە ئەویش باسکردن و ڕوونکردنەوەی توانا و قودرەتی خوایە لە زیندووکردنەوەی مردوودا، بەڵام ناسینی کەسی بکوژ، ئەوە کارێکی لاوەکی و ناسەرەکییە، بە بەراورد بە توانای خوا لە زیندووکردنەوەی مردوودا، ئەوە ناسینەوەی بکوژ هەر زۆر ئاسانە، لەبەرئەوە لە کۆتاییدا دەفەرموێت: ﴿كَذَٰلِكَ يُحۡيِ ٱللَّهُ ٱلۡمَوۡتَىٰ﴾ (ئا بەم شێوەیە خوا مردوو

زیندوو دەکاتەوە)، بەڵام نافەرمویت: (کذلك نکشف سر القاتل) (ئا بەم شێوەیە نهێنی کابرای بکوژتان بۆ ئاشکرا دەکەین).

بەمجۆرە دەبینین ئەرکی حەزف و پێشخستن و دواخستن و درێژکردنەوەی بابەتەکە و کورت و پوختکردنەوەی لە کۆتاییدا، بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکە کە ئەوان لێی بێئاگابوون، کە پێیانوابوو خوا ناتوانێت بکوژەکەیان بۆ بناسێتەوە، بەڵام کە سەیریان کرد، نەك کەسە بکوژەکەی بۆ دۆزینەوە، بەڵکو زیاتر لەوە، کەسە کوژراوەکەیشی بۆ زیندووکردنەوە!!. لەمەوە دەرکەوت هەریەکە لەو هونەرانە، ئامانجی خۆیان لە چیرۆکەکەدا پێکاوە...

نموونەی دووەم: گۆچانەکەی مووسا (سەلامی خوای لێبێت):

چیرۆکی ئەم گۆچانە بەو شێوەیەیە، کە کاتێك مووسا (سەلامی خوای لێبێت) لەگەڵ ماڵ و منداڵیدا لە مەدیەنەوە گەڕایەوە بۆ میسر، لە ڕێگادا کە شەوی بەسەردا هات و ڕێی لێتێکچوو، لە دوورەوە ئاگرێکی بەدی کرد، بە ماڵ و منداڵەکەی وت: ئێوە دانیشن با من بچم بزانم لای ئەو ئاگرەوە ڕێنیشاندەرێك نابینمەوە، کاتێك کە گەیشتە لای ئاگرەکە پەروەردگاری باڵا بانگی کرد و قسەی لەگەڵدا کرد و کردی بە پێغەمبەر و ڕەوانەکراوی خۆی بۆ لای فیرعەون، لەوێ لە چوارچێوەی وتووێژی نێوانیاندا خوای گەورە پرسیاری لە مووسا کرد، کە ئەوە چییە بە دەستەوە ئەی مووسا؟ کە مەبەست لێی ئەو گۆچانە بوو کە مووسا بە

دەستییەوە بوو، ئیتر لێرەوە پرسیار و وەڵامێکی سەرنجڕاکێش دەستپێدەکات.

با سەرەتا ئایەتەکان بخوێنینەوە: ﴿ وَمَا تِلْكَ بِيَمِينِكَ يَٰمُوسَىٰ ﴿١٧﴾ قَالَ هِىَ عَصَاىَ أَتَوَكَّؤُاْ عَلَيْهَا وَأَهُشُّ بِهَا عَلَىٰ غَنَمِى وَلِىَ فِيهَا مَـَٔارِبُ أُخْرَىٰ ﴿١٨﴾ ﴾ (سوورەتی تەها: ١٧ ـ ١٨)، واتە: (ئەوە چییە بە دەستی ڕاستەوە ئەی مووسا؟! وتی: ئەوە گۆچانەکەمە، لە کاتی ڕۆیشتندا دەیگرم بە دەستەوە، هەروەها گەڵای دارانی پێئەوەرێنم بۆ پەز و مەڕەکانم، هەروەها چەند کاری دیکەیشی پێ ئەنجام دەدەم). دەبینین خوای گەورە یەك پرسیار لە مووسا دەکات (ئەوە چییە بە دەستی ڕاستتەوە)، ئەویش دەتوانێت بە دوو وشە وەڵامبداتەوە و بفەرموێت (هِىَ عَصَاىَ) (ئەوە گۆچانەکەمە).. بەڵام مووسا درێژە بە وەڵامەکەی دەدات و ئەو ئەرکانەی دیکەی کە بە گۆچانەکەی ئەنجامی دەدات، هەمووی باس دەکات. جا لێکدەرەوانی قورئان لەم بابەتەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە مووسا کاتێك زانیویەتی ئەمە مەقامی قسەکردنە لەگەڵ پەروەردگاردا، دەیەوێت ماوەی وتووێژەکە درێژە پێبدات تا تام و چێژ لەو دیدارە ببینێت، لەبەرئەوە درێژە بە وەڵامەکەی دەدات.. تەنانەت لەبەرئەوە لە کۆتاییشدا دەڵێت "کاری دیکەیشی پێ ئەنجام دەدەم" بەو ئومێدەی خوای گەورە لێی بپرسێت ئەو کارانەی دیکە چین، تا

ئەویش وەڵامبداتەوە و بەوەش درێژە بە حیوارەکە بدات.. بەڵام ئایا هەر ئەوەندەیە؟... بێگومان نا...

مووسا (سەلامی خوای لێبێت) کە دەچێت بۆ چیاکە بۆ لای ئاگرەکە، تاکو خۆی گەرمبکاتەوە و گەرمیی بهێنێتەوە بۆ ماڵ و منداڵەکەشی کە لەو شەوە تاریکەدا بارودۆخیان لێتێکچوو بوو، هەروەها بۆ ڕێنیشاندان و لەوانەیە بۆ ئاو و خۆراکیش بووبێ، ئەگەرچی باسی نەکراوە، بەڵام لەوێ کتوپڕ نیگایەکی غەیبی بۆ دێت کە قسە و گفتوگۆی لەگەڵدا دەکات و خۆی پێدەناسێنێت و داوای لێدەکات بیپەرستێت، ئەمە هەمووی وتوویژ و حیوارێك بووە کە کورت نەبووە و کەمی نەخایاندووە. کۆتایی وتووێژەکەیش بە پرسیارێکی پەروەردگار دێت کە بە مووسا دەفەرموێت: ﴿ وَمَا تِلْكَ بِيَمِينِكَ يَٰمُوسَىٰ ﴿١٧﴾ ﴾، ئەوە چییە بە دەستی ڕاستتەوە ئەی مووسا؟! مووساش کە ئەو وەڵامانە دەداتەوە و لێکدەرەوانی قورئانیش کە دەڵێن بۆ زیاتر درێژەدانە بە حیوارەکە، ئێمەش دەتوانین بڵێین ئەی باشتر نەبوو بۆ مووسا واز لەو وەڵامە درێژە بهێنێت تا تام و چێژ لە گەورەیی ئەو هەڵوێستە و ئەو وتانەی پەروەردگار ببینێت لە جیاتی ئەوەی خۆی قسە بکات؟ ئەمە ئەگەر باوەڕ بەوە بکەین کە مووسا لەبەر درێژکردنەوەی دیدارەکە ئەو وەڵامەی دابێتەوە... بەڵام کە دیقەت دەدەین خوای گەورە بەو پرسیارە مەبەستی ئەوە نەبووە کۆتایی بە دیدار و وتووێژەکە بهێنێت تا مووسا وابزانێت ئیتر کاتەکە تەواو بووە،

یان خەریکە تەواو دەبێت، بەڵام با ئەم درێژی بکاتەوە. بەڵگەش، ئەو پرسیارە خۆیەتی کە ئاماژەیەکە بۆ بەردەوامبوونی وتووێژەکە، ئەگەرنا خوای گەورە دوورە لەوەی بە شتی بێبەها بیەوێت کاتەکە درێژبکاتەوە و هەروەها پێغەمبەرەکەیشی لەوە بەدوورە.

کەواتە پێویستە بە دوای هۆکارێکی دیکەدا بگەڕێین بۆ ئەو وەڵامە دوور و درێژەی مووسا (سەلامی خوای لێبێت)، کە خوای گەورەش بەهەمانشێوە لە قورئانەکەیدا کە دایناوە ببێت بە بەرنامە و دەستووری ژیان، بەجێینەهێشتووە و بۆی گێڕاوینەتەوە.

جا بۆ ئەوەی بگەینە ئەو مەبەستەی بەکارهێنانی ئەو وەڵامە درێژەی مووسا (سەلامی خوای لێبێت)، دەبێت چەند خاڵێك هەیە ڕوونی بکەینەوە، کە هاوپەیوەندە بە سیاقی چیرۆکەکەوە:

١ـ یەکەم خاڵ کە بیرمانی بۆ دەچێت، پێکهاتە و سروشتی ئەو گۆچانەیە، ئایا گۆچانەکە لە "دار" دروستنەکراوە؟ داریش سوتەمەنییە و قابیلی ئەوەیە گڕ بگرێت.

٢ـ مووسا بەرەو ئاگرەکە چووە بە نیازی ئەوەی لەو ئاگرە ببات بۆ خانەوادەکەی کە بەجێیهێشتوون. ئاگریش لە دارەوە دروست دەبێت..

٣ـ مووسا کە بەرەو ئاگرەکە چووە، پێشبینی ئەوەی کردووە کە مرۆڤێك لەوێ ببینێت تا داوای لێبکات بەشێك لە پشکۆی ئاگرەکە، یان دارێك لەو ئاگرەوە ببات بۆ خانەوادەکەی، بەڵام کەسی نەبینی، بەڵکو پەروەردگاری بەرز و بڵند لەوێ قسەی لەگەڵدا کرد، بەڵام خوای

نەبینی، هەروەها لای ئاگرەکەش کەسی نەبینی. ئەی باشە مووسا چی دەکرد ئەگەر خوای تەعالا قسەی لەگەڵدا نەکردایە لەوێدا؟ ئایا بەشی پێویستی خۆی لە ئاگرەکە دەبرد بەبێ ئەوەی چاوەڕێ بکات مۆڵەت لە یەکێك بخوازێت؟ یاخود دەگەڕایەوە و هیچی لە ئاگرەکە نەدەبرد مادەم کەسی لێنەبووە و خاوەنی ئاگرەکەی نەبینیوە؟... نازانین.... بەڵام مووسا کەوتە ئەو هەڵوێستەوە لەبەرئەوە وەڵامەکەیشی خۆبەخۆ بەو شێوەیە هات! با نموونەیەك لەم بارەیەوە ڕوون بکەینەوە:

پیاوێك دەچێت بۆ ماڵی برادەرێکی، چەپکێك گوڵی ڕازاوە و جوانی بە دەستەوەیە، کاتێك نزیك دەبێتەوە لە باخچەی ماڵەکە لە دەرگا دەدات و چاوەڕێ دەکات برادەرەکەی بێتە دەرەوە و پێشوازی لێبکات.. کتوپڕ کابرایەك کە ئەم نایناسێت لەولاوە ئاماژەی بۆ دەکات و دەڵێت: بەڕێز! من خاوەنی ئەو ماڵەم و من لە خاوەنەکەیم کڕیوە و ئەو باخچەیەم لێدروستکرد و پڕمکردووە لە گوڵ و گوڵزاری جوان، ئەی تۆ ئەوە چییە بە دەستەوە؟.. ئا لەو کاتەدا پیاوەکە تەنها یەك شت بە بیریدا دێت: ئەویش ئەوەیە ئەم خاوەن ماڵە وادەزانێت ئەو چەپکە گوڵەی کە ئەم خۆی هێناویەتی، وادەزانێت لە باخچەکەی ئەو کردوویەتییەوە و هێناویەتی، یان خۆی هێناویەتی، بەڵام دەیەوێت لەم باخچەیەش گوڵی دیکەی بخاتە سەر، لەبەرئەوە لەو کاتەدا لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەڵێت: ئەمە گوڵە و خۆم لە گوڵفرۆشێك لە فلان شوێن کڕیومە و جۆرەکانی ئەوە و ئەوەیە و هێناومە بۆ فلان کەسی هاوڕێم،

کـە لـەم خـانووەدا دەژیـا... بۆچـی ئـەو پیـاوە وەڵامەکـەی وا درێـژ دەکاتەوە، لەکاتێکدا دەتوانێت لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا تـەنها بڵێـت: ئەمە چەپکە گوڵە..و تەواو؟.. لەبەرئەوەی مەبەست لە پرسیاری کـابرا لایـەنی دەرەکیـی نییـە، بـەڵکو شـتێکی دیکەیـە، ئەگـەرنا کـابرای پرسیارکەر دەبینێت ئەوە گوڵە بـە دەسـتییەوە، بـەڵام لەبـەر شـتێکی دیکە ئەو پرسیارە دەکات، پیاوەکەش لە مەبەستی کابرای پرسـیارکەر تێدەگات، لەبەرئەوە ناڵێت ئەوە چەپکە گوڵە و بیبڕێتەوە، بەڵکو درێژە بە قسەکانی دەدات..

کەواتە، بە بەراورد بەم نموونەیە، دەتوانین بڵێین مووسا کاتێك هات بۆ لای ئاگرەکە، خۆیشی دارێکی بـە دەسـتەوەیە "گۆچـانەکەی"، لای ئاگرەکەش بێگومان دار هەیە کە بـۆ سـووتاندن بـەکاربێت، جـا کاتێـك پرسیارەکەی پـەروەردگار لەوکاتـەدا بـەو شـێوەیەیە: ئـەوە چـییە بـە دەستەوە مووسا؟ وەڵامەکـە پـڕ بـە پێسـتەکەش ئەوەیـە کـە هۆکـاری بوونی گۆچانەکە ڕوونبکاتەوە و هەر شتێکی دیکـەش ڕوونبکاتـەوە کـە پرسیاربێت لە بارەی هۆکاری هاتنی بۆ لای ئاگرەکە، تـا گومـانی ئـەوە دوور بخاتەوە کە مووسا بۆ ئەوە هاتبێـت بەشـێك لـەو ئـاگرە ببـات بـۆ خـۆی، ئەگەرچـی خاوەنەکەشـی لـێ نییـە.. ئەگـەرنا باسـکردن لـە سوودەکانی گۆچانێك، چ پێویست دەکات مووسا خـۆی پێـوە سـەرقاڵ بکـات و واز لـە بیسـتنی وتـەی پـەروەردگار بهێنێـت بـۆ باسـکردن لـە گۆچانەکەی خۆی!!

پرسیارەکە لە میانەی هۆشیاریدانی پـەروەردگاردا هـاتووە، کـە بـە مووسا دەفـەرموێت: ﴿ إِنَّ ٱلسَّاعَةَ ءَاتِيَةٌ أَكَادُ أُخْفِيهَا لِتُجْزَىٰ كُلُّ نَفْسٍۭ بِمَا تَسْعَىٰ ﴿١٥﴾ فَلَا يَصُدَّنَّكَ عَنْهَا مَن لَّا يُؤْمِنُ بِهَا وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ فَتَرْدَىٰ ﴾ (طه: ١٥-١٦)، واتـە: ئـەی مووسـا (ڕۆژی دوایـی بەڕێوەیـە و دێـت، خەریکـە کاتەکەی بشارمەوە تا هەموو کەس بەرانبەر بـە هـەوڵی خـۆی پاداشـت وەربگرێت، جا ئەی مووسا وریابە ئەو کەسەی بڕوای بە هاتنی قیامـەت نییە و شوێن هەوا و ئارەزووی خۆی کەوتووە. وریا بە ڕێگریت لێنەکات لە بڕواپێبوونی، ئەوکات تیا بچیت)..

جا هێنانی پرسیارەکە یەکسەر بـە دوای ئـەم هۆشـیاریدانەدا، زیـاتر ئاماژە دەبەخشێت بەوەی کە پەیوەندییەك لە نێوان ئەو پرسیارە و ئەو نەهییەدا هەیە کە لە ئایەتەکەدا ئاماژەی پێدەکات، کـە شـوێن هـەوا و ئارەزووکەوتنە.. مووسا وا گومانی بردووە کـە ئـەم پرسـیارە ماناکـەی ئەوەیە ئەو، واتە مووسا، گومانلێکراوە بەوەی هاتووە لەو ئـاگرەی کـە خاوەنەکەی لێ نییە، شتێك ببات کە هی خۆی نییە، یان لـە دارەکـەی، یان وەك بڵێی خۆراکێك پێداویستییەك ببات، لە ناویانـدا ئـەو گۆچـانەی کـە بـە دەسـتییەوەیەتی لـەو کاتـەدا **لەوانەیـە لـەوێ هـەڵیگرتبێت**... لەبەرئـەوە وەڵامەکەیشـی لـەو کاتـەدا وەڵامێکـی تـەواو لۆژیکییـە و یەکانگیرە لەگەڵ ئەوەی کە لە دەروونی مووسـادا هەیـە بـە تـەواویی.. دیقەت بدەن مووسا دەڵێت:

ئەوە گۆچانەکەمە: واتە خۆم خاوەنیم و لە هیچ شوێنێك نەمبردووە.

لە کاتی ڕۆیشتندا خۆمی دەدەم بە سەردا و خۆمی پێ ڕاگیر دەکەم: واتە ئەوە دارێکی سادە و هاکەزایی نییە تا بتوانم دەستبەرداری ببم، یان گرێ پێوەبنێم تا بەوە کاروباری خۆگەرمکردنەوەی پێ ڕێکبخەم.

هەروەها گەڵای دارانی پێدەوەرێنم بۆ پەز و مەڕەکانم: وەك جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە ئەو خاوەنی ئەو گۆچانەیە و لە کاتی کارکردندا سوودی لێوەردەگرێت.

هەروەها چەند کاری دیکەیشی پێ ئەنجام دەدەم: واتە ئەگەر ئەو بەڵگانەی کە باسمکردووە بەس نییە، ئەوا چەند کاری دیکەیشی پێ ئەنجام دەدەم کە سوودم پێدەگەیەنن..

ئا بەم شێوەیە مووسا هەموو ئەو گومانانەی ڕەواندەوە کە پێیوابوو بە هۆی هاتنی بۆ لای ئاگرەکە، بۆی دروستببێت: گومانی بردن (ئەگەر دروستبێت بڵێین: دزیکردن)، گومانی ئەوەی چاوی بڕیبێتە شتی کەسێك...

ئەمە سەبارەت بە کەسی پرسیارلێکراو کە مووسایە (سەلامی خوای لێبێت).. سەبارەت بە کەسی پرسیارکەر، ئەوا هۆکارێکی دیکە هەیە لەم پرسیارەی کە لەبارەی گۆچانەکەوە دەکرێت، ئەو هۆکارەش پەیوەندیی بە مەبەستی هێنانی ئەم دەستەواژەوە هەیە لە قورئانی

پیرۆزدا لەلایەك و لەلایەكی دیكەوە پەیوەندیشی بە پرسیاركەرەوە هەیە، كە خوای گەورەیە.

لێرەدا دەبینین خوای گەورە لە دواییدا ئەم گۆچانە دەكاتە بەڵگە و پەرچوو "موعجیزە"یەك بۆ مووسا، كە بە هۆیەوە فیرعەون زەلیل دەكات و بە سەریدا زاڵ دەبێت، هەروەها گۆچانەكە لە هەموو قۆناغەكانی دواتری چیرۆكەكەدا ڕۆڵ دەبینێت: لەو كاتەدا كە گۆچانەكە فڕێدەدات لای ئاگرەكە، پاشان كاتێك فیرعەون بانگ دەكات بۆ لای خوا لە كۆشكدا، پاشتر كە لەگەڵ جادووبازەكاندا بەرانبەر و ڕووبەڕوو دەبنەوە، دواتر كاتێك لە دەریاكە پەڕینەوە و خۆی و گەلەكەی ڕزگاریان بوو، گۆچانەكەی كێشا بە دەریاكەدا، لەو كاتەشدا كە بە گۆچانەكە لە بەردەكەی دا و بوو بە دوازدە كانی. جا ئەم گۆچانە نەك هەر بۆ ئێمەی خوێنەر، بەڵكو بۆ مووساش (سەلامی خوای لێبێت) هەڵگری هەموو ڕەگەزەكانی چیرۆك بوو، هەر لە: تەشویق و وروژاندن و ململانێ و گرێ، تا دەگاتە ئەنجام و چارەسەر.

خوای گەورە ئەم پرسیارەی لە مووسا كرد، تا هەرچییەك مووسا بە خەیاڵیدا بێت لەبارەی گۆچانەكەیەوە بیڵێت، تایبەت بە سوود و ئەركەكانی، پاشان كتوپڕ بە شێوەیەكی موفاجیئ، ئەوەی بە خەیاڵی مووسادا نەهات و هەرگیز بیری بۆی نەدەچوو، بە گۆچانەكەی بیكات،

خوا پێی فەرموو و نیشانی دا، کە بوونیەتی بە مار، لەبەرئەوە پێویست بوو مووسا بەو وردەکارییەوە هەموو ئەو شتانە لەبارەی گۆچانەکەیەوە بڵێت.. جا ئەم حیوارە بچووکە لەبارەی گۆچانەکەوە هەر لە سەرەتای چیرۆکەکەدا هاتووە تا ببێتە پێشەکییەك بۆ ناساندنی گۆچانەکە و ئاماژەدان بەوەی گوێگر و خوێنەر جەخت بکەنە سەر ئەم گۆچانە، لەبەرئەوەی لە داهاتوودا ئەو گۆچانە دەبێتە هەڵسوڕێنەری چیرۆکەکە و لە چەندین شوێنی دیکەدا دێتەوە بەر باس.. ئیتر بەمشێوەیە هەموو پێشەکییەکی چیرۆکە قورئانییەکان ئەو ئەرکەیان هەیە.

بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێت، کە بە وردیی باسکردن، یان بە کورتی براندنەوەی باسێك لە چیرۆکە قورئانییەکاندا، مەبەستی وردی لە پشتەوەیە کە پەیوەندی بە بنیاتی چیرۆکەکەوە هەیە.

دەروازەی دووەم

جووڵەکردن بە رووداو و بازدان بەسەر رووداودا لە چیرۆکە قورئانییەکاندا

بەشی یەکەم:
جوڵە و بزاوتی ڕووداوەکان لە"حیوار"و "گێڕانەوەدا"

بە شێوەیەکی گشتی، ڕووداو لە چیرۆکە هونەرییەکاندا بە دوو شێوە دەجوڵێنرێت: ڕێگای یەکەم: ڕێگای "گێڕانەوە"، کە بریتییە لە باسکردنی ڕووداو و کەس و هەست و سۆز و هەڵچوون و شوێن و کات و هەرچی پەیوەندیدار بێت بە چیرۆکەکەوە، واتە لە ڕێگەی باسکردنەوە.

ڕێگای دووەم، ڕێگای "حیوار و وتووێژە"، کە تیایدا کاراکتەرەکانی چیرۆکەکە دەدوێن.

پێوەری کوالیتی باشی چیرۆك لە هەردوو شێوازەکەشدا بریتییە لە دوو شت:

یەکەم: توانای جوڵاندنی ڕووداوەکان و وروژاندنیان لە قۆناغە جۆربەجۆرەکانی چیرۆکەکەدا.

دووەم: ڕوونکردنەوەی ماناکان لە چیرۆکەکەدا بە وردیی بەبێ کەموکوڕی و بەبێ درێژدادڕیی.

ئەوەیشی کە زۆر گرنگە لە چیرۆکدا بە گشتی، کاریگەریی ئەو دوو شێوازەی چیرۆکە لەسەر "گرێ" و "ڕووداو" لە چیرۆکەکەدا.

ئەنجا با بێین بۆ چیرۆکە قورئانییەکان:

لـه چـیرۆکه قورئانییەکانـدا ململانـێ و بـەرگریی لـە وتووێژەکانـدا دەبینین، کە ئەو بەرگری و ململانێیە لە نێوان کاراکتەرە قسەکەرەکانی ناو وتووێژەکاندا روودەدات و پاڵ بە رووداوەکانەوە دەنێت بۆ گەیشتنە ترۆپك.. بەمەش کاراکتـەرەکان دەبنـە دوو بـەرە، بەرەیـەکی بـەهێز و بەرەیەکی بێهێز و بێتوانا، کە بـەوەش رووداو دروسـت دەبێـت و پـەرە دەسەنێت و دەگاتە لوتکە، کە بە سـەرکەوتنی یـەکێك لـەو دوو هێـزە، چیرۆکەکە بە پایان دەگات.

جـا تـا چـەندێك هێـزی ململانـێ بـەهێز بێـت لـە نێـوان لایەنـەکانی چیرۆکەکەدا، هێندەش بەرگریی لە نێوانیاندا زیاد دەکات، بەڵام لاوازیی ئەم هێزە و نەبوونی بەرگریی لە وتووێژدا، بەڵگـە نییـە لەسـەر لاوازیـی بنیـاتی چـیرۆکەکە، بـەڵکو لەوانەیـە پێویسـت بێـت بـەو شـێوەیە رووداوەکان بڕۆن، بەهۆی بەهێزیی لایەنێکی ناو حیوارەکـە، لەبەرئـەوە لە ناو قورئاندا چەند جۆرێك چیرۆك دەبینین، بەڵام سەرەتا بـا چـیرۆکە قورئانییـەکان لـە ڕووی حیـواری لـەم جۆرانـەوە، پـۆلێن بکـەین بـۆ چـیرۆکەکان (یـان دیمەنـەکان)ی پـێش زەمـان و مـەکان، واتـە کـاتی دروسـتکردنی گـەردوون و دواتـر، هـەروەها چـیرۆکەکانی سـەر زەوی و ژیـانی دونیـا، وە سـێهەمیش چـیرۆکەکان (یـان دیمەنـەکان)ی پـاش کۆتاییهاتنی ژیانی دونیا.

یەکەم: چیرۆکەکانی پێش دروستبوونی کات و زەمەن:

١ـ هەندێکجار لەم چیرۆکانەدا بە هۆی بەهێزیی لایەنێکی ناو حیوار، هێزی بەرگرییکردن نامێنێت و هەر لە یەکەم دەرکەوتنی حیوارەکەوە گیانی تەسلیمبوون و ملکەچی بۆ لایەنی بەهێزی حیوارەکە، دەردەکەوێت. دیقەتی ئەم حیوارە بدە: ﴿ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ وَهِىَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ ٱئْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَآ أَتَيْنَا طَآئِعِينَ ﴾ (فصلت: ١١) واتە: (پاشان ویستی ئاسمان ڕێکبخات و دروستی بکات لەکاتێکدا کە دوکەڵ بوو، جا بە ئاسمان و زەوی فەرموو: فەرمانبەردار و ملکەچ بن، بە خۆشی خۆتان یان بە زۆر بتانخەمە ژێر دەسەڵاتی خۆمەوە؟! هەردوولا خێرا وتیان: ملکەچی تۆین و چۆن دەفەرمویت وا دەکەین)، حیوارێك لە نێوان پەروەردگاری بەهێزو بە توانا، لەگەڵ ئاسمان و زەوی، بەڵام ئەمەی دواییان هێزیان نییە و بەوەش ململانێ دروست نابێت، بەبێ بەرگرییکردن لایەنی دووەمی حیوار تەسلیم دەبێت و ملکەچ دەبێت، ئەوەش بە یەك وشە: ﴿ طَآئِعِينَ ﴾.. ملکەچین..

یان سەیری ئەم حیوارە بکە: ﴿ وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِنۢ بَنِىٓ ءَادَمَ مِن ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ ۖ قَالُوا۟ بَلَىٰ ۛ شَهِدْنَآ ﴾ (الأعراف: ١٧٢) واتە: (یادی ئەو کاتەش بکەرەوە کە پەروەردگارت پشتاوپشتی نەوەی ئادەمی کۆکردەوە و کردنی بە شایەت بەسەر خۆیانەوە: ئایا من پەروەردگاری ئێوە نیم؟! هەموو وتیان: بەڵێ

شـایەتیمـان داوە "کـە تـۆ پـەروەردگارمانیـت"). لایـەنی یەکـەم: پەروەردگاری خاوەن توانا و بەهێز، لایـەنی دووەم: وەچـەکانی ئـادەم کە هێشتا لە جیهانی پەنهان و غەیبدا بوون.. دەبینین چیرۆکەکە درێژە ناکێشێت و زوو بە ڕێگای ملکەچبوونی لایەنی دووەم یـەکلا دەبێتـەوە، حیوارەکـەش کـورت و پوختـە، بـە دوو وشـە کۆتـایی دێـت: ﴿ بَلَىٰ شَهِدۡنَآ ﴾.. بەڵێ شایەتی دەدەین کە تۆ پەروەردگارمانیت..

بەڵام ئەگەر خوای گەورە بیەوێت بڕ و میقدارێکی دیاریکراو، بـژاردە و پێداچوونەوە و ئیختیار، ببەخشێت بە لایەنی بەرانبەر، ئەوا شـێوازی حیوار و وتووێژەکە کەمێك دەگۆڕێت، وەك لە چیرۆکی دانانی جێنشیندا کە خوای گەورە تا ئاستێکی دیاریکراو ئیختیاری داوە بە فریشـتـەکان و ئەوانیش وەڵامی پەروەردگار دەدەنەوە و لە کۆتاییدا دەگەنـە حاڵـەتی تەسلیمبوون و ملکەچی بۆ فەرمان و بڕیارەکەی خوای گەورە.

٢ـ بـەرز و نزمیـی ڕووداو، هەنـدێکجار پەیوەسـتە بـە بـار و هەسـتی قسەکەرەوە، هەر قسەیەکیش پاڵ بە ڕووداوەکەوە دەنێت بۆ گەیشتنە ترۆپکـی چـیرۆکەکە.. دیقـەت بفـەرموون بـۆ ئـەم چـیرۆکەی ئیبلـیس و بێفەرمانیکردنی پـەروەردگار لە کڕنووشبـردن بۆ ئـادەم: ﴿ قَالَ يَٰٓإِبۡلِيسُ مَا لَكَ أَلَّا تَكُونَ مَعَ ٱلسَّٰجِدِينَ ٣٢ قَالَ لَمۡ أَكُن لِّأَسۡجُدَ لِبَشَرٍ خَلَقۡتَهُۥ مِن صَلۡصَٰلٖ مِّنۡ حَمَإٖ مَّسۡنُونٖ ٣٣ قَالَ فَٱخۡرُجۡ مِنۡهَا فَإِنَّكَ رَجِيمٞ ٣٤ وَإِنَّ عَلَيۡكَ ٱللَّعۡنَةَ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ٣٥ قَالَ رَبِّ فَأَنظِرۡنِيٓ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ ٣٦ قَالَ فَإِنَّكَ مِنَ ٱلۡمُنظَرِينَ ٣٧ إِلَىٰ يَوۡمِ

ٱلْوَقْتِ ٱلْمَعْلُومِ ﴿٣٨﴾ قَالَ رَبِّ بِمَآ أَغْوَيْتَنِى لَأُزَيِّنَنَّ لَهُمْ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٣٩﴾ إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ ٱلْمُخْلَصِينَ ﴿٤٠﴾ قَالَ هَٰذَا صِرَٰطٌ عَلَىَّ مُسْتَقِيمٌ ﴿٤١﴾ إِنَّ عِبَادِى لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَٰنٌ إِلَّا مَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلْغَاوِينَ ﴿٤٢﴾﴾ (الحجر: ٣٢ - ٤٢). واتە: (ئەوسا خوا فەرمووی: ئەی ئیبلیس، ئەوە بۆ لەگەڵ کڕنووشبەراندا نیت؟ شەیتان لە وەڵامدا وتی: من ئەوەندە (نزم و بچووك) نەبووم کڕنووش بەرم بۆ بەشەرێك کە تۆ پێشتر لە قوڕێکی ڕەشباو و ترشاو دروستتکردووە؟ خوا فەرمووی: کەواتە دەرچۆ لێرە، چونکە بە ڕاستی تۆ نەفرینلێکراویت. بەڕاستی نەفرینی خوات بەردەوام لەسەرە هەتا ڕۆژی دوایی. شەیتان وتی: پەروەردگارا، مۆڵەتم بدە هەتا ئەو ڕۆژەی هەمووان زیندوو دەکرێنەوە. خوا فەرمووی: دە تۆ لە مۆڵەتدراوانیت. تا ڕۆژی کاتە دیاریکراو و زانراوەکە. ئیبلس وتی: پەروەردگارم، مادەم بە هۆی ئەم ئینسانەوە منت سەرلێشێواو کرد، شەرت بێت لە زەویدا هەموو گوناهـ و لادان و تاوانێکیان لا جوان و شیرین بکەم و هەر هەموویان سەرلێشێواو و سەرگەردان بکەم. بێجگە لە بەندە پوختە و دڵسۆزەکانی خۆت نەبێت. خوای گەورە فەرمووی: ئا ئەوە ڕێگە و ڕێبازێکی ڕاست و دروستە، هەر بۆ لای من دێت و هەر من چاودێری دەکەم. بەڕاستی بەندە چاك و پاکەکانی من بە تۆ فریو نادرێن و تۆ هیچ دەسەڵاتێکت نییە بە سەریاندا، جگە لەوانەی کە شوێنت کەوتوون لە سەرکەش و یاخی و سەرگەردانەکان).

دیقـەت بفـەرموون، سـەرەتا ئیبلـیس کـە سەرپێچـیی دەکـات لـە فەرمانەکە و بە نیازی کڕنووش نەبردنە بە خۆبەگەورەگرتنەوە دەڵێت: من کڕنووش نابەم بۆ مرۆڤێك کە لە قوڕ دروستت کـردووە، بـەڵام پـاش کەمێك لـە حیـوار و وتووێژەکـە سـەیر دەکـەین ئیبلـیس لاواز و ملکـەچ لەبەردەم پەروەردگاردا دەپاڕێتـەوە و دەلاڵێتـەوە بـە وشـەی "رب" و دەڵێت پەروەردگارم بمهێڵەرەوە تا ڕۆژی قیامەت، دووبـارە کـە خـوای گەورە داواکەی لێوەردەگرێت و ئەو هەلەی پێـدەدرێت، جـارێکی دیکـە گیانی خۆبەزلزانین دەیگرێتەوە و گیانی یاخیبوون تیایـدا دەبووژێتـەوە و ڕایدەگەیـەنێت کـە: دەبێـت نـەوەکانی ئـادەم بخەڵـەتێنم و سـەریان لێبشێوێنم.. ﴿لَأُزَيِّنَنَّ لَهُمْ فِي ٱلْأَرْضِ وَلَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ﴾.

دووەم: چیرۆکەکانی سەر زەوی:

یەکەمین چیرۆك کە ڕووداوەکانی لەسەر زەویدا ڕوویداوە لە قورئاندا، چیرۆکی دوو کوڕەکەی ئادەمن (سەلامی خوای لێبێت). (جێی تێبینییە چـیرۆکێکی دیکـە لـە قورئانـدا هەیـە کـە لـەڕووی کاتـەوە پـێش ئـەم چیرۆکەی دوو کوڕەکەی ئادەمن، بەڵام زیاتر لە پەند دەچێت، نـەك لـە وتووێژ، ئەویش ئایەتی ٨٩ و ٩٠ی سوورەتی ـ الأعراف ـە).. چیرۆکەکە بەمشـــــێوەیەیە: ﴿إِذْ قَرَّبَا قُرْبَانًا فَتُقُبِّلَ مِنْ أَحَدِهِمَا وَلَمْ يُتَقَبَّلْ مِنَ ٱلْآخَرِ قَالَ لَأَقْتُلَنَّكَ قَالَ إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ ٱللَّهُ مِنَ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٢٧﴾ لَئِنْ بَسَطتَ إِلَيَّ يَدَكَ لِتَقْتُلَنِي مَآ أَنَا۠

بِبَاسِطٍ يَدِيَ إِلَيْكَ لِأَقْتُلَكَ ۖ إِنِّيٓ أَخَافُ ٱللَّهَ رَبَّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٢٨﴾ إِنِّيٓ أُرِيدُ أَن تَبُوٓأَ بِإِثْمِي وَإِثْمِكَ فَتَكُونَ مِنْ أَصْحَٰبِ ٱلنَّارِ ۚ وَذَٰلِكَ جَزَٰٓؤُا۟ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٢٩﴾ ﴾ (المائـــــــدة: ٢٧ـ ٢٩) واتە: (بەسەرهات و هەواڵی دوو کوڕەکەی ئادەم بۆ ئەو خەڵکە بخوێنەرەوە کە: بە ڕاستی ڕوویداوە، ئەوە بوو کاتێك هەردووکیان قوربانییان کرد، لە یەکێکیان وەرگیرا و لەویتریان وەرنەگیرا، بە براکەی وت: هەر دەتکوژم. ئەویش لە وەڵامی هەڕەشەکەیدا وتی: خوای گەورە تەنها لە پارێزکاران قوربانی و چاکە وەردەگرێت. سوێند بە خوا، ئەگەر تۆ دەست درێژ بکەیت بۆ من بۆ ئەوەی بمکوژیت، من دەست درێژ ناکەم بۆ تۆ، بۆ ئەوەی بتکوژم، چونکە بە ڕاستی من لە سزاو تۆڵەی خوا، پەروەردگاری جیهانەکان دەترسم. بە ڕاستی دەمەوێت بە گوناهی من و گوناهی خۆیشتەوە بگەڕێیتەوە، ئەوجا دەبیتە نیشتەجێی ناو ئاگر، هەر ئەوەشە پاداشتی ستەمکاران).. دیقەت بفەرموون بەڕێزان، لەم وتووێژەدا "قابیل"ی بکوژ تەنها یەك وشە دەڵێت، بەڵێ تەنها یەك وشە، بەلام چ وشەیەك: (لَأَقْتُلَنَّكَ ۖ)، بە کەسی بەرانبەری دەڵێت: دەتکوژم... بە درێژایی ئەوکاتەی کە کەسی بەرانبەری واتە "هابیل"ی برای، دەیەوێت هەست و سۆزی ڕابکێشێت و ترسی خوای دەخاتەوە بیر و یادی دۆزەخی دەخاتەوە، سا بەڵکو پەشیمان ببێتەوە، بەلام ئەم بە کین و بوغزەوە گوێی لە قسەکانی هابیل گرتووە و هیچ ناڵێت، بەڵکو لە کۆتاییدا براکەی دەکوژێت و دەبێتە یەکەم ڕووداو لەسەر زەویدا،

پاشـان لـەدوا نـەمانی لایـەنی یەکـەمی حیوارەکـە، قابیـل پەشـیمان دەبێتەوە و قسەی دووەمـی دەکـات: ﴿ يَٰوَيۡلَتَىٰٓ أَعَجَزۡتُ أَنۡ أَكُونَ مِثۡلَ هَٰذَا ٱلۡغُرَابِ فَأُوَٰرِيَ سَوۡءَةَ أَخِي ﴾ (المائدة: ٣١) واتە: (هـاوار لـە مـن، ئایا ئەوە من نەمتوانی وەکو ئـەو قـەلـەڕەشـە بکـەم و بـەقـەدەر ئـەوم لێنەهات تا لاشە و عەیب و عاری براکەم بشارمەوە)...

ئەوەی لەم چیرۆکەوە بەدی دەکرێت، خێرایی ڕووداوەکانە، کە هـەر لە سەرەتاوە بەرەو لوتکە دەچێت، تیایدا ڕەگەزی شەڕ "قسەی کەمـە و کـرداری زۆرە" و ڕەگـەزی چـاکە بـە زمـانی کەسـێکی ژیـر و عاقـڵ دەدوێت، بەڵام هەندێکجار قسـەی ژیرانـە سـوودی نابێـت! ئەمـە جگـە لەوەی کە وەسـفکردنی بابەتەکـە لـە ڕێـی گێڕانـەوەوە کـە لـە نـاوبڕی قسەکاندا هاتووە، لەوپەڕی کورتبڕیدایە و بە کورتترین وشە گوزارشـتی لــە زۆرتــرین واتــا کــردووە: ﴿ وَٱتۡلُ عَلَيۡهِمۡ نَبَأَ ٱبۡنَيۡ ءَادَمَ بِٱلۡحَقِّ إِذۡ قَرَّبَا قُرۡبَانًا فَتُقُبِّلَ مِنۡ أَحَدِهِمَا وَلَمۡ يُتَقَبَّلۡ مِنَ ٱلۡأٓخَرِ ﴾ (المائــــــــدە: ٢٧)، بەوپەڕی ئاسانی و سادەیی و بە وشەگەلێکی کـەم گـوێگر دەگەیەنێتـە ناوجەرگــەی ڕووداوەکانــەوە، پاشــان بــە یــەك وشــە (لَأَقۡتُلَنَّكَ) دەمانگەیەنێتـە لوتکـەی خوێنـاویی چـیرۆکەکە، هەناسـە لەبـەر گـوێگر دەبڕێت بەوەی بزانێـت کاردانـەوەی بەرانبـەر چییە، کـە بـە هـێمنی و لەسەرخۆیی قسە دەکات و بەوەش هەناسەسواریی گوێگر کەمدەبێتەوە و هێور و دڵنیا دەبێتەوە، تا کۆتایی دێت.. پاشان جارێکی دیکـە ڕۆڵـی

"گێڕانەوە" دێتە پێشەوە و باسی برا ستەمکارەکە دەکات و وشەی ﴿ فَطَوَّعَتۡ ﴾ دەهێنێت (واتە دەروونی قابیل کوشتنی هابیلی لا شیرین کرد)، بەوەش بەیەك وشە باسی ئەو ململانێیەی کردووە کە لە دەروونی قابیلدا هەبووە، ئەگەرنا بەبێ هیچ پرۆسەیەکی "شیرینکردن" براکەی دەکوشت و دەبڕایەوە، هەروەها بەڵگەی ئەوەی قابیل لە ناخی خۆیدا لە ململانێدا بووە، ئەو پەشیمانییەیە کە دەستبەجێ پاش کوشتنی براکەی، بەسەریدا دێت.. "شیرینکردن"ی کوشتنی براکەی لە لایەن دەروونی خۆیەوە، بەڵگەیە لەسەر نەبوونی هیچ کاراکتەرێکی دەرەکی کە کاری تێکردبێت بۆ کوشتنی براکەی، وەك شەیتان بۆ نموونە.. هەروەها حیوارەکەش هیچ دەستوەردانێکی ڕەگەزی غەیبیی نامرۆیی تێدا نییە، جا چ خوای گەورە خۆی بێت، یان فریشتەکان، یان شەیتان، ئەمەش پێویستە بەو شێوەیە بێت تا بەڵگە بێت لەسەر "سەربەخۆبوونی مرۆڤ لەسەر زەوی و بەرپرسبوونی خۆی لە کارەکانی خۆی".

سێهەم: ئەو چیرۆکانەی کە لە پاش ژیانی دونیا روو دەدەن:

ئەم چیرۆکانەش چەند بەشێکن، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەوکاتە ئەم چیرۆکانە روو دەدەن کە هەموو شتێك کۆتایی هاتووە و هەرکەسە گەیشتووەتە سەرەنجامی خۆی، هەندێك دڵنیابوون لە چارەنووسی خۆیان و بەهەشت جێگەیانە، هەندێکی دیکەیان هێشتا ئومێدێکیان

ماوه، هەندێکی دیکەیان پەتی ئومێدیان پچڕاوە و لەوپەڕی پەشیمانیدان.

سەبارەت بە جۆری یەکەم کە ئەو کەسانەن گەیشتوونەتە بەهەشت، خەزنەدارانی بەهەشت پێیاندەڵێن: ﴿ سَلَٰمٌ عَلَيۡكُمۡ طِبۡتُمۡ فَٱدۡخُلُوهَا خَٰلِدِينَ ﴾ (الزمر: ٧٣)، واتە: (درووود و سڵاوتان لێبێت، ئێوە پاك و خاوێنن، کەواتە فەرموون بچنە ناو بەهەشتەوە، هاوڕێ لەگەڵ ژیانی هەمیشەیی و نەبڕاوەدا)، ئەوانیش وەڵامیان دەدەنەوە: ﴿ وَقَالُواْ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِي صَدَقَنَا وَعۡدَهُۥ وَأَوۡرَثَنَا ٱلۡأَرۡضَ نَتَبَوَّأُ مِنَ ٱلۡجَنَّةِ حَيۡثُ نَشَآءُۖ فَنِعۡمَ أَجۡرُ ٱلۡعَٰمِلِينَ ﴾ (الزمر: ٧٤) واتە: (ئەوسا دەڵێن: سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی، کە بەڵێنی خۆی بۆمان بردەسەر و کردینی بە خاوەنی سەرزەمینی بەهەشت و لە هەر شوێنێك و لە هەر جێیەکیدا بمانەوێت سەربەستانە ژیان دەبەینەسەر، ئای چەندە پاداشتی تێکۆشەران و خەباتکاران چاك و پاك و بەنرخە)، سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە بەڵێنەکانی خۆی بەدیهێنا... هەروەها فریشتەکان پێیان دەڵێن: ﴿ بُشۡرَىٰكُمُ ٱلۡيَوۡمَ جَنَّٰتٌ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَاۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ﴾ (الحديد: ١٢) واتە: (مژدەی ئێوە ئەمڕۆ باخەکانی بەهەشتە کە چەندەها ڕووبار بە ناویاندا دەڕوات، هاوڕێ لەگەڵ ژیانی هەمیشەیی و نەبڕاوە تیایدا، ئا ئەوەیە سەرکەوتن و سەرفرازی گەورە و

بێ سنوور)، مزدەتان لێبێت لەم بەهەشتە.... هەروەها لە حیوارێکی دیکەدا دەڵێن: ﴿ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى هَدَىٰنَا لِهَٰذَا وَمَا كُنَّا لِنَهْتَدِىَ لَوْلَآ أَنْ هَدَىٰنَا ٱللَّهُ لَقَدْ جَآءَتْ رُسُلُ رَبِّنَا بِٱلْحَقِّ ﴾ واتە: (سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە هیدایەت و ڕێنموویی کردین بۆ ئەم جێگە و ڕێگە خۆشە، ئەگەر ئەو خوایە هیدایەت و ڕێنموویی نەکردینایە هەرگیز ڕێگای هیدایەتمان نەدەزانی و ئەم پاداشتەمان وەرنەدەگرت، بە ڕاستی پێغەمبەرانی پەروەردگارمان بە حەق و ڕاستیەوە هاتن)... دواتر پێیان دەوترێت: ﴿ تِلْكُمُ ٱلْجَنَّةُ أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴾ (الاعراف: ٤٣) واتە: (ئەوە ئەو بەهەشتەیە کە پێتاندراوە بە هۆی ئەو کار و کردەوانە کە ئەنجامتان دەدا).

ئەوەی جێی تێبینییە لەم حیوارانەی ئەهلی بەهەشتدا، ئەمانەیە:

١ـ حیواری هەردوولا، فریشتەکان و ئەهلی بەهەشت، زیاتر دەربڕینی ئاشتی و دڵنیایی و هێمنییە، کە ئیتر هیچ ترس و بیمێك نەماوە لە دوایەوە، وە بێخەم بوون و کۆتایی هەموو شتێك هاتووە.

٢ـ ئەم حیوارانە، زیاتر وەك حیوارەکانی جۆری یەکەمی ئەو چیرۆکانەی ئاسمانە، کە لە بارەی دروستکردنی گەردوون و خەڵقی ئادەم و دانانی جێنشینەوە باسمانکرد، کە هەمووی تەسلیمبوون و ملکەچبوونە بۆ پەروەردگار، کە دەنگی کەسێکە بەڵێنی شتێکی

پێدرابێت و دواتر بە زیادەوە بەڵێنەکەی بینیبێتەوە، لەبەرئەوە دەڵێت: الحمد لله... ئەم ملکەچبوونە ئاسانتر و سادەتر دێتە پێشەوە بە بەراورد بەو ملکەچبوونەی کە لە چیرۆکەکانی پۆلێنی یەکەمدا باسکران لە خەڵقی ئادەم و دانانی جێنشیندا.

سەبارەت بە جۆری دووەم، کە ئەو کەسانەن کە ئەهلی دۆزەخن، زیاتر حیوارەکە لە نێوان ئەهلی دۆزەخ لە لایەك و فریشتەکان و ئەهلی ئەعراف (لە نێوان بەهەشت و دۆزەخدا) و ئەهلی بەهەشتدایە، واتە کاراکتەری سەرەکی تیایاندا ئەهلی دۆزەخە لە بەرانبەر فریشتەکان و ئەهلی ئەعراف و ئەهلی بەهەشتدا.. هەموویشی زیاتر گیانی پەشیمانی و ئاواتخواستنی بێسوود زاڵە بەسەر حیوارەکاندا: ﴿رَبَّنَآ أَخْرِجْنَا نَعْمَلْ صَٰلِحًا غَيْرَ ٱلَّذِى كُنَّا نَعْمَلُ﴾ (فاطر: ٣٧) واتە: (خوایە دەرمانبهێنە لە دۆزەخ مەرج بێت کاری چاکە بکەین...)، پەروەردگاریش پێیان دەفەرموێت: ﴿أَلَمْ تَكُنْ ءَايَٰتِى تُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ فَكُنتُم بِهَا تُكَذِّبُونَ﴾ (المؤمنون: ١٠٥)، واتە: (ئایا ئایەتەکانی من نەدەخوێنرانەوە بۆتان، بەڵام ئێوە بە درۆتان دەزانی؟).. پاشان هاوار بۆ خوا دەبەن و دەڵێن: ﴿قَالُواْ رَبَّنَا غَلَبَتْ عَلَيْنَا شِقْوَتُنَا وَكُنَّا قَوْمًا ضَآلِّينَ ﴿١٠٦﴾ رَبَّنَآ أَخْرِجْنَا مِنْهَا فَإِنْ عُدْنَا فَإِنَّا ظَٰلِمُونَ ﴿١٠٧﴾ قَالَ ٱخْسَـُٔواْ فِيهَا وَلَا تُكَلِّمُونِ ﴿١٠٨﴾﴾ (المؤمنون: ١٠٦ـ ١٠٨)، واتە: (دەڵێن: پەروەردگارا نەگبەتی و نەهامەتی (بەدبەختی و نەگبەتیمان) سەرشانی گرتین و زاڵ بوو

بەسەرماندا ئێمە کەسانێکی گومڕا بووین. پـەروەردگـارا لـە نـاو ئـاگری دۆزەخ و سزاکەیدا دەرمان بهێنـە ئـەگـەر جـارێکی تـر گـەڕاینـەوە (بـۆ گومڕایی) ئەوە ئـیتر دیـارە کـە ئێمـە کـەسـانێکی سـتەمکـارین. خـوای گەورە لـە وەڵامیانـدا دەفـەرموێـت: بـیٚ دەنـگ بـن و دەمتـان داخـەن، قسەشم لە گەڵدا مەکەن....). ئیتر بەمشـێوەیە زەلیـل دەبـن (وەك لـە سوورەتی قەلەم و مەعاریجدا باسـیان کـراوە)، هـیچ کـارێکی چاکەیان نـەکردووە تـا مـردن یەخـەی گرتـوون (سـوورەتی موددەسـیر: ٤٦)، پەشیمانی دایاندەگرێت (سوورەتی یونس: ٥٤، سەبەء: ٣٣)، تا دەگاتە ئەوەی ناکۆکی دەنێنەوە و قسە دەکەن و ژاوەژاو دەنێنەوە لەکاتێکدا پێیـانوتراوە قسـە نەکـەن: ﴿ هَٰذَا يَوۡمُ لَا يَنطِقُونَ ٣٥ وَلَا يُؤۡذَنُ لَهُمۡ فَيَعۡتَذِرُونَ ﴾ (المرسلات: ٣٦) واتە: (ئەمڕۆ ئیتر ئەو ڕۆژەیە کە قسەیـان نەماوە و ورتەیان لێنایەت. مۆڵەتیش نادرێن پاکانە بکەن)، هـەر لەبـەر ئـەو قسـە و ناکۆکییانەیـە کـە ئـەهلی دۆزەخ بـە ئـەهلی موناقەشـە و دەمـەدەمیٚ ناسـراون: ﴿ إِنَّ ذَٰلِكَ لَحَقّٞ تَخَاصُمُ أَهۡلِ ٱلنَّارِ ﴾ (ص: ٦٤)، لەکاتێکـدا ئـەهلی بەهەشـت: ﴿ لَا يَسۡمَعُونَ فِيهَا لَغۡوٗا وَلَا تَأۡثِيمًا ٢٥ إِلَّا قِيلٗا سَلَٰمٗا سَلَٰمٗا ٢٦ ﴾ (الواقعـة: ٢٥ـ ٢٦) واتـە: (هـیچ جـۆرە قسـەیـەکـی نابەجیٚ و نادروست و ناڕێك نابیستن و یەکتریش گوناهبار ناکەن، جگـە لە وتنی سڵاو و وەڵامدانەوە و قسەی خۆش نەبێـت)، ﴿ لَّا يَسۡمَعُونَ فِيهَا

لَغْوًا إِلَّا سَلَٰمًا ﴾ (مريم: ٦٢) واته: (ئەوسا لەویٚ هیچ گوفتاریٚکی نابەجیٚ نابیستن، جگە لە سلاٌوکردن)، ﴿ تَحِيَّتُهُمْ فِيهَا سَلَٰمٌ ﴾ (یونس: ١٠) واتە: (چاك و چۆنیشیان لەویٚ سەلامکردنە). هەموو قسە و باسیان هەر ئاشتی و سلاٌو و هیٚمنی و قسەی جوان و ڕیٚکوپیٚکە... کەواتە ڕەگەزی "بەرگرییکردن" کە هۆکاری دروستکردنی ململانیٚی ناو چیرۆکە بە گشتی، لە ناو ئەهلی بەهەشتدا بەدی ناکریٚت، قورئانی پیرۆز لە چیرۆکەکانیدا لە بارەی ئەهلی بەهەشت هەمیشە بە کەسانیٚکی هیٚمن و لەسەرخۆ و ڕازی و دلٌنیا باسیان دەکات، لە بەرانبەردا ئەهلی ئاگر هەمیشە لە ململانیٚ و نائۆقرەییدان...

سەرنجیٚك:

هەندیٚکجار لە ناوەڕاستی چیرۆکدا، دیمەنیٚکی باسکردن "وەسف" دیٚتە پیٚشەوە، ئەم دیمەنە هەلٌگری جۆرەها کاریگەرییە لەسەر ڕیٚڕەوی گشتیی چیرۆکەکە، بۆ نموونە لە چیرۆکی نووح و کوڕەکەیدا لە کاتی لافاوەکەدا، چەند حیوار و وتوویٚژیٚك لە نیٚوانیاندا ڕوودەدات و دواتر کوڕەکەی دەخنکیٚت و پاشان دوای لافاوەکە نووح تکا لە خوا دەکات کە کوڕەکەیشی لە خانەوادەی خۆی بووە بۆچی خنکا و پاشان وەلاٌمی پەروەردگاری بۆ دیٚتەوە لەو بارەوە... بەلاٌم لە ناو ئەم حیوارە زۆرانەدا، یەك ئایەت وەك دیمەنیٚکی باسکردن "وەسف"ی ڕەوشەکە

هەیـە کـە ئەوپـەڕی کاریگـەریی لەسـەر ڕێـرەوی ڕووداوەکـان لـە نـاو چیرۆکەکەدا، داناوە. خوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَقِيلَ يَٰٓأَرۡضُ ٱبۡلَعِي مَآءَكِ وَيَٰسَمَآءُ أَقۡلِعِي وَغِيضَ ٱلۡمَآءُ وَقُضِيَ ٱلۡأَمۡرُ وَٱسۡتَوَتۡ عَلَى ٱلۡجُودِيِّۖ وَقِيلَ بُعۡدٗا لِّلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ٤٤ ﴾ (هود: ٤٤) واتە: (ئەوجا گوترا زەمین ئاوت هەڵقوڕێنە، بەرزایی بەس ببارێنە، ئاو ڕۆچوو بە ناخی ئاخدا، کار سەری گـرت، لەسـەر جـودی لەنگـەری گـرت، ئـەوجا گـوترا: تـارن ئەوانـەی ناهەقیکارن)... بۆ لەناو ئـەو حیـوار و وتووێـژە زۆرانـەدا ئـەم دیمـەنی باسـکردن و گێڕانەوەیـە دێتـە نـاوەوە؟ لەبـەر دوو هـۆ: یەکـەم: ڕوونکردنەوەی توانا و قودرەتی خوای پەروەردگار لە کۆتاییهێنان بـەم ناڕەحەتی و شڵەژاوییەی دونیا، بە هـۆی لافاوەکـەوە، تـەنها بـە چـەند وشـەیەکی کـەم... (يَٰٓأَرۡضُ) (وَيَٰسَمَآءُ).. وەك جەختکردنـەوە لەسـەر توانا و هێزی خۆی لە وشەکانی "کن فیکون"دا..

دووەم: ئەم دەستەواژە کـورت و پوختانـە، بـۆ بازدانـە بەسـەر ئـەو کارەساتە قورس و گرانانەی کـە لافاوەکـە هێناویـەتی، وەك بڵێـی هـیچ نییە، واتە هەموو ئـەو کارەسـاتەی لافاوەکـە دروسـتیکردووە، شـتێکی هیچە و بەیەك وشە کۆتایی پێدێت.. ئـەوەی گرنگـە بەشـەکانی دیکـەی ڕووداوەکەیە کە سەلمێنەری ئەوەیە ئیمان لە باوك و کوڕێتی گـرنگترە، با نووح، پێغەمبـەر بێـت، کـە کوڕەکـەی بێبـاوەڕ بـوو، پەیوەندییەکـە دەپچڕێت.

هەروەها دەرخەری ئەوەیە کە پێغەمبەرانیش چەندە قوربانییان داوە لە پێناو ئەم ئاینەدا، چەندە ماندووبوون، چەندە ئازاریان چەشتووە، وە تۆش ئەی محەممەد ئارام بگرە لەسەر ئەو ناڕەحەتییانە وەك چۆن ئەوان ئارامیان گرت... واتە کارەساتی لافاوەکە، هیچ نییە بەرانبەر بەو ڕووداوە گرنگانەی دیکە کە لە ناو چیرۆکەکەدا هاتوون.

لە لایەکی دیکەوە با بپرسین، ئەم ڕستەیە، کە لەناوبڕی چیرۆکەکەدا هاتووە، بۆچی باسکراوە؟ بۆ درێژە بە چیرۆکەکە نەدراوە بەبێ ئەم دێڕە؟ لە وەڵامدا دەڵێین: باسنەکردن و لابردنی ئەم دێڕە دەبووە هۆی تێکدانی چیرۆکەکە، لە چەند ڕوویەکەوە: لە لایەکەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کارەساتی لافاوەکە چ بە گەورەبوونی و چ دواتر بە نەمان و کۆتاییهاتنی، کارەساتی کوڕەکەی لە بیری نووح پێغەمبەر نەبردەوە و هەر باسی دەکرد تا خوای گەورە پێی فەرموو: ئەو لە خانەوادەی تۆ نییە.. بەوەش پەردە بەسەر ئەو دیمەنەدا دادەدرێتەوە...

لە لایەکی دیکەوە، ئەگەر ئەم دێڕە باسنەکرایە، کەس نەیدەزانی ئەو هەموو ئاوە کە بووە هۆی دروستبوونی لافاوەکە، چی لێهات؟ ئەی کەشتییەکە چی لێهات؟ بەڵام بەم چەند دەستەواژە کورت و پوختە، وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەی دایەوە و سوودیشی بە ڕێڕەوی ڕووداوەکان گەیاندووە.

بەشی دووەم
بازدان بە رووداو لەڕێی تێپەڕاندنی کات و شوێنەوە

هەندێك چیرۆك هەیە لە قورئانی پیرۆزدا، تایبەتمەندیی خۆی هەیە، ئەوەش بریتییە لە: بڕینی دیمەنێکی چیرۆکەکە و بردنی خوێنەر بۆ دیمەنی دیکەی دواتری، کە لە ڕووی کات و شوێن "زەمان و مەکان"ـەوە نێوانیان زۆرە. واتە گواستنەوە لە دیمەنی یەکەمەوە یەکسەر و دەستبەجێ بۆ ناو ڕووداوەکانی دیمەنی سێهەم، بە جۆرێك دیمەنی دووەم، واتە هەموو کات و شوێن، دەپێچێتەوە و دەیخاتە لاوە و خوێنەر دەگوازێتەوە بە جۆرێك کە هەستناکات هیچ شتێك لە رووداوەکە قرتابێت، یان کەموکوڕییەك لە گێڕانەوەکەدا هەبێت. واتە کۆتایی دیمەنی یەکەم، دەبێتە سەرەتای دیمەنی سێهەم و خوێنەر بە شێوەیەکی لەپڕ (موفاجیئ ـ سورپراین) دەپەڕێتەوە بۆ دیمەنی سێهەم.

یەکەم: بازدان بە تێپەڕاندنی "شوێن":

نموونەی یەکەم: دیارترین نموونەی لەم جۆرە، چیرۆکی سەروەرمان مووسایە لە سوورەتی "طـه"، دیمەنی یەکەمی چیرۆکەکە: لە دۆڵی پیرۆزی "طوی" "الوادی المقدس" روودەدات، کە تیایدا وتووێژێکی

درێژ لە نێوان مووسا (سەلامی خوای لێبێت) لەگەڵ پەروەردگاری بەرز و بڵنددا ڕوودەدات.

دیمەنی دووەم: ڕۆیشتنی مووسایە بۆ میسر و بە دیدار شادبوونەوەی هاروونی برای و بەیەکەوەچوونیان بۆ لای فیرعەون.

دیمەنی سێهەم: ڕووداوەکانی کۆشکی فیرعەونە، کە وتووێژی نێوان مووسا و هاروون لە لایەك و فیرعەون لە لایەکی دیکەوە، ڕوودەدات..

بەڵام دەبینین لە ئایەتەکاندا، دیمەنی دووەم باسنەکراوە و ڕاستەوخۆ کۆتایی دیمەنی یەکەم کراوە بە سەرەتای دیمەنی سێهەم، بەبێ هەستکردن بە پچڕانی چیرۆکەکە.

ئەنجا با سەیرێکی ئایەتەکان بکەین: ﴿ ٱذۡهَبۡ أَنتَ وَأَخُوكَ بِـَٔايَٰتِي وَلَا تَنِيَا
فِي ذِكۡرِي ﴿٤٢﴾ ٱذۡهَبَآ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ إِنَّهُۥ طَغَىٰ ﴿٤٣﴾ فَقُولَا لَهُۥ قَوۡلٗا لَّيِّنٗا لَّعَلَّهُۥ يَتَذَكَّرُ أَوۡ يَخۡشَىٰ
﴿٤٤﴾ قَالَا رَبَّنَآ إِنَّنَا نَخَافُ أَن يَفۡرُطَ عَلَيۡنَآ أَوۡ أَن يَطۡغَىٰ ﴿٤٥﴾ قَالَ لَا تَخَافَآۖ إِنَّنِي مَعَكُمَآ
أَسۡمَعُ وَأَرَىٰ ﴿٤٦﴾ فَأۡتِيَاهُ فَقُولَآ إِنَّا رَسُولَا رَبِّكَ فَأَرۡسِلۡ مَعَنَا بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ وَلَا تُعَذِّبۡهُمۡۖ
قَدۡ جِئۡنَٰكَ بِـَٔايَةٖ مِّن رَّبِّكَۖ وَٱلسَّلَٰمُ عَلَىٰ مَنِ ٱتَّبَعَ ٱلۡهُدَىٰٓ ﴿٤٧﴾ إِنَّا قَدۡ أُوحِيَ إِلَيۡنَآ أَنَّ
ٱلۡعَذَابَ عَلَىٰ مَن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ ﴿٤٨﴾ قَالَ فَمَن رَّبُّكُمَا يَٰمُوسَىٰ ﴿٤٩﴾ قَالَ رَبُّنَا ٱلَّذِيٓ أَعۡطَىٰ
كُلَّ شَيۡءٍ خَلۡقَهُۥ ثُمَّ هَدَىٰ ﴿٥٠﴾ قَالَ فَمَا بَالُ ٱلۡقُرُونِ ٱلۡأُولَىٰ ﴿٥١﴾ قَالَ عِلۡمُهَا عِندَ رَبِّي فِي
كِتَٰبٖۖ لَّا يَضِلُّ رَبِّي وَلَا يَنسَى ﴿٥٢﴾ ﴾ (سوورەتی طە: ٤٢ـ ٥٢) واتە: (دەی بڕۆ خۆت و براکەت هاوڕێ لەگەڵ موعجیزەکانمدا، نەکەن لە گەیاندنی پەیامی مندا سستی و خاوی بکەن. هەردووکتان بچن بۆ لای فیرعەون،

چونکه به ڕاستی ئەو لە سنوور دەرچووە و لە مەرزی بەندایەتی ترازاوە. **هەردووکتان به نەرمی و جوانی گفتوگۆی لەگەڵدا بکەن، بۆ ئەوەی یاداوەری وەربگرێت، یان ترسی (سزای ئێمە) له دەروونیدا جێ بگرێت. مووسا و هاروون وتیان: پەروەردگارا! ئێمه به ڕاستی دەترسین پەلامارمان بدات و لەناومان بەرێت (پێش ئەوەی پەیامەکەتی پێڕابگەیەنین)، یان زیاتر سەرکەشیی بکات. خوای گەورە فەرمووی: مەترسن من بەڕاستی لەگەڵتاندام، دەبیستم و دەبینم. جا بچن بۆ لای و پێیبڵێن: ئێمه هەردووکمان له لایەن پەروەردگاری تۆوە ڕەوانه کراوین، (باوەڕی پێ بهێنه) و نەوەی ئیسرائیلیش ئازاد بکە، با لەگەڵماندا بن، سزا و ئازاریان مەدە، بەڕاستی ئێمە، هاوڕێ لەگەڵ موعجیزەی تایبەتی له لایەن پەروەردگارتەوە ڕەوانەکراوین، سڵاویش لەسەر ئەو کەسانه بێت که شوێنی هیدایەت و ڕێبازی ڕاستەقینه کەوتوون. بێگومان ئێمە ئاگادارکراوین، که سزا و ئازار و بەڵا، لەسەر ئەوانەیه که ڕاستییەکان به درۆ دەزانن و پشتی تێدەکەن و لێی یاخی دەبن.** فیرعەون به فیزەوە وتی: باشه ئەی مووسا پەروەردگاری ئێوە کێیە؟ مووسا وتی: پەروەردگارمان ئەو زاتەیه که هەموو شتێکی بەتایبەتی و ڕێکوپێکی دروست کردووە، پاشان ڕێنموویی کردووە، تا به چاکی دەوری خۆی ببینێت. فیرعەون وتی: ئەی ئەو هەموو خەڵکەی که لەوەوپێش تیاچوون، چیان لێهات و سەرەنجامیان چۆنە؟ مووسا وتی: زانیاری ئەوانە، لای پەروەردگارمە و له دۆسیەکانی (لوح المحفوظ)دا پارێزراوە،

پـەروەردگـاری مـن، هیچـی لـێ ون نابێـت، هـیچ شـتێکیش فـەرامـۆش ناکات). دیقەت بدەن وتووێژی نێـوان مووسـا و فیرعـەون لـە شـوێنێکی دیکە و لە کاتێکی دیکەدا دەستپێدەکات، لەکاتێکدا هێشتا بە باشی لـە ڕووداوەکانی دیمەنی یەکەم تێنەگەیشتووین، کە لە سینا ڕوودەدات.

ئەوەی تێبینی دەکەین لەم چیرۆکەدا دوو شتە:

١ـ ئاڕاستەی قسەکردن لە دیمەنی یەکەمدا بـەرەو ڕووی مووسـایە و شوێنەکەش سینایە، ئایا ئێستا هاروون لە کوێیە؟ ئەو لـە شـوێنێکە لـە میسر، مووسا و هاروون چەند ساڵێکە لە یەك دابڕاون (دە ساڵ)، لەگەڵ ئەوەشدا مووسا داوا لە خوا دەکات هـاروونی بـرای بکـات بـە وەزیـری، پەروەردگاریش وەڵامی دەداتەوە و دەیکاتە وەزیر و پێغەمبەر، ئەمەش بەخششێکی خواییە کە زۆرمان درکی پێناکەین، ئەوەش ئەوەیـە تـەنها وەڵامدانەوەی نزاکەی مووسا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کـە هـاروونی بـرای مـاوە و سـەلامەتە – لەکاتێکـدا دە سـاڵە ئاگـای لـە هـەواڵی نییـە –، ئەگەرنا پەروەردگار داواکەی بۆ جێبەجێ نەدەکرد.. هەموو ئەمانـە لـە دیمـەنی یەکەمـدا کـە هـاروونی تێـدا نییـە، ڕوویـدا، دەی ئایـا چـۆن ئاڕاستەی قسەکردنەکە کتوپڕ گۆڕدرا بۆ هەردووکیان: مووسا و هاروون و وەڵامەکەیش وەڵامی هەردووکیانە: ﴿ قَالَا رَبَّنَآ إِنَّنَا نَخَافُ أَن يَفۡرُطَ عَلَيۡنَآ أَوۡ أَن يَطۡغَىٰ ﴿٤٥﴾ ﴾... ئایا ئەمە بەڵگە نییە لەسەر ئەوەی کە دیمـەنێك لەم نێوانەدا هەیـە کـە دەکەوێتـە کۆتـایی دیمـەنی یەکـەم و سـەرەتای

دیمەنی سێهەم، وە کاتێکی خایاندووە کە تەنها خوا خۆی دەزانێت چەندە، کە تیایدا مووسا گەشتە دوور و درێژەکەی بۆ میسر تەواو دەکات و لەوێ بە دوای براکەیدا دەگەڕێت و پەیامەکەی پێ ڕادەگەیەنێت کە بووەتە پێغەمبەر و پاشان هەردووکیان ڕوویانکردووەتەوە پەروەردگار و کەوتوونەتەوە وتووێژ لەگەڵیدا، کە تەنها یەك بەشی ئەم وتووێژە لەتکراوە و هێنراوەتەوە ناو دیمەنەکە، کە بەشی یەکەمی دەکەوێتە چوارچێوەی فەرمانی ئیلاهیی: ﴿ ٱذۡهَبَآ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ إِنَّهُۥ طَغَىٰ ﴾، بەشی کۆتاییشی دەکەوێتە ناو قسەی هەردووکیان: مووسا و هاروون: ﴿ إِنَّا قَدۡ أُوحِيَ إِلَيۡنَآ أَنَّ ٱلۡعَذَابَ عَلَىٰ مَن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ ﴾، کە فەرمانیان پێکرا ئەم قسەیە بگەیەننە فیرعەون. سوودی یەکەمی وەرگیراو ئەوەیە کە ئەو دوو دیمەنەی باسکران، دیمەنێکی دیکەی لێفەراهەم بووە کە لە وتووێژەکانەوە ڕووداوەکانیمان بۆ دەردەکەوێت.

٢ـ ئەو داوایەی کە خوای پەروەردگار لە دوو براکە: "مووسا و هاروون"ی کرد لە دیمەنی باسکراودا، بە فەرموودەی: ﴿ إِنَّا قَدۡ أُوحِيَ إِلَيۡنَآ أَنَّ ٱلۡعَذَابَ عَلَىٰ مَن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ ﴾، تەواوبوو، ئایەتی دواتری ڕاستەوخۆ بە وەڵامی فیرعەون دەستپێدەکات: ﴿ قَالَ فَمَن رَّبُّكُمَا يَٰمُوسَىٰ ﴾، و بە دوایدا وتووێژەکە درێژەی هەیە لە نێوان مووسا و

فیرعەوندا، بەڵام ئایا فیرعەون لە کوێی ئەو دیمەنەدا بـوو کـە مووسـا و هاروون لەگەڵ پەروەردگاردا وتوویـژیان دەکـرد؟ فیرعـەون لـە جیهـانی خۆیدا بوو، هیچ ئاگای لە هاتنی مووسا و هاروون نەبووە بۆ لای، بـەڵام خوێنـەر ئـەو "بازدانـە" دەبینێـت کـە ڕاسـتەوخۆ لـە دیمەنێکـەوە دەیگوازێتەوە بۆ دیمەنێکی دیکە، کە دووریی و کات لـەو گواسـتنەوەدا نامێنێـت و ڕووداوەکـە دەگاتـە زیـاتر ئـاڵۆزبوون، کـە کتـوپڕ مووسـا و هاروون لەبەردەم فیرعەوندا دەبینینەوە.

پاشان کاتێك پەروەردگار بە مووسا و هاروون دەفەرموێت چی بڵـێن بـە فیرعـەون ﴿ فَأْتِيَاهُ فَقُولَآ إِنَّا رَسُولَا رَبِّكَ فَأَرْسِلْ مَعَنَا بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ وَلَا تُعَذِّبْهُمْ ۖ قَدْ جِئْنَٰكَ بِـَٔايَةٍ مِّن رَّبِّكَ ۖ وَٱلسَّلَٰمُ عَلَىٰ مَنِ ٱتَّبَعَ ٱلْهُدَىٰٓ ﴿٤٧﴾ إِنَّا قَدْ أُوحِىَ إِلَيْنَآ أَنَّ ٱلْعَذَابَ عَلَىٰ مَن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ ﴿٤٨﴾ ﴾) بە دوایدا یەکسەر وەڵامی فیرعەون دێت، واتە بەشی یەکەم لە دیمەنەکە هێشـتا وتوویـژی نێوان پـەروەردگار لـە لایـەك و مووسـا و هاروونـە لـە لایـەکی دیکـەوە، لێـرەدا "بـازدان"ی دووەم هەیـە، ئـەویش ئەوەیـە: پـاش وتووێژەکـە، مووسا و هاروون دەچنە لای فیرعەون و قسەکان وەك خۆی، بێ زیـاد و کـەم، بـە فیرعـەون دەگەیـەنن و پاشـان فیرعـەون وەڵام دەداتـەوە و دەڵێـت: ﴿ قَالَ فَمَن رَّبُّكُمَا يَٰمُوسَىٰ ﴿٤٩﴾ ﴾، ئەمـەش بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی مووسـا و هـاروون، داواکـەی پـەروەردگاریان بیسـت و لێـی تێگەیشتن و هەموو ڕێگر و بەربەستەکانیان بڕی و چوونە لای فیرعـەون

و قسەکانیان پێگەیاند.. وەڵامی فیرعەونیش یەکسەر باسکراوە.. بە جۆرێك کە خوێنەر نازانێت ئەو گوزارشتە، سەر بەکام دیمەنە، ئەگەر لەگەڵ دیمەنی یەکەمدا دایبنێین، ئەوە تەواوە و لە فەرموودەی پەروەردگارە، ئەگەریش بیبەستینەوە بە دیمەنی دووەمەوە، هەر تەواوە و دەبێتە قسەی مووسا و هاروون بۆ فیرعەون، وە بەڵگەشە لەسەر ڕاستگۆیی مووسا و هاروون لە گەیاندنی پەیامەکەدا.

نموونەی دووەم: هەمان دیمەنی بازدان لە چیرۆکی مووسا و فیرعەون لە سوورەتی (الشعراء): ﴿قَالَ كَلَّا ۖ فَاذْهَبَا بِآيَاتِنَا ۖ إِنَّا مَعَكُم مُّسْتَمِعُونَ ﴿١٥﴾ فَأْتِيَا فِرْعَوْنَ فَقُولَا إِنَّا رَسُولُ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴿١٦﴾ أَنْ أَرْسِلْ مَعَنَا بَنِي إِسْرَائِيلَ ﴿١٧﴾ قَالَ أَلَمْ نُرَبِّكَ فِينَا وَلِيدًا وَلَبِثْتَ فِينَا مِنْ عُمُرِكَ سِنِينَ ﴿١٨﴾ وَفَعَلْتَ فَعْلَتَكَ الَّتِي فَعَلْتَ وَأَنتَ مِنَ الْكَافِرِينَ ﴿١٩﴾ قَالَ فَعَلْتُهَا إِذًا وَأَنَا مِنَ الضَّالِّينَ ﴿٢٠﴾﴾ (الشعراء: ١٥ـــ ٢٠) واتە: (خوا فەرمووی: نەخێر (ناتوانن بتکوژن)، کەواتە بڕۆن هەردووکتان هاوڕێ لەگەڵ موعجیزەکانماندا، ئێمە بەڕاستی لەگەڵتانداین و چاودێر و گوێگرین. بچن بۆ لای فیرعەون و بڵێن: ئێمە بەڕاستی هەردووکمان نێردراوی پەروەردگاری جیهانیانین. داوات لێدەکەین کە دەستبەرداری نەوەی ئیسرائیل ببیت و ئازادیان بکەیت با لەگەڵ ئێمەدا بن. فیرعەون بە مووسای وت: (ئەمە پاداشتی پیاوەتییە) ئایا ئێمە بە منداڵی بە خێومان نەکردیت؟ چەندەها ساڵی تەمەنت لەناوماندا نەبردەسەر؟!.

ئەوەشت کرد کە کردت (مەبەست کوشتنی قیبتیەکەیە) دیارە کە تۆ لە ڕیزی ئەو کەسانەدایت کە ناشکورن و پاداشتی پیاوەتی نازانن... مووسا وتی: ئەو کاتە ئەوەمکرد، لە نەزانەکان بووم)... خوای گەورە پێیان دەفەرموێت بچنە لای فیرعەون و پێی بڵێن: ئێمە نێردراوی پەروەردگاری جیهانیانین و نەوەی ئیسرائیلمان لەگەڵدا بنێرە و ئازادیان بکە، لێرەدا بازدانەکە روو دەدات و دیمەنی چوونی مووسا و هاروون و گەیاندنی پەیامەکە وەك خۆی، بازی بەسەردا دراوە و یەکسەر وەڵامی فیرعەون دێت: ئایا ئێمە تۆمان بەخێو نەکرد...

نموونەی سێهەم:

به نموونەیەکی دیکەی سوورەتی یوسف درێژە بەم بابەتە دەدەین، دیمەنی یەکەم: کاتی گەڕانەوەی براکانی یوسفە لە میسرەوە بۆ لای باوکیان، کاتێك بنیامینی برایان لە دەستداوە و لای یوسف گل دراوەتەوە بە تاوانی "دزی"، خەم و خەفەت دایگرتوون لە لایەك بۆ چارەنووسی براکەیان و لە لایەکی دیکەوە لە خەمی ئەوەی بەبێ براکەیان بگەڕێنەوە بۆ لای باوکیان، دەبێت چی روو بدات.

لێرەدا کە براکان دەگەڕێنەوە، برا گەورەکەیان لەگەڵیان ناڕواتەوە بۆ لای باوکیان و بە هۆی ئەوەی کە بنیامینیان لەدەستداوە، ڕووی نایەت بڕواتەوە، برا گەورەکەیان پێیان دەڵێت: ﴿ فَلَمَّا ٱسْتَيْـَٔسُوا۟ مِنْهُ خَلَصُوا۟ نَجِيًّا ۖ قَالَ كَبِيرُهُمْ أَلَمْ تَعْلَمُوٓا۟ أَنَّ أَبَاكُمْ قَدْ أَخَذَ عَلَيْكُم مَّوْثِقًا مِّنَ ٱللَّهِ

وَمِن قَبْلُ مَا فَرَّطتُمْ فِي يُوسُفَ ۖ فَلَنْ أَبْرَحَ ٱلْأَرْضَ حَتَّىٰ يَأْذَنَ لِيٓ أَبِيٓ أَوْ يَحْكُمَ ٱللَّهُ لِي ۖ وَهُوَ خَيْرُ ٱلْحَٰكِمِينَ ﴿٨٠﴾ ٱرْجِعُوٓا۟ إِلَىٰٓ أَبِيكُمْ فَقُولُوا۟ يَٰٓأَبَانَآ إِنَّ ٱبْنَكَ سَرَقَ وَمَا شَهِدْنَآ إِلَّا بِمَا عَلِمْنَا وَمَا كُنَّا لِلْغَيْبِ حَٰفِظِينَ ﴿٨١﴾ وَسْـَٔلِ ٱلْقَرْيَةَ ٱلَّتِي كُنَّا فِيهَا وَٱلْعِيرَ ٱلَّتِيٓ أَقْبَلْنَا فِيهَا ۖ وَإِنَّا لَصَٰدِقُونَ ﴿٨٢﴾ قَالَ بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ أَنفُسُكُمْ أَمْرًا ۖ فَصَبْرٌ جَمِيلٌ ۖ عَسَى ٱللَّهُ أَن يَأْتِيَنِي بِهِمْ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْعَلِيمُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٨٣﴾ ﴾

(یوسف: ٨٠ــ ٨٣) واتــه: (کاتێـك کـه نائومێـد بـوون لـه پاشـا، لـه کەنارێکەوە بۆ خۆیان دەستیانکرد بە چپە و ڕاگۆڕینەوە، گەورەکەیان وتی: باشە، ئەی نەتانزانی کە بێگومان باوکتان بەڕاستی پەیمانێکی لێ وەرگرتوون و خواشـی کـردووە بـە شـایەت بـەسـەرتانـەوە، پێشـتریش ئاشـکرایە کـە چیتان کـرد بـە یوسـف و پیلانتـان گێـڕا دژی، ئـیتر مـن هەرگیز ئەم سەرزەمین و وڵاتە بەجێناهێڵم هەتـا بـاوکم مۆڵـەتم دەدات، یاخود خـوا فـەرمانێـك بـدات لـە قـازانجم بێـت، ئـەو زاتـەش چـاکترینی دادوەرانــە. بگــەڕێنــەوە بــۆ لای باوکتــان و پێــی بڵــێن: ئــەی بــاوکی بەڕێزمان، بێگومان کوڕەکەت دزیی کـرد و ئێمـە ئاگامـان لـێ نـەبووە، جگە لەوەی کە زانیومانە، ئێمە لە شـاراوە و نهێنییـەکـان شـارەزا نـین (نازانین ئـەو کـوڕە بـۆ وای کـرد). (حـەز دەکـەیـت، لـە خـەڵکی) ئـەو شارەش بپرسە کە ئێمەی لێ بووین، لەو کاروانـەش بپرسـە کـە ئێمـەی تێدا بووین و پێکـەوە هاتینـەوە، ئێمـە بـەدڵنیاییـەوە ڕاسـت دەڵـێین و ڕاستگۆشین. (یەعقوب) وتی: بەڵکو دیسانەوە خۆتـان پیلانێکـی ترتـان

ڕێکخستووه، جا چارم نییه خۆگرییەکی جوان نەبێت، ئومێده پەروەردگار هەموویانم بۆ بهێنێتەوه و بە هەموویان شاد ببم، بە ڕاستی ئەو زاتە زانا و دانایە).

دیقەت بدەن: ئێوه بڕۆنەوه بۆ لای باوکتان و **پێی بڵێن**: ئەی باوکی بەڕێزمان، بێگومان کوڕەکەت دزیی کردووه و ئێمه ئاگامان لێی نەبووه..... **یەعقوب وتی**: بەڵکو خۆتان پیلانی ترتان ڕێکخستووه......
لێرەدا سێ دیمەن هەیە، دیمەنی یەکەم لە میسردایە و برا گەورەکە بە براکانی دیکەی دەڵێت بچن بە باوکمان ئاوا بڵێن، دیمەنی سێهەم لە کەنعانە و وەڵامی یەعقوبی باوکیانە. لە نێوان ئەم دوو دیمەنەشدا دیمەنی دووەم هەیە: ڕۆیشتنەوەی براکان و بڕینی ڕێگای دوور و درێژی نێوان میسر و کەنعان و گەیاندنی پەیامەکە بە باوکیان، بەڵام دیمەنەکە بەسەر هەموو ئەمانەدا باز دەدات بەسەر "زەمان و مەکان"دا و، یەکسەر وەڵامی باوکەکە دەگوازێتەوه، بەمەش قسەکەی براکەیان دەبێتە کۆتایی دیمەنی یەکەم و سەرەتای دیمەنی سێهەم و بەڵگەی ئەوەشە کە براکان دەقاودەق قسەکانی برا گەورەکەیان گەیاندووه بە باوکیان بەبێ زیاد و کەم.

پێچەوانەی بازدان:

ئەنجا با دیقەتی دیمەنێکی دیکەی سوورەتەکە بدەین، کە پێچەوانەی ئەوەیە کە باسمانکرد لە بازدان بەسەر "شوێن ـ مەکان"دا،

ئەو کاتەی کە یوسف خۆی لە براکانی ئاشکرا دەکات و پاشان پێیان دەفەرموێت: برۆنەوە ئەم کراسەم بدەن بەسەر ڕووخساری باوکمدا و ئەویش چاوەکانی چاك دەبنەوە. بەپێی ئەو بنەمایەی کە لە دوو نموونەی پێشوودا کارمان لەسەر کرد، پێویستوایە کە دەقەکە بەمجۆرە بێت: "برۆنەوە کراسەکەم بدەن بەسەر ڕوخساری باوکمدا و ئەویش چاوەکانی چاك دەبنەوە، کاتێك کراسەکەیان دا بەسەر روخساریدا، چاوی یەعقوب چاك بوویەوە..."، واتە پێویستوایە باز بدرێت بەسەر "شوێن ـ مەکان"دا، بەڵام نا.... لێرەدا زۆر پێویستە ئەو نێوانە ـ لە گەڕانەوەی براکان بۆ لای باوکیان بە کراسەکەوە و وتووێژی نێوان باوك و خێزانەکە لە کەنعان و بۆنکردنی کراسەکە لە لایەن یەعقوبەوە ـ هەمووی باس بکرێت و باز نەدرێت بەسەریدا، لەبەر گرنگیی باسەکە.. جا با دیقەتی ئایەتەکان بدەین: ﴿ٱذۡهَبُواْ بِقَمِيصِي هَٰذَا فَأَلۡقُوهُ عَلَىٰ وَجۡهِ أَبِي يَأۡتِ بَصِيرٗا وَأۡتُونِي بِأَهۡلِكُمۡ أَجۡمَعِينَ ﴿٩٣﴾ وَلَمَّا فَصَلَتِ ٱلۡعِيرُ قَالَ أَبُوهُمۡ إِنِّي لَأَجِدُ رِيحَ يُوسُفَۖ لَوۡلَآ أَن تُفَنِّدُونِ ﴿٩٤﴾ قَالُواْ تَٱللَّهِ إِنَّكَ لَفِي ضَلَٰلِكَ ٱلۡقَدِيمِ ﴿٩٥﴾ فَلَمَّآ أَن جَآءَ ٱلۡبَشِيرُ أَلۡقَىٰهُ عَلَىٰ وَجۡهِهِۦ فَٱرۡتَدَّ بَصِيرٗاۖ قَالَ أَلَمۡ أَقُل لَّكُمۡ إِنِّيٓ أَعۡلَمُ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ﴿٩٦﴾﴾ (یوسف: ٩٣ـ ٩٦) واتە: (بڕۆن ئەم کراسەم بەرن و بیدەن بەسەر ڕووی باوکمدا، بینایی بۆ دەگەڕێتەوە و چاوی چاك دەبێتەوە، پاشان هەموو کەسوکارتانم بۆ بهێنن بە گشتی. کاتێك کاروان ئاوەدانی بەجێهێشت و کەوتە ڕێ، باوکیان وتی: بە

ڕاستی من هەست بە بۆنی یوسف دەکەم، ئەگەر بە بێهۆش و خەڵەفاوم نەزانن. ئەو کەسانەی کە لە لای بوون وتیان: سوێند بە خـوا، بێگومـان تۆ هەر لە ناو سەرگەردانی و خەیاڵە کۆنـەکـەی خۆتـدایت! پاشـان کـە مژدەهێنەرەکە گـەیشـت و کراسـەکـەی دا بـەسـەر دەموچـاویدا، خێـرا بینایی بۆ گەڕایەوە، چاوەکانی گەشایەوە، وتی: ئایا من پێمنەوتن، بـە ڕاستی ئەوەی من دەیزانم لە لایەن خواوە، ئێوە نایزانن؟!).

دیمەنی یەکەم لە میسرە، کە یوسف قسـە لەگـەڵ براکـانی دەکـات بـۆ ناردنەوەی کراسەکەی. دیمەنی سـێهەم لـە کەنعانـە، کـە یـەعقوب لـە نـاو خانەوادەکەیدا دانیشتووە و کوڕەکـانی دەگەڕێنـەوە بـۆ لای.. جـا ئەگـەر مەبەست لە کـورتبڕیی لـە چـیرۆکە قورئانییەکانـدا کەمکردنـەوەی وشـە و پیتەکان بوایە، دەبوایـە ـ وەك وتمـان ـ بـە یـەك دێـڕ کۆتـایی بـە باسـەکە بهاتایە، بەڵام ئامانجی چـیرۆکەکان ئـەوە نییـە، بـەڵکو خزمەتکردنـە بـەو مەبەستە سەرەکییانەی کە قورئانی لە پێناودا دابەزیوە... یەکێك لەوانە ـ لــەم باســەدا ـ ئەوەیــە کــە ئێمــە وادەزانــین یــەعقوب تووشــی بــەڵا و تاقیکردنــەوەی هاوشــێوەی پێغەمبــەرانی دیکــە نەبووەتــەوە و تــەنها تاقیکردنەوەی ئەو، ونبوونی کوڕەکەی بووە، بەڵام لەو وردەکارییـەی کـە باس لە نێوان قسەکەی یوسف و چاکبوونەوەی چـاوی یـەعقوب دەکـات، واتە دیمەنی دووەم، ئاماژەیەکی تێدایـە کـە یـەعقوب پێغەمبـەر (سـەلامی خوای لێبێت) وەك پێغەمبەرانی دیکە موبتـەلا بـووە بـە میلــلـەتەکەیەوە،

ئەوەتە پێی دەڵێن: (قَالُواْ تَاللَّهِ إِنَّكَ لَفِي ضَلَٰلِكَ ٱلْقَدِيمِ) بەڕاستی تۆ هێشتا هەر لە گومڕاییەکەی پێشووی خۆتدایت..

نموونـــەی چـــوارەم: چـیرۆکی سـولەیمان و شـاژنی سـەبەء لـە سـێ دیمەندا، دیمەنی یەکەم لە ناو کۆشکی سولەیماندا و ناردنی نامەیەك لـە شامەوە بۆ یەمەن بە باڵندەی "هودهود"دا، دیمەنی سێهەم: لە یەمـەن و لـە نـاو کۆشـکەکەی شـاژندا... لـە نێوانیشـیاندا دیمـەنی دووەم کـە باسنەکراوە.. دیقـەتی ئایەتـەکان بـدەن: ﴿قَالَ سَنَنظُرُ أَصَدَقْتَ أَمْ كُنتَ مِنَ ٱلْكَٰذِبِينَ ﴿٢٧﴾ ٱذْهَب بِّكِتَٰبِى هَٰذَا فَأَلْقِهْ إِلَيْهِمْ ثُمَّ تَوَلَّ عَنْهُمْ فَٱنظُرْ مَاذَا يَرْجِعُونَ ﴿٢٨﴾ قَالَتْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمَلَؤُا۟ إِنِّىٓ أُلْقِىَ إِلَىَّ كِتَٰبٌ كَرِيمٌ ﴿٢٩﴾ إِنَّهُۥ مِن سُلَيْمَٰنَ وَإِنَّهُۥ بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴿٣٠﴾﴾ (النمل: ٢٧ـ ٣٠) واتە: (سولەیمان وتی بە پەپوو: ئێمە لە مەودوا لەو گوفتارەی تۆ دەکۆڵینەوە، تا بزانین ڕاست دەکەیت یان لە ڕیزی درۆزنانیت. برۆ ئەم نامەیە ببەو بۆیان فڕێ بدە، پاشان خۆت حەشار بـدە و بزانـە دەڵـێن چـی و چ باسوخواسـێك دەکەن. (شاژن) وتی: ئەی ڕێزداران، بە ڕاستی من نامەیـەکی پـیرۆز و بەڕێزم بۆ دانراوە. نامەکە لە سولەیمانەوە و بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبانەوە (دەستپێدەکات)...

دیمەنی یەکەم: سولەیمان بە هودهود دەفەرموێت: ئـەم نووسـراوەی مـن ببـە و فڕێیبـدە بۆیـان... دیمـەنی سـێهەم: شـاژن بـە پیاوماقوڵان دەڵێـت: مـن نووسـراوێکم بـۆ هەڵـدراوە... ئـیتر دیمـەنی دووەم، واتـە دووریی نێوان شام و یەمەن بازی بەسەردا دراوە، کە مرۆڤی ئاسایی لەو سـەردەمەدا بـە چـەند مانگێـك ئـەو ماوەیـەی بڕیـوە.. بـەڵام سـەیری

بەستنەوەی دوو دیمەنەکە بکە لە ڕێی وشەکانیشەوە: (فَأَلْقِهْ إِلَيْهِمْ) (بۆیان فڕێ بدە) (بۆیان هەڵبدە)، شاژنیش دەڵێت (إِنِّيٓ أُلْقِيَ إِلَيَّ) (بۆمهەڵدراوە)...

بەڵام با لە شتێکی دیکە وردبینەوە لەم نموونەی چوارەمە، ئەویش قسەکانی هودهودە کاتێك باسی یەمەن و سەبەء دەکات، سولەیمان لێیدەپرسێت: بۆ دواکەوتوویت و لێرە ئامادە نەبوویت؟ ئەویش ـ پێویستوایە بڵێت لە فلان شوێن بووم و بەس ـ، بەڵام سەیر دەکەین هودهود درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێت ئەوان خۆر دەپەرستن و خوا ناپەرستن: ﴿ وَجَدتُّهَا وَقَوْمَهَا يَسْجُدُونَ لِلشَّمْسِ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَزَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ أَعْمَٰلَهُمْ فَصَدَّهُمْ عَنِ ٱلسَّبِيلِ فَهُمْ لَا يَهْتَدُونَ ﴿٢٤﴾ أَلَّا يَسْجُدُوا۟ لِلَّهِ ٱلَّذِى يُخْرِجُ ٱلْخَبْءَ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَيَعْلَمُ مَا تُخْفُونَ وَمَا تُعْلِنُونَ ﴿٢٥﴾ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ رَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْعَظِيمِ ﴿٢٦﴾ ﴾ (النمل: ٢٤ــ ٢٦) واتە: (بینیم کە خۆی و قەومەکەی، سوژدەیان بۆ خۆر دەبرد لەجیاتی خوا، شەیتان کار و کردەوەکانیانی شیرین و جوان کردبوو لە بەرچاویان، هەربۆیە بە هۆی ئەوە لە ڕێگا لایانداوە و هیدایەتیان وەرنەگرتووە. (شەیتان ڕێی لێگرتن) بۆ ئەوەی سوژدە نەبەن بۆ ئەو خوایەی کە نهێنی دەردەکێشێت لە ئاسمانەکان و زەویدا و دەزانێت ئێوە چی دەشارنەوە و چیش ئاشکرا دەکەن.. خوا ئەو زاتەیە کە جگە لەو خوایەکی تر نییە، خاوەنی تەختی مەزن و گەورەیە). سەیر بکەن! چی پێویست بەم

باسی عەقیدە و ئەوەی کە خوا دەزانێت چ ئاشکرا بکەن و بیشارنەوە و خوا خاوەنی عەرشی عەزیمە.. ئەم درێژکردنەوەی وەڵامەی هودهود بۆ باسکراوە؟

لەوەڵامدا دەڵێین: هۆکارەکەی دوو شتە:

یەکەم: وەڵامەکەی هودهود بۆ خزمەتکردنە بە مەبەستە سەرەکییەکەی هاتنی قورئانی پیرۆز کە بابەتی عەقیدە و یەکخواپەرستییە، کە باسکردنی ئەمە لە هەموو بۆنە و بابەتێکدا لە قورئاندا هاتووە و مەبەستی سەرەکیی دابەزینی ئەم کتێبە پیرۆزەیە..

دووەم: باسکردنی مەبەستەکانی قورئان، لە ڕێی زمانەوەیە، واتە زمانی قورئانی پیرۆز، کە یەکێك لە بوارەکانی ئیعجازی قورئانیش بابەتی ڕەوانبێژییە، دوو لە هونەرە ڕەوانبێژییەکانی قورئان بریتیین لە: کورتبڕی و درێژکردنەوە، لەم باسەی چیرۆکی سولەیمان و هودهوددا هەردوو هونەرەکە دەبینین: لێرەدا درێژکردنەوەی باسەکە هەیە لەبەر بابەتی عەقیدە، لە ناردنی نامەکەشدا کورتبڕیی هەیە لەبەر پێویستنەبوونی باسکردنی چۆنیەتی فڕینی هودهود و گەیشتنی بە یەمەن..

نموونەی پێنجەم: لێرەدا درێژە بە باسەکە نادەین و بە کورتی چەند نموونەیەك کە تیایاندا باز بەسەر ڕووداوەکاندا دراوە لە رووی کات و شوێن "زەمان و مەکان"، بەڵام لێکۆڵینەوە و شیکرنەوەی بەجێدەهێڵین بۆ خوێنەر...

لەوانە:

١ـ سولەیمان و گەیشتنی عەرشەکەی شاژن، ئەوکاتەی سولەیمان داوا لە ئامادەبووانی مەجلیسەکەی دەکات: کێ دەتوانێت عەرشەکەی شاژن لە یەمەنەوە بهێنێت بۆ ئێرە: ﴿ قَالَ ٱلَّذِى عِندَهُۥ عِلْمٌ مِّنَ ٱلْكِتَٰبِ أَنَا۠ ءَاتِيكَ بِهِۦ قَبْلَ أَن يَرْتَدَّ إِلَيْكَ طَرْفُكَ ۚ فَلَمَّا رَءَاهُ مُسْتَقِرًّا عِندَهُۥ ﴾ (النمل: ٤٠) واتە: (ئەو کەسەی کە زانست و زانیاری لە (نهێنییەکانی) کتێبی تەورات هەبوو، وتی: من بۆتی دەهێنم بە چاوتروکاندنێك. ئەوسا کتوپڕ سولەیمان بینی تەختی پاشایەتی لە لایدا دانراوە...)، کە لێرەدا زەمەن نەماوە لە نێوان قسەکەی زاناکە و گەیشتنی عەرشەکە لە یەمەنەوە بۆ شام.

٢ـ فەرمانکردن بە مووسا کە بە گۆچانەکەی لە بەردەکە بدا، ئەو کاتەی قەومی مووسا داوایان لە مووسا کرد ئاویان بۆ پەیدا بکات، ئەویش لە خوا پاڕایەوە و خوای گەورەش پێیفەرموو: ﴿ فَقُلْنَا ٱضْرِب بِّعَصَاكَ ٱلْحَجَرَ ۖ فَٱنفَجَرَتْ ﴾ (البقرة: ٦٠) واتە: (ئێمەش پێمانوت: بە گۆچانەکەت بدە بە (تاشە) بەردەکەدا. بەردەکە دوازدە کانی لێهەڵقوڵا)، ﴿ ٱضْرِب بِّعَصَاكَ ٱلْحَجَرَ ۖ فَٱنۢبَجَسَتْ ﴾ (الإعراف: ١٦٠)، واتە: (دارعەساکەت بماڵە بە بەردەکەدا، بەردەکە دوازدە کانی لێهەڵقوڵا)... نەمانی زەمەن لە نێوان لێدانی بەردەکە و تەقینەوەی ئاوەکەدا.

٣ـ نەمانی زەمەن لە نێوان نزای مووسا و وەڵامدانەوەی پەروەردگار بۆی، کە کۆچ بکەن لە میسر، کاتێك مووسا و قەومەکەی لە لایەن فیرعەونەوە زۆریان بۆ هات، لە خوا پاڕایەوە کە فریایان بکەوێت: ﴿ فَدَعَا رَبَّهُۥٓ أَنَّ هَٰٓؤُلَآءِ قَوۡمٞ مُّجۡرِمُونَ ﴿٢٢﴾ فَأَسۡرِ بِعِبَادِي لَيۡلًا إِنَّكُم مُّتَّبَعُونَ ﴿٢٣﴾ ﴾ (الدخان: ٢٢ـ ٢٣)، واتە: (هانا و هاواری بردووە بۆ پەروەردگاری: پەروەردگارا، بە ڕاستی ئەمانە کۆمەڵێکی تاوانبارن. شەوڕەویی بکە بە بەندەکانم و شار چۆڵ بکەن، بێگومان ئەوانە بە دواتاندا دێن). دیقەت بدەن، یەکسەر پاش نزاکەی مووسا، دەستبەجێ خوا پێی دەفەرموێت: شەوڕەویی بە بەندەکانم بکە...

٤ــ فەرموودەی پەروەردگار لە بارەی دروستکردنی ئادەم و دەستبەجێ سوژدەبردنی فریشتەکان بۆی: ﴿ فَإِذَا سَوَّيۡتُهُۥ وَنَفَخۡتُ فِيهِ مِن رُّوحِي فَقَعُواْ لَهُۥ سَٰجِدِينَ ﴿٢٩﴾ فَسَجَدَ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ كُلُّهُمۡ أَجۡمَعُونَ ﴿٣٠﴾ ﴾ (الحجر: ٢٩ـ ٣٠)، واتە: (جا کاتێك ڕێکوپێك و تەواوم کرد، لەو ڕۆحە تایبەتییەی کە من (بەدیهێنەری ئەوم)، پێمبەخشی، ئەوە هەمووتان کڕنووشی بۆ بەرن، پاشان فریشتەکان هەموویان بە گشتی کڕنووشی ڕێزیان برد)...

٥ــ فەرمانی نەمرود بە سووتاندنی ئیبراهیم و دەستبەجێ فەرمانکردنی پەروەردگار بە ساردبوونەوەی ئاگرەکە: ﴿ قَالُواْ حَرِّقُوهُ وَٱنصُرُوٓاْ ءَالِهَتَكُمۡ إِن كُنتُمۡ فَٰعِلِينَ ﴿٦٨﴾ قُلۡنَا يَٰنَارُ كُونِي بَرۡدٗا وَسَلَٰمًا عَلَىٰٓ

إِبْرَٰهِيمَ ﴿٦٩﴾ ﴾ (الانبياء: ٦٨ـ ٦٩)، واتە: (هەندێکیان وتیان: ئیبراهیم بسووتێنن و پشتیوانی لە خواکانتان بکەن، ئەگەر ئێوە شتێکتان بۆ دەکرێت. وتمان: ئەی ئاگر سارد و سەلامەت بە لەسەر ئیبراهیم)...

دووەم: بازدان بە تێپەڕاندنی "کات و زەمان":

لە یەکێك لە دیمەنەکانی دیکەی چیرۆکە قورئانییەکاندا، جۆرێکی دیکە دەبینین، ئەویش بازدانە بە رووداو بەسەر کات و زەمەندا. با نموونەکان وەربگرین:

نموونەی یەکەم: چیرۆکی خاتوو مەریەمی پاکیزە و سەروەرمان عیسا (سەلامی خوای لێبێت). دیقەت بفەرموون: ﴿ إِذْ قَالَتِ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ يَٰمَرْيَمُ إِنَّ ٱللَّهَ يُبَشِّرُكِ بِكَلِمَةٍ مِّنْهُ ٱسْمُهُ ٱلْمَسِيحُ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ وَجِيهًا فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ وَمِنَ ٱلْمُقَرَّبِينَ ﴿٤٥﴾ وَيُكَلِّمُ ٱلنَّاسَ فِى ٱلْمَهْدِ وَكَهْلًا وَمِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٤٦﴾ قَالَتْ رَبِّ أَنَّىٰ يَكُونُ لِى وَلَدٌ وَلَمْ يَمْسَسْنِى بَشَرٌ قَالَ كَذَٰلِكِ ٱللَّهُ يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ إِذَا قَضَىٰٓ أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿٤٧﴾ وَيُعَلِّمُهُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَٱلتَّوْرَىٰةَ وَٱلْإِنجِيلَ ﴿٤٨﴾ وَرَسُولًا إِلَىٰ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ أَنِّى قَدْ جِئْتُكُم بِـَٔايَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ أَنِّىٓ أَخْلُقُ لَكُم مِّنَ ٱلطِّينِ كَهَيْـَٔةِ ٱلطَّيْرِ فَأَنفُخُ فِيهِ فَيَكُونُ طَيْرًۢا بِإِذْنِ ٱللَّهِ وَأُبْرِئُ ٱلْأَكْمَهَ وَٱلْأَبْرَصَ وَأُحْىِ ٱلْمَوْتَىٰ بِإِذْنِ ٱللَّهِ وَأُنَبِّئُكُم بِمَا تَأْكُلُونَ وَمَا تَدَّخِرُونَ فِى بُيُوتِكُمْ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٤٩﴾ ﴾ (آل عمران تا کۆتایی ئایەتی ٥٢). کاتێك فریشتەکە بە مەریەمی وت: ئەی مەریەم بە ڕاستی خوا مژدەت دەداتێ:

به وشەیەکی خۆی کە ناوی (المسیح)ـە، عیسای کوڕی مەریـەمـە، کـە پیاوماقووڵ و پایەبەرزە لەم دنیادا، لە قیامەتیشدا لە دەستەی نزیکانە، جا عیسا لە بێشکەدا و بـە گـەورەیـیش قسـە دەکـات بـۆ خـەڵکـی، لـە پیاوچاکانیشە. ئەوسا مەریەم وتی: پەروەردگارا، جا چـۆن مـن منـداڵم دەبێت: خۆ کەس توخنم نەکەوتووە، (جوبرەئیل) فەرمـووی: ویسـت و فەرمانی خوا هەروایە و چی بوێت دروستی دەکات، هەر کاتێـك شـتێکی بوێت تەنها پێی بڵێ ببە، دەستبەجێ دەبێت. هـەروەهـا خـوای گـەورە فێری کتێب و نووسین و دانایی و تەورات و ئینجیلی دەکات. دەیکات بە پێغەمبەر بۆ لای نەوەی ئیسرائیل کە: بۆ لای ئێوە ڕەوانە کراوم، بەڵگە و نیشانەیەکیشم پێیە لە لایەن پەروەردگارتانەوە، (ئەویش ئەمەیە کە): من لە قوڕ شێوەی باڵنـدەتـان بـۆ دروسـت دەکـەم، ئینجـا فـووی پێـدا دەکەم، بە فەرمانی خوا یەکسەر، دەبێتە باڵندەیەکی زینـدوو و کـوێری زکمـاك و نـەخۆشـی بـەڵـەکیـی، چـاك دەکـەمـەوە بـە ویسـتی خـوا و مردووانیش زیندوو دەکەمەوە بە فەرمانی خوا و هەواڵی ئەو شتانەی کە دەیخۆن و هەڵی دەگرن لەماڵەکانتاندا پێتانڕادەگەیەنم، بـەڕاسـتی لـەو شتانەدا بەڵگە و نیشانە هەیە بۆتان ئەگەر ئیماندارن).

سەرەتای دیمەنەکە قسە و باسی فریشتەیە لەگەڵ خـاتوو مەریـەمی پاکیزە، کە خوا کـوڕێکی پێدەبەخشـێت و وەڵامـی مەریەمـە کـە چـۆن بەبێ هاوسـەر منـداڵی دەبێـت و پاشـان قسـەی فریشـتەکان لـە بـارەی کوڕەکەیەوە کـە چـۆن قسـە لەگـەڵ بـەنی ئیسـرائیل دەکـات و چـییان

پێدەڵێت و پاشان کتوپڕ باز بەسەر کات و زەمەندا دەدرێت کە زیاتر لە (٣٠ ساڵ) دەبێت لەو کاتەوەی کە فریشتەکان قسە لەگەڵ مەریەم دەکەن تا ئەوکاتەی عیسا (سەلامی خوای لێبێت) گەورە بووە و بووە بە پێغەمبەر و لەگەڵ بەنی ئیسرائیلدا وتووێژ دەکات... کتوپڕ خوێنەر دەخاتە ناوجەرگەی ململانێی عیسای سەروەرمان و بەنی ئیسرائیل...

نموونەی دووەم:

ئەم نموونەیان تایبەتە بە ژیانی سەروەرمان زەکەریا و یەحیا (سەلامی خوایان لێبێت). زەکەریا پیر بووە و هێشتا منداڵیان نەبووە، داوا لە خوا دەکات منداڵێکیان پێببەخشێت. دیقەتی دیمەنەکان بدەن لە ئایەتەکاندا: ﴿ قَالَ رَبِّ ٱجْعَل لِّيٓ ءَايَةٗۖ قَالَ ءَايَتُكَ أَلَّا تُكَلِّمَ ٱلنَّاسَ ثَلَٰثَ لَيَالٖ سَوِيّٗا ﴿١٠﴾ فَخَرَجَ عَلَىٰ قَوۡمِهِۦ مِنَ ٱلۡمِحۡرَابِ فَأَوۡحَىٰٓ إِلَيۡهِمۡ أَن سَبِّحُواْ بُكۡرَةٗ وَعَشِيّٗا ﴿١١﴾ يَٰيَحۡيَىٰ خُذِ ٱلۡكِتَٰبَ بِقُوَّةٖۖ وَءَاتَيۡنَٰهُ ٱلۡحُكۡمَ صَبِيّٗا ﴿١٢﴾ وَحَنَانٗا مِّن لَّدُنَّا وَزَكَوٰةٗۖ وَكَانَ تَقِيّٗا ﴿١٣﴾ وَبَرَّۢا بِوَٰلِدَيۡهِ وَلَمۡ يَكُن جَبَّارًا عَصِيّٗا ﴿١٤﴾ وَسَلَٰمٌ عَلَيۡهِ يَوۡمَ وُلِدَ وَيَوۡمَ يَمُوتُ وَيَوۡمَ يُبۡعَثُ حَيّٗا ﴿١٥﴾ ﴾ (مەریەم: ١٠ ـ ١٥)، واتە: (زەکەریا وتی: پەروەردگارا، نیشانەیەکم پێببەخشە تا دڵنیابم، کە ئەو مژدەیە هاتۆتە دی، خوای گەورە فەرمووی: نیشانە و بەڵگەت ئەوەیە (لەسەر بوونی ئەو کوڕە) کە تۆ ناتوانیت سێ شەوی تەواو (بە ڕۆژەکانیەوە) قسە لەگەڵ خەڵکیدا بکەیت. لە پەرستگاکەی هاتە دەرەوە بۆ ناو قەومەکەی و ئاماژەی بۆ کردن بەیانیان و ئێواران تەسبیحات و ستایش بکەن. ئەی

یەحیا کتێبی (تەورات) بە توونذی بگرە و پابەندی بە و هەر لە تەمەنی نەوجەوانیدا، توانای جیاکردنەوەی ڕاست و ناڕاستمان پێبەخشی، بە دادوەرێکی ڕێکوپێك کێشەی خەڵکەکەی چارەسەر دەکرد. یەحیا دڵ و دەروونێکی پڕ لە سۆزو خۆشەویستی و پاکوخاوێنی هەبوو کە لە لایەن خۆمانەوە پێمانبەخشیبوو و ئەو زۆر خواناس و پارێزکار بوو. هەروەها چاکڕەفتار و جوانڕەفتار بوو لەگەڵ باوك و دایکیدا، وەنەبێت ئەو کەسێکی دڵڕەق و یاخی و نالەبار بوو بێت. درووود و سەلامی خوای لێبێت لەو ڕۆژەدا کە لەدایك بوو و لەو ڕۆژەدا کە وەفات دەکات، لەو ڕۆژەشدا کە هەڵدەستێت و زیندوو دەبێتەوە).

دیقەت بفەرموون: زەکەریا لە میحراب دانیشتووە و لە خوا دەپاڕێتەوە کە منداڵێکی پێببەخشێت، پەروەردگار وەڵامی دەداتەوە و نیشانەی ئەو وەڵامدانەوەش لەزمانکەوتنی زەکەریایە بۆ ماوەی سێ شەو، کە زەکەریا لە میحرابەکە دێتە دەر (فخرج علی قومه من المحراب) دەستبەجێ لەزماندەکەوێت و بە ئاماژە بە قەومەکەی دەڵێت سوپاس و ستایشی خوا بکەن بەیانیان و ئێواران.. لێرەدا پێویستوایە درێژە بە ژیانی زەکەریا و منداڵبوونیان و لەدایکبوونی یەحیا و گەورەبوونی و بەپێغەمبەربوونی بکرێت جا بفەرموێت "ئەی یەحیا! ئەو کتێبە بگرە بە هێز و تواناوە"... بەڵام ئەوەی کە پێویست نەبێت ئەو زەمەنەی نێوان هاتنە دەرەوەی زەکەریایە لە میحراب تا گەورەبوونی یەحیا، کە چەندین ساڵ نێوانیانە. بەڵام بازدانەکە لێرەدایە، کە دەستبەجێ یەحیا

بووه بە پێغەمبەر و خوا بانگی دەکات بۆ وەرگرتنی پەیامەکەی، بەوەش خوێنەر کە خەریکی خوێندنەوەی باسی زەکەریایە، کتوپڕ خۆی دەبینێتەوە لە بەردەم یەحیایەکی گەورە و پێگەیشتوو، کە بانگدەکرێت بۆ وەرگرتنی پەیام.

جا ـ وەك دەڵێن قسە قسە دەهێنێت ـ بەڕاستی ئەم چەند ئایەتە کەمە، هێندە پڕ واتا و ئاماژەی جۆربەجۆرن، کە مرۆڤ دەستەوسان دەکات لە بەردەم قورئاندا و ناچارمان دەکات ئاماژە بە چەند خاڵێکی بدەین، لەوانە:

١ـ نزاکردنی زەکەریا لە میحرابەکە و وەڵامدانەوەی خوایی بۆ نزاکەی و دانانی نیشانە بۆی، کە "لەزمانکەوتنیەتی"، دەستبەجێ، بەڵێ زۆر بە خێرایی، روودەدات، ئەوەتا زەکەریا هەر لە میحرابەکە دێتە دەر، یەکسەر لەزمان دەکەوێت، وەك بڵێی لە ئان و ساتدا خوا نزاکەی لێوەرگرت و بەبێ تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر بەسەریدا. خوێنەر هێشتا کاریگەریی ئەو وتووێژەی لەسەرە کە تازە بە تازە لە میحرابەکەدا کۆتایی هاتووە، وە زەکەریا دێتە دەرەوە، دەبینێت قەومەکەی هاتوون بۆ ئەوەی نوێژیان بۆ بکات، ئەویش بە ئاماژە پێیان دەڵێت و بە ئاماژە قسەیان لەگەڵدا دەکات، دیسانەوە کتوپڕ "بانگەوازێك" دەبیستین کە نازانین سەرچاوەکەی کوێیە و بانگی "یەحیا" دەکات و پێی دەفەرموێت: ﴿ يَٰيَحۡيَىٰ خُذِ ٱلۡكِتَٰبَ بِقُوَّةٖۖ وَءَاتَيۡنَٰهُ ٱلۡحُكۡمَ صَبِيّٗا ﴾، (ئەی یەحیا! ئەو کتێبە بە هێز و تواناوە بگرە...)، تا بۆمان

دەربکەوێت کە ئەمە، ئەو یەحیایەیە کە کەمێك پێش ئێستا مژدەی **هاتنە** دونیای درا بە زەکەریا، جا یەکەمجار خوێنەر وادەزانێت ئەم بانگکردنەش تەواوکەری وتووێژەکەی پێشتری پەروەردگارە لەگەڵ زەکەریا، بەڵام دەردەکەوێت کە ئەو وتووێژە کۆتایی پێهاتووە و ئەمە دیمەنێکی تازەیە کە چەندین ساڵ بە سەریدا تێپەڕیوە..

٢ـ ئەگەر بەراوردێك بکەین لە نێوان چیرۆکی یوسف و مووسا و یەحیادا (سەلامی خوایان لێبێت) لە بابەتی "گەورەبوون و پێگەیشتن و بوون بە پێغەمبەرییەوە"، دەبینین لە چیرۆکی یوسفدا خوای گەورە ئاماژە بە پێگەیشتنی یوسف دەکات کە دەفەرموێت: ﴿ وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُۥٓ ءَاتَيْنَٰهُ حُكْمًا وَعِلْمًا ﴾ (یوسف: ٢٢)، واتە: (کاتێك یوسف پێگەیشت و بەتوانا بوو، حوکم و زانستمان پێبەخشی). لە چیرۆکی مووساشدا دەفەرموێت: ﴿ وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُۥ وَٱسْتَوَىٰٓ ءَاتَيْنَٰهُ حُكْمًا وَعِلْمًا ﴾ (القصص: ١٤)، بەهەمانشێوە، بەڵام بۆ لە باسی یەحیادا ئەمە بوونی نییە و یەکسەر بازدانەکە بۆ سەردەمی پێغەمبەرایەتییەکەیەتی؟ لە وەڵامدا دەڵێین **لەبەر پێویستیی باسەکەیە**، لە باسی یوسفدا پێویست بەوە دەکات ئاماژە بەوە بکرێت کە گەورەبووە و پێگەیشتووە و گەیشتووەتە پلەی "پیاوی کامڵ"، لەبەر ئەوەی لە دوای ئەوە باسی ئەوەیە کە ژنەکەی عەزیزی میسر حەزی لێدەکات، دەی ئەگەر گەورە نەبووبێت و پێنەگەیشتبێت و نەبووبێتە پیاوێکی کامڵ، ژنەکەی عەزیز

حەز لە منداڵێکی بچووك ناکات وەك ئەوکاتەی کە کڕییان و کردیانە خزمەتکارێکی ماڵەکەیان...

لە باسی مووساشدا (سەلامی خوای لێبێت)، پێویستە باس لەوە بکرێت کە مووسا پێگەیشتووە و بووەتە پیاوێکی کامڵ، لەبەر ئەوەی لە دواتردا باسی ئەوە دەکرێت کە پیاوێك بە "مشتەکۆڵە" و پیاکێشانێك دەکوژێت، دەی ئەگەر نەبووبێتە پیاوێکی تەواوەتیی، ناتوانێت مرۆڤێکی دیکە بکوژێت بە یەك پێداکێشان...

بەڵام، یەحیا وانییە، وەك بڵێی ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە خوای گەورە دەستبەجێ نزاکەی زەکەریای باوکی گیرا کردووە و چاوی پێغەمبەرەکەی ڕۆشنکردووەتەوە بە بەخشینی نەوەیەك پێی، وە بە خێراییش گەیاندوویەتییە پلەی پێغەمبەرایەتی...

خوایە ! چاوی ئەو کەسانە ڕۆشن بکەرەوە کە وەك زەکەریا هێشتا چاوەڕێی بەخشینی مژدەیەکی خۆشن لە ئاسمانەوە...

بەشی سێهەم
جۆرەکانی بازدان بە رووداو

لەم بەشەدا، باسی چەند هۆکار و ئامانجێك دەکەین کە بە هۆیانەوە و لەبەر ئەو ئامانجانە، باز بە رووداو دەدرێت، یان دیمەنی چیرۆکەکان دەگوازرێنەوە و دیمەنی ناوەڕاست باسناکرێت، لەوانە:

١ـ گواستنەوەی رووداو و بازدان پێی، لە جیهانی بینراو "عالەمی شەهادە" بۆ جیهانی نادیار "عالەمی غەیب"، وە لە بەڵا و ناڕەحەتییەوە بۆ پاداشت.. بۆ نموونە: چیرۆکی حەبیبی دارتاش لە سوورەتی (یس). لە سەردەمی عیسادا (سەلامی خوای لێبێت) سێ نێردراو دەنێردرێن بۆ شارۆچکەیەك بۆ بانگکردنیان بۆ لای خواناسی، لەوێ کەس باوەڕیان پێناکات، تەنها کەسێکی دارتاش نەبێت، کە بەپێی گێڕانەوەکان ناوی حەبیبە. ئەو بە ئاشکرا بە قەومەکەی دەڵێت من باوەڕم بە خوا هێناوە، ئەوانیش بەردبارانی دەکەن و شەهیدی دەکەن. دواتر خوای گەورە دیمەنی ژیانی دواڕۆژی ئەو پیاوەمان نیشان دەدات کە چۆن پێشوازیی لێدەکرێت بۆ بەهەشت. دیقەت بفەرموون: ﴿ إِنِّيٓ ءَامَنتُ بِرَبِّكُمۡ فَٱسۡمَعُونِ ٢٥ قِيلَ ٱدۡخُلِ ٱلۡجَنَّةَۖ قَالَ يَٰلَيۡتَ قَوۡمِي يَعۡلَمُونَ ٢٦ ﴾ (یس: ٢٥ـ ٢٦) واتە: (بەڕاستی من بڕیارمداوە کە ئیمان بە پەروەردگارتان بهێنم، با چاك گوێتان لێبێت. پێیوترا: فەرموو بۆ ناو بەهەشت، لەوێشەوە هەر

دڵسۆزانە وتوویەتی: خۆزگە قەومەکەم بیانزانیایە سەرئەنجامی ئیمان چۆنە و کەوتوومەتە چ ناز و نیعمەتێکەوە)، سەرەتای ئایەتەکە قسەیەکە کە حەبیب لە دونیادا و لە ناو قەومەکەیدایە و دەڵێت کە ئەو باوەڕی بە پەروەردگار هێناوە، قەومەکەیشی بەردبارانی دەکەن، بە دوایدا وتووێژێك دێت کە لە جیهانی غەیبدا روودەدات، لە نێوان ئەو دوو دیمەنەدا هیچ وشەیەك نییە کە باس لە گواستنەوەی رووداوەکە بکات لەم جیهانەوە بۆ ئەو جیهان. حەبیب ڕووی قسەی لە نێردراوەکانی عیسایە و دەڵێت: من باوەڕم بە پەروەردگاری ئێوە هێناوە، خوێنەر لێرەدا چاوەڕێی وەڵام دەکات لەو نێردراوانە، بەڵام کتوپڕ وەڵام لە جیهانێکی دیکەی نادیارەوە دێت کە مژدە دەدات بەو پیاوە کە دەچێتە بەهەشتەوە و نازانین قسەکەرەکەش کێیە.. هەروەها لە دوودڵیدان ئایا بە ڕاست کابرا چووبێتە بەهەشتەوە، بەڵام وەڵامی پیاوەکە خۆی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو بەڕاستی چووەتە بەهەشتەوە و ئەو نازونیعمەتەی بینیوە کە وادەی دراوە بە ئیمانداران، لەبەرئەوە وەڵامەکەی ئەوەیە: خۆزگە قەومەکەم بیانزانییایە!! ئا لێرەوە دەردەکەوێت کە پیاوەکە پاش کوژرانی و خستنیە گۆڕەوە و لێخۆشبوونی پەروەردگاری جا چووەتە بەهەشت، بەڵام ئەمانە هیچی باس نەکراون و ڕاستەوخۆ دیمەنەکە گواستراوەتەوە بۆ جیهانی غەیب، لەبەر یەك شت: تا دەرکەوێت کە ڕەحمەت و سۆزی پەروەردگار نزیکە لە چاکەکارانەوە و دەستبەجێ و خێرا ئامادەگی هەیە و ئەم پیاوەش

پاداشـتی خـۆی وەرگرتـووە و بـا مرۆڤـەكانی دیكـەش نەترسـن لـە ڕاگەیاندنی باوەڕی خۆیاندا...

٢ـ جـۆرێكی دیكـەی بـازدان بـە ڕووداو لـە بـواری نـزا و پاڕانـەوەدا ڕوودەدات، وەك ئاماژەدان بە خێرایی وەڵامدانەوەی نزای بەندەكان:

كاتێك مووسا (سـەلامی خـوای لێبێـت) دەپاڕێتـەوە و دەفـەرموێت: ﴿ فَدَعَا رَبَّهُۥٓ أَنَّ هَٰٓؤُلَآءِ قَوۡمٞ مُّجۡرِمُونَ ﴿٢٢﴾ فَأَسۡرِ بِعِبَادِي لَيۡلًا إِنَّكُم مُّتَّبَعُونَ ﴿٢٣﴾ ﴾ (الدخان: ٢٢ـ ٢٣) واتە: (كاتێك مووسا نزا دەكات هەرئەوەندە دەڵێـت: خوایە ! ئەمانە هۆزێكی تاوانكارن، واتە بەشێكی نزاكە هاتووە و نزاكەی تـەواو نـەكردووە، لەبـەر ئـەوەی دیـارە ناكرێـت ئـەم ڕسـتە هەواڵییـە "جوملـە خەبەرییـە" بـەس بێـت بـۆ داواكردنـی شـتێك، واتـە ڕسـتەكە وایلێدێت: خوایە ! ئەمانە هۆزێكی تاوانكـارن..... ئـەمجا چـی؟، نزاكـە چـییە؟ دەبێـت نزایـەك هـەبێت كـە لەسـەر بنـەمای ئـەم سـكالایە داڕێژرابێت، بەڵام لە سیاقی چـیرۆكەكەدا نزاكـەی مووسـا بـوونی نییـە، ئەمەش بۆ ئەوەی بەڵگە بێت لەسەر زانست و ئاگاداریی پەروەردگار بەو نزایـە و خێـرا وەڵامدانەوەیشـی. وەك بڵێـی خـوای گـەورە قسـەكەی پێبڕیوە، وەك چۆن ئێمە جاری وا هەیە لە كـاتی قسـەكردنی كەسێكدا قسـەكەی پێـدەبڕین و یەكسـەر مـژدە خۆشـەكە ڕادەگەیـەنین، پەروەردگاریش ـ ولله المثل الأعلى ـ قسەكەی مووسا دەبڕێت و یەكسەر مـژدەی پێـدەدات بـە مۆڵەتـدان بـە دەرچـوونی خـۆی و لەناوچـوونی فیرعەون...

٣ــ جـۆرێکی دیکـەی بـازدان بـە ڕووداو، لـەڕێی هاتنـە نـاوەوەی کەسێکی دیکە بۆ نـاو چـیرۆکەکە دەبێـت... بـا سـەیری ئـەم نموونەیـە بکەین:

لە بەسـەرهاتی یوسـفدا، کاتێـك براکـانی کۆدەبنـەوە کـە پـیلان بـۆ لەناوبردنی یوسف بکێشن، وە لە ئەنجامدا ڕێکدەکەون لەسەر کوشـتنی و دواتر دەیگۆڕن بۆ خستنە بیرەوە، ئەم دیمەنە تەواو دەبێت، یەکسەر قسەی براکان بە دوایدا دێـت لەگـەڵ باوکیانـدا: ﴿ إِذۡ قَالُواْ لَيُوسُفُ وَأَخُوهُ أَحَبُّ إِلَىٰٓ أَبِينَا مِنَّا وَنَحۡنُ عُصۡبَةٌ إِنَّ أَبَانَا لَفِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٍ ٨ ٱقۡتُلُواْ يُوسُفَ أَوِ ٱطۡرَحُوهُ أَرۡضٗا يَخۡلُ لَكُمۡ وَجۡهُ أَبِيكُمۡ وَتَكُونُواْ مِنۢ بَعۡدِهِۦ قَوۡمٗا صَٰلِحِينَ ٩ قَالَ قَآئِلٞ مِّنۡهُمۡ لَا تَقۡتُلُواْ يُوسُفَ وَأَلۡقُوهُ فِي غَيَٰبَتِ ٱلۡجُبِّ يَلۡتَقِطۡهُ بَعۡضُ ٱلسَّيَّارَةِ إِن كُنتُمۡ فَٰعِلِينَ ١٠ قَالُواْ يَٰٓأَبَانَا مَا لَكَ لَا تَأۡمَ۫نَّا عَلَىٰ يُوسُفَ وَإِنَّا لَهُۥ لَنَٰصِحُونَ ١١ أَرۡسِلۡهُ مَعَنَا غَدٗا يَرۡتَعۡ وَيَلۡعَبۡ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ١٢ ﴾ (یوسـف: ٨ــ ١٢) واتـە: (کاتێـك براکـانی یوسف وتیان: بەڕاسـتی یوسـف و براکـەی (بنیـامین) لای باوکمـان، لـە ئێمە نازدار و خۆشەویستترن، لەکاتێکدا ئێمە کۆمەڵێکی بـەهێـزین، بـە ڕاستی باوکمان لە سەرلێشێواویەکـی ئاشـکرادایە. یوسـف بکـوژن، یـان فڕێی بدەنە شوێن و زەویەکی دوور، ئـەوکاتـە ڕووی باوکتـان یـەکلایـی دەبێتەوە بۆ ئێوە و خۆشەویستیەکەی هەمووی بۆ ئێوە دەبێت، ئینجا دوای نەمانی یوسف دەبنە پیاوێکی پێر و نەوەیەکی چاك و ڕێکوپێك. یەکێك لـە براکانی وتی: یوسف مەکوژن، بەڵکو بیخەنە ناو بیرێکی قووڵەوە، دوایی

کاروان دێت و دەیدۆزنەوە و دەیبەن، ئـەگـەر بڕیـار بێـت هـەر شـتێکی لێبکەن. وتیان: ئـەی باوکـە ئـەوە چـیتە لـە ئێمـە دڵنیانیـت لـەبارەی یوسفەوە، بەڕاستی ئێمە زۆر دڵسۆزی ئـەویـن و زۆر خۆشمـان دەوێـت. بەیانی بینێـرە لـەگـەڵمـان بـا بـای بـاڵی بـدات، گـەمـە و یـاری بکـات و بێگومان زۆر پارێزگاری لێدەکەین و ئاگامان لێی دەبێت).

ئەمە یان یەك دیمەنە، یان دوو دیمەن، لەبەرئـەوەی دەبێـت مـاوە و نێوانێك هەبێت لە نێوان وتووێژی خۆیان و پیلانگێڕییەکەیاندا لـە لایـەك و لەگەڵ وتووێژی خۆیان لەگەڵ باوکیاندا، بۆ ئەوەی ڕێگە بدات یوسـف بێــت لەگەڵیانــدا بــۆ یــاریکردن و گەشــت... لەبەرئــەوەی ناگونجێــت لەبەردەم باوکیاندا دانیشتبن و خــەریکی پیلانگێڕیـی بـووبن.. بـەڵام بـا بپرسین یەعقوب لە کوێ بوو لەو کاتەدا؟.. ئەگەر دیمەنەکە یەك دیمەن بێـت، ئـەوا ئـەوان خــەریکی دارشـتنی پـیلان بـوون و باوکیشـیان دێتـە ژوورەوە و ئــەوانیش ڕاســتەوخۆ دەڵــێن باوکــە بــۆ یوســفمان لەگــەڵ نانێریت... یـاخود ئـەوان لـە شـوێنێکی دوورتـر پیلانەکـەیان گێـڕاوە و پاشان هاتوونەتەوە بۆ لای باوکیان و پێیانوتووە کـە یوسـفمان لەگـەڵ بنێرە... واتە دیمەنەکە لە دوو شوێنی جیاواز ڕوویداوە، بەڵام چۆن ئەم دوو دیمەنە بە یەکەوە بەسـتراونەتەوە لـە گێڕانـەوەی چـیرۆکەکەدا بـە بێئەوەی پچڕان روویدات تیایدا؟ ئەمە تەنها بە دانـانی وشـەی "قـالوا" هاتووەتە دی، کە لەناوبڕی قسەکانیاندا هاتووە و دەلالەتە لەسـەر ئـەو

گۆڕانکاریی و بازدان و گواستنەوەیە، بە هاتنەژوورەوەی یەعقوب بۆ ناو باسەکە...

٤ـ جۆرێکی دیکە لەڕێی وتووێژێکی ئاشکرا و کتوپڕ قسەیەکی نهێنی و پاشان گەڕانەوە بۆ ئاشکراکە، ڕوودەدات.. با سەیری ئەم نموونەیە بکەین: جادووبازەکانی میسر کاتێك کۆدەبنەوە بۆ ڕکابەریی مووسا:

﴿ فَتَنَٰزَعُوٓاْ أَمۡرَهُم بَيۡنَهُمۡ وَأَسَرُّواْ ٱلنَّجۡوَىٰ ﴿٦٢﴾ قَالُوٓاْ إِنۡ هَٰذَٰنِ لَسَٰحِرَٰنِ يُرِيدَانِ أَن يُخۡرِجَاكُم مِّنۡ أَرۡضِكُم بِسِحۡرِهِمَا وَيَذۡهَبَا بِطَرِيقَتِكُمُ ٱلۡمُثۡلَىٰ ﴿٦٣﴾ ﴾ (طـه: ٦٢ــ ٦٣)

واتە: (جادووگەران دوای سرتە و خورتە و تەگبیر و ڕاوێژ، وتیان: شك نییە ئەو دوو نەفەرە جادووگەرن. دەیانەوێت بە جادووی خۆیان ئێوە لەسەرزەمینی خۆتان دەرکەن و ئایین و مەزهەب و ڕێ و ڕەسمی چاکتری ئێوە، پوچەڵ بکەن و لەبەینبەرن).

ئەو جادووبازانە کەوتنە باسوخواس لە ناو خۆیاندا و بە نهێنیی چرپەچرپیان دەستپێکرد، وتیان: بە ڕاستی ئەم دووانە: مووسا و هاروون، دوو جادووبازن....

دیقەت بفەرموون: دیمەن یەك دیمەنە، ڕۆژی کۆبوونەوەی جادووبازەکان و وەستانیان بەرانبەر بە مووسا (سەلامی خوای لێبێت) کە پێیوتن: ئامان بۆتان، درۆ هەڵمەبەستن بەرانبەر بە خوا با سزاتان نەدا، ئەم قسانە کاری تێکردن، ناکۆکیی کەوتە نێوانیان، (وأسرّوا النجوی) بە نهێنی کەوتنە چپەچپ تا مووسا بە ناکۆکییەکەیان نەزانێت، گەورەکانیان توانیان ناکۆکییەکەیان نەهێڵن و یەکیان بخەنەوە بەوەی

ترسـاندنیان ئەگـەر مووسـا سـەرکەوتوو بێـت، ئـەوا ئـەوان بازاڕیـان نامێنێـت.. لـە ترسـی ئـەوە یەککەوتنـەوە و قسـەیان کـرد بـە یـەك و ڕوویانکردەوە مووسا و وتیان: ئەی مووسا! یان تۆ دەستپێبکە، یان با ئێمـە سـەرەتا دەسـتپێبکەین، ئـەویش فـەرمووی: بـەڵکو ئێـوە دەسـتپێبکەن... دەبیـنین سـەرەتای دیمەنەکـە بـە گێڕانـەوە (سـەرد) وەسفی ناکۆکییەکەمان بۆ دەکـات و ڕوونـی دەکاتـەوە کـە وتووێـژێکی لاوەکـی و نهـێنی ڕوویـداوە کـە مووسـا گـوێی لێنـەبووە، بـەڵام ئێمـەی خوێنـەر و وەرگـر گوێمـان لێبـووە و بۆمـان گێڕدراوەتـەوە. کـاتێکیش چرپەچـرپەکە تـەواو دەبێـت، سـیاقەکە باسـی ناکـات و تـەنها وشـەی "قالوا" دەهێنێت، کە بەوەدا دەزانین جادووبازەکان ڕوویانکردووەتەوە مووسا و ئەوەی بە نهێنی لەسەری ڕێککەوتبوون، بە مووسایان وت کـە دەستبکەن بەڕکابەرییەکە.

هەمان دیمەنی وتووێژی نهێنی لە ناو وتووێژێکی ئاشکرادا، لە چیرۆکی ئیبراهیمیشدا (سەلامی خوای لێبێت) دەبینین، ئەوکاتەی کە لە گەرمەی قسەکردندایە لەگەڵ باوکی و قەومەکەیدا لە بارەی بتەکانەوە، کتوپڕ وتووێژێکی نهێنی دێتە ناو بابەتەکەوە، کە قسەیەکی ئیبراهیمە، کە سوێند دەخوات دەبێت بتەکانتان پارچە پارچە بکەم، پاشان درێژە بە چیرۆکەکە دەدرێت... ئەم چیرۆکە چەند جارێك ئەو بازدانەی تێدا دەبینین، با سەرەتا سەیری ئایەتەکان بکەین: ﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَآ إِبْرَٰهِيمَ رُشْدَهُۥ مِن قَبْلُ وَكُنَّا بِهِۦ عَٰلِمِينَ ﴿٥١﴾ إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِۦ مَا هَٰذِهِ ٱلتَّمَاثِيلُ ٱلَّتِىٓ أَنتُمْ لَهَا عَٰكِفُونَ

﴿٥٢﴾ قَالُوا وَجَدْنَا آبَاءَنَا لَهَا عَابِدِينَ ﴿٥٣﴾ قَالَ لَقَدْ كُنتُمْ أَنتُمْ وَآبَاؤُكُمْ فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ
﴿٥٤﴾ قَالُوا أَجِئْتَنَا بِالْحَقِّ أَمْ أَنتَ مِنَ اللَّاعِبِينَ ﴿٥٥﴾ قَالَ بَل رَّبُّكُمْ رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ الَّذِي
فَطَرَهُنَّ وَأَنَا عَلَىٰ ذَٰلِكُم مِّنَ الشَّاهِدِينَ ﴿٥٦﴾ وَتَاللَّهِ لَأَكِيدَنَّ أَصْنَامَكُم بَعْدَ أَن تُوَلُّوا
مُدْبِرِينَ ﴿٥٧﴾ فَجَعَلَهُمْ جُذَاذًا إِلَّا كَبِيرًا لَّهُمْ لَعَلَّهُمْ إِلَيْهِ يَرْجِعُونَ ﴿٥٨﴾ قَالُوا مَن فَعَلَ
هَٰذَا بِآلِهَتِنَا إِنَّهُ لَمِنَ الظَّالِمِينَ ﴿٥٩﴾ قَالُوا سَمِعْنَا فَتًى يَذْكُرُهُمْ يُقَالُ لَهُ إِبْرَاهِيمُ ﴿٦٠﴾ قَالُوا
فَأْتُوا بِهِ عَلَىٰ أَعْيُنِ النَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَشْهَدُونَ ﴿٦١﴾ قَالُوا أَأَنتَ فَعَلْتَ هَٰذَا بِآلِهَتِنَا يَا إِبْرَاهِيمُ
﴿٦٢﴾ قَالَ بَلْ فَعَلَهُ كَبِيرُهُمْ هَٰذَا فَاسْأَلُوهُمْ إِن كَانُوا يَنطِقُونَ ﴿٦٣﴾ فَرَجَعُوا إِلَىٰ
أَنفُسِهِمْ فَقَالُوا إِنَّكُمْ أَنتُمُ الظَّالِمُونَ ﴿٦٤﴾ ثُمَّ نُكِسُوا عَلَىٰ رُءُوسِهِمْ لَقَدْ عَلِمْتَ مَا هَٰؤُلَاءِ
يَنطِقُونَ ﴿٦٥﴾ قَالَ أَفَتَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَنفَعُكُمْ شَيْئًا وَلَا يَضُرُّكُمْ
﴿٦٦﴾ أُفٍّ لَّكُمْ وَلِمَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿٦٧﴾ قَالُوا حَرِّقُوهُ وَانصُرُوا
آلِهَتَكُمْ إِن كُنتُمْ فَاعِلِينَ ﴿٦٨﴾ قُلْنَا يَا نَارُ كُونِي بَرْدًا وَسَلَامًا عَلَىٰ إِبْرَاهِيمَ ﴿٦٩﴾ ﴾
(الانبياء: ٥١ ـ ٦٩) سەرەتا با مانای ئایەتەکان بکەین:

واتە: (بە ڕاستی ئێمە ژیری و هۆشمەندیمان پێشتر بە ئیبراهیم بەخشی، ئێمە چاك ئەومان دەناسی. کاتێك بە باوك و قەومەکەی دەوت: ئەم بتانە چین ئێوە هەمیشە بە دەوریدا دێن و دەیانپەرستن!. لە وەڵامدا وتیان: ئێمە باووباپیرانمان بینیوە ئەمانەیان پەرستووە. ئیبراهیم وتی: بە ڕاستی ئێوە و باووباپیرانی ئێوە لە گومڕاییەکی ئاشکرادا بوون. خەڵکەکە وتیان: بە ڕاست، تۆ حەقیقەتت بۆ ئێمە هێناوە، یان گاڵتە دەکەیت؟! ئیبراهیم وتی: بەڵکو دەمەوێت تێتانبگەیەنم کە پەروەردگارتان پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوییە و

بەدیهێناون و من لەسەر ئەو بیروباوەڕە لـە شـایەت و ئاگاكـانم. پاشـان ئیبراهیم سوێندی خوارد و وتی: بە خوا نەخشـەیـەك دەكێشـم و داوێـك دەنێمەوە بۆ بتەكانتـان دوای ئـەوەی ئێـوە بـەجێتانهێشـتن و پشـتتان هەڵكرد. پاشان هەمووی وردوخاش كرد جگە لە گەورەكەیان، بەڵكو كە گـەڕانــەوە (پرسـیار بكـەن) و ئیـبراهیم ڕاسـتیان بـۆ ڕوونبكاتــەوە. بتپەرستان وتیان: ئەوەی ئەمەی كردووە بە خواكانمان، بـەڕاسـتی لـە ستەمكارانە!! هەندێكیان وتیان: بیسـتومانە لاوێـك بـە خراپـە باسـیان دەكات، پێی دەڵـێن ئیـبراهیم. وتیـان: كـەوابـوو بیهێـنن بـە بـەرچـاوی خەڵكەوە با ئەوانیش ئاگادار بن و ببیینن. وتیان باشـە، ئـەی ئیـبراهیم ئایا تۆ ئەمەت كردووە بە خواكانمان؟! ئیبراهیم وتـی: نەخێر هەر كاری ئەو بتە زلەیە، دە لێیانـبـپـرسن ئەگەر قسە دەكەن و تێـدەگـەن!! لـە دڵی خۆیاندا لێكیاندایەوە، سەرەنجام وتیان بە خۆیان: بەڕاسـتی ئێـوە هـەمیشـە سـتەمكـارن. پاشـان بـە سـەرشـۆڕیی پاشـگەز كرانـەوە بـۆ بیروباوەڕە كۆنەكەیان: بێگومان تۆ زانیوتـە كـە ئـەوانـە قسـە ناكـەن و تێناگەن!. ئیبراهیم وتی: باشە، ئاخر چۆن شتێك دەپەرسـتن لـەجیاتی خوا، كە ناتوانێت هیچ جۆرە قازانج، یان زیانێكتان پێبگەیەنێـت، ئـۆف لەدەستان و لەو شتانەش كە لە جیاتی خوا دەیپەرستن، جا ئایا ئـەوە تێناگەن و بیر و هۆشتان ناخەنـە كـار؟! هـەنـدێكیان وتیـان: ئیـبراهیم بسووتێنن و پشتیوانی لە خواكانتان بكەن، ئـەگـەر ئێـوە شـتێكتان بـۆ دەكرێت. وتمان: ئەی ئاگر سارد و سەلامەت بە لەسەر ئیبراهیم).

ئەنجا سەیری ئەم خاڵانەی خوارەوە بکە:

١ـ ﴿ وَتَٱللَّهِ لَأَكِيدَنَّ أَصۡنَٰمَكُم بَعۡدَ أَن تُوَلُّواْ مُدۡبِرِينَ ﴾ واتە: (بە خوا نەخشەیەك دەكێشم و داوێك دەنێمەوە بۆ بتەكانتان، دوای ئەوەی ئێوە بەجێتانهێشتن و پشتتان هەڵكرد). بازدان بەسەر ئەوەدا و ئاماژەنەدان بەوەی ئیبراهیم ئەم قسەیەی بە نهێنی و لە دڵی خۆیدا وتووە، لەبەرئەوەی ناچێتە عەقڵەوە ئیبراهیم ئەم قسەیەی بە ئاشكرا وتبێت لەبەردەم قەومەكەیدا، كە قسەكە هەڕەشەیە بۆ سەر بتەكان، بەڵام ئەوان بەبێ خەم و بەبێ بەهەندوەرگرتنی هەڕەشەكە، بڕۆن بۆ گەشت و سەیرانی خۆیان.

٢ـــ ﴿ فَجَعَلَهُمۡ جُذَٰذًا إِلَّا كَبِيرًا لَّهُمۡ لَعَلَّهُمۡ إِلَيۡهِ يَرۡجِعُونَ ﴾ واتە: (ئینجا هەمووی وردوخاش كرد جگە لە گەورەكەیان، بەڵكو كە گەڕانەوە (پرسیار بكەن) و ئیبراهیم ڕاستییان بۆ ڕوون بكاتەوە). لابردن و ئاماژەنەدان بەوەی كە ئیبراهیم چاوەڕێی كردووە تا قەومەكەی دەچن بۆ گەشت و ئاهەنگ، پاشان بتەكان پارچە پارچە دەكات.

٣ـــ ﴿ قَالُواْ مَن فَعَلَ هَٰذَا بِـَٔالِهَتِنَآ إِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾ واتە: (وتیان: ئەوەی ئەمەی كردووە بە خواكانمان، بەڕاستی لە ستەمكارانە ! !)، لابردن و ئاماژەنەدان بەوەی كە ئیبراهیم پاش

شـكاندنى بتـەكان، لـە شـوێنى ڕووداوەكـە ڕۆيشـتووە و قەومەكـەى هاتوونەتەوە بۆ شوێنى ڕووداوەكە.

٤ـ ﴿ قَالُوٓاْ ءَأَنتَ فَعَلۡتَ هَٰذَا بِـَٔالِهَتِنَا يَٰٓإِبۡرَٰهِيمُ ﴾ واتـە: (وتيـان : باشە، ئەى ئيبراهيم ئايا تۆ ئەمەت كردووە بە خواكانمان؟!)، لابردن و ئاماژە نەدان بەوەى كە چاوەڕێيان كردووە تا ئيبراهيم بێت بـۆ شـوێنى رووداو، پاشان دەستيانكردووە بە لێكۆڵينەوە.

٥ـــ ﴿ ثُمَّ نُكِسُواْ عَلَىٰ رُءُوسِهِمۡ لَقَدۡ عَلِمۡتَ مَا هَٰٓؤُلَآءِ يَنطِقُونَ ﴾ واتــە: (پاشــان بــە ســەرشــۆڕيى پاشــگەز كرانــەوە بــۆ بيروبــاوەڕە كۆنەكەيان، بێگومان تۆ زانيوتە كە ئەوانە قسـە ناكـەن و تێناگـەن!)، پـێش وشـەى: (لَقَدۡ عَلِمۡتَ) ئـەوە لابـراوە و ئامـاژەى پێنـەدراوە كـە قسەكەر و قسەبۆكراو: موتەكەللـيم و موخاتـەب، كێيـە؟ بـەڵام بـەپێى سياقى ڕووداوەكان، دەردەكەوێت كـە كەسـى "تـاك" لـە ناويانـدا هـەر ئيبراهيم بـووە، لەبەرئـەوە ڕانـاوى "علمـتَ" بـۆ ئـەو دەگەڕێتـەوە، بـە بێئەوەى پێشتر ئاماژەى بۆ بكات..

٦ـ ﴿ قُلۡنَا يَٰنَارُ كُونِي بَرۡدٗا وَسَلَٰمًا عَلَىٰٓ إِبۡرَٰهِيمَ ﴾ واتـە: (وتمـان: ئـەى ئاگر سارد و سەلامەت بە لەسـەر ئيـبراهيم). لابـردن و ئاماژەنـەدان بـە بازدان بەسەر ڕووداوەكاندا: بازدان بەسەر كات و بەسەر شوێن "زەمان و مەكان"، بۆ گواسـتنەوەى رووداوەكـان لـە شـوێنى ئاگركردنەوەكـە و هەڵدانى ئيبراهيم بۆ ناوى.

لێرەدا کەمێك لەسەر خاڵی یەکەم دەوەستین و بەراوردی دەکەین بە دوو چیرۆکی دیکەی قورئانی، کە بە پێچەوانەی ئەمەی ئیبراهیمەوە، وتووێژ "حیوار"ێکی لاوەکی تێدایە، بەڵام خوای گەورە بە روونی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەو حیوارە "بەنهێنی و لە دڵی خۆیاندا" روویداوە، بە پێچەوانەی ئەمەی ئیبراهیمەوە کە هیچ ئاماژەیەکی بەوە نەداوە کە ئیبراهیم لە دڵی خۆیدا ئەو هەڕەشەیەی کردووە... ئەوانیش چیرۆکی یوسف و مووسایە..

سەرەتا لە باسی یوسفدا کاتێك کە بنیامین گل دەداتەوە و لای براکانی دەڵێت دزی کردووە، براکانیشی دەڵێن ئەگەر بنیامین دزی کردبێت ئەوا پێشتریش برایەکی دیکەی هەبوو — کە مەبەست یوسفە ـ، ئەویش دزی کردووە.. ئا لێرەدا یوسف هیچ ناڵێت و لە دڵی خۆیدا دەڵێت بەڕاستی ئێوە زۆر خراپکارن.. ﴿ فَأَسَرَّهَا يُوسُفُ فِي نَفْسِهِ وَلَمْ يُبْدِهَا لَهُمْ ﴾، بەڵام دیقەت بفەرموون، ئایەتەکە بە روونی دەفەرموێت: یوسف لە دڵی خۆیدا ئەو قسەیەی بە نهێنی کرد و لای ئەوان ئاشکرای نەکرد، جا بۆ زیاتر تەئکیدکردنەوە، هەر ئەوەندە بەس نییە کە بفەرموێت: یوسف بە نهێنی و لە دڵی خۆیدا ئەو قسەیەی کرد، بەڵکو بە ڕستەی ﴿ وَلَمْ يُبْدِهَا لَهُمْ ﴾، دووپاتی دەکاتەوە کە مانای ئەوە دەگەیەنێت بە هیچ جۆرێك قسەکەی بۆ براکانی ئاشکرا نەکرد..

له باسی مووسا و جادووبازەکانیشدا – که پێشتریش ئاماژەمان پێدا –، کاتێك جادووبازەکان ناکۆکیی دەکەوێتە نێوانیان، خوای گەورە بە ڕوونی ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوان ناکۆکییەکانیان "بەنهێنی" هێشتەوە و نەیانهێشت مووسا و هاروون پێیبزانن، سەیرکەن دەفەرموێت: ﴿ فَتَنَٰزَعُوٓاْ أَمۡرَهُم بَيۡنَهُمۡ وَأَسَرُّواْ ٱلنَّجۡوَىٰ ﴾، دەفەرموێت: قسەکانیان بەنهێنی کرد..

جا پرسیارەکە ئەمەیە: بۆچی لە چیرۆکی یوسف و مووسادا ئاماژە بەوە دەکرێت کە ئەو دوو حیوارە بە نهێنی کراون، بەڵام لە باسی ئیبراهیمدا ئەو ئاماژەیە بۆ حیواری "سوێند بەخوا بتەکانتان تێکدەشکێنم" نەکراوە؟..

ئەمە وەڵامەکەیە:

١ـ لە چیرۆکی یوسفدا، یوسف لە پێگەی هێز و تواناداییە و عەزیزی میسرە و لە هیچ ناترسێت. براکانیشی لە پێگەیەکی بێهێزیی و بێتوانایی و هەژاریی و تۆمەتباربووندان.

٢ـ لە چیرۆکی مووسادا، جادووبازەکان گرووپێکی بەهێزن و خاوەن دەسەڵاتن و پشتیان بە هێزێکی گەورەی وەك هێزی فیرعەون بەستووە، بەڵام مووسا و هاروون، دوو کەسی تەنها و بێهێز و غەوارەن.

٣ـ لە چیرۆکی ئیبراهیمدا، قەومەکەی لە پێگەی بەهێز و دەسەڵاتدان، بەڵام ئیبراهیم گەنجێکی تەنها و لاوازە و هیچ پشت و پەنایەکی نییە.

جا لـە هـەردوو چـیرۆکی یوسـف و مووسـادا، دەبیـنین کـە یوسـف، هەروەها گرووپە جادووبازەکە، بەهێز بوون، جا ئەگەر هـیچ ئاماژەیـەك نەبێت بۆ ئەوەی کە ئەوان قسەکەیان "بە نهێنی" کردووە، ئەوا بە هۆی بـەهێزیی پێگەکەیانـەوە وا دەردەکـەوێت کـە بـە ئاشـکرا قسـەکانیان کردووە و ترسیان لە کەس نەبووە، ئەمەش لەگەڵ ڕێڕەوی چیرۆکەکاندا ناگونجێت، لەبەرئەوەی ئەگەر یوسف بە ئاشکرا ئەو قسەیەی بکردایـە، ئەوا براکانی پێیاندەزانی و ئەو نەخشـەیەی کـە دایڕشـتبوو بـۆ هێنـانی باوك و کەسوکاری، هەڵدەوەشایەوە، چونکە هەر کاردانەوەیەکی یوسف بەرانبـەر بـەو قسـەیەی براکـانی کـە وتیـان برایـەکی دزی دیکەیشـی هەبووە، دەبووە هۆی هەڵوەشـانەوەی نەخشـەکەی، هـەروەها لـەوەی جادووگەرەکاندا، ئەگەر ئاماژە نەدرایە بەوەی کە بەنهێنی حیوارەکەیان کردووە، ئەوا ناکۆکییەکەیان ئاشکرا دەبوو بۆ مووسا و هاروون و دەبوو بە خاڵی لاوازیان(*) ..

(*)**سەرنجێکی گرنگ:** بە باشی دەزانم لێرەدا وەك ئاماژەمان بۆ بەراوردێکی نێوان چیرۆکی یوسف و مووسا کردووە، ئاماژەکەمان درێژتر بکەینەوە و ئەو بەراوردە فراوان بکەین لەنێوان ئەو دوو چیرۆکەدا کە لە قورئاندا یەکەمیان سوورەتێکی تەواوی بۆ تەرخانکراوە و دووەمیشیان زۆرترین باسوخواسی هەیە لە سوورەتەکاندا. چیرۆکی یوسف و باوك و براکانی بە درێژیی لە سوورەتی یوسفدا باسکراوە و چیرۆکی مووساش بەشێکی بەرفراوانی لە سوورەتی (القصص)دا باسکراوە بەتایبەتی سەردەمی منداڵی و دایکی و خوشکەکەی و فیرعەون و ژنەکەی فیرعەون و....هتد.

نوعمان عەلی خان کە بانگخوازێکی ئەمەریکیی بە ڕەگەز پاکستانییە و ئێستا لە ویلایەتی تەکساسی ئەمەریکا سەرۆکی سەنتەری (البینة)یە، لە بەرنامەی "بالقرآن اهتدیت" بەراوردێك دەکات لە نێوان هەردوو سوورەتی یوسف کە باس لە چیرۆکی یوسف دەکات، لەگەڵ سوورەتی (القصص) کە باس لە چیرۆکی مووسا دەکات لە منداڵییەوە. لەو بەراوردە سەرنجڕاکێشانە:

١- سوورەتی یوسف بە گوزارشتی "أحسن القصص" دەستپێدەکات، سوورەتی (القصص)یش خۆی ناونراوە (القصص)، کەواتە شتێك هەیە ئەم دووانە بە یەکەوە دەبەستێتەوە.

٢- سوورەتی یوسف، چیرۆکی کوڕ و باوکێکە (یوسف و باوکی)، سوورەتی (القصص) چیرۆکی کوڕ و دایکێکە (مووسا و دایکی). واتە لە یوسفدا باسی (دایك) ونە و لە (القصص) دا باسی (باوك) ونە.

٣- لە یوسفدا، باوکەکە خۆشەویستیی خۆی بۆ کوڕەکەی: یوسف، دەردەخات. لە (القصص)دا دایکێك خۆشەویستیی خۆی بۆ کوڕەکەی: مووسا، دەردەخات.

٤- لە یوسفدا، کوڕەکە: واتە یوسف، دەخرێتە بیرەوە، لە (القصص)دا کوڕەکە: مووسا، دەخرێتە ڕووبارەوە.

٥- لە یوسفدا، ئەم کوڕە چەندین ساڵ لە باوکی دادەبڕێت، لە (القصص)دا ئەم کوڕە: مووسا، ماوەیەکی زۆر کەم لە دایکی دادەبڕێت.

٦- لە یوسفدا، هۆکاری جیابوونەوەی باوك و کوڕەکە، براکانە. لە (القصص)دا هۆکاری بەیەکگەیشتنەوەی دایك و کوڕەکە، خوشکە (خوشکەکەی مووسا)یە.

٧- لە یوسفدا، کوڕەکە لە بیرێکدا دەهێنرێتە دەرەوە، لە (القصص)دا کوڕەکە لە ڕووبارێکدا دەهێنرێتە دەر.

٨- یوسف، دەردەهێنرێت لەبیرەکە و دەبرێتە ناو کۆشکێك لە میسر. مووسا لە ڕووبارەکە دەردەهێنرێت و دەبرێتە کۆشکێك لە میسر.

٩- یوسف، (عەزیزی میسر، واتە مێردی زولەیخا) دەیکڕێت و دەیباتەوە بۆ ژنەکەی. مووسا، ژنی فیرعەون دەیدۆزێتەوە و دەیبات بۆ مێردەکەی. واتە: یوسف، پیاوێك دەیباتەوە بۆ لای خێزانەکەی. مووسا، ژنێك دەیباتەوە بۆ لای مێردەکەی.

١٠ـ عەزیزی میسر کە یوسف دەباتەوە بۆ لای خێزانەکەی، دەڵێت: (عَسَىٰٓ أَن يَنفَعَنَآ أَوۡ نَتَّخِذَهُۥ وَلَدٗا). واتە: بەڵکو سوودمان پێبگەیەنێت، یان بیکەین بە کوڕی خۆمان. ژنەکەی فیرعەونیش کە مووسا دەباتەوە بۆ لای فیرعەون بەهەمانشێوە و ـ پاش چەندین سەدە ـ هەمان قسە دەقاودەق دەڵێتەوە: (عَسَىٰٓ أَن يَنفَعَنَآ أَوۡ نَتَّخِذَهُۥ وَلَدٗا).

١١ـ هەردوو یوسف و مووسا لە میسر، تووشی بەڵا و تاقیکردنەوە بوون: یوسف لە لایەن زولەیخاوە داوای کاری خراپەی لێکرا و مووساش تووشی ڕووداوی کوشتن بوویەوە و زەلامێکی کوشت. بەڵاکەی یوسف "زینا" بوو، بەڵاکەی مووسا "کوشتن" بوو.

١٢ـ یوسف، (لەناو کۆشکدا) تووشی ئەو بەڵا و تاقیکردنەوەیە بوو. مووسا لە دەرەوەی کۆشك و (لەناو بازاڕدا) تووشی ئەو بەڵایە بوو.

١٣ـ یوسف هەڵەکەی نەکرد: واتە: داوێنپیسی نەکرد. مووسا (سەلامی خوای لێبێت) مرۆڤەکەی کوشت و هەڵەکەی کرد.

١٤ـ ئەوەی کە هەڵەکەی نەکرد، واتە: یوسف، دەستگیر کرا و زیندانی کرا، بەڵام ئەوەی کە هەڵەکەی کرد، واتە: مووسا، لە جیاتی زیندانیکردن، ڕایکرد و هەڵهات لە شار. واتە بێتاوان زیندانی کرا و هەڵەکاریش هەڵهات.

١٥ـ هەردووکیان شایەت لەسەر کارەکە هەبوو، لە سوورەتی یوسفدا شایەتیدەر لە بەرژەوەندیی یوسف شایەتی دا، لە سوورەتی (القصص)دا شایەتیدەر لە دژی مووسا شایەتی دا (دەتەوێت منیش بکوژیت وەك چۆن دوێنێ یەکێکت کوشت؟).

١٦ـ چیرۆکی یوسف، لە دەرەوەی میسر دەستپێدەکات و لە میسر کۆتایی دێت. چیرۆکی مووسا لە میسر دەستپێدەکات و لە دەرەوەی میسر کۆتایی دێت.

جا، جیاواز لەو بەراوردەی ئەو بانگخوازە، دیقەت دەدەین بە شێوەیەکی گشتی چیرۆك و بەسەرهاتی ئەو دوو پێغەمبەرە چەند جیاوازییەکی دیکە و خاڵی هاوبەشیان هەیە، لەوانە:

١ـ یوسف، (سەلامی خوای لێبێت) لە حەسوودیی بردنی براکانیدا خرایە بیرەوە، بەڵام مووسا لە خۆشەویستییدا دایکی خستییە ڕووبارەکەوە، واتە: یەکەم بۆ لەناوبردنی خرایە بیر، بەڵام دووەم بۆ ڕزگارکردنی خرایە ڕووبار. یەکەم بە دەستێکی پڕ لە رق و کینە خرایە بیرەوە،

(وَأَلْقُوهُ فِى غَيَٰبَتِ ٱلْجُبِّ)، بەڵام دووەم بە دەستێکی پڕ لە میهری دایکایەتی خرایە ڕووبارەوە. (فَأَلْقِيهِ فِى ٱلْيَمِّ).. چەند جیاوازن ئەو دوو وشەیەی (وَأَلْقُوهُ) (فَأَلْقِيهِ)...!!

٢ـ یوسف، دە برای هەبوون، بەڵام دوژمنی بوون، بەڵام مووسا یەك برای هەبوو، بەڵام پشت و پەنا و لایەنگری بوو.

٣ـ یوسف، نەوەی ئیسرائیلی لە دەرەوەی میسر هێنا بۆ میسر، بەڵام مووسا نەوەی ئیسرائیلی لە میسرەوە بردەوە بۆ شوێنی خۆیان بۆ دەرەوەی میسر.

٤ـ یوسف کە خرایە بیرەوە، بە بەرنامە و پلانی مرۆڤ ئەو کارە دژی کرا، بەڵام مووسا کە خرایە ڕووبارەوە بە بەرنامە و کاری پەروەردگار بوو.

٥ـ ژنی خاوەن کۆشك (زولەیخا) سەرچاوەی ئازار و نیگەرانی بوو بۆ یوسف. ژنی خاوەن کۆشك لای مووسا، سەرچاوەی ئارامی و ئاسایش بوو بۆ مووسا.

٦ـ کە گەورە بوون و پێگەیشتن، خوای گەورە بە دوو ئایەتی هاوشێوە باس لە گەورەبوون و پێگەیشتنیان دەکات: بۆ یوسف دەفەرموێت: (وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُۥٓ ءَاتَيْنَٰهُ حُكْمًا وَعِلْمًا ۚ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٢٢﴾)، بۆ مووساش دەفەرموێت: (وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُۥ وَٱسْتَوَىٰٓ ءَاتَيْنَٰهُ حُكْمًا وَعِلْمًا ۚ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿١٤﴾). کە پێشتریش باسمان لەم دوو بەراوردە لەگەڵ چیرۆکی یەحیادا کرد.

٧ـ باوکی یوسف، واتە یەعقوب، خوای گەورە باسی بێتاقەتبوون و ئازاری دوور لە یوسفی لە قورئاندا کردووە: (يَٰٓأَسَفَىٰ عَلَىٰ يُوسُفَ وَٱبْيَضَّتْ عَيْنَاهُ مِنَ ٱلْحُزْنِ)، چاوەکانی لە تاو خەفەت کوێر بوون و ئاوی سپییان دەرکرد. دایکی مووساش خوای گەورە باسی بێتاقەتبوون و ئازاری دوور لە مووسای لە قورئاندا کردووە: (وَأَصْبَحَ فُؤَادُ أُمِّ مُوسَىٰ فَٰرِغًا).

جا ئێستا با بپرسین، ئایا حیکمەت و سوود لەم بەراوردە و لەیەکچوونەی نێوان بەسەرهاتی ئەم دوو پێغەمبەرە بەڕێزە، چییە؟ بە کورتی ئاماژە بە چەند خاڵێك دەدەین:

١ـ کاتێك ئەم بەراوردە دەکەین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە مرۆڤ کاتێك دێتە ژیانەوە بەریەککەوتنی دەبێت لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا: لەگەڵ دایك، باوك، برا، خوشك.. فێرمان دەکات چۆن هەڵسوکەوت بکەین لە بارودۆخە جیاوازەکاندا.

بەڵام ئیبراهیمی تەنها (سەلامی خوای لێبێت)، ئەو گەنجە هەژارەی تەنها پشتی بە خوا بەستووە، دەسەڵاتی بە سەر گەلەکەیدا نییە، ناشتوانێت بە ئاشکرا رکابەرییان بکات و پێیان بڵێت: سوێند بێت بتەکانتان بشکێنم، گوێگریش چاك ئەوە دەزانێت، جا ئەگەر گێڕەرەوەی چیرۆکەکە لێرەدا حیوارەکە بپچڕێنێت و بڵێت: "ئیبراهیم بەنهێنی و لە دڵی خۆیدا وتی": سوێندبێت بتەکانتان بشکێنم...، کە پێویست ناکات، ئەوا ئەو پچڕانە دەبێتە هۆی تانەدان لە خوێنەر کە

٢ـ مرۆڤ، لە ژیانیدا بە چەندین قۆناغدا تێپەڕدەبێت، بێدەسەڵات و بێهێز، جارێك لە بنی بیرێك و جارێك لە کۆشك و تەلاردا، جارێك لەناو ڕووبار و ئاودا و جارێك کوڕی نازدارەی گەورە بەرپرسان. فێرمان دەکات کە ئەگەر هەریەکێك لە ئێمە کەوتە بارودۆخێکی لەم شێوازانەوە، چۆن هەڵسوکەوت بکات. دیقەتی یوسف بدە: لەناو زینداندایە ناوی "یوسف"ـە و کاتێکیش بووەتە گەورە و عەزیزی میسر هەر خۆی بە ناوی خۆیەوە ناودەبات و پێشگری "گەورە و بەڕێز و خاوەن شکۆ" بە خۆیەوە نانێت: (أَنَاْ يُوسُفُ وَهَـٰذَآ أَخِى).

٣ـ فێرمان دەکات کە چۆن خوا هەمیشە لەگەڵ بەندەکانیدایە، لە ناو شار و وڵاتی خۆت بیت، یان لە تاراوگە و ئاوارەیی، ئەوە خوایە فێرمان دەکات کە چۆن یوسف لە بیر و، مووسا لە رووبار، دێنێتەدەر و دەیانکات بە کوڕی نازدارەی کۆشك. هەر ئەویشە کە ویستی لەسەر بێت لە کوڕی نازدارەی کۆشکەوە گۆڕانکاریی بە بارودۆخی ژیانیان دەکات و دەیانباتە کونجی زیندان، یان ئاوارەی دوورە وڵات: وەك مووسا کە لە کوڕی بەخێوکراوی فیرعەونەوە ئاوارە بوو، ناچار شوانیی دەکرد. دواتریش جارێکی دیکە ڕەوشەکە دەگۆڕێت و لە کونجی زیندانەوە پەیامێك بە خەونێکی نیوەشەوی تاریکدا ڕەوانەی بیر و فیکری پادشا دەکات و بەوەش یوسف لە کونجی زیندانەوە دەگوازێتەوە بۆ گەورەیی و عەزیزیی. کەواتە هەموو کاروبارەکان بە دەست هەڵسوڕێنەری مەزنەوەیە: (بيده الأمر كله).

کەسێکی گەمژەیە و لەوە تێناگات ئەو قسەیەی ئیبراهیم لەو پێگە لاوازەدا، حەتمەن بە نهێنی و لە دڵی خۆیدا بووە، ئیتر چ پێویست بەوە دەکات بوترێت ئیبراهیم لە دڵی خۆیدا وتوویەتی. لەبەرئەوە لە چیرۆکی ئیبراهیمدا ئەو بەشە نەوتراوە و تەنها وتەکەی ئیبراهیم هاتووە، تا گوێگر خۆی ئەو مانایە هەلگۆزێت لە چیرۆکەکەدا بە پشتبەستن بە تێگەیشتنی خۆی لە سیاقی چیرۆکەکە. جێی سەرنجە، ئەمە خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە ڕێزگرتنی خوای گەورە لە مرۆڤ، لە "گوێگر و بیسەرانی قورئان"، کە لە پلەی "ژیر و تێگەیشتوو" (اللّبيب) دایناون و پێویستی بەوە نەکردووە پێیان بفەرموێت ئیبراهیم بە نهێنی ئەو قسەیەی کردووە، چونکە گوێگر خۆی ژیرە و لە سیاقەکە، ئەو مانایە هەڵدەگۆزێت..

هەر لێرەوە ناچارین داخڵی چیرۆکێکی دیکەی قورئان بین، کە پەیوەندیی بە "بازدان بە رووداو لە رێی گۆڕینی حیواری ئاشکرا بۆ حیواری نهێنی" هەیە، ئەویش چیرۆکی دروستکردنی ئادەم و کڕنووش نەبردنی ئیبلیسە. دیقەتی ئەم ئایەتانە بدەن: ﴿ قَالَ ءَأَسْجُدُ لِمَنْ خَلَقْتَ طِينًا ۝٦١ قَالَ أَرَءَيْتَكَ هَٰذَا ٱلَّذِى كَرَّمْتَ عَلَىَّ لَئِنْ أَخَّرْتَنِ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ لَأَحْتَنِكَنَّ ذُرِّيَّتَهُۥٓ إِلَّا قَلِيلًا ۝٦٢ ﴾ (الإسراء: ٦١ـ ٦٢)، جا با لە واتا کوردییەکەی وردببنەوە: "ئیبلیس وتی: ئایا چۆن سوژدە دەبەم بۆ ئەو کەسەی کە لە قوڕ دروستت کردووە؟. وتی: پێم بڵێ ئا ئامەیە

که ڕێزت داوه بەسەر مندا؟، سوێند بێت ئەگەر دوامبخەیت تا ڕۆژی قیامەت، ئەوه بێگومان هەموو نەوەکانی گومڕا و سەرگەردان دەکەم، جگە لە کەمێکیان"...

لێرەدا تێبینی ئەوه دەکەین که دوو جار وشەی "قال" هاتووه، واته "ئیبلیس وتی"، لەکاتێکدا بکەری کردارەکه واته قسەکەرەکه هەر یەك کەسه و ئیبلیسه، دەی بۆچی لە دوای چوار وشه خوای گەوره جارێکی دیکه وشەی "قال"ی دووباره کردووەتەوه؟، ئەمه بەڵگەیە لەسەر ئەوەی که ئیبلیس ڕستەی یەکەمیانی بە ئاشکرا وتووه له وەڵامی ئەو پرسیارەی پەروەردگاردا که پێی فەرمووه: بۆچی کڕنووشت بۆ ئادەم نەبرد؟، ئەویش بە ئاشکرا له وەڵامدا وتوویەتی: چۆن کڕنووش دەبەم بۆ ئەو کەسەی له قوڕ دروستت کردووه. تەواوکەری باسەکه دیسانەوه دەفەرموێت: ئیبلیس وتی، بۆچی دووبارەی کردووەتەوه، بێگومان لەبەر ئەوەی که ئیبلیس ئەمجاره ڕستەی دووەمی بە ئاشکرا نەوتووه، بەڵکو بە نهێنی و له دڵی خۆیدا وتوویەتی: "پێم بڵێ ئا ئامەیە که ڕێزت داوه بەسەر مندا؟، سوێند بێت ئەگەر دوامبخەیت تا ڕۆژی قیامەت ئەوه بێگومان هەموو نەوەکانی گومڕا و سەرگەردان دەکەم جگە لە کەمێکیان"، بەڵکو ئیبلیس بوێریی ئەوەی نەبووه بە ئاشکرا ئەو قسەیە له بەرانبەر پەروەردگاردا بدرکێنێت، واته دیقەت بدەن چۆن بازدان له حیواری ئاشکرا بۆ حیواری نهێنی و پەنهان دروستبووه تەنها بە وشەیەك: **"قال"ی دووەم. جیاوازیی ئەم باسه و ئەوەی ئیبراهیم**

لەوەدایە کە: قەومی ئیبراهیم زانستی پەنهان "عیلمی غەیب"یان نەدەزانی تا بزانن کە ئیبراهیم لە دڵی خۆیدا هەڕەشەی شکاندنی بتەکانی کردووە، بەڵام پەروەردگاری ئاگادار بە نهێنی و ئاشکرا، ئاگادارە بە قسەکەی ئیبلیس کە لە دڵی خۆیدا دەڵێت دەبێت نەوەکانی ئادەم بخەڵەتێنم، لەبەرئەوە بۆ ئێمەیشی دەگێڕێتەوە، هێندە ئاگاداری هەموو شتێکە وەك ئەوە وایە ئیبلیس بە ئاشکرا ئەو قسەیەی کردبێت.

هەر لەم رووەوە، بەبێ درێژەدان بە باسکردنی، ئاماژە بۆ چیرۆکی سولەیمان (سەلامی خوای لێبێت) لەگەڵ شاژنی سەبەء دەکەین، ئەو کاتەی شاژن بڕیار دەدات سولەیمان تاقی بکاتەوە بزانێت ئایا لەبەر پارە و پول داوای مسوڵمانبوون لە خەڵکی یەمەن دەکات، یان لەبەر ئەوەی بە ڕاستی پێغەمبەر و نێردراوی خوایە. شاژن بۆ ئەو مەبەستە دیاری دەنێرێت بۆ سولەیمان، جا با بزانین چی روودەدات، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَلَمَّا جَآءَ سُلَيْمَـٰنَ قَالَ أَتُمِدُّونَنِ بِمَالٍ فَمَآ ءَاتَىٰنِۦَ ٱللَّهُ خَيْرٌ مِّمَّآ ءَاتَىٰكُم بَلْ أَنتُم بِهَدِيَّتِكُمْ تَفْرَحُونَ ﴿٣٦﴾ ٱرْجِعْ إِلَيْهِمْ فَلَنَأْتِيَنَّهُم بِجُنُودٍ لَّا قِبَلَ لَهُم بِهَا وَلَنُخْرِجَنَّهُم مِّنْهَآ أَذِلَّةً وَهُمْ صَـٰغِرُونَ ﴿٣٧﴾ قَالَ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلْمَلَؤُا۟ أَيُّكُمْ يَأْتِينِى بِعَرْشِهَا قَبْلَ أَن يَأْتُونِى مُسْلِمِينَ ﴾ (النمل: ٣٦ ـ ٣٨)، واتە: (جا کاتێك (نوێنەری نێردراوەکان گەیشتە لای سولەیمان، وتی: ئێوە دەتانەوێت بە ماڵ و سامان و دیاری کۆمەکیم بکەن؟! من دڵنیام کە ئەو شتانەی خوا پێیبەخشیوم لەوە چاکتر و بە نرختره کە بە ئێوەی بەخشیوە، نەخێر

من بەو دیارییە دڵشاد نابم، بەڵکو ئێوە بە دیارییەکەتان شاد دەبن. بگەڕێرەوە بۆ لایان بە خۆت و دیارییەکەتەوە، بەدڵنیاییەوە دەبێت بە سەربازانێکەوە بچینە سەریان کە نەیاندیبێت و نەتوانن بەرگری بکەن، دەبێت دەریان بکەین لە وڵاتیان لەکاتێکدا ئەوان زەلیل و ڕیسواو شکاون. **وتی:** ئەی خەڵکینە کامتان دەتوانێت تەختی شاژنە بەڵقیسم بۆ بهێنێت پێش ئەوەی بێن بۆ لام و موسڵمان ببن).

لێرەدا قسەکەر بەردەوام هەر سولەیمانە، بەڵام لە ئایەتی کۆتاییدا وشەی **"قال"** دووبارە بووەتەوە، لەکاتێکدا ـ وەك وتمان ـ قسەکەر یەك کەسە، بۆچی؟ لەبەرئەوەی لە ڕستەی کۆتاییدا "شوێن و کات و بابەت و کەسەکان و هەڵوێستەکە"، هەمووی گۆڕاوە. لە بەشی سەرەتادا: قسەکەر سولەیمانە، بەڵام قسەلەگەڵکراو نوێنەرانی شاژنن، شوێن: شوێنی کۆبوونەوەی سولەیمانە لەگەڵ وەفدەکە، بابەت: هێنانی دیارییە بۆ سولەیمان.. بەڵام لە ئایەتی کۆتاییدا: تەنها قسەکەر سولەیمانە، ئیتر ئەوانی دیکە گۆڕدراون: قسە لەگەڵکراو: نزیکانی سولەیمانن، شوێن: کۆبوونەوەی سولەیمان لەگەڵ نزیکانی خۆیدا. بابەت: هێنانی کورسیی حوکمڕانیی شاژن بۆ لای سولەیمان. کات: دوای گەڕانەوەی وەفدەکە بۆ سەبەء و هاتنی هەواڵ کە شاژن خۆی بە مسوڵمانی دێت بۆ لای سولەیمان... هەموو ئەو بازدانە بە یەك وشە جێی کراوەتەوە: **"قال"** لە ئایەتی کۆتاییدا... جا ئیتر ورد بەرەوە و دیقەت بە، بزانە مرۆڤ دەتوانێت خۆی ڕابگرێت لەبەردەم گەورەیی بەلاغەتی ئەم قورئانەدا؟!

جا با پێش ئەوەی ئەم باسە تەواو بکەین، **دوو نموونەی** دیکە باس بکەین کە زۆر پڕ وردەکارییە و پێویست بە وردبوونەوە دەکات و پەیوەندیدارن بە "لابردن و قرتاندنی ناوبەین لە حیواری بەیەکەوە بەستراو"دا:

یەکەم: خوای گەورە لە بارەی مووسا و فیرعەونەوە دەفەرموێت: ﴿ فَلَمَّا جَآءَهُمُ ٱلْحَقُّ مِنْ عِندِنَا قَالُوٓا۟ إِنَّ هَٰذَا لَسِحْرٌ مُّبِينٌ ﴿٧٦﴾ قَالَ مُوسَىٰٓ أَتَقُولُونَ لِلْحَقِّ لَمَّا جَآءَكُمْ ۖ أَسِحْرٌ هَٰذَا وَلَا يُفْلِحُ ٱلسَّٰحِرُونَ ﴿٧٧﴾ ﴾ (یونس: ٧٦ ـ ٧٧)، واتە: کاتێك حەقیان لە لایەن ئێمەوە لە ڕێگەی مووساوە بۆ هات، وتیان بەڕاستی ئەمە جادوویەکی ئاشکرایە، مووسا وتی: باشە ئێوە بەم حەقیقەت و ڕاستییەی کە بۆمهێناون دەڵێن:...؟، ئایا ئەمە جادووە؟، خۆ جادووگەران سەرفراز نابن...". زۆرینەی ڕاڤەکارانی قورئان دەڵێن: قسەکەی مووسا حەزفکراوە، کە دەڵێت: باشە ئێوە بەم حەقیقەت و ڕاستییەی بۆمهێناون دەڵێن:..؟، دەڵێن چی؟، واتە "مەفعول بە"ی فیعلی "تقولون"، مەحزوفە... بۆچی؟

هۆکارەکەی ئەوەیە ئەو حەذفکردنە پەیوەندیی بە لایەنی دەروونیی قسەکەرەوە هەیە، کە مووسایە (سەلامی خوای لێبێت)، واتە هەستی دەرونیی مووسا وایکردووە قسەکە لەو شوێنەدا لەسەر زمانی بیبەستێت و نەتوانێت وتەکە تەواو بکات.. ئەمە چۆن؟

مووسا (سەلامی خوای لێبێت) زمانی دەیگرت، خوای گەورە هاروونی برای کردە وەزیری، لەبەر ئەوەی زمانپاراوتر بوو لە مووسا، وا

باسدەکرێت کە ئەو گرێیەی زمانی، واتە "زمانگرتن"ـەکەی، بە تەواویی پاك نەبووەتـەوە، بـەڵکو بەشـێکی کـەمی ئـەو زمانگرتنـەی هـەرمابوو، لەبـەر ئـەوەی کاتێـك نـزای کـرد، فـەرمووی: ﴿ وَٱحۡلُلۡ عُقۡدَةٗ مِّن لِّسَانِي ﴾، "گرێیەکی زمانم بکەرەوە"، واتە نەیوت: (عقدة لساني): "گرێی زمانم"، خـوای گـەورەش وەڵامـی دایـەوە و گرێیـەکی زمـانی بـۆ کـردەوە، هەندێکیشی تا خوا ویستی لەسەربوو مابوو...

مووسا (سەلامی خوای لێبێت) بەوە ناسـرابوو کـە لەسـەر حـەق زوو تـوورە دەبـوو و هەڵدەچـوو، بەشـێوەیەك کاتێـك زانـی "سـامری" هۆزەکـەی خەڵەتانـدووە و فێـری "گوێرەکـە پەرسـتی" کـردوون، ئـەو لەوحانەی کە تەوراتی تێدا نووسـرابوو فڕێیـدا و سـەری هـاروونی بـرای گرت و بە ڕیش ڕایکێشا هێندە توورەبوو، تەنانەت خوای گـەورە باسـی ئەوەی کردووە کە ﴿ وَلَمَّا سَكَتَ عَن مُّوسَى ٱلۡغَضَبُ ﴾، واتـە: کاتێـك توورەیی مووسا هێوربوویەوە، واتە هەمیشە لەسەر حـەق هەڵدەچـوو و توورە دەبوو، بە جۆرێك هێندەی نەدەما کۆنترۆڵی خۆی لەدەست بـدا، جا چ ئەگەر نەخۆشی و گرێیەك لە زمانیشیدا هەبووبێت؟!

جا لە ڕۆشنایی ئەم زانیارییانەدا، دەتوانین تیشك بخەینە سـەر ئـەم هەڵوێسـتە کـە مووسـا لەبـەردەم فیرعـەون و گـەورە پیـاوانی کۆشـکدا وەسـتاوە و بانگیـان دەکـات بـۆ یەکتاپەرسـتی و بەڵگـە و ئایەتـەکانی خوایـان نیشـان دەدات، بـەڵام ئـەوان پێیـدەڵێن: ئەمـە جادوویـەکی

ئاشکرایه. مووسا زۆر لەسەر دڵی قورس دەبێت، کە ئەوان بەو حەق و ڕاستییە دەڵێن جادوو، دەیەوێت بیانگێڕێتەوە لەو قسەیان، پێیان دەڵێت: باشە ئێوە بەم حەقیقەت و ڕاستییەی کە بۆمهێناون دەڵێن:.......؟، پاشان قسەکە لەسەر زمانی قورس دەبێت و بۆینایەت، لەبەر ناشیرینی ئەو باسوخواسە و دووریی ئەو حەقە لە جادوو، لەوێدا بێدەنگ دەبێت و پاشان هەموو هێزی خۆی کۆدەکاتەوە و لێیان دەپرسێت: ﴿أَسِحْرٌ هَٰذَا﴾، ئایا ئەمە جادووە؟... جا قسەکە وا دەردەکەوێت وەك بڵێی شتێك حەزفکراوە و لابراوە، بەڵام ئەوە لابردن نییە، بەڵکو پچڕانە، لەبەر چی؟ لەبەر ئەو توونديی کاردانەوە و هەڵچوونەی مووسا بە هۆی قێزەونی وەسفەکەی ئەوان بۆ حەق، کە بە "جادوو"ی دەزانن، مووسا قسەکەی لەسەر زمان دەیبەستێت، لەبەرئەوەی ناتوانێت وەك ئەوان بڵێت ئەم حەق و ڕاستییە، جادووە. وەك بڵێی مووسا دەیەوێت بڵێ: باشە ئێوە بەم حەقیقەت و ڕاستییەی کە بۆمهێناون دەڵێن: **جادوو؟**، بەڵام لەبەر قێزەونی ئەو وەسفە ناتوانێت بڵێت: جادوو، لەبەرئەوە قسەکەی دەبڕێت... هەموو ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو قسەیەی ئەوان چەندە قورس بووە لەسەر دڵی مووسای سەروەرمان.

دووەم: بە کورتی لێی دەدوێین، ئەویش فەرموودەی سەروەرمان (لوط) (سەلامی خوای لێبێت) کاتێك فریشتەکان دەبنە میوانی و قەومەکەی کە کاری خراپ و هاوڕەگەزباز بوون، دەزانن (لوط) میوانی

نێرینەی هاتووە، دەچنە سەری، (لوط) لەو کاتەدا دەڵێت: ﴿ قَالَ لَوۡ أَنَّ لِي بِكُمۡ قُوَّةً أَوۡ ءَاوِيٓ إِلَىٰ رُكۡنٖ شَدِيدٖ ﴾ (هود: ٨٠) واتە: (خۆزگە لە خۆتان هێزێکم دەبوو، یان پەنایەکی بەهێزم دەستدەکەوت.....)، ئێ دواتر چی؟، ئەگەر هێزێکی بوایە یان پەنایەکی بەهێزی هەبووایە چی دەکرد؟ لێرەشدا وەڵامەکە حەزف بووە، لە ڕێزمانی عەرەبیدا دەڵێین: جەوابی "لو" مەحزوفە. بەڵام کاتێك ورد دەبینەوە دەبینین (لوط) (سەلامی خوای لێبێت) کە ئەو دیمەنە دەبینێت میوانی هەیە و خەڵکەکەش دەوریماڵەکەیان داوە و دەیانەوێت هێرش بکەنە سەر میوانەکانی، لە ناخی دڵییەوە و لە دڵ و هەناوییەوە هەناسەیەك هەڵدەکێشێت و ئاوات دەخوازێت ئەگەر هێزێکی هەبوایە، یان پەنایەکی بەهێزی هەبوایە ئەوا....... ، پاشان ئیتر قسەکەی بۆ تەواو ناکرێت، لەبەر ئەو خەم و خەفەتەی کە ڕووی تێکردووە، بەڵام خوێنەر خۆی بە هۆی تێگەیشتنی لە سیاقی ڕووداوەکان تێدەگات کە ئاواتەکەی (لوط) چییە و دەیەوێت چی بڵێت...

دەروازەی سێهەم

شاردنەوەی "قسە" و "قسەکەر" و "وشەی (قال)" و کاریگەرییان لەسەر دیمەنەکانی چیرۆکە قورئانییەکان

بەشی یەكەم
بنیاتی دیمەنی چیرۆكەكان لە نێوان "لابردنی"ی وشەی "قـال" و دووبـارەكردنەوەیدا

لەڕاستیدا بەكارهێنانی وشەی "قـال" و موشـتەقاتەكانی، لـە چـەند ئاستێكدا خۆی دەبینێتەوە، لەوانە: باسكردنی وشەكە، یـان لابردنـی و گۆڕینی بە وشەیەكی دیكە، یان لابردنی، یاخود چەندجار لابردنـی یـەك لەدوای یەك، یان باسكردن و دووبارەكردنەوەی یەك لەدوای یەك، یاخود باسكردنی بەشێوەی بكەر نادیار، هەریـەك لـەم ئاسـتانەش كاریگـەریی خۆیان هەیە لەسەر ڕێڕەوی چیرۆكەكە.

ئاستی یەكەم: لابردنی وشەی "قـال" و دانانی وشەیەكی دیكە:

١ـ هەندێكجار وشەی "قـال" لابـراوە و لـە جیاتیـدا وشـەیەكی دیكـە دانراوە كە جێی ئەوی گرتووەتەوە، لەوانـە: بـەكارهێنانی وشـەی (أن) كە تایبەتە بە شیكردنەوە و لێكدانەوەی بابەتەكە. بۆ نموونـە: ﴿ وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا لُقۡمَٰنَ ٱلۡحِكۡمَةَ أَنِ ٱشۡكُرۡ لِلَّهِ ﴾، لێرەدا ئاماژەیە بۆ ئـەوەی كـە "ئێمـە حیكمەت و داناییمان بەخشی بە لوقمان كـە: سـوپاس و ستایشـی خـوا بكە"، لێرەدا لە جیاتی ئەوەی بفەرموێت: داناییمان بەخشی بە لوقمان،

پێمـانوت: سوپاسـی خـوا بکـه، وشـەی "پێمـانوت: قلنـا" لابـراوه و لەجیاتیدا وشەی "أن" بەکارهێنراوه کە جێی "قلنا"ی گرتووەتەوە.

ئەوەی جێی سـەرنجە، هـەر کاتێـك وشـەی "أن" بـەکارهاتبێت، لـە دوایەوە شتێك هاتووە کە زیـاتر وەسـفی جوڵـە و بـزاوت و ئامـاژە یـان کارکردن بە هاوتەریبی کردارەکـە، دەکـات. بـۆ نموونـە: ﴿وَهُمْ يَتَخَافَتُونَ ۝٢٣ أَن لَّا يَدْخُلَنَّهَا ٱلْيَوْمَ عَلَيْكُم مِّسْكِينٌ ۝٢٤﴾، واتە: (بە چپەقسـەیان دەکـرد و دەیـانوت: نابێـت ئـەمڕۆ هـەژاران ڕوو بکەنـە باخەکـەمان).. ئـەم بـە چپەقسەکردنە، عادەتەن ئامـاژەکردن بـە دەسـتی تێدایـە.. ﴿فَخَرَجَ عَلَىٰ قَوْمِهِۦ مِنَ ٱلْمِحْرَابِ فَأَوْحَىٰٓ إِلَيْهِمْ أَن سَبِّحُوا۟ بُكْرَةً وَعَشِيًّا﴾ واتـــــە: (لـــــە میحرابەکـە هاتــەدەرەوە بـۆ نـاو گەلەکـەی کـە: بـەیانیان و ئێـواران تەسبیحاتی خوا بکەن). دیارە ئەم (أن)ــە کـە لـە جیـاتی "...بـۆ نـاو گەلەکەی و **پێیوتن** تەسبیحاتی خوا بکەن..."، واتـە لـەجیاتی "قـال" بـەکارهاتووە، وەسـفی ئامازەپێـدانی تێدایـە، واتـە کـە زەکـەریا لـە میحرابەکە هاتە دەرەوە، زمانی لەگۆ کەوتبوو، بە ئامازە بـە گەلەکـەی وت: بەیانیان و ئێواران تەسبیحاتی خوا بکەن.

نموونەیـــەکی دیکـــە، ﴿وَأَوْحَىٰ رَبُّكَ إِلَى ٱلنَّحْلِ أَنِ ٱتَّخِذِى مِنَ ٱلْجِبَالِ بُيُوتًا﴾، واتە: (پەروەردگارت نیگای نارد بۆ هەنگ کە: لە چیاکان مـاڵ دروسـت بکـە)... بەهەمانشـێوە لـەجیاتی "قـال"، "أن" بـەکارهاتووە، واتـە لەجیاتی "...نیگای نارد بۆ هەنگ پێی فەرموو: لە چیاکان ماڵ دروست

بکە"، بەشێوەی (أن) "کە" هێناویەتی.. ئەمەش بەهەمانشێوە دیارە کە ئاماژە و ڕێنیشاندانی تێدایە..

ئەوەی جێی تێبینییە ئەوەی لەم شوێنانەدا بە "أن" دەردەبڕدرێت و مانای تەواوەتی دەگەیەنێت، بە وشەی "قال" ئەو مانایە نابەخشێت، هەر لەبەر ئەوەشە "قال" لابراوە.

٢ـ هەندێکجار کە وشەی "قال" لابراوە، لە جیاتیدا وشەیەکی دیکە بەکارهاتووە کە مانایەکی هاوشێوە بگەیەنێت، بۆ نموونە فرمانی "نادی: بانگی کرد"، بۆ نموونە: ﴿وَنَادَىٰ نُوحٌ ٱبۡنَهُۥ وَكَانَ فِي مَعۡزِلٖ يَٰبُنَيَّ ٱرۡكَب مَّعَنَا﴾، ﴿وَزَكَرِيَّآ إِذۡ نَادَىٰ رَبَّهُۥ رَبِّ لَا تَذَرۡنِي فَرۡدٗا وَأَنتَ خَيۡرُ ٱلۡوَٰرِثِينَ﴾. کە لەجیاتی "ونادی نوح ابنه قال یا بني..."، "نادی ربه قال: رب..." بەکارهاتووە.. لەکاتێکدا لە شوێنی دیکەدا کە هەمان فرمانی "نادی" بەکارهاتووە، بە دوایدا "قال"ی بەکارهێناوە، بۆ نموونە: ﴿وَنَادَىٰ نُوحٞ رَّبَّهُۥ فَقَالَ رَبِّ إِنَّ ٱبۡنِي مِنۡ أَهۡلِي﴾، ﴿وَنَادَىٰ فِرۡعَوۡنُ فِي قَوۡمِهِۦ قَالَ يَٰقَوۡمِ أَلَيۡسَ لِي مُلۡكُ مِصۡرَ﴾. بۆچی؟ لەبەرئەوەی لە دوایەوە پاڕانەوە نەهاتووە، بەڵکو "ڕستەی هەواڵی" "جملة خبرية" هاتووە..

٣ـ هەندێك جاری دیکە لابردنی "قال" قەرەبوو کراوەتەوە بە شتێکی دیکەی پێشبینی نەکراو، بۆ نموونە: هاتنی دەنگێکی پێشبینی نەکراو لە گۆڕەپانی نمایشکردنی دیمەنەکەدا یان لە هەموو وتووێژەکەدا

و گۆڕینیەتی بۆ دیمەنێکی جیاوازتر لەوەی کە گوێگر لە سەرەتاوە پێشبینی دەکرد. ئەمە لە چیرۆکەکەی مووسا (سەلامی خوای لێبێت) دەردەکەوێت کاتێك چوو بۆ هەواڵزانینی ئەو ئاگرەی بینیبووی، بەڵام لەوێ کتوپڕ دەنگێك بانگی دەکات ئەی مووسا من پەروەردگاری تۆم، نەعلەکانت دابکەنە ئێرە خاکی پیرۆزە...

هەروەها لە دیمەنی زەکەریا (سەلامی خوای لێبێت) هەمان شت دەبینین، بە دڵ دیقەت بدە خوێنەری بەڕێز! زەکەریا بە تەنها لە میحرابەکەیدا دانیشتووە، پیر بووە و نەخۆشییەکانی پیریی و نیشانەکانی، دیاری داوە لە ڕووی و لە هێز و توانایدا، نزا دەکات، دەپاڕێتەوە لە پەروەردگاری تا منەت و نیعمەتی خۆی بڕێژێت بە سەریدا و منداڵێکی پێببەخشێت، ئەمە لەکاتێکدا پیر بووە و ژنەکەیشی پیر بووە و توانای منداڵبوونی نەماوە و ئێسکیان لاواز بووە. ئەمە هەمووی بێئومێدییەکی زۆری تووشی زەکەریا کردووە، بەڵام یەك ڕاستیی گەورە هەیە، کە پێشتر مەریەمی خواناس خستوویەتییە بیری زەکەریا: خوا ڕۆزی هەر کەسێك بیەوێت، دەیدا بەبێ ژمارە و حساب.. هەر بە هۆی ئەم وتەیەشەوە بووە زەکەریا بە تەنها و لەو ساتە هێمن و بێدەنگەدا لە میحرابەکەیدا هەڵکورماوە و دەستە و نەزەر بە بێدەنگیی "خفیا" خەریکی نزاکردنە، تا خوا سۆزی خۆی بەسەردا بڕێژێت، هەرچەندە دەزانێت نە خۆی و نە ژنەکەی، کەڵکی منداڵبوونیان نەماوە لە ڕووی هێز و تواناوە... ئا لەو ساتەوەختە بێدەنگەی میحرابەکەی

زەکەریادا، دەنگێکی غەیبیی ئاسمانیی کتوپڕ بێدەنگیی دۆخەکە دەشڵەقێنێت: ﴿ يَـٰزَكَرِيَّآ إِنَّا نُبَشِّرُكَ بِغُلَـٰمٍ ٱسْمُهُۥ يَحْيَىٰ لَمْ نَجْعَل لَّهُۥ مِن قَبْلُ سَمِيًّا ﴿٧﴾ ﴾، واتە: (ئەی زەکەریا! ئێمە مژدەی منداڵێکت پێدەدەین ناوی یەحیایە...)، ئای لەو دەنگە ئاسمانییە کتوپڕە مژدەدەرە، لەو سکونەتەی ناو میحرابدا چۆن دەبێتە هۆی سەرلەبەر گۆڕینی ژیانی زەکەریا و پەتی ئومێدی پاش پچڕانی، پێکدەبەستێتەوە و بەوەش سەرلەنوێ ژیانێکی نوێ بۆ زەکەریا و یەحیا و بەدوایدا مریەم و عیسا (سەلامی خوایان لێبێت) دەستپێدەکات...

٤ـ هەندێکجار لابردنی وشەی "قال"، بە هۆی گۆڕینی ئاڕاستەی قسەیە لە بەرانبەر مرۆڤەکان، بەرەو ئاڕاستەکردنی بەرانبەر بە پەروەردگار.. سەیری ئەم نموونانە بکە:

﴿ وَمَا تَنقِمُ مِنَّآ إِلَّآ أَنْ ءَامَنَّا بِـَٔايَـٰتِ رَبِّنَا لَمَّا جَآءَتْنَا ۚ رَبَّنَآ أَفْرِغْ عَلَيْنَا صَبْرًا وَتَوَفَّنَا مُسْلِمِينَ ﴾، سەرەتای ئایەتەکە قسەی جادووگەرەکانی فیرعەونە پاش باوەڕهێنانیان، کە ڕووەو فیرعەون قسە دەکەن، پاشان کتوپڕ ئاڕاستەی قسەکان دەگۆڕێت بەرەو پەروەردگار و لەو دەپاڕێنەوە..

﴿ إِلَّا قَوْلَ إِبْرَٰهِيمَ لِأَبِيهِ لَأَسْتَغْفِرَنَّ لَكَ وَمَآ أَمْلِكُ لَكَ مِنَ ٱللَّهِ مِن شَىْءٍ ۖ رَّبَّنَا عَلَيْكَ تَوَكَّلْنَا وَإِلَيْكَ أَنَبْنَا وَإِلَيْكَ ٱلْمَصِيرُ ﴿٤﴾ ﴾، سەرەتای قسەکە ئیبراهیم لەگەڵ باوکیدا دەدوێت، بەڵام کتوپڕ ئاڕاستەی قسەکە ڕووەو پەروەردگار دەبێت و دەبێتە نزا و پاڕانەوە. ﴿ وَقَالَ إِنِّى ذَاهِبٌ إِلَىٰ رَبِّى سَيَهْدِينِ ﴿٩٩﴾ رَبِّ

﴿ هَبۡ لِي مِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ١٠٠ فَبَشَّرۡنَٰهُ بِغُلَٰمٍ حَلِيمٖ ١٠١ ﴾. سـەرەتای قسـەکان ڕووە و هۆزەکەیەتی، پاشان ڕوو دەکاتە پەروەردگار.. ئەمـە هـەمووی بەبێ دانانی وشەی "قال"، تا زیاتر دیمەنەکە بێنێتە بەرچـاوی گـوێگر. وەك بڵێی خوای گەورە دەیەوێت جەخت لەوە بکاتەوە کە ئەو، هەمیشە لەگـەڵ بەندەکانیدایـە و هەمیشـە ئامادەیـە لـە هـەر وتووێـژ و دیمەنێکیاندا...

ئـەوەی کـە جێـی سـەرنجە، ئەوەیـە ئـەم جـۆرەی لابردنـی وشـەی "قال"، زیاتر تایبەتە بە هاتنی نزا و پاڕانـەوە بـە دوایـدا. لەبەرئـەوەی دیقەتی ئەوە دەدەیـن نـووح (سـەلامی خـوای لێبێـت) لەکاتێکـدا قسـە لەگەڵ هۆزەکەی دەکات، ئاڕاستەی قسەکە دەکاتە پەروەردگار، بـەڵام لەبەرئەوەی "نـزا و پاڕانـەوە" نییـە، وشـەی "قـال" لانـەبراوە، بـەڵکو باسکراوە... تا ببێتە نێوانێك لە نێـوان قسـەکانی نـووح بـۆ گەلەکـەی، لەگەڵ قسەکردنیدا بەرانبەر بە خوای گەورە کە سـکاڵای خـۆی دەباتـە بەر قاپیی پەروەردگار لە دەست گەلەکەی، لەبەر ئەوە دووجار وشـەی "قـال"ی هێنـاوە لـە نێـوان قسـەکەی لەگـەڵ گەلەکـەی و لەگـەڵ پـــەروەردگاردا. ﴿ قَالَ يَٰقَوۡمِ إِنِّي لَكُمۡ نَذِيرٞ مُّبِينٌ ٢ أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱتَّقُوهُ وَأَطِيعُونِ ٣ يَغۡفِرۡ لَكُم مِّن ذُنُوبِكُمۡ وَيُؤَخِّرۡكُمۡ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمًّىۚ إِنَّ أَجَلَ ٱللَّهِ إِذَا جَآءَ لَا يُؤَخَّرُۚ لَوۡ كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ٤ قَالَ رَبِّ إِنِّي دَعَوۡتُ قَوۡمِي لَيۡلٗا وَنَهَارٗا ﴾.. ســـەیری ئایەتی کۆتایی بکەن: (قال رب انی دعوت قومی لیلا ونهارا).. کە لێرەدا

ئاڕاستەی قسەکە گۆڕدراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی نزا و پاڕانەوە نییە، وشەی "قال" لانەبراوە.

نەك هەر ئەمە، ئەوەی جێی تێبینییە دەبینین سوورەتی نووح، تایبەتمەندییەکی دیکەی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە نووح (سەلامی خوای لێبێت) قسەکان دەگێڕێتەوە و خۆی باسوخواسی خۆی و گەلەکەی باس دەکات. تەنها چوار وشەی تێدایە کە فەرموودەی پەروەردگار بێت لەو سوورەتەدا لەسەر شێوەی گێڕانەوە. ئەویش لە دوای ئایەتی یەکەم: ﴿ إِنَّآ أَرۡسَلۡنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوۡمِهِۦٓ أَنۡ أَنذِرۡ قَوۡمَكَ مِن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ ١ قَالَ.. ﴾ پاشان ئایەتی پێنجەم، دواتر ئایەتی بیست و یەکەم ﴿ قَالَ نُوحٞ ﴾، لەگەڵ ئایەتی بیست و شەشەم: ﴿ وَقَالَ نُوحٞ ﴾.. ئیتر سوورەتەکە هەمووی کە ٢٨ ئایەتە، قسە و گوفتاری نووحە (سەلامی خوای لێبێت).

بەڵام بۆچی لەو شوێنانەدا وشەی "قال" بەکارهاتوون؟ بێگومان بۆ هەریەکەیان هۆکاری خۆی هەیە لە رووی تەکنیکی چیرۆك و گێڕانەوەوە. لە ئایەتی دووەمدا ئەوە ناساندنی قسەکەرە کە نووحە (سەلامی خوای لێبێت). لە ئایەتی پێنجەمدا بریتییە لە گواستنەوەی "گێڕانەوەی ڕاستەوخۆ" بۆ "گێڕانەوەی رووداوی پێشتر/ فیدباك". لە ئایەتی بیست و یەکدا گواستنەوە لە "فیدباکەوە بۆ سکاڵاکردن بە شێوازی گێڕانەوەی ڕاستەوخۆ". لە ئایەتی بیست و شەشیش

جیاکردنـەوە "فصـل" و پچـڕان بـە هێنـانی هـەواڵێکی نـوێ: خنکـانی گەلەکەی نووح، وایکردووە وشەی "قال" باس بکرێت.

بە ڕاسـتی ئـەم سـوورەتە موبارەکـە، تـا لەسـەری بـدوێین لـە رووی تەکنیکی چـیرۆکەوە، هێشـتا مـافی تـەواوەتی خـۆی پێنـادەین. لێـرەدا تایبەتمەندییـەکی دیکـەی ئـەم گێڕانەوەیـە لـە سـوورەتی نووحـدا دەردەکـەوێت، کـە لەسـەر زمـانی نـووح دەگێڕدرێتـەوە، ئـەویش بـەکارهێنانی شـێوازی "گەڕانـەوە بـۆ رووداوەکـان" کـە پێیـدەوترێت "فیدباك"، واتە پچڕینی گێڕانەوەکە تا رووداوێکی پێشتر بـاس بکـەین، بە هەموو وردەکارییەکانییەوە تـا تـەواو دەبێـت، پاشـان گەڕانـەوە بـۆ تەواوکردنی باسە سەرەکییەکە و رووکردنە پەروەردگار بـە سـکاڵاکردن لەدەسـت گەلەکـەی و گێڕانـەوەی چـەند کـارێکی هەڵـە و تاوانیـان کـە شایستەی سزای خوایان دەکات.. ئنجا لەوێدا فەرموودەی پـەروەردگار دێتە پێشەوە و نووح و گوێگرانیش ئاگادار دەکاتەوە لـە سـزاکەیان بـە هـۆی ئـەو تاوانانـەوە: ﴿مِّمَّا خَطِيٓـَٔـٰتِهِمۡ أُغۡرِقُواْ فَأُدۡخِلُواْ نَارٗا فَلَمۡ يَجِدُواْ لَهُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ أَنصَارٗا ﴾، واتـە: (بە هـۆی تاوانەکانیانـەوە خنکێنـران و خرانـە ئاگرەوە و هیچ پشت و پەنایەکیشـیان نـەبوو).. بـە دوایـدا پاشمـاوەی قسـەکانی نـووح دەسـتپێدەکاتەوە، کـە بـە وشـەی "وقـال نـووح" دەسـتپێدەکات و دوو نـزا لـەخۆ دەگرێـت، یـەکیان تایبەتـە بـە ڕیشەکێشکردنی شوێنەوار و بنەچـەی بێبـاوەڕان، کـە وشـەی "قـال"ی تێدایە، دووەمیشیان بـە نزاکـردن بـۆ دایـك و بـاوکی و ئیمانـداران، کـە

وشەی "قال"ی تیادا لابراوە.. لەبەرئەوەی ڕێکخستنی سیاقی بابەتەکە وایکردووە ئەم نزایەش هەر لە دوای نزای یەکەمەوە بێت و پێویستیی بە وشەی "قال" نەبێت. (تێبینی: وەك لەوەوبەر باسمانکرد، لێرەشدا دەبینین لە دوای خنکانیان لەناو ئاودا، یەکسەر سەرەنجامیان باسدەکات کە دەخرێنە دۆزەخەوە، ئەمەش بازدانە بەسەر ئەو زەمەنەدا کە خنکاون و مردوون تا ئەو کاتەی کە قیامەت هاتووە و زیندوو کراونەتەوە و دادگایی کراون و بڕیاری چوونە ناو دۆزەخیان بەسەردا دراوە).

ئاستی دووەم: چەندجار لابردنی وشەی "قال":

ئاستێکی دیکە بریتییە لە لابردنی وشەی "قال" دوو جار یان زیاتر، لە یەك وتووێژ و دیالۆگدا، کە کاتێك وتووێژەکە دەخوێنیتەوە وا هەست دەکەیت گێڕەرەوە "راوی" دەستبەرداری کەسایەتییەکانی ناو وتووێژەکە بووە و بە تەنها بەجێیهێشتوون تا خۆیان قسەکان بکەن و ڕووداوەکان بڕۆن ـ ئەمە بۆ چیرۆکی ئاسایی ـ. جا سەیری ئەم وتووێژە بکەن: ﴿وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذِ ٱلْمُجْرِمُونَ نَاكِسُوا۟ رُءُوسِهِمْ عِندَ رَبِّهِمْ رَبَّنَآ أَبْصَرْنَا وَسَمِعْنَا فَٱرْجِعْنَا نَعْمَلْ صَٰلِحًا إِنَّا مُوقِنُونَ ﴿١٢﴾ وَلَوْ شِئْنَا لَـَٔاتَيْنَا كُلَّ نَفْسٍ هُدَىٰهَا وَلَٰكِنْ حَقَّ ٱلْقَوْلُ مِنِّى لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ ٱلْجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ أَجْمَعِينَ ﴿١٣﴾ فَذُوقُوا۟ بِمَا نَسِيتُمْ لِقَآءَ يَوْمِكُمْ هَٰذَآ إِنَّا نَسِينَٰكُمْ ۖ وَذُوقُوا۟ عَذَابَ

ٱلۡخُلۡدِ بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ﴾.. واتە: (ئەگەر تاوانباران و گوناهکاران ببینی کە لە پێشگای پەروەردگاریان سەریان شۆڕکردووەتەوە: پەروەردگارا! دیتمان (ئەوەی خۆمان لێ کوێر کردبوو) و بیستمان (ئەوەی خۆمان لێ کەڕ کردبوو. ئێستا پەشیمانین و) تەواو باوەڕمان پەیداکردووە و ئیمانمان هێناوە، جا بمانگێڕەوە (سەر دونیا) تا کاری باش و چاك بکەین. ئەگەر حەزمان بکردبایە و ویستبامان هەرکەسمان هیدایەت دەدا، بەڵام وەعدە و بەڵێنی مـن حەتمی و قەتعییە، جەهەننەم لە جنۆکە و بنیادەم تێکڕا و پێکڕا پڕ دەکەم. دە بچێژن بە هۆی ئەوەی کە لە بیرتان چوو فەرامۆشتان کرد کە ئەو ڕۆژە دەبینن و دیداری دەکەن. ئێمەش ئێوە (لەنێو عەزابدا) لەبیر دەبەینەوە و فەرامۆشتان دەکەین. دە جا عەزابی هەتا هەتایی بچێژن بە هۆی ئەو کارانەی (لە دونیادا) دەتانکرد).

دیمەنەکە باسی هەڵوێستی بێباوەڕان دەکات کاتێك لەبەردەستی پەروەردگاردان لە ڕۆژی دواییدا، وتووێژەکە بە پۆزشهێنانەوەی بێباوەڕەکان دەستپێدەکات بۆ پەروەردگار: (بەبێ وشەی: وتیان): پەروەردگارمان بینیمان و بیستمان، بمانگێڕەوە بۆ دونیا کاری چاك دەکەین...، وەڵامی پەروەردگاریان بۆ دێتەوە: (دیسان بەبێ وشەی: وتی): ئەگەر بمانویستایە هیدایەتی هەموو کەسێکمان دەدا...، پاشان فەرمانی خوایی دەردەچێت بۆیان: (جارێکی دیکە بەبێ وشەی: وتی): بچێژن بەرانبەر بە لەبیرکردنی ئەم ڕۆژەتان.....

دیقەت دەدەین، سێ جار وشەی "قال" و موشتەقاتەکانی لابـراوە و وتووێژەکان خۆیان دەدوێن و رووداوەکان دەخەنەڕوو.

ســەیری ئــەم نموونەیــەی دیکــە بکــەن: ﴿ وَهُمْ يَصْطَرِخُونَ فِيهَا رَبَّنَآ أَخْرِجْنَا نَعْمَلْ صَٰلِحًا غَيْرَ ٱلَّذِى كُنَّا نَعْمَلُ ۚ أَوَلَمْ نُعَمِّرْكُم مَّا يَتَذَكَّرُ فِيهِ مَن تَذَكَّرَ وَجَآءَكُمُ ٱلنَّذِيرُ ۖ فَذُوقُوا۟ فَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِن نَّصِيرٍ ﴾، بــە کــورتی: دیقەت دەدەین سێ جار وشەی "قال" لابراوە، لە سەرەتادا پێش "ربنا أخرجنا..."، لەپێش: "أولم نعمركم..."، هەروەها لـەپێش دەرچـوونی فەرمانی ئیلاهی: (فَذُوقُوا۟) واتە بچێژن..... هەروەها لە چەندین شوێنی دیکەشدا.

هەموو ئەمانە لەبەرئەوە وشەی "قال" لابراوە، تا گوێگر ڕاسـتەوخۆ بخاتە ناو دیمەنە زیندووەکـەوە وەك بلێـی خۆمـان ڕاسـتەوخۆ لـە زاری قسـەکەرەکانەوە وتووێژەکـە دەبیسـتین بـە بێئـەوەی قسـەگێڕەڕەوە "راوی" دەسـتوەربداتە وتووێژەکـەوە. لـە هـەموو ئـەو دیمەنانـە پـڕ هەیبەتتر، ئەم دیمەنە غەیبییەیە: ﴿ يَوْمَ هُم بَٰرِزُونَ ۖ لَا يَخْفَىٰ عَلَى ٱللَّهِ مِنْهُمْ شَىْءٌ ۚ لِّمَنِ ٱلْمُلْكُ ٱلْيَوْمَ ۖ لِلَّهِ ٱلْوَٰحِدِ ٱلْقَهَّارِ ﴿١٦﴾ ﴾، واتـــە: (ڕۆژی ڕووبـــەڕووبوون، ڕۆژێکـە کـە خـەڵك نمایـان و ئاشـکرا دەبـن. شـتێکی ئـەوان لـە خـودا ناشاردرێتەوە و ون نابێت: موڵك و مەملەکەت و فەرمانڕەوایی ئەوڕۆ هی کێیە؟ هی خودای تاك و تەنیای زاڵ و چیرەیە).

که موفەسسیرانی قورئان کۆدەنگ نین لەسەر ئەوەی کێ بەشی دووەمی ئایەتەکەی وتووە، کێ وتوویەتی: ئەمڕۆ موڵك و دەسەڵات بۆ کێیە؟ بەڵام هەرچۆن بێت ئەمە دیمەنێکی پڕ هەیبەتە، کاتێك وەسفی ئەو جیاوازییە گەورەیە دەکات لە نێوان سیفاتەکانی پەروەردگار لە گەورەیی و بڵندیی و بەرزییدا لەو ڕۆژەدا، بە بەراورد بە سیفاتەکانی بەندەکانی لەسەرشۆڕیی و ملکەچبوونیان لەو ڕۆژەدا بۆ پەروەردگاریان. ئەوەی کە یارمەتیی خستنەڕووی ئەم دیمەنە گەورەیە دەدات، لە تەنیشت یەکبوونی قسەکانە و بەدوای یەکدا هاتنیانە، کە وەك تیرێك ڕاستەوخۆ ئامانجەکەی پێکاوە لە دڵ و عەقڵی گوێگراندا. لەم دیمەنەدا گێڕانەوە و وەسف و وشەی "قال" تیایدا لابراوە و تەنها و تەنها دیمەنەکە خۆی لە گۆڕەپانەکەدا ماوەتەوە، کە بە باشترین شێوە گوزارشتی لە بارودۆخەکە کردووە.

ئاستی سێهەم: دووبارەکردنەوەی وشەی "قال":

بەشێکی دیکەی هاوپەیوەند بەم بابەتە، بریتییە لە دووبارەکردنەوەی وشەی "قال"، کە پێشتریش هەندێك ئاماژەمان بۆ کرد. با سەیری ئەم نموونەیەی باسوخواسی شاژنە بەڵقیس بکەین، کاتێك سولەیمان (سەلامی خوای لێبێت) نامەیەك بە هودهوددا دەنێرێت بۆ شاژنی سەبەء، هودهود نامەکە فڕێ دەداتە کۆشکەوە، شاژن نامەکە دەبینێت، دەستوپێوەند و پیاوماقوڵان کۆدەکاتەوە و نامەکەیان بۆ

دەخوێنێتــەوە، پاشــان گفتوگــۆ و مقۆمقــۆ دروســت دەبێــت لــە نــاو ئامادەبوواندا کە چۆن وەڵامی سولەیمان بدەنەوە:

﴿ قَالَتۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمَلَؤُاْ إِنِّيٓ أُلۡقِيَ إِلَيَّ كِتَٰبٞ كَرِيمٌ ﴿٢٩﴾ إِنَّهُۥ مِن سُلَيۡمَٰنَ وَإِنَّهُۥ بِسۡمِ ٱللَّهِ
ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴿٣٠﴾ أَلَّا تَعۡلُواْ عَلَيَّ وَأۡتُونِي مُسۡلِمِينَ ﴿٣١﴾ قَالَتۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمَلَؤُاْ أَفۡتُونِي فِيٓ أَمۡرِي
مَا كُنتُ قَاطِعَةً أَمۡرًا حَتَّىٰ تَشۡهَدُونِ ﴿٣٢﴾ قَالُواْ نَحۡنُ أُوْلُواْ قُوَّةٖ وَأُوْلُواْ بَأۡسٖ شَدِيدٖ وَٱلۡأَمۡرُ إِلَيۡكِ
فَٱنظُرِي مَاذَا تَأۡمُرِينَ ﴿٣٣﴾ قَالَتۡ إِنَّ ٱلۡمُلُوكَ إِذَا دَخَلُواْ قَرۡيَةً أَفۡسَدُوهَا وَجَعَلُوٓاْ أَعِزَّةَ أَهۡلِهَآ
أَذِلَّةٗۚ وَكَذَٰلِكَ يَفۡعَلُونَ ﴾.

سەرەتا نووسراوەکەی سولەیمان (سەلامی خوای لێبێت) دەگاتە شاژن، دەیخوێنێتەوە بۆ پیاوانی کۆشك و سیاسەتمەدار و ئەفسەرە پلە بەرزەکانی وڵات: (قالت يا أيها الملا إني ألقى إلى كتاب كريم....). لێرەدا وشەی "قالت" بەکارهاتووە: "شاژن **وتی**: پیاوماقوڵان! نووسراوێکی بەرێزم بۆ هاتووە لە سولەیمانەوە و بە ناوی خوا دەستپێدەکات کە مسوڵمان ببن.. شاژن **وتی**: ئەی پیاوماقوڵان پێمبڵێن چی بکەین....". دیقەت بدەن دووبارە فەرموویەتی: "شاژن وتی" "قالت".. چی پێویستی دەکرد دووبارە وشەی "قالت" باس بکرێت لەکاتێکدا قسەکەر هەر شاژن خۆیەتی؟. کاتێك ورد دەبینەوە دەبینین ئەم دووبارەکردنەوەیەی وشەی "قالت"، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کاتێك شاژن نامەکەی خوێندووەتەوە بۆ پیاوماقوڵان، هەر ئەوەندەی دەستوپێوەند گوێبیستی ئەو نامەیە بوون، بەتایبەتی کە وشەی

توونـدی تێـدا بـەکارهاتووە، دەسـتبەجێ دەسـتوپێوەند هەسـتاون و دەنگیـان بـەرز کردووەتــەوە و بــە ڕق و کینــەوە پرسـیاری ئـەوەیان کردووە: ئـەم سولەیمانە کێیـە؟ ئـەی ئـەم نامەیـە چۆن گەیشـتووەتە ئێرە؟ ئەی کوا نامەهێنەرەکەی؟ ئەی وڵات و مەملەکەتەکەی دەکەوێتە کوێ؟ ئایا ئەوەنـدە بـە هێـزی خـۆی دەنازێـت کـە هێـرش بکاتـە سـەر شانشینەکەی ئێمە بەم شێوە خۆبەزلزانییە؟.. دەبێت ئێمە سـزای ئـەو بدەین، دەبێت تەمێی بکەین، دەبێت واو وای لێبکـەین.... هـەموو ئـەم قسە و هەڕەشە و بێزارییانە دەربڕان لەکاتێکدا شـاژن بێـدەنگ بـووە و چاوەڕێی تەواوبوونی قسەکانی ئەوانـە، کـە خۆیشـی دەزانێـت چـی لـە پشتەوەیە. خۆی، شاژنێکی دانا و دونیا دیدەیـە و شـارەزای کاروبـاری شانشینەکەی و خەڵکەکەیەتی. جا کاتێك دەستوپێوەند زانییـان شـاژن بێـدەنگ بـووە و چـاوەڕێیە ئـەوان تـەواو بـبن تـا قسـەی خـۆی بکـات، بێدەنگ بوون. پاشان شاژن سەرلەنوێ ـ پـاش ئـەو بگـرە و بەردەیـە ـ دەسـتدەکاتەوە بــە قســە و "**دەڵێـت**: ئـەی پیاومـاقوڵان ڕای خۆتـانم پێبڵێن، من بەبێ بۆچوونی ئێوە هیچ فـەرمانێك دەرناکـەم"... کەواتـە پچڕانێك هەیـە لـە نێـوان قسـەی یەکـەمجار و دووەمجـاردا، لەبەرئـەوە دووبـارە وشـەی "**قالـت**" بـەکارهاتووە، هـەروەها دوای ئـەم داوایـەش دیسانەوە دەستوپێوەند دەکەونـەوە هـەڵا و هەڕەشـەکردن و سـزادانی هەر کەسێك کە بیەوێت دەستمان بۆ درێژ بکات و قبـوڵی ناکـەین لێـی! لێرەدا دیسانەوە شاژنی دانا بێدەنگیان دەکات و چەند ڕاستییەکیان لە

روانگەی دونیا دیدەیی خۆیەوە بۆ باس دەکات و "**دەڵێت**: پاشاکان ئەگەر بدەن بەسەر هەر وڵاتێکدا کاولی دەکەن و گەورە و پیاوماقوڵانی دەکەنە ژێر دەستە و ملکەچ... با ئێمە کارێکی وەها نەکەین". دیقەت بدەن! پاش هەڕەشە و گوڕەشەی خەڵکەکە کە شاژن دەکەوێتەوە قسە، پێویست دەکات سەرلەنوێ وشەی "قالت" بەکاربێتەوە وەك ئاماژەیەك بۆ پچڕانی قسەکانی شاژن... جا دووبارەکردنەوەی وشەی "قالت" تەنها لە ڕووکاردا نییە، بەڵکو هەڵگری ئەو مانایەیە کە دیمەنێکی دیکە باسنەکراوە لە نێوانیاندا و سیاقی باسەکەش هیچ ئاماژەیەکی بۆ نەکردووە، تەنها بە هێشتنەوەی وشەی "قالت" ئاماژەی بۆ کردووە و ڕێنمایی گوێگر دەکات بۆ ئەو دیمەنە باسنەکراوانە، کە ئەگەر وشەکە لابرایە، ئەوا نەماندەزانی چی لە کۆشکی شاژن ڕوویداوە..

جا پێدەچێت، چیرۆك و بەسەرهاتی شاژن لەگەڵ سولەیماندا (سەلامی خوای لێبێت)، پڕ بێت لە ڕووداوی هاوشێوە، وەرن با بچینە کۆشکی سولەیمان بزانین لەوێ چ باسە... وا کورسیی شاژنێتیی (تەختی پاشایی – عەرش)ی بەلّقیس لە چاوترووکانێکدا گەیشتووەتە بەردەستی سولەیمان، ئەمیش سوپاسی خوا دەکات لەسەر ئەو نیعمەتە و پاشان ئاڕاستەی قسە دەکاتە سەربازانی کە دەستکارییەکی کورسییەکە بکەن تا بزانین شاژن دەیناسێتەوە.. ﴿فَلَمَّا رَءَاهُ مُسۡتَقِرًّا عِندَهُۥ قَالَ هَٰذَا مِن فَضۡلِ رَبِّي لِيَبۡلُوَنِيٓ ءَأَشۡكُرُ أَمۡ أَكۡفُرُۖ وَمَن شَكَرَ فَإِنَّمَا يَشۡكُرُ لِنَفۡسِهِۦۖ

وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ رَبِّى غَنِىٌّ كَرِيمٌ ﴿٤٠﴾ قَالَ نَكِّرُواْ لَهَا عَرْشَهَا نَنظُرْ أَتَهْتَدِىٓ أَمْ تَكُونُ مِنَ ٱلَّذِينَ لَا يَهْتَدُونَ ﴿٤١﴾ ﴾.. كاتێـك سـولەيمان كورسـييەكەی (عەرشـەكەی) بـينی لای خـۆی، **وتـی:** ئەمـە لـە فـەزڵی خوايـە تـا تاقيمبكاتـەوە ئايـا سوپاسگوزار دەبم يان نا..... **وتی:** كورسييەكەی بۆ نەناس بكـەن، بـا ببينين ئايا دەيناسێتەوە....

لە سەرەتادا وشەی "قال" بەكارهاتووە، كە واتای ئەوەيە سولەيمان وتـی ئەمـە فـەزڵی خوايـە... بـە دوايـدا بەهەمانشـێوە وشـەی "قـال" بەكارهاتووەتەوە، كە واتای ئەوەيـە سـولەيمان وتـی كورسـييەكەی بـۆ نەناس بكەن... بۆچی؟ بۆ هاوشێوەی چيرۆكەكەی يوسف بەبێ وشەی "قال" بابەتەكەی بە كۆتا نەهێناوە كاتێك عـەزيزی ميسـر وتـی: "ئـەم بەزمە لە فێڵی تۆيە ئەی زوڵەيخا، بەڕاستی فێڵی ئێوەی ژنان گەورەيە، ئەی يوسف! ئەمە باس مەكە و تۆش داوای لێخۆشـبوون بكـە – ئـەی زوڵەيخا –....". لێرەدا لە دوای قسەكەی عەزيز بەرانبەر بـە زوڵـەيخا، خوای گەورە نافەرموێت "قال": وەك بڵێی "**ئەنجا وتی:** ئەی يوسـف! ئەمـــە بـــاس مەكـــە"... ﴿ فَلَمَّا رَءَا قَمِيصَهُۥ قُدَّ مِن دُبُرٍ قَالَ إِنَّهُۥ مِن كَيْدِكُنَّ إِنَّ كَيْدَكُنَّ عَظِيمٌ ﴿٢٨﴾ يُوسُفُ أَعْرِضْ عَنْ هَٰذَا وَٱسْتَغْفِرِى لِذَنۢبِكِ إِنَّكِ كُنتِ مِنَ ٱلْخَاطِـِٔينَ ﴾. بۆچـی لەمـەی سـولەيماندا ئـەوە ڕووی نەداوە؟

لەڕاستیدا دووبارەکردنەوەی وشەی "قال" لە چیرۆکەکەی سولەیماندا، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گەیشتنی کورسییەکەی شاژن و ئامادەکردنی لەبەردەم سولەیماندا بەو خێراییە ـ لە چاوتروکانێکدا ـ، بوو بە هۆی دروستکردنی موفاجەئە و حاڵەتێکی کتوپڕیی بۆ سولەیمان، کە سەرلەبەری گیانی هێنایە لەرزین، لەبەرئەوەی ئەم کارە خۆی لە خۆیدا پەرچوو "موعجیزە"یەکی گەورەیە، کە لە سەرووی هەموو پێشبینی و هەموو توانایەکی مرۆڤەوەیە، جا لەبەر ئەوە سولەیمان هەستی بە فەزڵی گەورەی پەروەردگار کرد بەسەرییەوە، ئەم ڕووداوە کتوپڕە بۆ ماوەیەك بێدەنگی کرد، کز بوو، سەرسام بوو، جا کاتێك کە قسەی یەکەمی تەواو کرد: "سولەیمان وتی: ئەمە لە فەزڵی خوایە تا تاقیمبکاتەوە..."، پاشان سولەیمان ماوەیەك بێدەنگ بوو، خامۆشیی ڕووی تێکرد، بیری کردەوە لەم فەزڵە گەورەیە، لەم موعجیزەیە، ئای خوای گەورە چ گەورەیی و توانا و دەسەڵاتێکی نیشان داوە...! پاشان سولەیمان بیری هاتەوە بە لای خۆیدا و سەیری دەوروبەری کرد و هاتەوە باری ئاسایی و ڕوویکردە ئەوانەی دەوروبەری و "وتی: کورسییەکەی بۆ نەناس بکەن، بزانین دەیناسێتەوە یان نا"... کەواتە قسەی یەکەمی کە وتی ئەمە فەزڵی خوایە، زیاتر لە قسەی ناو دڵی خۆی دەچێت، جا چ بە نهێنیی وتبێتی یان بە ئاشکرا، بەڵام ئەم قسەیەیان فەرماندانە بەسەر دەوروبەرەکەیدا کە کارێك بکەن. ئەمە گواستنەوەیە لە "نهێنییەوە یان لە قسەی ناودڵی خۆت"، بۆ

"ئاشکراکردن یان قسەی سەر زار"، بەڵام پاش تێپەڕبوونی کات.. جا بوونی وشەی "قال"ی دووەم بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەمێکی پێچووە تا قسەی دووەم کراوە و پاشانیش گۆڕانێك لە ئاراستەی قسەکاندا ڕوویداوە بۆ دەستوپێوەندەکەی.

ئەمە هەمووی، بە پێچەوانەی قسەکەی عەزیزی میسرەوەیە، کە بە زوڵەیخا دەڵێت ئەمە فێڵی تۆیە و، دەستبەجێ، هەر بە خێرایی، بێئەوەی کاتی پێبچێت، ڕوودەکاتە یوسفیش: "ئەم باسە لای کەس مەدرکێنە..."، کە خێرا لا دەکاتەوە بە لایەوە و فەرمانی پێدەدات بەخێرایی بەبێئەوەی چاوەڕێی ئەوە بکات کەس قسەی دیکە بکات: باسەکە دیزەبەدەرخۆنە بکات و نەیدرکێنێت...

لێرەدا دوو نموونەی دیکە باس دەکەین، بەڵام شیکردنەوەی دەسپێرین بە خوێنەر، تا ئەویش بەشدار بێت لە شارەزابوون لەم جۆرە تەکنیکانەی گێڕانەوەی چیرۆکدا و خۆیشی وردبوونەوە لە قورئاندا بکات.. گەلەکەی مووسا داوا لە مووسای سەروەرمان دەکەن بتێکیان بۆ بهێنێت تا بیپەرستن، ئەویش بەمجۆرە وەڵامیان دەداتەوە: ﴿ قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ ۝١٣٨ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ مُتَبَّرٌ مَّا هُمْ فِيهِ وَبَٰطِلٌ مَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ۝١٣٩ قَالَ أَغَيْرَ ٱللَّهِ أَبْغِيكُمْ إِلَٰهًا وَهُوَ فَضَّلَكُمْ عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ ۝١٤٠ ﴾.. لە سەرەتادا وشەی "قال" هاتووە، کە "مووسا **وتی**:......"، لە دواتریشدا دیسانەوە وشەی "قال" هاتووە... بۆچی؟ بێگومان لەو نێوانەدا حیوار

و وتووێژێك هەیە لە نێوان مووسا و گەلەكەیدا كە زیاتر قسەی نابـەجێی گەلە سەرلێشێواوەكەیە كە لەبەر نابەجێیی قسەكانیان، قورئـان نـەقڵی نەكردووە بۆمان، جا دووپاتكردنەوەی وشـەی "قـال"، ئاماژەیەكـە بـۆ بوونی ئەو قسە نادروستانەی گەلەكەی.

هـەروەها لـە بابـەتی وتوویـژێكی نێـوان پـەروەردگار لەگـەڵ ئـەهلی دۆزەخـــــــدا: ﴿ قَالُوا۟ رَبَّنَا غَلَبَتْ عَلَيْنَا شِقْوَتُنَا وَكُنَّا قَوْمًا ضَآلِّينَ ﴿١٠٦﴾ رَبَّنَآ أَخْرِجْنَا مِنْهَا فَإِنْ عُدْنَا فَإِنَّا ظَٰلِمُونَ ﴿١٠٧﴾ قَالَ ٱخْسَـُٔوا۟ فِيهَا وَلَا تُكَلِّمُونِ ﴿١٠٨﴾ إِنَّهُۥ كَانَ فَرِيقٌ مِّنْ عِبَادِى يَقُولُونَ رَبَّنَآ ءَامَنَّا فَٱغْفِرْ لَنَا وَٱرْحَمْنَا وَأَنتَ خَيْرُ ٱلرَّٰحِمِينَ ﴿١٠٩﴾ فَٱتَّخَذْتُمُوهُمْ سِخْرِيًّا حَتَّىٰٓ أَنسَوْكُمْ ذِكْرِى وَكُنتُم مِّنْهُمْ تَضْحَكُونَ ﴿١١٠﴾ إِنِّى جَزَيْتُهُمُ ٱلْيَوْمَ بِمَا صَبَرُوٓا۟ أَنَّهُمْ هُمُ ٱلْفَآئِزُونَ ﴿١١١﴾ قَٰلَ كَمْ لَبِثْتُمْ فِى ٱلْأَرْضِ عَدَدَ سِنِينَ ﴿١١٢﴾ قَالُوا۟ لَبِثْنَا يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ فَسْـَٔلِ ٱلْعَآدِّينَ ﴿١١٣﴾ قَٰلَ إِن لَّبِثْتُمْ إِلَّا قَلِيلًا ۖ لَّوْ أَنَّكُمْ كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿١١٤﴾ ﴾، ئـەهلی دۆزەخ دەڵـێن خوایـە دەرمانبێنـە لـە دۆزەخ... خـوای گـەورە دەفـەرموێت: بێـدەنگ بـن.... دواتـر هـەر فـەرموودەی پەروەردگار دێت، بەڵام لە ناوەڕاستدا وتووێژەكە دەپچڕێت و دیسانەوە وشـەی "قـال: كـم لبثـتم..."، "خـوا فـەرمووی: چـەندێك لەزەویـدا مانەوە.." بۆچی دووبارە وشەی "قال" هاتووە لـە كاتێكدا قسـەكەر هەر یەك دانەیە و پەروەردگاری بەرز و بڵندە؟ بۆچی قسەكە پچڕاوە بە

هێنـانی وشـەی "قـال"؟ بێگومـان ئـەو وشـەیە ئاماژەیـە بـۆ بـوونی وەڵامێکـی نادروسـتانەی ئـەهلی دۆزەخ بەرانبـەر بـە پـەروەردگار، کـە کاتێك خوای گەورە باسی بەندە باشەکانی خۆی دەکات بۆیان، کە ئێوە گاڵتەتان پێدەکردن ئەوەتا ئێستا پاداشتم داونەتەوە بە بەهەشت، لـەو کاتەدا ئەوان قسەیەکی هەرچی و پەرچییانە دەکەن، بەڵام خوای گەورە بۆمان نقلْ ناکات لەبەر بێسەروبەرەیی و نامەنتیقیبوونی قسەکە، بەڵکو درێـژە بـە وتـەکانی خـۆی دەدات، بـەڵام وشـەی "قـال" لـەو نێوانـەدا دەهێنێت وەك ئاماژەیەك بۆ بوونی ئەو وتووێژە لابراوە...

ئاستی چوارەم: لابردنی قسە وتراوەکە:

ئەم ئاستەیان تایبەتە بە لابردنی قسە وتراوەکە، واتە تەنها ئاماژەی پێکردووە و ئیتر قسەکەی باسنەکردووە، ئامـانجیش لێـی بـەهێزکردنی شێوازی "گێڕانەوە ـ السـرد"ی چیرۆکەکەیە. لـەو بـارەوە دوو نموونـە دەهێنینەوە:

١. ﴿ فَٱصۡبِرۡ لِحُكۡمِ رَبِّكَ وَلَا تَكُن كَصَاحِبِ ٱلۡحُوتِ إِذۡ نَادَىٰ وَهُوَ مَكۡظُومٞ ﴾.

﴿ فَلَوۡلَآ أَنَّهُۥ كَانَ مِنَ ٱلۡمُسَبِّحِينَ ﴿١٤٣﴾ لَلَبِثَ فِي بَطۡنِهِۦٓ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ ﴿١٤٤﴾ ﴾..

باسـەکە، باسـی یونسـە (سـەلامی خـوای لێبێـت)، لـە یەکەمیانـدا دەفـەرموێت "ئـەی محەمـەد خۆڕاگربـە لـە بەرانبـەر فـەرمانی پەروەردگارتەوە، نەکەیت وەك هاوەڵی نەهەنگەکە بیت لەکاتێکدا دڵـی

پــڕ بــوو بــە خەفــەت و پەژارەیــەکی زۆرەوە پاڕایــەوە"، ئــیتر لێــرەدا نافەرموێت پاڕانەوەکەی چی بوو، واتە قسەکە کە پاڕانەوەکەیە لادەبات و تەنها بە وشەی "نَادَىٰ" ئاماژەی پێدەکات.. لـە ئایـەتی دووەمیشـدا دەفەرموێت: "ئەگەر یونس لەو کەسانە نەبوایە کە تەسـبیحات و یـادی خـوای دەکـرد، ئـەوا دەمایـەوە لـە سـکی نەهەنگەکـەدا تـا ڕۆژێـك کـە هــەمووان زینــدوو دەکرێنــەوە". دیســانەوە نەیفــەرمووە تەســبیحات و یادکردنەکەی پــەروەردگاری چــی بــووە و چــی وتــووە.. لەبــەر ئــەوەی لێرەدا زیاتر ڕەگەزی "گێڕانـەوە ـ السـرد" زاڵـە بەسـەر چـیرۆکەکەدا و پێویست بە هێنانی قسەیەك ناكـات لـەو نێوانـەدا. ئەمـە لـە لایـەك، لـە لایـەکی دیکـەوە لـە شـوێنی خۆیـدا ئامـاژەی بـۆ ئـەو نـزا و پاڕانـەوە و تەسبیحاتە کردووە، کە دەفەرموێت: ﴿فَنَادَىٰ فِي ٱلظُّلُمَٰتِ أَن لَّآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبۡحَٰنَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ (الأنبیـــاء: ٨٧) واتـــە: (یونس لە ناو تاریکایی دەریا و تاریکایی سـکی نەهەنگەکـە و تاریکـایی شەودا هاواری کرد کە: هیچ پەرستراوێك نییە تـەنها تـۆ نـەبێت، پـاك و بێگەردیی بۆ تۆ، بە ڕاستی من لە ستەمکاران بـووم).. ئـەی بـۆ لێـرەدا قسەکەی یـونس باسـکراوە، لـە وەڵامـدا دەڵـێین لێـرەدا کـە سـوورەتی ئەنبیایە، باسی ئەو منەت و فەزڵانەی خوا کـراوە بەسـەر پێغەمبـەرانی خۆیدا کە چۆن نزای یەکبەیەکیانی قبوڵ فەرمووە، هەروەها باسی دۆعا و پاڕانەوەی پێغەمبەرانی دیکەش کراوە کە نزایان کردووە و خـوا لێـی

قبولڵ کردوون، پێویست بوو دەقی نزاکەی "یونس"یش (سەلامی خوای لێبێت) باس بکرێت، کە بە دوایدا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَٱسۡتَجَبۡنَا لَهُۥ وَنَجَّيۡنَٰهُ مِنَ ٱلۡغَمِّۚ ﴾، وەلاممان دایەوە و ڕزگارمان کرد لەو ناڕەحەتییە.

٢ـ نموونەیەکی دیکەی هاوپەیوەند بە سەروەری مرۆڤایەتی (دروود ی خوای لێبێت)، خوای گەورە لە سوورەتی یونس ئایەتی (٦٥)دا پێی دەفەرموێت: ﴿ وَلَا يَحۡزُنكَ قَوۡلُهُمۡۘ إِنَّ ٱلۡعِزَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا ﴾ واتە: قسەکەی ئەوان دڵتەنگت نەکات بەڕاستی عیززەت و بەرزیی و بڵندیی هەمووی هی خوایە. لێرەدا ئەوەی کە جێی ئاماژەیە ئەوەیە لە زانستی تەجوید و جوانخوێندنەوەی قورئاندا پێویستە لەسەر وشەی (قولهم) بوەستین و نابێت بە هیچ جۆرێك بە یەکەوە لەگەڵ (إن العزة لله جميعا) بیخوێنینەوە، لەبەرئەوەی ئەوکات ماناکەی ئاوا دەردەچێت: "قسەی ئەوان دڵتەنگت نەکات کە بەرزی و بڵندیی هەمووی هی خوایە"، وەك بڵێی دەقی قسەکەی بێباوەڕان بریتیی بێت لەوەی: بەرزی و بڵندیی هەمووی هی خوایە، نەخێر، بەڵکو ئەو قسەیەی کە ئەوان کردوویانە لێرەدا باسی نەکراوە، بەڵکو کە دەگەڕێینەوە بۆ سەرەتای سوورەتەکە ـ سوورەتی یونس ـ ئەو قسەیەی بێباوەڕان دەبینین کە چییان وتووە و قسەکەیان چی بووە، کە بووەتە هۆی دڵتەنگیی سەروەرمان تا خوا پێیفەرمووە دڵتەنگ مەبە بە قسەکەیان.. ئەوەتا لە دووەم ئایەتی

سوورەتەکەدا ئاماژەی پێکردووە و دەفەرموێت: ﴿ أَكَانَ لِلنَّاسِ عَجَبًا أَنْ أَوْحَيْنَآ إِلَىٰ رَجُلٍ مِّنْهُمْ أَنْ أَنذِرِ ٱلنَّاسَ وَبَشِّرِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَنَّ لَهُمْ قَدَمَ صِدْقٍ عِندَ رَبِّهِمْ ۗ قَالَ ٱلْكَٰفِرُونَ إِنَّ هَٰذَا لَسَٰحِرٌ مُّبِينٌ ﴿٢﴾ ﴾: کەواتە قسەکە ئەمە بووە کە بە سەروەرمانیان وتووە: (إِنَّ هَٰذَا لَسَٰحِرٌ مُّبِينٌ)، وتوویانە: بە ڕاستی ئەم پیاوە جادووگەرێکی دیار و ئاشکرایە، کە ئەم قسەیە هەمان ئەو قسەیەیە کە گەلی مووسا بە مووسایان وت و هەر لەم سوورەتی یونسەدا باسەکەی هاتووە: ﴿ فَلَمَّا جَآءَهُمُ ٱلْحَقُّ مِنْ عِندِنَا قَالُوٓا۟ إِنَّ هَٰذَا لَسِحْرٌ مُّبِينٌ ﴾، کاتێك حەقیان لە لایەن ئێمەوە بۆ هات وتیان: ئەم حەقە، جادوویەکی دیار و ئاشکرایە. کەواتە لێرەدا دەبینین لێکچوونێك هەیە لە نێوان گەلی مووسا (سەلامی خوای لێبێت) لەگەڵ گەلی محەممەددا (دروود ی خوای لێبێت)، کە هەردووکیان بە پێغەمبەرەکانیان دەڵێن ئەمانە جادووگەرن و ئەو حەقەش کە پێیانە جادووە، بەڵام لە چیرۆکی مووسادا باسی سەرەنجامی گەلەکە دەکات کە تیاچوون و خنکانە، وەك بفەرموێت سەرەنجامی گەلەکەی محەممەدیش کە بە ڕاستیان نەزانی، تیاچوونە، وەك دواتر لە جەنگی بەدردا ڕوویدا..

ئاستی پێنجەم: بەکارهێنانی وشەکە بە شێوەی بکەر نادیار:

ئەم ئاستەیان بریتییە لەوەی کە وشەی "قال" بەکارهاتووە، بەڵام بە شێوەی بکەر نادیار، واتە "**قیل** ـ وترا"، ئەمەش زۆرتر لە دیمەنە غەیبییەکاندا بەدیدەکرێت، پێشتریش لە چەند شوێنێکی ئەم کتێبەدا ئاماژەمان بۆ کردووە، بۆ نموونە:

﴿ ثُمَّ قِيلَ لِلَّذِينَ ظَلَمُواْ ذُوقُواْ عَذَابَ ٱلۡخُلۡدِ هَلۡ تُجۡزَوۡنَ إِلَّا بِمَا كُنتُمۡ تَكۡسِبُونَ ﴾

﴿ قِيلَ ٱدۡخُلِ ٱلۡجَنَّةَۖ قَالَ يَٰلَيۡتَ قَوۡمِي يَعۡلَمُونَ ﴾

﴿ قِيلَ ٱدۡخُلُوٓاْ أَبۡوَٰبَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَاۖ فَبِئۡسَ مَثۡوَى ٱلۡمُتَكَبِّرِينَ ﴾

﴿ قِيلَ ٱرۡجِعُواْ وَرَآءَكُمۡ فَٱلۡتَمِسُواْ نُورٗا ﴾... **هەروەها چەندین شوێنی دیکەی قورئانی پیرۆز..**

بەشی دووەم

شاردنەوەی "قسەکەر" و هێنانی وەسف، وەك گوزارشتکەر

لـە هەنـدێك لـە دیمەنـەکانی قورئـانی پـیرۆزدا دیاردەیـەك هەسـت پێدەکەین، کە ئەویش بریتییە لە شاردنەوەی قسـەکەر و ئـەو وشـانەی کـە ئامـاژە بـۆ قسـەکردن دەکـات، وەك "وتـی - وتیـان - دەڵێـت - دەڵێن..."، ئـەم دیمەنانـە کـە دیمـەنی (ناچـیرۆکی – غـیر قصصـی)ن بابەتی جۆربـەجۆ دەگرنـە خـۆ، بـەڵام دوو شـت خـاڵی کۆکەرەوەیانـە، یەکـەمیان: وەسـفی کەسـێك یـان گرووپێـك دەکـات. دووەمـیش: لـە ناوەڕاسـتی ئـەو وەسـف و باسـکردنەدا، باسـەکە دەبڕێـت و قسـەیەك دەهێنێت کە ئەو کەسە یان ئەو گرووپە کردوویانە بەبێئەوەی چاوەڕێی ئەوە لەو قسەیە بکەین وەڵام بدرێتەوە، یان وتووێژ و حیـوارێکی نـوێی پێدروست ببێت، بەڵکو تەنها وەسفێکی تەواوەتی تایبەتمەندییەکی ئەو کەسە یان ئەو گرووپەیە، بەڵام بە شێوەی قسەیەك، یان وتەیـەك، یـان گوفتارێك دەربڕاوە، جـا ئـەو گوفتـارە بەبێئـەوەی وشـەی "وتـی، یـان وتیان" لە پێشـەوەی هـەبێت، هـاتووە، یـان بـەبێ ئـەوەی ئامـاژە بـۆ قسەکەر کرا بێـت، بـەڵکو بـە سـیاقی بابەتەکـەدا بۆمـان دەردەکـەوێت

قسـەکەر کێیـە، بـەڵام هەنـدێکجار کەسـە باسـکراوەکە خـۆی کەسـی قسەبۆکراو "موخاتەب"ـە، نەك قسەکەر بێت، با دیقەتی ئـەم نموونانـە بدەین:

١. ﴿ وَإِذَا رَءَاكَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِن يَتَّخِذُونَكَ إِلَّا هُزُوًا أَهَٰذَا ٱلَّذِى يَذْكُرُ ءَالِهَتَكُمْ وَهُم بِذِكْرِ ٱلرَّحْمَٰنِ هُمْ كَٰفِرُونَ ﴾ (الانبيـــــاء: ٣٦) واتــە: کاتێـك ئـەوانـەی بێبـاوەڕ بـوون تـۆ دەبیـنن، هـیچ کارێکیـان لەدەستنایەت لەگەڵ تۆی بکەن جگە لە گاڵتە و گاڵتەجاڕیی: ئا ئەمەیـە ناوی خواوەندەکانتان بە خراپە دەبـات؟! لـەکاتێکدا ئـەوان هـەمیشـە بێبـاوەڕن بـە قورئـانی خـوای میهرەبـان).. لێـرەدا ئـەو کەسـەی کـە وتوویـەتی: ﴿ أَهَٰذَا ٱلَّذِى يَذْكُرُ ءَالِهَتَكُمْ ﴾ دیـار نییـە، بـەڵام بـە سیاقی بابەتەکە دەردەکەوێت کە بێباوەڕان ئەو قسەیان کردووە، بەڵام بە هۆی لابردنی وشەی "وتیان" لە پێش ئەو قسەیەوە، وایکـردووە کـە گوێگر لە تەنها کەسێکی گوێگرەوە ببێـت بـە کەسـێك کـە بـە تـەواویی کەوتبێتە ناو ئەو بارودۆخەوە و بە چاوی خۆی ئەو دیمەنەی بێباوەڕان ببینێت کە کاتێك پێغەمبەر (دروود ی خوای لێبێت) دەبینن، دەڵێن: ئا ئەمەیە باسی خواوەندەکانتان دەکات، بەڵام ئەگەر وشەی "وتیان" لـە پـێش قسـەکەوە باسـبکرایە، ئـەوا دیمەنەکـە بـەو شـێوەیە کاریگـەری نەدەبوو، بەڵکو دەبوو بـە درێـژەی ئـەو وەسـف و باسـکردنەی کـە لـە سەرەتای ئایەتەکەوە هاتووە و لە دوای قسەکەشەوە درێـژی پێـدراوە،

بەڵام ئەم بابەتە وەك چیرۆکە قورئانییەکانی دیکە، کە باسمان کردن، نییە، کە ئەم قسەیە ببێت بە سەرەتای وتووێژێکی نوێ، بەڵکو هەر دوا بە دوای قسەکە، ڕێڕەوی باسەکە دەگەڕێتەوە بۆ باری ئاسایی خۆی، کە گێڕانەوەی باسی بێباوەڕەکانە و دەفەرموێت: ﴿ وَهُم بِذِكْرِ ٱلرَّحْمَٰنِ هُمْ كَٰفِرُونَ ﴾ واتە: ئەوان بێباوەڕن بە یادی پەروەردگار، یان بە قورئان. ئەی بۆ لەو نێوانەدا گێڕانەوەکە پچڕاوە و قسەیەك هاتووە کە قسەکەر و وشەی "وتیان" تیایدا شاردراوەتەوە؟، هۆکارەکەی ئەوەیە تا ئەو قسەیە خۆی لە خۆیدا ببێت بە وەسفێکی گونجاوتر و وردتری ئەو بێباوەڕانە، واتە لە جیاتی ئەوەی باسێکی دوور و درێژی ئەو بێباوەڕانە بکات، لەجیاتیدا قسەیەکی خۆیان دەگوازێتەوە و پاشان دەگەڕێتەوە سەر باسەکە و ئەو قسەیەش باشترین گوزارشت لە وەسفی ئەو بێباوەڕانە دەکات..

هەندێکجاریش وشەی "وتیان ـ دەڵێن" لە پێش قسەکەوە هاتووە، بەڵام هەرکاتێك هاتبێت بۆ دەلالەتکردنە لەسەر ئەوەی ئەو قسەیە سیفەتێکی هەمیشەیی ئەو کەسانەیە و بەردەوام بەو شێوەیەن، سەیری ئەم نموونانە بکە: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ وَيُرِيدُونَ أَن يُفَرِّقُواْ بَيْنَ ٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ وَيَقُولُونَ نُؤْمِنُ بِبَعْضٍ وَنَكْفُرُ بِبَعْضٍ وَيُرِيدُونَ أَن يَتَّخِذُواْ بَيْنَ ذَٰلِكَ سَبِيلًا ﴿١٥٠﴾ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَٰفِرُونَ حَقًّا ﴾ (النساء: ١٥٠ ـ ١٥١) واتە: (بێگومان ئەوانەی باوەڕ بە خوا و پێغەمبەران ناهێنن و

دەیانەوێت جیاوازی بکەن لە نێوان خوا و پێغەمبەرەکانیدا دەڵێن: باوەڕ دەهێنین بە هەندێك لە پێغەمبەران و باوەڕ بە هەندێکیان ناهێنین و دەیانەوێت لەو نێوانەدا ڕێگە و بەرنامەیەك بۆ خۆیان بەدەستبهێنن. ئا ئەو کەسانە بەڕاستی هەر بێباوەڕن). ﴿ فَبِمَا نَقْضِهِم مِّيثَاقَهُمْ وَكُفْرِهِم بِآيَاتِ اللَّهِ وَقَتْلِهِمُ الْأَنبِيَاءَ بِغَيْرِ حَقٍّ وَقَوْلِهِمْ قُلُوبُنَا غُلْفٌ ﴾ (النساء: ١٥٥)، لێرەدا دەبینین ئەو دوو سیفەتە کە بریتییە لە "باوەڕهێنان بە بەشێك لە کتێبە ئاسمانییەکان و بێباوەڕبوون بە هەندێکی دیکەیان"، هەروەها "دڵمان داخراوە و هیچ وەرناگرێت"، ئەو دوو سیفەتە لە پێشیانەوە وشەی "یقولون ـ قولهم" هاتووە، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە ئەوان هەمیشە بەو شێوەیەن و هەمیشە ئەو قسەیە دەکەن.

٢. ﴿ وَإِذَا مَا أُنزِلَتْ سُورَةٌ نَّظَرَ بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ هَلْ يَرَاكُم مِّنْ أَحَدٍ ثُمَّ انصَرَفُوا ﴾ (التوبە: ١٢٧) واتە: (کاتێکیش سوورەتێك لە قورئان دابەزێنرا ئەوە هەندێکیان تەماشای هەندێکی تریان دەکەن: ئایا هیچ کەس دەتانبینێت، پاشان بە نهێنی خۆیان دزییەوە و ڕۆیشتن).. دیقەت بفەرموون! تۆ بڵێی دیمەنێك هەبێت لەم دیمەنە قورئانییە بەهێزتر و کاریگەرتر و ڕەوانبێژتر بێت لە دەرخستنی شێوازی قسەکردن و هەڵسوکەوتی ئەو دووڕووانە... لێرەدا (نَّظَرَ بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ) هەندێکیان سەیری هەندێکی دیکەیان دەکەن) دەبێتە "هەڵدانەوەی پەردە" لە شانۆکەدا و بینینی دیمەنەکەیان کە خۆیان بە زمانی خۆیان،

ئابڕووی خۆیان دەبەن، جا بەو قسەیەی خۆیان وەسفێکی پڕاوپڕی کردوون کە بە "گێڕانەوە" ئەو وەسفە دروست نابێت...

٣ـ ٤ـ هەردوو نموونەی سێهەم و چوارەم بۆ خوێنەر جێدەهێڵین تا شیبکاتەوە، بۆ ئەوەی ئەویش بەشدار بێت لەگەڵماندا و پاداشتی وردبوونەوە و "تەدەببور"ی بەربکەوێت: ﴿ وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَ مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ ﴾ (الزمر: ٣) واتە: (ئەوانەش جگە لەو زاتە کەسانی تر و شتی تر دەکەنە پشتیوانی خۆیان: ئێمە ئەم بت و شتانە ناپەرستین، تەنها لەبەر ئەوەی لە خوا نزیکمان بخەنەوە)، ﴿ فَٱرۡتَقِبۡ يَوۡمَ تَأۡتِي ٱلسَّمَآءُ بِدُخَانٖ مُّبِينٖ ﴿١٠﴾ يَغۡشَى ٱلنَّاسَۖ هَٰذَا عَذَابٌ أَلِيمٞ ﴿١١﴾ رَّبَّنَا ٱكۡشِفۡ عَنَّا ٱلۡعَذَابَ إِنَّا مُؤۡمِنُونَ ﴿١٢﴾ ﴾ (الدخان: ١٠ــ ١٢) واتە: (چاوەڕێی ڕۆژێك بکە کە دوکەڵێکی ئاشکرا بەری ئاسمان دەگرێت. هەموو خەڵکی دادەگرێت: ئەمە سزا و ئازارێکی بە ئێشە. پەروەردگارا تۆ ئەم سزا و ئازارەمان لە کۆڵ بکەرەوە، بێگومان ئێمە باوەڕدارین)...

٥ــ ئەم تایبەتمەندییە تەنها تایبەت نییە بە باسوخواسی سەرپێچیکاران، چ بێباوەڕان بن یان دووڕووان، بەڵکو بۆ باسوخواسی ئیماندارانیش هاتووە، بۆ نموونە: ﴿ إِنَّ ٱلۡأَبۡرَارَ يَشۡرَبُونَ مِن كَأۡسٖ كَانَ مِزَاجُهَا كَافُورًا ﴿٥﴾ عَيۡنٗا يَشۡرَبُ بِهَا عِبَادُ ٱللَّهِ يُفَجِّرُونَهَا تَفۡجِيرٗا ﴿٦﴾ يُوفُونَ بِٱلنَّذۡرِ وَيَخَافُونَ يَوۡمٗا كَانَ شَرُّهُۥ مُسۡتَطِيرٗا ﴿٧﴾ وَيُطۡعِمُونَ ٱلطَّعَامَ عَلَىٰ حُبِّهِۦ مِسۡكِينٗا وَيَتِيمٗا وَأَسِيرًا ﴿٨﴾ إِنَّمَا نُطۡعِمُكُمۡ

لِوَجۡهِ ٱللَّهِ لَا نُرِيدُ مِنكُمۡ جَزَآءٗ وَلَا شُكُورًا ﴿٩﴾ إِنَّا نَخَافُ مِن رَّبِّنَا يَوۡمًا عَبُوسٗا قَمۡطَرِيرٗا ﴿١٠﴾ فَوَقَىٰهُمُ ٱللَّهُ شَرَّ ذَٰلِكَ ٱلۡيَوۡمِ وَلَقَّىٰهُمۡ نَضۡرَةٗ وَسُرُورٗا ﴿١١﴾ ﴾ (الانسان: ٥ ـ ١١) واته: (بێگومان چاكان و پاكانیش له‌ په‌رداخێكی پڕ شه‌رابدا ده‌خۆنه‌وه‌، كه‌ ئاوێته‌كه‌ی له‌ سه‌رچاوه‌ی كافووره‌وه‌یه‌. كه‌ كانییه‌كه‌ به‌نده‌كانی خوا لێیده‌خۆنه‌وه‌ له‌ هه‌ر شوێنێكدا بیانه‌وێت هه‌ڵی ده‌قوڵێنن و فواره‌ ده‌كات. ئه‌و به‌خته‌وه‌رانه‌، یه‌كێك له‌ سیفاتیان ئه‌وه‌یه‌: وه‌فا به‌ نه‌زر ده‌كه‌ن، یاخود به‌ڵێنێكیان دا وه‌فادارن و ئه‌نجامی ده‌ده‌ن و بیمیان هه‌یه‌ له‌ ڕۆژێك كه‌ شه‌ڕی لێده‌بارێت و پرش و بڵاوه‌. هه‌روه‌ها نان و خۆراك ده‌به‌خشن – ئه‌گه‌رچی خۆشه‌ویستیش بێت لایان –، به‌ هه‌ژار و هه‌تیوو و دیله‌كان: بێگومان ئێمه‌ ئه‌م خۆراكه‌تان هه‌ر له‌به‌ر خوا و بۆ به‌ده‌ستهێنانی ڕه‌زامه‌ندیی ئه‌و پێده‌به‌خشین، نه‌ پاداشتمان لێتان ده‌وێت، نه‌ سوپاس. ئه‌م كاره‌ بۆیه‌ ده‌كه‌ین، چونكه‌ له‌ ڕۆژێكی تاڵ و گرژ و ڕه‌ش و تاریك ده‌ترسین، كه‌ په‌روه‌ردگارمان پێشی ده‌هێنێت. جا خوای گه‌وره‌ش له‌ شه‌ڕ و ناخۆشی و نه‌هامه‌تی ئه‌و ڕۆژه‌ پاراستنی و رووی گه‌ش و شادمانی پێبه‌خشین)..

دیقه‌ت بفه‌رموون له‌ كاریگه‌ریی ئه‌م دیمه‌نانه‌، كه‌ مرۆڤ ده‌سته‌وسانه‌ له‌ هێنانی نموونه‌ی له‌م شێوه‌یه‌. كات و سات: ڕۆژی دواییه‌. شوێن: به‌هه‌شته‌، كه‌سه‌كان: چاكه‌كارانن، خه‌ریكی نۆشكردنی ناز و نیعمه‌ته‌كانی په‌روه‌ردگارن، وه‌ك یه‌كێك پرسیار بكات كه‌ چۆن ئه‌مانه‌، ئه‌م ناز و نیعمه‌ته‌یان شایسته‌ بووه‌، وه‌ڵامه‌كه‌ به‌وه‌ دێته‌وه‌ كه‌ ئه‌و

بەڵێنەی دابوویان بە پەروەردگار هێنایانـەدی و، سـەرەڕای پێویسـتیی خۆیان بە خواردن، بەڵام ئـەوان خواردنیـان دەدا بـە هـەژار و بێبـاوك و یەخسیرەکان.. تـا ئێـرە دیمەنەکـە لـە نـاو بەهەشـتدایە، بـەڵام لێـرەدا کتوپڕ بە شێوەی هونەری سینەمایی "فیدباك" واتە نیشاندانی دیمەنێك و پاشان لە ناو ئەو دیمەنەوە گەڕانەوە بۆ باسکردنی دیمەنێکی ڕابردوو، دەمانگێڕێتەوە بۆ ژیانی دونیا و قسەیەکی ئەو چاکەکارانەمان بـۆ نقـڵ دەکات ـ بەبێئەوەی وشەی "دەڵێن یان وتیان"ی لەگەڵدا هاتبێت ـ کە: لەبەرخاتری خوا ئێمە خواردن دەدەین بە ئێوە ئەی هـەژار و بێبـاوك و یەخسیرەکان و هیچ پاداشـتێکمان لـە ئێـوە ناوێـت و ئێمـە لـە ڕۆژێکـی ترسناك دەترسـین، پاشـان دێتـەوە سـەر باسـە بنەڕەتییەکـە و خـوای گەورە بە شێوەی "گێڕانەوە و باسکردن" دەفـەرموێت: خـوا لـەو ڕۆژە ترسناکە پاراستنی و خۆشیی خستە دڵیانەوە بە پاداشتی بەهەشت..

لێرەدا دیقـەت دەدەیـن هەرچـی هۆکـاری سەرنجڕاکێشـان هەیـە لـە هونـەری چـیرۆکدا، لێـرەدا بـەکارهاتوون، لابردنـی ئـەو پرسـیارەی کـە "چۆن شایستەی ئەم نیعمەتانـە بـوون"، لابردنـی وشـەی "وتیـان" لـە پێش "لەبـەر خـاتری خـوا خۆراکتـان پێـدەدەین..."، بـەوەش هـەموو هەست و نەستەکان و ژیری و بیری مرۆڤ دەوروژێنێت بۆ وەرگرتنی ئەم دیمەنە ناوازەیە، کە لە ناو بەهەشتەوە دەمانهێنێتەوە بۆ ژیانی دونیـا، تا خۆمان بە چاوی دڵ ئـەو قسـەیە لـە زاری چـاکەکارانەوە ببیسـتین و

پاشان دەمانباتەوە بۆ بەهەشت و درێژەدان بە باسوخواسی چاکەکەران لەوێ...

٦ـ هەر لە بارەی چاکەکەرانەوە، چەندین دیمەنی دیکەی هاوشێوە هاتووە، لەوانە: ﴿ ٱلَّذِينَ يَذۡكُرُونَ ٱللَّهَ قِيَٰمٗا وَقُعُودٗا وَعَلَىٰ جُنُوبِهِمۡ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلۡقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ رَبَّنَا مَا خَلَقۡتَ هَٰذَا بَٰطِلٗا سُبۡحَٰنَكَ فَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ ﴾ (آل عمران: ١٩١) واتە: (ئەوانەی یادی خوا دەکەن لەکاتێکدا کە بە پێوەن، یان دانیشتوون، یان ڕاکشاون، هەمیشە بیردەکەنەوە لە دروستبوونی ئاسمانەکان و زەوی: پەروەردگارا، تۆ ئەم هەموو دروستکراوانەت بێهوودە و بێئامانج دروست نەکردووە، پاکیی و بێگەردیی شایستەی تۆیە، دە تۆش بمانپارێزە لە سزای ئاگری دۆزەخ)، هێندە ئەم دیمەنە کاریگەرە کە سەرەتا باسی چاکەکاران دەکات کە بە دانیشتن و بەپێوە یادی خوا دەکەن و بیر لە دروستبوونی ئاسمان و زەوی دەکەنەوە، لێرەدا نافەرموێت: ئەو چاکەکارانە لەو کاتی بیرکردنەوەیەدا دەڵێن خوایە ئەمەت بە هەوانتە دروست نەکردووە، بمانپارێزە لە ئاگر، بەڵکو دەستبەجێ و ڕاستەوخۆ قسەکەی هێناون تا دیمەنەکە نەپچڕێت و وەك بڵێی ئێمەی خوێنەر خۆمان بە گوێی خۆمان گوێمان لێیانە و چاومان لێیانە کە ئەو قسەیە لە زاریان دێتە دەرەوە، هەر لەبەر کاریگەرییەکەیشیەتی کە لە کۆتاییدا خوای گەورە بەهەمانشێوە وەڵامیان دەداتەوە و دەفەرموێت: ﴿ فَٱسۡتَجَابَ

لَهُمۡ رَبُّهُمۡ أَنِّي لَآ أُضِيعُ عَمَلَ عَٰمِلٖ مِّنكُم مِّن ذَكَرٍ أَوۡ أُنثَىٰ ﴾، خوا وەڵامی داواکەیانی دایەوە: من کار و کردەوەی هیچ کام لە ئێوە نێر بێت یان مێ، زایە ناکەم... دووبارە نافەرموێت: خوا وەڵامی دانەوە و **فەرمووی**:....، بەڵکو یەکسەر و دەستبەجێ دیمەنی وەڵامەکەی پەروەردگار دەگوازێتەوە بۆمان بەبێ وشەی "فەرمووی"...

٧ـ با لێرەدا دیمەنێکی پڕ لە ناسۆر و ناخهەژێنی دیکەش باس بکەین، کە دیمەنی دایك و باوکێکە کە گیریان بەدەست کوڕە لاسارەکەیانەوە خواردووە، ﴿ وَٱلَّذِي قَالَ لِوَٰلِدَيۡهِ أُفّٖ لَّكُمَآ أَتَعِدَانِنِيٓ أَنۡ أُخۡرَجَ وَقَدۡ خَلَتِ ٱلۡقُرُونُ مِن قَبۡلِي وَهُمَا يَسۡتَغِيثَانِ ٱللَّهَ وَيۡلَكَ ءَامِنۡ إِنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقّٞ فَيَقُولُ مَا هَٰذَآ إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلۡأَوَّلِينَ ﴾ (الاحقاف: ١٧) واتە: (ئەوەی کە بە باوك و دایکی دەڵێت: ئۆف لەدەست ئێوە، ئایا ئێوە هەڕەشەم لێدەکەن بەوەی دوای مردن لە گۆڕ دەربهێنرێم لەکاتێکدا ئەو هەموو خەڵکە پێش من مردوون و ڕۆیشتوون. دایك و باوکەکەش لە خوا دەپاڕێنەوە. کوڕە هاوار بۆ تۆ باوەڕ بهێنە بێگومان بەڵێنی خوا ڕاستە، کەچی دەڵێت: ئەمە قسەیەکی کۆنە و داستانی پێشووەکانە).. ئەم دیمەنە سێ دێڕییەی قورئانی پیرۆز، کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر دەروون، وایکردووە دیمەنی ئەو خانەوادە کارەساتبارە بەرجەستە بکات بۆمان، ئەوەش بە بەکارخستنی هۆکارەکانی گوزارشتکردن وەك شێوازە ڕەوانبێژییەکان، لەوانەش لابردنی وشەکان...

لێرەدا چەند شتێك لابراوە، بۆ ئەوەی کاریگەریی دیمەنەکە پڕاوپڕ بێت، لەوانە: کاتێك دەفەرموێت: (وَهُمَا يَسْتَغِيثَانِ ٱللَّهَ) "دایك و باوکەکە لە خوا دەپاڕێنەوە"، بەڵام پاڕانەوەکە باسناکات، بۆ ئەوەی خوێنەر خۆی بە بیری خۆی درك بەوە بکات پاڕانەوە و لالانەوەکە چییە، بێگومان لەدەست کوڕە لاسارەکەیانە، پاشان لابردنی وشەی "وتیان" لەپێش قسەکەیان بەرانبەر بە کوڕەکەیان کە دەڵێن: کوڕە هاوار بۆ تۆ، باوەڕ بهێنە... واتە ئەوان لە خوا دەپاڕێنەوە و پاشان ڕوو دەکەنەوە کوڕەکەیان و دەڵێن هاوار بۆ تۆ، باوەڕ بهێنە، لێرەدا هونەرێکی ڕەوانبێژی بەکارهاتووە کە پێیدەوترێت: ئاوڕدانەوە "التفات – ئیلتیفات" واتە قسەکردن ڕووەو کەسێك و پاشان کتوپڕ لاکردنەوە بەلای کەسێکی دیکەدا و قسەکردن لەگەڵیدا.. لێرەشدا بەهەمانشێوە: پاڕانەوە لە خوا ـ دەقی پاڕانەوەکە لابراوە ـ، پاشان ڕووکردنە کوڕەکەیان ـ بەبێئەوەی وشەی دەڵێن بەکاربهێنرێت ـ و قسەکردن لەگەڵیدا....

٨ـ لێرەدا دوو نموونەی دیکە باس دەکەین، کە مرۆڤ توانای بیستنی نییە و خوای گەورە خۆی بۆمان نەقڵ دەکات: ﴿ وَجَآءَتۡ سَكۡرَةُ ٱلۡمَوۡتِ بِٱلۡحَقِّۖ ذَٰلِكَ مَا كُنتَ مِنۡهُ تَحِيدُ ﴾ (ق: ١٩)، واتە: (تەنگانەی مردن و ئازارەکانی هات، هاوڕێ لەگەڵ ڕاستییەکاندا: ئا ئەوە ئەو بەسەرهات و ڕووداوەیە کە خۆتت لێ لادەدا و پەنات لێ دەگرت). وتەی: (ذَٰلِكَ مَا كُنتَ مِنۡهُ تَحِيدُ)، بەو کەسە دەوترێت کە لە حاڵەتی سەرەمەرگدایە، بەڵام

توانای ئەوەی نییە ئەو قسە بۆ کەسەکانی دەوروبەری باس بکات، ئەو خۆی دەیبیستێت، بەڵام ناتوانێت بیگێڕێتەوە بۆ دەوروبەری، بەڵام پەروەردگار بۆمانی دەگێڕێتەوە... بەبێ ئەوەی وشەی **"پێی یدەوترێت"** باس بکات، تا دیمەنەکە کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبێت و مرۆڤ بخاتە هەمان ئەو دیمەنەوە، نەك وەك "گێڕانەوە" باسی بکات.

٩ـ هەروەها ئەم حاڵەتە لە چیرۆکی خنکانی فیرعەونیشدا دووبارە دەبێتەوە، ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَدۡرَكَهُ ٱلۡغَرَقُ قَالَ ءَامَنتُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱلَّذِيٓ ءَامَنَتۡ بِهِۦ بَنُوٓاْ إِسۡرَٰٓءِيلَ وَأَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُسۡلِمِينَ ۝٩٠ ءَآلۡـَٰٔنَ وَقَدۡ عَصَيۡتَ قَبۡلُ وَكُنتَ مِنَ ٱلۡمُفۡسِدِينَ ۝٩١ ﴾ (یونس: ٩١) واتە: (تا ئەو کاتەی فیرعەون خەریك بوو دەخنکا وتی: وا ئیتر باوەڕم هێنا بەوەی کە هیچ خوایەك نییە جگە لەو خوایەی کە نەوەی ئیسرائیل باوەڕیان پێهێناوە و من ئیتر لە موسڵمان و ملکەچانم. **ئایا ئێستە؟!**، لەکاتێکدا بەڕاستی پێشتر یاخیی بوویت و لە ڕیزی ئەوانەدا بوویت کە تۆوی خراپەیان دەچاند). کاتێك فیرعەون دەگاتە حاڵەتی خنکان و گیاندەرچوونی، دەڵێت باوەڕم هێنا بەوەی هیچ خوایەك نییە تەنها ئەوە نەبێت کە نەوەی ئیسرائیل باوەڕیان پێهێناوە و من لە مسوڵمانانم. ئێستا باوەڕدەهێنیت؟ لەکاتێکدا پێشتر سەرپێچیت کردووە.... لێرە وشەی **"پێمان وت"** لابراوە تا ڕاستەوخۆ گوێگر بخاتە ناو دیمەنەکەوە کە لە ناو دەریادا ڕوودەدات، بەڵام کەس ئاگای لێنەبووە تەنها خوای گەورە نەبێت، کە هەر خۆیشی دیمەنەکەی بۆ ئێمە گێڕاوەتەوە.

ئەم دوو نموونەیەی کۆتایی، لە دیمەنە پەنهان و غەیبییەکانە، کە بە بەکارهێنانی هۆکاری ئامادەکردن و خستنە بەرچاو، نزیکی کردووەتەوە لە بیر و هۆشی ئێمە و هێناویەتییە بەرچاومان، ئەو هۆکارەش قسەیەکە کە وشەی "وتن" و "ڕاناوی قسەکەر"ی لێ لابراوە..

هەر لەم جۆرەیان، دوو نموونەی دیکە باس دەکەین، بەڵام شیکردنەوەی بۆ خوێنەر جێدەهێڵێن: ﴿ وَكُلَّ إِنسَٰنٍ أَلْزَمْنَٰهُ طَٰٓئِرَهُۥ فِى عُنُقِهِۦ ۖ وَنُخْرِجُ لَهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ كِتَٰبًا يَلْقَىٰهُ مَنشُورًا ﴿١٣﴾ ٱقْرَأْ كِتَٰبَكَ كَفَىٰ بِنَفْسِكَ ٱلْيَوْمَ عَلَيْكَ حَسِيبًا ﴿١٤﴾ ﴾ (الإسراء: ١٤)، واتە:(نامەی کردەوەی هەر کەسێکیشمان هەڵواسیوە بە گەردنیدا و لە ڕۆژی دواییدا کارنامەی کردەوەکانی بۆ دەردەهێنین و بە کراوەیی دەیخەینە بەردەستی: دەی نامەی کردەوەکانت بخوێنەرەوە و تەماشای بکە، ئەمڕۆ هەر خۆت بڕیار بدە و حساب بۆ خۆت بکە). ﴿ لَا يَحْزُنُهُمُ ٱلْفَزَعُ ٱلْأَكْبَرُ وَتَتَلَقَّىٰهُمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ هَٰذَا يَوْمُكُمُ ٱلَّذِى كُنتُمْ تُوعَدُونَ ﴾ (الأنبياء: ١٠٣)، واتە (لێقەومانی گەورە و تەنگانەی بێ سنوور تووشی غەمباری و پەژارەیان ناکات، بەڵکو فریشەکان پێشوازییان لێدەکەن: ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە کاتی خۆی بەڵێنیان پێدەدرا)... تۆی خوێنەر! بە سوودوەرگرتن لەو نموونانەی پێشوو، دەتوانیت ئەو دوو ئایەتە شیبکەیتەوە...

بەشی سێهەم
بەرجەستەکردنی دیمەنە غەیبییەکان
لەڕێی شاردنەوەی وشەی (قال)

یەکێك لەو تایبەتمەندییانەی کە حیوار و وتووێژ لەناو چیرۆك و گێڕانەوەکاندا دەوڵەمەند دەکات، بریتییە لە "ململانێ"، ململانێ واتە لەیەکگیرانی هەڵوێست و بۆچوونەکان، کە ئەمەش لەڕێی بەرجەستەکردنی "هێز" و "بەرگری"یەوە دەبێت لە ناو حیوارەکەدا، ئەمە لە شانۆی یۆنانیدا هەبوو کە حیوار پەیوەست بوو بە ململانێوە، جا ئەگەر بێین ئەم یاسایە بەسەر دیمەنەکانی چیرۆکە قورئانییەکاندا جێبەجێ بکەین، دەبینین دەوڵەمەندترین حیوارەکانی چیرۆکەکانی قورئان ئەو حیوارانەن کە لە نێوان پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێبێت) لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە بە درۆیان دەزانین، ڕوویداوە. لەناو ئەوانەشدا پشکی زۆر بەر حیوارەکانی مووسا (سەلامی خوای لێبێت) لەگەڵ فیرعەون لە لایەك و مووسا لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل لە لایەکی دیکەوە، دەکەوێت.

جا ئەو دیمەنانەی کە زۆر لە قورئاندا هەن سەبارەت بەم باسە، زیاتر باسی جیهانی پەنهان و غەیبی کردووە، لەو دیمەنانەدا ئەوەی جێی

تێبینییــه لابردنــی وشــەی "قــال" "وتــی ـ دەڵێــت "ــە لــە نێـوان حیوارەکاندا، بەجۆرێك لە کاتی باسکردنی دیمەنەکانی ئـەهلی خراپــە و شەڕ، بووە بە نیمچە یاسـایەك کـە هەرچـی "وتـی ـ دەڵێـت" لابـراوە و یەکسەر دیمەنەکە نقڵ کراوە.

سەیری ئەم نموونانە بکە:

١.﴿ يَوۡمَ تَبۡيَضُّ وُجُوهٞ وَتَسۡوَدُّ وُجُوهٞۚ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ٱسۡوَدَّتۡ وُجُوهُهُمۡ أَكَفَرۡتُم بَعۡدَ إِيمَٰنِكُمۡ فَذُوقُواْ ٱلۡعَذَابَ بِمَا كُنتُمۡ تَكۡفُرُونَ ١٠٦ ﴾ (آل عمران).

٢. ﴿ وَلَوۡ تَرَىٰٓ إِذۡ يَتَوَفَّى ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ يَضۡرِبُونَ وُجُوهَهُمۡ وَأَدۡبَٰرَهُمۡ وَذُوقُواْ عَذَابَ ٱلۡحَرِيقِ ٥٠ ذَٰلِكَ بِمَا قَدَّمَتۡ أَيۡدِيكُمۡ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَيۡسَ بِظَلَّٰمٖ لِّلۡعَبِيدِ ٥١ ﴾ (الانفال).

٣. ﴿ يَوۡمَ يُحۡمَىٰ عَلَيۡهَا فِي نَارِ جَهَنَّمَ فَتُكۡوَىٰ بِهَا جِبَاهُهُمۡ وَجُنُوبُهُمۡ وَظُهُورُهُمۡۖ هَٰذَا مَا كَنَزۡتُمۡ لِأَنفُسِكُمۡ فَذُوقُواْ مَا كُنتُمۡ تَكۡنِزُونَ ﴾ (التوبة).

٤. ﴿ تَلۡفَحُ وُجُوهَهُمُ ٱلنَّارُ وَهُمۡ فِيهَا كَٰلِحُونَ ١٠٤ أَلَمۡ تَكُنۡ ءَايَٰتِي تُتۡلَىٰ عَلَيۡكُمۡ فَكُنتُم بِهَا تُكَذِّبُونَ ١٠٥ قَالُواْ رَبَّنَا غَلَبَتۡ عَلَيۡنَا شِقۡوَتُنَا وَكُنَّا قَوۡمٗا ضَآلِّينَ ﴾ (المؤمنون).

٥.﴿ وَهُمۡ يَصۡطَرِخُونَ فِيهَا رَبَّنَآ أَخۡرِجۡنَا نَعۡمَلۡ صَٰلِحًا غَيۡرَ ٱلَّذِي كُنَّا نَعۡمَلُۚ أَوَلَمۡ نُعَمِّرۡكُم مَّا يَتَذَكَّرُ فِيهِ مَن تَذَكَّرَ وَجَآءَكُمُ ٱلنَّذِيرُۖ فَذُوقُواْ فَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِن نَّصِيرٍ ﴾ (فاطر).

ئەمە جگە لە چـەندین حیـواری دیکـە کـە خوێنـەر خـۆی دەتوانێـت هاوشێوەکانی لە سوورەتەکانی دیکەی قورئاندا ببینێتەوە، بـەڵام ئێمـە لێرەدا ئاماژە بە چەند خاڵێك دەکەین:

١ـ خاڵی سەرەکی کۆکـەرەوەی ئـەم دیمەنانـە، بریتییـە لـەوەی کـە باس لە دیمەنی غەیبی و جیهانی پەنهان دەکات، کە بە هیچ جۆرێك بـە هەسـتەوەرەکانی مـرۆڤ درك نـاکرێن، چوارچـێوەی زەمـان و مـەکان نایانگرێتە خۆ، تەنها ئیمان و باوەڕە ئەم دیمەنانـە دێننـە بـەر دیـدە و نمایش، ئەوە قورئانە کە سوورە لەسەر هێنانی دیمەنەکانی جیهانەکانی دیکەی بەدەر لە درکی مرۆڤ، چ لە بارەی زەمەنەوە کـە دیمـەنی پـێش زەمـەن وەك دروسـتکردنی ئاسمانـەکان و زەوی و پـاش زەمـەن وەك دیمەنەکانی دوای ڕۆژی دوایی دەخاتە ڕوو، هەروەها لە بـارەی شـوێن، کە دیمەنی ئەو شـوێنانەی کـە هێشـتا زانسـت پـەی پێنـەبردووە، وەك "عەرشـی پـەروەردگار و بەهەشـت و دۆزەخ"... بـە چـەندین شـێواز و میکانزمی گونجاو ئەم دیمەنانە دەخاتە ڕوو.

٢ــ زۆرینـەی ئـەو دیمەنانـەی غـەیب، لـە بـارەی بێباوەڕانەوەیـە و کـەمترینیان لـە بـارەی باوەڕدارانەوەیـە، لەبەرئەوەشـە دەبیـنین ئـەم حیوارانە زۆرترین وشەکانی "سەرزەنشتکردن و بێدەنگکردن و بەسووك سەیرکردن"ی تێدایە... ئەمە جگە لەبیرهێنانەوەی تاوانەکانیان کە ئەم ڕۆژەی بەسەر هێنان... بۆ نموونە:

﴿أَكَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَانِكُمْ فَذُوقُوا الْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ ﴿١٠٦﴾﴾ (آل عمران).

﴿ وَذُوقُواْ عَذَابَ ٱلۡحَرِيقِ ٥٠ ذَٰلِكَ بِمَا قَدَّمَتۡ أَيۡدِيكُمۡ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَيۡسَ بِظَلَّٰمٖ لِّلۡعَبِيدِ ٥١ ﴾ (الانفال).

﴿ هَٰذَا مَا كَنَزۡتُمۡ لِأَنفُسِكُمۡ فَذُوقُواْ مَا كُنتُمۡ تَكۡنِزُونَ ٣٥ ﴾ (التوبة).

(﴿ ذَٰلِكَ بِمَا قَدَّمَتۡ يَدَاكَ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَيۡسَ بِظَلَّٰمٖ لِّلۡعَبِيدِ ١٠ ﴾ (الحج).

(﴿ أَلَمۡ تَكُنۡ ءَايَٰتِي تُتۡلَىٰ عَلَيۡكُمۡ فَكُنتُم بِهَا تُكَذِّبُونَ ١٠٥ ﴾ (المؤمنون).

(﴿ فَذُوقُواْ بِمَا نَسِيتُمۡ لِقَآءَ يَوۡمِكُمۡ هَٰذَآ إِنَّا نَسِينَٰكُمۡۖ وَذُوقُواْ عَذَابَ ٱلۡخُلۡدِ بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ١٤ ﴾ (السجدة).

(﴿ ذُوقُواْ فِتۡنَتَكُمۡ هَٰذَا ٱلَّذِي كُنتُم بِهِۦ تَسۡتَعۡجِلُونَ ١٤ ﴾(الذاريات)

هەروەها چەندین ئایەتی دیکەش، کە زۆرینەی دەستەواژەکانیان بە شێوازی "ئێستا"، یان "ڕابردوو"، باسەکانی هێنراون، وەك ئاماژەیەك بۆ ئەوەی کە ئەو ڕووداوانە بە تەواویی لەڕوودانـدان، یان بە ڕاستیی پێشتر ڕوویانداوە، کە ئاماژەن بۆ جەختکردنەوە لە ڕوودانیان، ئەمە جگە لە لابردنی وشەی "وتی ـ دەڵێت" تا گوێگر هەست بکات ئەم وتانە لەگەڵ ئەویانە..

٣ـــ ئـەم دیمەنانـە لەبەرئـەوەی لـەبارەی سەرپێچـیکاران و گوناهکارانەوەیە، پڕیەتی لە دەستەواژەی "پەشیمانی و ئاه و ناڵە هەڵکێشان و تکا و پاڕانەوە و ترس و تۆقین"... سەرنجی ئەم دیمەنانە بدە:

﴿ رَبَّنَآ أَبۡصَرۡنَا وَسَمِعۡنَا فَٱرۡجِعۡنَا نَعۡمَلۡ صَٰلِحًا إِنَّا مُوقِنُونَ ﴾(السجدة: ١٢).

﴿ رَبَّنَآ أَخۡرِجۡنَا نَعۡمَلۡ صَٰلِحًا غَيۡرَ ٱلَّذِي كُنَّا نَعۡمَلُۚ ﴾(فاطر: ٣٧).

﴿ رَّبَّنَا ٱكۡشِفۡ عَنَّا ٱلۡعَذَابَ إِنَّا مُؤۡمِنُونَ ﴾(الدخان: ١٢).

﴿ يَٰلَيۡتَنِي لَمۡ أُوتَ كِتَٰبِيَهۡ ﴿٢٥﴾ وَلَمۡ أَدۡرِ مَا حِسَابِيَهۡ ﴿٢٦﴾ يَٰلَيۡتَهَا كَانَتِ ٱلۡقَاضِيَةَ ﴿٢٧﴾ مَآ أَغۡنَىٰ عَنِّي مَالِيَهۡۜ ﴿٢٨﴾ هَلَكَ عَنِّي سُلۡطَٰنِيَهۡ ﴾(الحاقة: ٢٥- ٢٩).

﴿ يَٰوَيۡلَنَا قَدۡ كُنَّا فِي غَفۡلَةٍ مِّنۡ هَٰذَا بَلۡ كُنَّا ظَٰلِمِينَ ﴾(الأنبياء: ٩٧).

﴿ رَبَّنَآ أَخِّرۡنَآ إِلَىٰٓ أَجَلٍ قَرِيبٍ نُّجِبۡ دَعۡوَتَكَ وَنَتَّبِعِ ٱلرُّسُلَ ﴾(ابراهيم: ٤٤).

﴿ رَبَّنَا غَلَبَتۡ عَلَيۡنَا شِقۡوَتُنَا وَكُنَّا قَوۡمًا ضَآلِّينَ ﴾(المؤمنون ١٠٦).

٤- ئەم حیوار و وتووێژانە چەند جۆرێکن، بەشێکیان ئەو حیوارانەن کە لێکدەرەوانی قورئان دەڵێن وتووێژی فریشتەکانن لەگەڵ ئەو گوناهکارانە، هەندێکیان وتووێژی نێوان نیشتەجێیانی دۆزەخ خۆیانە، یان لە نێوان نیشتەجێیانی دۆزەخ و نیشتەجێیانی بەهەشت، جا ئەو "ململانێ"یانە هۆکارێکی گرنگن بۆ دەوڵەمەندکردنی وتووێژ و حیوارەکان و جوڵاندنی ڕووداوەکان.

٥- لە هەندێك لەم وتووێژانەدا "لابردن – حەذف" نیشانەیەکی دیارە، وە بۆ چەندین مەبەست هاتووە، وەك ئاڕاستەکردنی وتە لەلایەن قسەکەرەوە بۆ قسەبۆکراوێك و کتوپڕ گۆڕینی بۆ قسەبۆکراوێکی دیکە، بۆ نموونە:

﴿ ٱحۡشُرُواْ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ وَأَزۡوَٰجَهُمۡ وَمَا كَانُواْ يَعۡبُدُونَ ٢٢ مِن دُونِ ٱللَّهِ فَٱهۡدُوهُمۡ إِلَىٰ صِرَٰطِ ٱلۡجَحِيمِ ٢٣ وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ ٢٤ مَا لَكُمۡ لَا تَنَاصَرُونَ ﴾ (الصافات: ٢٢ـ ٢٥)... سەرەتای قسەکە، ئاڕاستەی بێباوەڕان کراوە، پاشان هەمان قسە ئاڕاستەی فریشتەکان کراوە کە تاوانباران ببەن بۆ دۆزەخ، پاشان سەرلەنوێ قسەکە ئاڕاستەی بێباوەڕان کراوەتەوە کە لە دۆزەخدا کۆکراونەتەوە، لەنێوان ئەم وتووێژانەشدا هەموو ئەو ئاماژانەی کە بەڵگەی ئەم گۆڕانەن، لابراون و حەذف بوون، وەك وشەی "وتی - دەڵێت"...

با ئەم نموونەیە شیی بکەینەوە، کە یەکێکە لە دیالۆگە دەوڵەمەندەکان لە واتا و دەستەواژەی کاریگەردا:

﴿ لَّقَدۡ كُنتَ فِي غَفۡلَةٖ مِّنۡ هَٰذَا فَكَشَفۡنَا عَنكَ غِطَآءَكَ فَبَصَرُكَ ٱلۡيَوۡمَ حَدِيدٞ ٢٢ وَقَالَ قَرِينُهُۥ هَٰذَا مَا لَدَيَّ عَتِيدٌ ٢٣ أَلۡقِيَا فِي جَهَنَّمَ كُلَّ كَفَّارٍ عَنِيدٖ ٢٤ مَّنَّاعٖ لِّلۡخَيۡرِ مُعۡتَدٖ مُّرِيبٍ ٢٥ ٱلَّذِي جَعَلَ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ فَأَلۡقِيَاهُ فِي ٱلۡعَذَابِ ٱلشَّدِيدِ ٢٦ ۞ قَالَ قَرِينُهُۥ رَبَّنَا مَآ أَطۡغَيۡتُهُۥ وَلَٰكِن كَانَ فِي ضَلَٰلِۢ بَعِيدٖ ٢٧ قَالَ لَا تَخۡتَصِمُواْ لَدَيَّ وَقَدۡ قَدَّمۡتُ إِلَيۡكُم بِٱلۡوَعِيدِ ﴾ (ق: ٢٢ـ ٢٨)، واتە: (سوێند بە خوا، بەڕاستی تۆ لەم ڕووداوانە بێئاگا بوویت و گوێی خۆتت لێخەواندبوو، ئێستاش ئێمە پەردەمان لەسەر چاوەکانت لاداوە و چاوەکانت تیژن. هەروەها فریشتەی هاوەڵ و چاودێری دەڵێت: هەرچی کار و کردەوەکانی هەیە ئەوەتە لای من تۆمارم کردوون. هەرچی بێباوەڕێکی سەرکەش هەیە فڕێی بدەنە ناو

دۆزەخەوە. ئەوەی کە هەمیشە بـە توونـدیی قەدەغـەی هـەموو خێـر و چاکەیەکی دەکرد، مافی خەڵکیی پێشێل دەکرد، خۆی بە گومـان بـوو و خەڵکیشی دەخستە گومانەوە. ئەوەبوو کە هاوەڵ و شەریکی بۆ خوا بە ڕەوا دەزانی، کەواتە هەردووکتان ئەو ئادەمییە فڕێ بدەنـە نـاو سـزای سەختەوە. هاوەڵ "قەرین"ـەکەی دەڵێت پەروەردگارا! مـن لەخشـتەم نەبردووە و سەرکەشم نەکردووە، بەڵکو خۆی لە نێو گومڕاییەکی دووردا نقووم بوو بوو. خوا فەرمووی: شـەڕە قسـە و دەمـەدەمێ لـە لای منـدا مەکەن، بەڕاستی مـن پێشـتر هەڕەشـەی هـاتنی ئـەم ڕۆژەم خسـتبووە بەرچاوتان و پێم ڕاگەیاندبوون).

ســـەرەتا پێشکەشـــکردنێکی کـــورتی دیمەنەکـــە، دواتـــر کتـــوپڕ دەگوازرێتـەوە بـۆ ئاڕاسـتەکردنی قسـە بـۆ ئـەو کەسـەی کـە بـەرەو لێپرسینەوە دەبرێت: (لقد كنت في غفلة... بەڕاسـتی تـۆ لـەم ڕووداوانـە بێئاگا بوویـت و گـوێی خۆتـت لێخەوانـدبوو، ئێسـتاش ئێمـە پـەردەمان لەسەر چاوەکانت لاداوە و چاوەکانت تیژن)، بەڵام گوێگر هیچ شتێك لە بارەی وەڵامی ئەو کەسە نابیستێت، وەڵامی نییە، بەڵکو وەڵام لە لایەن فریشـتەی هـاوەڵ و چـاودێری "قەرین"ـەکەیەوە دێـت: (هـذا مـا لـدي عتيـد.. هەرچـی کـار و کردەوەکـانی هەیـە ئەوەتـە لای مـن تۆمـارم کردوون)، قسەکەیشی بـە "**وقـال**" دەسـتپێدەکات... پاشـان فـەرمانی ئیلاهیـی بـێ پێشـینە دێـت: (ألقيـا في جهـنم... هەرچـی بێبـاوەڕێکی سەرکەش هەیە فڕێی بدەنە ناو دۆزەخەوە)، ئـەم قسـەیەش ئاڕاسـتەی

کەسـی قسـەبۆکراوی یەکـەم نـەکراوە، بـەڵکو ئاڕاسـتەی دووان لـە فریشتەکانی دۆزەخ کراوە، تـا سـزاکە بەسـەر تاوانکارەکـەدا جێبـەجێ بکەن و هەڵیبدەنە دۆزەخەوە، پاشان قسـەیەك لـە لایـەن قەرینەکـەوە دێت، کە نازانین بۆچی کردوویـەتی، یـان وەڵامـی چـیی داوەتـەوە، کـە دەڵێت: (ربنا ما أطغيته... پەروەردگارا! مـن لـە خشـتەم نـەبردووە و سەرکەشـم نـەکردووە، بـەڵکو خـۆی لـە نێـو گومڕاییـەکی دووردا نقـوم بووبوو)، خوای گەورە وەڵامی ئەم قسەیە دەداتەوە و دەفـەرموێت: (لا تختصـموا لـدي.. شـەڕە قسـە و دەمـەدەمێ لـە لای منـدا مەکـەن)، لەکاتێکدا ئێمە گوێمـان لـە شـەڕە قسـە و دەمەقاڵـە نـەبووە لـە نێـوان تاوانکـار و قەرینەکـەی، کەچـی خـوای گـەورە دەفـەرموێت دەمەقاڵـە مەکـەن، کەواتـە دەمەقاڵەیـەك بـوونی هەیـە، وتووێـژێکی دیکـە بـوونی هەیە، بەڵام شاراوەیە، ئەم وشەیەش "دەمەقاڵـە مەکـەن" یەکـەم تاڵـە دەزووە کە دەستی پێوە بگـرین تـا بـە وتووێژەکـەدا بچـینەوە، بـەڵکو شوێنەوار و ڕەنگدانەوەی ئەو دەمەقاڵەیـە بدۆزینـەوە، یـان شـتێك لـەو حیوارە شاراوەیە ئاشکرا بکەین.

ئەم حیوارە، بە گشتی، چوار لایەنی تێدایە، کە ئامادەن و حزوریـان هەیە لەو دیمەنەی کە ئێمەش وەك گوێگر ئامادەین تیایدا:

یەکـەم: زاتـی بـاڵای پـەروەردگار، دوور لـە هـەر شـوبهاندن و بەرجەستەکردن و هاوشێوەبۆدانان.

دووەم: فریشتەکان کە تاوانبار دەبەن بۆ دۆزەخ و فەرمان جێبەجێ دەکەن، لە ناویاندا دووان هەن لەم حیوارەدا کە "سائق و شهید"ن، کە باسیان هاتووە لێرەدا، ئیتر ژمارەی ئەوانی دیکە نازانین.

سێهەم: ئەو تاوانبارەی کە بۆ لێپرسینەوە دەبرێت، کە مرۆڤە.

چوارەم: قەرینەکە، ئەو کەسایەتییە سەرسامکەرەی کە لەوێ بوونی هەیە!!.

بەڵام لەگەڵ بوونی ئەم چوار لایەنە، ئێمەی گوێگر تەنها گوێمان لە قسەی پەروەردگار و وتەکانیەتی، هەروەها قسەی قەرینەکە و وەڵامەکەی، پاشتر پەروەردگار کۆتایی بە دەمەقاڵە و شەڕە قسەیەك دەهێنێت کە لە خزمەت ئەودا روودەدات.. کەواتە بێگومان دەبێت چەند بەشێکی شاراوەی ئەو وتووێژە بوونی هەبێت، دەبێت بەڵگەیەکیش دەستبکەوێت لەسەر بوونی ئەو وتووێژە شاراوەیە.

دیقەت بفەرموون! سەرەتای قسەکان بە وتەیەکی پەروەردگار دەستپێدەکات، کە مرۆڤە تاوانکارەکە وەڵامی ناداتەوە، واتە وەڵامی ئەوی تێدا نییە، بە دوایدا "وقال قرینە..." دێت، ئەم "واو"ە کە لەگەڵ "قال"ـەکەدا هاتووە، بەڵگەیە لەسەر بوونی وتە و قسە و حیوارێکی دیکە، کە بە پیتی واوی عەتف "واو العطف" و "قال"ـەکە تەواو کراوە و تەکمیلە کراوە... کە پێدەچێت قسەکە ئەوەبێت کە کابرای تاوانکار وتبێتی: ﴿يَٰوَيۡلَنَا هَٰذَا يَوۡمُ ٱلدِّينِ ﴾ قوڕبەسەرمان ئەمە ڕۆژی لێپرسینەوە و پاداشت و سزایە، یان وتبێتی: ﴿رَبَّنَآ أَبۡصَرۡنَا وَسَمِعۡنَا ﴾، خوایە!

بینیمان و بیستمان...، یان شتێکی لەو شێوەیە کە لە جێگەی دیکەی قورئاندا هاتووە، پاشان قەرینەکە دەڵێت ئەمە کار و کردەوەکانی هەمووی لای من تۆمارکراوە و ئائەمەیە..

ئەم دیمەنە شاراوەیە، تاکە هۆکارە بۆ هاتنی ئەو "واوە" کە لەگەڵ "قال"ـەکەدا هاتووە و بۆ "قال"ـەکەش و بۆ ئەو قسەیەی قەرینەکەش کە بەبێ ئەم قسەیەی کابرای تاوانکار، دەبێتە قسەیەکی بێناوەرۆك لە شوێنەکەیدا.. پاشان بۆمان دەردەکەوێت کە وتووێژەکە بەمشێوەیەیە کە ئەو فریشتە هاونشینەی کەسە تاوانکارەکە بە ئەرکێك ڕاسپێردراوە لە ژیانی دونیای ئەو کابرایەدا، کە بریتییە لە نووسین و تۆمارکردنی سەرجەم کار و کردەوەکانی کابرا، جا ئەوە ئێستا کاتی ئەوەیە ئەو قەرینە ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش بکات سەبارەت بە ئەنجامی کارەکەی و ئەو کردەوانەش دەخرێنەوە بەردەم کابرای تاوانکار و دەکێشرێن و لێپرسینەوەکەی بەوە کۆتایی دێت کە ببرێت بۆ دۆزەخ، بەڵام کابرا لەوێدا کە نەیدەزانی هەموو کار و کردەوەکانی بەو وردییە ئەژمار دەکرێت لەسەری، دەستدەکات بە تاوانبارکردنی قەرینەکەی، واتە فریشتە هاونشینەکەی کە کردەوەکانی ئەمی تۆمارکردووە، بەوە تۆمەتباری دەکات کە ئەو ئەم شتانەی بۆ هەڵبەستووە و ئەم کارانە ئەم نەیکردووە، یاخود خەتای ئەو بووە کە ئەم کارانەی لا جوان کردووە و بۆی ڕازاندووەتەوە.. لەو کاتەدا بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو تۆمەتە فریشتە هاونشینەکە "قەرین"ـەکە، وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت: "ربنا

ما أطغيته... خوایه من گومڕام نەکردووە، بەڵکو ئەو خۆی لە گومڕاییەکی دووردا بووە"... ئەمەش وەڵامێکی لۆژیکانەی ئەو تۆمەتەیە.. بەڵگەی ئەم وتووێژە شاراوەیەش، ئەو وەڵامەی پەروەردگاری بەرز و بڵندە کە دیمەنەکەی پێ کۆتایی دێت و دەمەقاڵەکەش دەبڕێنێتەوە کە دەفەرموێت: "لا تختصموا لدي.... لای من دەمەقاڵە مەکەن".

بەکارهێنانی کاریگەرییە دەنگی و ڕەنگییەکان لە دیمەنە غەیبییەکاندا:

لە هەندێك لەو دیمەنانەدا کە باس لە جیهانی غەیب دەکەن، کاریگەرییە دەنگی و ڕەنگییەکان وەك کەرەستەی بیناکردنی دیمەنەکە، بەکارهێنراون. لێرەدا باس لە دیمەنێکی وتووێژی نێوان ئەهلی بەهەشت و ئەهلی دۆزەخ دەکەین، تا ببینین بە چ تەکنیکێکی سەرنجڕاکێش وتووێژ و حیوارەکان پێشکەش دەکرێن.

دیمەنەکە، وێنەی باوەڕداران نیشان دەدات کە بە ڕێگاوەن بەرەو بەهەشت، نوور و ڕووناکییەکەشیان لەگەڵیاندایە، جا ئەم نوور و ڕووناکییە (کە بابەتی سەرەکیی ئەم باسەیە لێرەدا و یەکێکە لە کاریگەرییە ڕەنگیی و بینراوەکان) ڕۆڵی گرنگ دەبینێت لەم حیوارەدا.. وتووێژەکە بە پیرۆزباییەکی فریشتەکان دەستپێدەکات لە باوەڕداران، کە سەرەنجامیان گەیشتووەتە بەهەشت: ﴿ بُشۡرَىٰكُمُ ٱلۡيَوۡمَ جَنَّٰتٞ تَجۡرِي مِن

﴿ تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَاۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ﴾ (الحديد: ١٢)، واتە: (مژدەبێت لێتان بەهەشتانێك كە ڕووبارەكان بە ژێریاندا دەڕۆن، بە هەمیشەیی تێیدا دەمێننەوە، ئەوە بردنەوەی گەورەیە).. هەر لەو ڕۆژەدا دووڕووەكان ـ نەك بێباوەڕان ـ ئەو نوورە دەبینن، تكا لە باوەڕداران دەكەن: ﴿ ٱنظُرُونَا نَقۡتَبِسۡ مِن نُّورِكُمۡ ﴾ (الحديد: ١٣) واتە: (دە تەماشایەكمان بكەن با لە نوورەكەی ئێوە شتێك وەربگرین)، ئا لێرەدا دەستپێشخەرییەكی پێكەنیناوی ـ ئەگەر دروست بێت وا بڵێین ـ دروست دەبێت بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ ئەو دووڕووانەدا بەهەمانشێوەی مامەڵەكردنی خۆیان كە گاڵتەباز و گاڵتەجاڕ بوون، واتە بە شێوەی خەڵەتاندنیان كە خۆیان كار و پیشەیان بووە لە دونیادا، لەو كاتەدا دەنگێكی پەنهان و غەیبی دێتە گوێیان كە پێیاندەڵێت: ﴿ ٱرۡجِعُواْ وَرَآءَكُمۡ فَٱلۡتَمِسُواْ نُورٗا ﴾ (الحديد: ١٣) واتە: (بگەڕێنەوە نوور دەستی خۆتان بخەن)... ئەوانیش باوەڕ دەكەن بەوەی پێیانوتراوە. بەوەش دەكەونە تەڵەكەوە و بە پەلە دەگەڕێنەوە بۆ دواوە، ئەو كات لە نێوان هەردوو گرۆهەكەدا: گرۆی ئیمانداران و گرۆی دووڕووان، دیوارێك دادەنرێت كە دەرگای هەیە، ڕووی ناوەوەی كە ڕوو بە ئیماندارانە، نوور و ڕەحمەتە، ڕووی دەرەوەیشی كە ڕوو بە دووڕووەكانە ئاگر و سزایە. جا هێشتنەوەی ئەم دەرگایە ـ دیقەت بدەن دەرگاكە لە ناو دیوارەكەدا هێڵراوەتەوە ـ، هێشتنەوەی ئەو دەرگایە كە دووڕووان لە ڕێیەوە

باوەڕداران دەبینینن لەودیویەوە، بۆ زیادکردنی سزا و ئەشکەنجەیانە، جا لە ڕێی ئەم دەرگایەوە دووڕووان بانگی باوەڕداران دەکەن: ﴿ أَلَمۡ نَكُن مَّعَكُمۡ ﴾، واتە: (ئەی ئێمە لەگەڵتان نەبووین). باوەڕداران دەڵێن: ﴿ بَلَىٰ وَلَٰكِنَّكُمۡ فَتَنتُمۡ أَنفُسَكُمۡ وَتَرَبَّصۡتُمۡ وَٱرۡتَبۡتُمۡ وَغَرَّتۡكُمُ ٱلۡأَمَانِيُّ حَتَّىٰ جَآءَ أَمۡرُ ٱللَّهِ وَغَرَّكُم بِٱللَّهِ ٱلۡغَرُورُ ﴿١٤﴾ فَٱلۡيَوۡمَ لَا يُؤۡخَذُ مِنكُمۡ فِدۡيَةٞ وَلَا مِنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْۚ مَأۡوَىٰكُمُ ٱلنَّارُۖ هِيَ مَوۡلَىٰكُمۡۖ وَبِئۡسَ ٱلۡمَصِيرُ ﴿١٥﴾ ﴾ (الحدید: ١٤ـ ١٥) واتە: (بەڵێ، بەڵام (بە هۆی دووڕوویی) ئێوە خۆتان تووشی بەڵا کرد، وە چاوەڕوانیتان کرد و دڕدۆنگی و دوو دڵیتان کرد، وە ئارەزوو (و خەیاڵاتی بێ جێ) ئێوەی فریو دا، تا فەرمانی خودا (لەبارەی مەرگتان) هاتە دی، وە شەیتانی فریودەر لە بارەی خودا فریوی دان. جا ئەوڕۆ نە لە ئێوە و نە لە کافران فیدیە و تاوانە وەرناگیرێت، جێگا و ڕێگاتان ئاوری جەهەننەمە، جەهەننەم سەرپەرست و سەروەرتانە، چەندە چارەنووس و ئاکامێکی خراپە!).

جا یەکێکی دیکە لەو خاڵانەی کە لەم وتووێژەدا پێویستە ئاماژەی بۆ بکەین، ئەوەیە کە لە نێوان (باسکردن و باسنەکردنی وشەی (وتی - دەڵێت)دا، پلەیەکی ناوەندیی هەیە، کە بریتییە لە هێنانی وشەکە، بەڵام بە شێوەی "بکەر نادیار"، واتە نازانرێت کێ قسەکە دەکات: ﴿ قِيلَ ٱرۡجِعُواْ وَرَآءَكُمۡ فَٱلۡتَمِسُواْ نُورٗا ﴾ واتە **"قیل"**، **"وترا"**، کێ وتی، نازانرێت.. جا قسەکەر لێرەدا پەروەردگاری باڵا نییە، لەبەر ئەوەی

وتنەکە لێرەدا بۆ گاڵتەپێکردنە، ئەگەرنا کاتێك بەو دووڕووانە دەوترێت بگەڕێنەوە نوور دەستخۆتان بخەن، خۆ هیچ نوورێك بوونی نییە، کەواتە قسەکەر پەروەردگار نییە، پەروەردگار دوورە لە وتنی شتێکی ناڕاست "سبحانه وتعالى".. ناشتوانین قسەکەرێك لێرەدا دیاری بکەین بڵێین ئەوە، ئەم قسەیەی کردووە، بەڵام ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە، دەنگێك لە غەیب و پەنهانەوە دێت و ئەم کەسانە ئاڕاستە دەکات و دووریان دەخاتەوە لە نوورەکەی باوەڕداران کە ئەوان شایستەی نین، وە بەرەو دۆزەخ دەیاننێرێت.

خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە ئەم خەڵەتێنراوانە، کاتێك پێیاندەوترێت ئەوە نوورێکە بچن بۆ لای، بە ڕاستیی ڕووناکییەکە دەبینن، بەڵام ئەو ڕووناکییە ڕووناکی ئاگری دۆزەخە..

بەمجۆرە دەبینین کە قورئانی پیرۆز کاریگەرییە بینراوەکانی بەکارهێناوە لەم دیمەنە غەیبی و پەنهانەدا.

جا جگە لەمەش، لە چەندین دیمەنی دیکەدا، پەروەردگار گرنگی داوە بە خستنەڕووی دیمەنە غەیبییەکان لە ڕێی بەکارهێنانی هەستەوەرەکان، بەتایبەتی هەستی بینین، دیقەتی ئەم ئایەتانە بدەن:

﴿ وَلَوۡ تَرَىٰٓ إِذۡ يَتَوَفَّى ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ ﴾(الأنفال: ٥٠).

﴿ وَلَوۡ تَرَىٰٓ إِذِ ٱلۡمُجۡرِمُونَ نَاكِسُواْ رُءُوسِهِمۡ ﴾(السجدة: ١٢).

﴿ فَٱرۡتَقِبۡ يَوۡمَ تَأۡتِي ٱلسَّمَآءُ بِدُخَانٖ مُّبِينٖ ﴾ (الدخان: ١٠).

﴿ يَوۡمَ تَرَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ يَسۡعَىٰ نُورُهُم بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ ﴾ (الحديد: ١٢).

﴿ وَإِذَا رَأَيۡتَ ثَمَّ رَأَيۡتَ نَعِيمٗا وَمُلۡكٗا كَبِيرًا ٢٠ ﴾ (الإنسان: ٢٠).

﴿ وَتَرَىٰ كُلَّ أُمَّةٖ جَاثِيَةٗۚ ﴾ (الجاثية: ٢٨).

هەمووی بە "دەبینیت، ئەگەر بتبینیایە، سەیر کە، ئەگەر سەیر بکەیت...." دەستپێدەکات... جا پەنابردنە بەر ئەم هەستی بینینە بۆ ئەوەیە کە ئەو هەستە بجولێنرێت لای گوێگر ئەگەرچی لە خەیاڵدانیشیدا بێت تا وێنەیەکی ئەو باسە لای خۆی بکێشێت، ئەوکات کەسەکانی ناو وتووێژەکە لەبەردەمیدا دێنە قسە بەبێئەوەی پێویست بە باسکردنی "وتی ـ دەڵێت" بکات...

خاڵێکی دیکە بۆ بەرجەستەکردنی دیمەنە پەنهان و غەیبییەکان، بەکارهێنانی کردار و فرمان (فیعل)ـەکانە بە شێوەی رابردوو، کە دەلالەتە لەسەر دڵنیایی لە ڕوودانی ڕووداوەکانی ئایندە وەك بڵێی ڕویدابێت. ئەمە جگە لە بەکارهێنانی ئیسمی فاعیل و ئیسمی ئیشارە، کە بەهەمانشێوە بەرجەستەکردنی ڕووداوەکانە:

﴿ هَٰذِهِۦ جَهَنَّمُ ٱلَّتِي كُنتُمۡ تُوعَدُونَ ﴾ (یس: ٦٣)

﴿ هَٰذَا عَذَابٌ أَلِيمٞ ﴾(الدخان: ١١)

﴿ ذَٰلِكَ يَوۡمُ ٱلۡوَعِيدِ ﴾(ق: ٢٠)

﴿ هَٰذِهِ ٱلنَّارُ ٱلَّتِي كُنتُم بِهَا تُكَذِّبُونَ ﴾ (الطور: ١٤).

یان بەکارهێنانی فیعلی بکەر نادیار، یان هەر لابردنی وشەی "وتی - دەڵێت"، هەموو ئەمانە هاوکاریی ئەوە دەکەن کە دیمەنەکەی جیهانی پەنهان "غەیب" بخەنە بەرچاومان و بەرجەستە بن، هەر ئەمانەشە کە هێندە دیمەنەکە کاریگەر دەکەن کە گوێگر کاتێك دیمەنەکان دەخوێنێتەوە موچڕکە بە جەستەیدا دێت، وەك ئەوەی بەسەر "جوبەیری کوڕی موتعیم"دا هات کاتێك گوێی لە پێغەمبەر بوو (درووود ی خوای لێبێت) ئایەتی: ﴿ إِنَّ عَذَابَ رَبِّكَ لَوَٰقِعٌ ﴿٧﴾ مَّا لَهُۥ مِن دَافِعٍ ﴾ی بەسەردا خوێندەوە، گیانی کەوتە لەرزین و مسوڵمان بوو.. یان "عوتبەی کوڕی ڕەبیعە" کاتێك سەروەرمان سەرەتای سوورەتی "فصلت"ی بۆ خوێندەوە، خۆی خست بە زەویدا لە کاریگەریی دیمەنەکان لەسەری.

یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی بەرجەستەکردنی دیمەنە پەنهانەکان، بریتییە لە وەسفکردنی دیمەنەکە، واتە: بەکارهێنانی تەکنیکی "وەسف"، جا با پێکەوە دیقەتی ئەم دیمەنە بدەین کە هەرگیز مرۆڤ تا ئێستا ئەم دیمەنە پەنهانەی نەبینیوە، بەڵام دیقەت بدەن چۆن لە چەند وشەیەکی کەمدا دیمەنەکە لەبەرچاوی گوێگردا بەرجەستە دەکات.

خوای گەورە دەفەرموێت: (﴿ وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذِ ٱلظَّٰلِمُونَ فِى غَمَرَٰتِ ٱلْمَوْتِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ بَاسِطُوٓا۟ أَيْدِيهِمْ أَخْرِجُوٓا۟ أَنفُسَكُمُ ﴾ (الأنعام: ٩٣) واتە: (خۆ ئەگەر ئەو ستەمکارانە ببینیت چۆن لە ئێش و ئازاری سەرەمەرگدان و

فریشـــتەکانیش دەســـتیان کردووەتـــەوە: ئـــادەی گیانتـــان بـــدەن بـــە دەستەوە و دەی ڕۆحتـان دەرکـەن). لـەم ئایەتـەدا ـ یان بەشـێك لـە ئایــەتێك ـ هــەموو ئــەو ڕەگەزانــەی تیایــە کــە یارمەتیــدەرن بــۆ زیندووکردنــەوەی دیمــەنێکی نــەبینراو، کــە پێشــتر نــەبووە، ســەیری ئاڕاستەکردنی هەستەکان و داواکردنی کارپێکردنی بکە لە بڕگەی "ولـو تری" "ئەگەر ببینیـت"، کـە چـەندێك تەشـویقی تێـدا بـەدی دەکرێـت، پاشان وەسفێکی زۆر کورت بۆ ئەو ستەمکارانە دەبینین لە سێ وشەدا: "في غمرات الموت" "پەلـەقاژەی سـەرەمەرگ"، پاشـان وەسـفێکی زۆر کورتتری فریشتەکان ﴿ بَاسِطُوٓاْ أَيۡدِيهِمۡ ﴾ "دەستیان کردووەتەوە" تا ببینین چی دەکەن لە ستەمکاران لـە ڕووی لێکۆڵینـەوە لەگەڵیانـدا بـە سەرزەنشتکردن و گاڵتەپێکردنیان، هەروەها ئاماژەکردن بە سـزادانیان لەڕێی "غمرات الموت" یان لەڕێی دەستکردنەوەی فریشـتەکان لێیـان.. بەمــەش هــەموو ڕەگــەزەکانی دیمەنەکــە بەرجەســتە دەبــن لەبــەردەم گـوێگردا و گـوێگریش ئامـادە دەبێـت بـۆ بیسـتنی قسـەی فریشـتەکان بەرانبــەر بــە ســتەمکارەکان بەبێئــەوەی پێویســت بــە هێنــانی وشــەی "وتیـان ـ قـالوا" بکـات، بـەڵکو ڕاسـتەوخۆ دیمەنەکـە ئامادەکـاری بـۆ قسەکە دەکات بەبێ دەستوەردانی گێـڕەڕەوە "راوی".. بـەڵکو ئەگـەر وشــەکە بــاس بکرێــت و دیمەنەکــە وایلێبێــت: فریشــتەکان دەســتیان کردووەتـــەوە و وتیـــان ڕۆحتـــان دەربکـــەن، ئـــەوا دەبێتـــە هـــۆی

دوورخستنەوەی دیمەنەکە و گەورەترین هۆکاری وێناکردنی دیمەنەکـە، لەکیس دەدرێت..

دیمەنێکی ناوازە:

جـا لـە باسـی وەسـفدا، قورئـان پلـەی بـاڵای هەیـە، دیقـەت بـدەن: وەسـفی دۆزەخ دەکـات بـە هـەموو وردەکارییەکانییـەوە: ئاگرەکـەی، گەرمییەکەی، پزیسـکەکەی، هاڵاوەکـەی، درەختەکـەی، ڕووەکەکـەی، خۆراکەکەی، خواردنەوەکەی، کاریگەرییەکـەی لەسـەر پێسـتی مـرۆڤ و جەستە و دەروونیان...

هەروەها وەسفی بەهەشت دەکات بـە هـەموو وردەکارییەکانییـەوە: سـایە و سـێبەری، دار و درەخـتی، گـەڵا و گـوڵی، میـوە و خـواردن و خواردنەوەی، ڕووبارەکـانی، قەنەفـە و کۆشـك و تـەلارەکانی، پشـتی و سەرین و دانیشتووەکانی، خۆشی و خۆشگوزەرانییەکانی.

پاشان بە دوایدا وەسفێکی گەردوون و ناوازەییەکانی، لە کۆتاییشـدا دیمەنێکی کۆتایی جوان و ناوازەی پەروەردگاری بەرز و بڵند کە لەسەر عەرشـی بـاڵا ئیسـتیوای کـردووە، لـە دەوری عەرشـیش فریشـتەکان کۆبوونەتەوە، دیمەنەکە گیان و دڵ و ڕۆحی گوێکر کەمەندکێش دەکات و لەگەڵ جیهانی مەلەکوتدا دەکەوێتە سوپاس و ستایشێك کـە عـەقڵ و ژیریـی پـەی پێنابـات تـەنها بـەم وەسـفە ناوازەیـە نـەبێت، دیقـەت بفەرموون:

﴿ وَتَرَى ٱلۡمَلَـٰٓئِكَةَ حَآفِّينَ مِنۡ حَوۡلِ ٱلۡعَرۡشِ يُسَبِّحُونَ بِحَمۡدِ رَبِّهِمۡۖ وَقُضِيَ بَيۡنَهُم بِٱلۡحَقِّ وَقِيلَ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَـٰلَمِينَ ﴾ (الزمـــر: ٧٥). واتـــه: (فريشـــتەكان دەبينيت دەوری عەرشيان داوە و سەرگەرمی تەسبيحات و سوپاس و ستايشـی پـەروەردگارن، حـەق و دادوەريـی لـە نێـوان هەموانـدا جێبەجێكرا، وترا: سوپاس بۆ خوا، پەروەردگاری جيهانيان).

ئەم ديمەنە فرەجوان و ناوازە و پڕ لـە وەسـفە، تـەنها يـەك ڕسـتەی تێدا بەكارهاتووە كە قسـەكەرێكی ناديـار دەيڵێـت: (وتـرا: سـوپاس بـۆ خوا، پەروەردگاری جيهانيان)، كێ وتی؟ نازانرێت، لەوانەيـە هـەر ئـەو كەسە بێت كە ڕاسپێردراوە بەئەنجامدانی ئەو جۆرە لێدوان و كۆمێنتـە لە ناو ديمەنـە غەيبييەكانـدا، لەبەرئەوەيشـە فيعلەكـە بـە بكـەر ناديـار باسكراوە، كە پلەيەكە لە نێوان "باسكردن و لابردن"ی وشـەی "وتـی ـ دەڵێت: قال ـ يقول".

جگە لە لابردنی وشەی "قال ـ يقول"، هەنـدێكجار بابەتـە وتراوەكـە لابراوە، يان "بەشێك" لە بابەتە وتراوەكە لابراوە، سەيری ئـەم ديمەنـە بكـــــە: ﴿ وَيَوۡمَ يَحۡشُرُهُمۡ جَمِيعٗا يَـٰمَعۡشَرَ ٱلۡجِنِّ قَدِ ٱسۡتَكۡثَرۡتُم مِّنَ ٱلۡإِنسِۖ وَقَالَ أَوۡلِيَآؤُهُم مِّنَ ٱلۡإِنسِ رَبَّنَا ٱسۡتَمۡتَعَ بَعۡضُنَا بِبَعۡضٖ وَبَلَغۡنَآ أَجَلَنَا ٱلَّذِيٓ أَجَّلۡتَ لَنَاۚ قَالَ ٱلنَّارُ مَثۡوَىٰكُمۡ ﴾ (الأنعـام: ١٢٨) واتـە: (ڕۆژێـك دێـت خـوا هـەموويان كۆدەكاتەوە: ئەی دەستەی پەرييەكان، بەڕاستی ئێوە زۆر كەستان لـە ئينسانەكان گومڕا كرد. لەولاشەوە گوێلەمشـتەكانيان لـە خـەڵك دەڵـێن

پەروەردگارا هەندێکمان سوودمان لە هەندێکمان وەرگرت، ئێستاش ئەوەتە گەیشتووینەتە ئەو کات و ساتەی تۆ بۆت دیاریکردووین، خوایش فەرمووی: ئاگر، جێگەتانە). جا کاتێك ورد دەبینەوە لەم دیمەنە، دەبینین وتەکەی پەروەردگار ئاڕاستەی "پەرییەکان ـ جن" کراوە، بەڵام وەڵامی دواتر لە لایەن "مرۆڤ ـ ئینس"ەوە دراوەتەوە، بەڵام وەڵامەکە بە "وَقالَ" دەستپێدەکات، دیقەتی "واو"ەکە پاشان "قال" بدەن، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بەشێك لە وتووێژەکە لە نێوان وتەکەی پەروەردگار و وەڵامەکەی مرۆڤ: ئینس لابراوە، بەڵام کام بەش؟ جا یان بەشێکە لە وتەکەی پەروەردگار، یان بەشێکە لە وەڵامەکە، یان بەشێکە لە وتووێژەکە بە تەواویی کە وتەیەك و وەڵامێکی دیکەی تێدا وتراوە، چونکە وتەکە ئاڕاستەی پەرییەکان کراوە، ئایا وەڵامەکەیان کوا؟ وەڵامەکەش کە باسکراوە وەڵامی مرۆڤەکانە، ئەی کوا پرسیارەکە کە ئاڕاستەیان کراوە؟ کەواتە وتووێژەکە ئێمە وا تێدەگەین بەمشێوەیەیە: "ئەی دەستەی پەرییەکان، بەڕاستی ئێوە زۆر کەستان لە ئینسانەکان گومڕا کرد.

پەرییەکان وەڵامیان دایەوە و وتیان: پەروەردگارا! ئێمە یارمەتی ئینسانەکانمان دا و هەرچییەکیان دەویست بۆمان جوان کردن و ئێمە زۆرمان لێنەکردن لە هیچ شتێك.

پاشـان پـەروەردگار فـەرمووی: ئـەی دەسـتەی مرۆڤـەکان، ئێـوە سـوودتان لـە پەرییـەکان وەرگـرت لەکاتێکـدا مـن هۆشـیارییم دابـوونێ لەوان، کە ئەوان دوژمنتانن.

لە وەڵامدا گوێلەمشتەکانیان لە خەڵك وتیان پەروەردگارا هەندێکمان سوودمان لە هەندێکمان وەرگرت، ئێستاش ئەوەتە گەیشـتووینەتە ئـەو کات و ساتەی تۆ بۆت دیاریکردووین. بەڵام بۆچی ئـەم حەزفـە کـراوە؟ لەبەرئـەوە کـراوە تـا دیمەنـەکان چـڕ بکرێنـەوە و بـاز بـدرێت بەسـەر ڕووداوەکاندا و ڕووداو بجووڵێنرێت بۆ گەیشـتنە مەبەسـتەکەی، لەگـەڵ درککردن بە شتە لابراوەکە لە ڕێی ژیریی و عەقڵـەوە.. بـەوەش گـوێگر هەمیشە لە بارێکی هۆشیار و چاوکراوەدا دەمێنێتەوە و هیچی لەدەست دەرناچێت... یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی دیمەنـە غەیبییـەکان، بریتییە لە بەکارهێنانی شێوازی پرسیارکردن "ئوسلوبی ئیستیفهام" بۆ سەرزەنشتکردنی بێباوەڕان.. وەك ئەم نموونانە:

﴿ أَكَفَرۡتُم بَعۡدَ إِيمَٰنِكُمۡ ﴾ (آل عمران: ١٠٦).

﴿ أَلَمۡ تَكُنۡ ءَايَٰتِي تُتۡلَىٰ عَلَيۡكُمۡ فَكُنتُم بِهَا تُكَذِّبُونَ ﴾(المؤمنون: ١٠٥).

﴿ أَلَيۡسَ هَٰذَا بِٱلۡحَقِّ ﴾(الأنعام: ٣٠)، (الأحقاف: ٣٤).

﴿ أَوَلَمۡ تَكُونُوٓاْ أَقۡسَمۡتُم مِّن قَبۡلُ مَا لَكُم مِّن زَوَالٖ ﴾(ابراهيم: ٤٤).

﴿ أَوَلَمۡ نُعَمِّرۡكُم مَّا يَتَذَكَّرُ فِيهِ مَن تَذَكَّرَ وَجَآءَكُمُ ٱلنَّذِيرُ ﴾. (فاطر: ٣٧).

هەروەها چەندین ئایەتی دیکەش..

كۆتـایی

خوێنەری بـەڕێز! لـە كۆتـایی ئـەم كتێبـەدا دەمـەوێت دوو ڕاسـتیی گرنگ ئاماژە پێبكەم:

١ـ پاش خوێندنەوەی ئەم كتێبە و وردبوونەوە لە نـاوازەیی چـیرۆكە قورئانییـەكان، بۆمـان دەردەكـەوێت چـیرۆك لـە قورئانـدا بەسـەرهاتی ئەفسانەیی نییە، هـەواڵ و خەبـەری میلـلـەت و گـەلانی پێشـوو نییـە، تەنها ئامۆژگاریی و پەند وەرگرتن نییە، بەڵكو لەگەڵ ئەوەدا كـە باسـی گەلانی پێشوو دەكات و پەنـد و ئامۆژگـاریی لێـوەردەگرین، هاوتـەریب بـەوە: چـیرۆكە قورئانییـەكان ڕەگـەزێكی هونـەریی ئـەدەبین، كـە هونەرێكی ئاسمانی كێشاویەتی و سەرقافڵەی ئـەو هونەرانـەی چـیرۆكە كە ئێستا هـەن، پەیوەندییـەكی بـەهێز هەیـە لـە نێـوان بنیـاتی شـێواز (ئوسـلوب) و بنیـاتی هونـەری و بنیـاتی بابەتـەوە لـە چـیرۆكە قورئانییەكاندا، كە هەمووی پێكەوە لە پێكهاتەیەكی بەهێزدا یەكدەگرن و دەبن بەیەك و چیرۆكێكی بنیاتبەهێزمان پێشكەش دەكەن، كە هەموو بەشەكانی بە یەكەوە بەستراون كە زیادەی تیـادا نابینرێـت و هیچیشـی كەم نییـە.. كەواتـە دەتـوانین نـاوی بنـێین: ئـەدەب و وێـژەی قورئـان (الأدب القرآني)...

٢ـ سەبارەت بە ئامادەکردنی ئەم کتێبە، کە وەك لە پێشـەکییەکەدا ئاماژەمان بۆ کرد، دووبارەی دەکەینەوە کـە ئـەم کتێبـە زیـاتر بیرۆکـە سەرەکییەکە و نموونەکانی لە کتێبە عەرەبییەکە وەرگیراوە و بە وردیی و وشە بە وشە نەمانکردووە بە کوردی، ئەوەش لەبەر تایبەتمەندیی ئەو کتێبە کە زیاتر کتێبێکی ئـەکادیمیی ئاسـتبەرزە و ئێمـە زیـاتر کارمـان کـردووە نـاوازەیی چـیرۆکە قورئانییـەکان لـە ڕێـی ئـەو نموونانـەوە بخەینەڕوو کە باسمان کردووە..

لە کۆتاییدا دەڵێین: خوایە پاداشتی نووسەری کتێبەکە بدەرەوە بـە چاکە و ئەم کارە بچووکەش لە ئێمە قبوڵ بفـەرموو، لـە ڕۆژی حەشـر و لێپرسینەوەدا، من ئەم کتێبە لەگەڵ خۆم دێنم و دەڵـێم پـەروەردگارم! ئەمەم پێکـرا بـۆ خزمـەتی قورئـان و کتێبەکـەت بیکـەم، لێمـوەرگرە و قبوڵی بفەرموو....

ئامادەکار

فەرەیدون ئەحمەد

مانگی چواری ٢٠١٧